




# کۆمەڵێک وتار، لێدوان و وتووێژی "هاوڕێ عەلی بداغی"

## بەشی چوارەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

**بەبەتی ساڵی..................... ٢٧٢٣ ............ ٦**

---

١- هەنگەژاڵ"، سەلاخخانەکەی ئەم ڕۆژانەی کوردستان.....
٢- پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان.....
٣- خۆکوشتن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیان.....
٤- سەرکوت و تالان.....
٥- ڕقی کۆن.....
٦- پێویستیی ڕاستکردنەوەی بارە لارەکە.....
٧- نیسێی قورسی شۆڕشی ژینا لەسەر "تۆپانەکەی" ئێران.....
٨- سووکایەتی بە دێموکراسی.....
٩- مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکترو بەرچاوترە.
١٠- بڵێی خامنەیی دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستبێت؟!.....

---

**بەبەتی ساڵی..................... ٢٧٢٤ ................. ٤٦**

---

١١- بۆچی لە کێل و مەزاریشمان دەترسن؟.....
١٢- هەنگاوەکانی بەرەو لووتکە.....

بەشی چوارەم


١٣- خەڵک و ڕێژیم لە دوو بەرەی دژبەیەکدا.....

١٤- قووتی خەڵک بۆ "خەرج"ی مووشەک و بۆمب.....

١٥- دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاردا.....

١٦- تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا.....

١٧- ڕێژیمی منداڵکوژ و مافی منداڵان!.....

١٨- ئورووپا و دیپلۆماسیی تێرۆر و بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی.....

١٩- گرینگیی بەشدارینەکردن، پەیام و دەسکەوتەکانی.....

٢٠- بایکۆت بە تامی ڕێفراندۆم.....

٢١- وەهمی دیکتاتۆر.....

٢٢- مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت.....

٢٣- هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا.....

٢٤- شەڕ و ئاشتی و پرەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا.....

٢٥- ٢٨ی گەلاوێژ، فیتوای جیهاد و شەڕێکی بەردەوام دژی کورد.....

٢٦- عێراق وەک قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی.....

٢٧- کوردستان وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان.....

٢٨- نێعمەتی شەڕ لای فاشیزمی مەزهەبیی ئێران.....

٢٩- بن بەڕەی بەرەی مقاومەت.....

٣٠- کێ خراپی لێک داوەتەوە؟.....

٣١- گۆشت مەخۆن و خۆتان گەرم داپۆشن! .....


---

## بەبەتی ساڵی.....................٣٧٢٥ و ٢٠٣٦........................ ١٥٦

---


٣٢- مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات....

٣٣- خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتان.....

بەشی چوارەم

٣٤- لە ڤییەنەوە بۆ ژنێڤ، لە تێرۆرەوە بۆ مووشەک و بۆمبی ئەتوم.....

٣٥- ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ .....

٣٦- لە ٧٩ ساڵ بەر لەئێستاوە.....

٣٧- بە چی ڕا کۆماری ئیسلامی گەیوەتە لێواری هەڵدێران؟.....

٣٨- خەڵکی ئێران و بەڵایەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی.....

٣٩- "دەیەی فەجر"ی ڕێژیم و چوار دەیە زەجر و بەشمەینەتیی خەڵک.....

٤٠- کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟ .....

٤١- دووڕێیانێکی سەخت و هەڵبژاردنێکی قورس.....

مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت.....

٤٢- خوێنمژ و بکوژ، گەندەڵ و دز.....

٤٣- دوو ڕووی تەواوکەری پوولێکی قەڵب.....

٤٤- شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە! .....

٤٥- ژەقنەمووت بە تامی کۆماری ئیسلامی.....

٤٦- گۆدۆ نایە و چاوەڕوانی هەڵەیە.....

٤٧- خێوی شەڕ و ئاوابوونی خۆری تەمەنی.....

٤٨- دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پڕۆژەیەکی تێرۆریستی.....

٤٩- تۆڵەی ئاشبەتاڵ.....

٥٠- ٩٠٠ مۆمی داگیرساوی "کوردستان"!.....

٥١- ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا.......................................... ئا: شیوا مورادیان .....

٥٢- هێزە کوردییەکان دوژمن و نەیاری هاوبەشیان هەیە و دەبێ هێز و توانای خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ڕێکبخەن.................................................................................... دیمانەی جەماڵ ڕەسووڵی .....

٥٣- مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان

٥٤- هەرەس لە دوندی وەهمەوە.....

٥٥- تاوانی کوردبوون، ڕێگای ڕزگاربوون.....

٥٦- ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و ژێری دەسکرددا "کوردستان" بۆ نموونە.....



سەرچاوە
Serchawe


## بەشی چوارەم

٥٧- کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای تێرۆر.....

٥٨- کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی.....

٥٩- کوژرانی خامنەیی، دوژمنی ژمارە ١ی کورد.....

٦٠- ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان دژبەری یەکتری؟.....






سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی.................... ٢٧٢٣

## "هەنگەژاڵ"، سەلاخخانەکەی ئەم ڕۆژانەی کوردستان



خەڵک لە بیریان ناچێتەوە کە خومەینی لە ڕۆژانی یەکەمی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و لە مزگێنیی دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامیدا دەیگوت: "ئاو و برق و سووتەمەنی و هاتوچۆ بۆ هەموو خەڵکی ئێران بەخۆڕایی دەبن"، "بێکاری و هەژاری لە ئێرانی نوێدا نامێنن"، "دەست ڕاگرن، کرێنشینی کۆتایی دێ و هەمووتان دەبنە خاوەنی ماڵ"، "جیا لە دنیا و ئێستاتان، قیامەت و بەهەشتی خواشتان مسۆگەر دەگەین". ماوەیەکی کەم دوای ئەو وادەوبەڵێنە کە جیا لە کوردستان بەشی هەرەزۆری ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ هەڵخەڵەتا، دەرکەوت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێک نییە خەمی خەڵکی وڵاتی پێ خەمی خۆی بێ و بە حوکمڕانییەکەی، هەر ئەم دنیایەی ئێستای لە خەڵک کردە دۆزەخ و بەمجۆرە چی نەهامەتی و ڕۆژڕەشیی دنیا بوو لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ئاوقای خەڵکی وڵات بوو. لەو نێوەدا کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە بەردەوامی پتر لە شوێنەکانی دیکە باجی هەڵنەخەڵەتان و وشیاریی ئەوکاتی خۆی داوە و هەر کەس چاوی بکاتەوە دەبینێ کە ڕێژیم ڕۆژانە و بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی ئەو "نا"گوتنە لە کوردستان دەکاتەوە کە پرسی

کوشتاری تەنانەت نائاسایی و نایاسایی خەڵک بەپێی قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان یەک لەوانە.

تەنیا لە ماوەی دوو مانگ و دە ڕۆژی پاییزی ئەمساڵدا ١٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دراونەتە بەر دەستڕێژ کە ١٢ کەس لەوان کوژراون. لەو ١٣٥ کۆڵبەرە نیزیک بە ٩٠ کەسیان لە ناوچەی سنووری هەنگەژاڵی بانەدا کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە شەش مانگی بەهار و هاوینی ئەمساڵیشدا ٨٣ کۆڵبەریان دابووە بەر دەستڕێژ و بەو پێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا دراونەتە بەر گوللە ٢١٨ کەس بووە کە ٢٧ کەسیان کوژراون و ١٩١ کەسیان بریندار بوون. ئەوە کە پارەکەش ٢٢٥ کەس لە کوردستان لە کۆڵبەریدا کەوتبوونە بەر دەستڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، نیشانەی هەرەئاشکرای قووڵبوونەوەی قەیرانی هەژاری و بێکاریی سیستماتیکی داسەپاو بە سەر کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی تارانە کە وای کردوە پاروە نانێک بۆ کورد بچێتە سەر پشتی شێر.

ئاوڕێکی کورت بۆ ئامارە ڕەسمییەکانی بێکاری، هەژاری، داماوی و دواکەوتنی پەرەسەندنە ئابووری و مرۆییەکان لە چوار پارێزگاکەی کوردستان کە لە باشترین حاڵەتدا دوو هێندە و هەندێک جار چەند هێندەی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانە، پێمان دەڵێ سەرەکیی هۆکاری ڕووتێکردنی بەلێشاوی خەڵک لە پیر و لاو، ژن و منداڵ بۆ کۆڵبەری تەنیا و تەنیا بۆ نەبوونی ژێرخانە ئابوورییەکان، دەستنەکەوتنی هەلی کار و دەستەوەستان مانەوە لە دابینکردنی بژیوی ژیان لە کوردستان دەگەڕێتەوە؛ بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانن بە ئەگەری زۆری گیانیان لەپێناو ئەو پاروە نانەدا دادەنێن، دیسانەکەش بەناچار پەنای بۆ دەبەن. لە ساڵانی ڕابردووشدا بەهۆی پەرەسەندنی زیاتری هەژاری و بێکاری و قەیرانی ئابوورییەوە کە بارگرانیی چەندقاتی لەسەر بنەماڵەکان دروست کردوە، ژنان سەرپەرستی خێزان و لاوانی دەرچووی زانکۆکانیش بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. هەروەها بەهۆی قەیرانە ئابوورییەکان لە وڵات کە دەرەنجامەکەی داخرانی سەدان کارگا و کارخانە و لەو سۆنگەیەوە بێکاریی دەیان هەزار کرێکار بووە؛ ئەو کۆمەڵە کرێکارە کوردەش کە پێشتر بۆ کار ڕوویان لە یەکە بەرهەمهێنەکانی شارەکانی دەرەوەی کوردستان کردبوو، گەڕاونەتەوە کوردستان و بەناچار بەشی زۆریان ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. بەڵام کۆی ئەو دۆخە کارەساتبارە نەک نەبووەتە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی حکوومەت ڕێوشوێنێک بۆ چارەسەری قەیرانەکانی وڵات بدۆزنەوە، بەڵام لە سەرکوتی زیاتری ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و کوشتوبڕەکاندا، وەستاتر و لێبڕاوتر هاتوونە پێشێ و بە هاڕینی ژیان و گیانی کۆڵبەران و بنەماڵەکانیان و چینوتوێژە مافخوازەکانی دیکەی کۆمەڵ چەرخی وەبەرهێنان و قازانجکردنەکانیان هەڵدەسووڕێنن.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

لەو نێوەدا ئەوەی ونە و نادیارە و کەس باسی ناکا ڕۆڵی ئەو کەسانەیە کە جڵەوی هاوردە و بازرگانییە نایاساییەکانی سنووریان لەدەست دایە و هەموو کاربەدەستانی ڕێژیم و بازرگان و دەستوپێوەندییەکانی خوارەوە سەر بە خۆیانن کە بە کەلکوەرگرن لە ڕانت، دەسەڵات و چەوساندنەوەی کۆڵبەران قازانجە سەرەکی و زۆروزەوەندەکە ئەوان دەیکەن و سروشتییە کە ناشیانهەوێ لێیان تێکبچێت. ئەگینا کێیە نەزانێ ئەو کۆڵبەرانەی ڕێگای هاتوونەهات دەبڕن و خۆیان بەرەوڕووی مەترسییەکانی فیشەکی گەرم و شەختەوسەهۆڵی سروشت و هەڵدێران و تەقینەوەی مین لەبن پێیاندا دەکەنەوە، کەمترین قازانج لەو بازاڕەیان پێ دەبڕێ و ئەوە سێحەببار و بازرگانان و دەستوپێوەندییەکانی بەرپرسانی ڕێژیمن کە دوور لە هەموو ئەو مەترسییانە قازانجە زۆرەکەی دەچێتە گیرفانیان.

بێگومان گرینگترین هۆکاری هانابردنی خەڵکی کوردستان بۆ کۆڵبەری دوو شتە :**یەکەم** ڕوانگە ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و لەو سۆنگەیەوە ڕەگداکوتانی هەلاواردن و بێبەشی لە هەرچەشنە پەرەسەندنی ئابووری و مرۆیی .**دووهەمینیش** کە دەرەنجانی هۆکاری یەکەمە، بێکاری و هەژاریی چەندقات لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. مەسەلە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان چ کۆڵبەری بکەن یان ڕووی لێ وەرگێڕن، چارەنووسیان ئاوێتەی هەژاری و مردنە و هیچ دەروویەکی ڕوون بۆ دەربازبوون لە دۆخی ژیانیان نابینن و کۆڵبەری هەڵبژاردەیەکی داسەپاوە. لەو نێوەدا حکوومت سەرەڕای ئەوەی زۆرترین قازانجی ئەو بازاڕە دەچێتە باخەڵی، دوو کاری کردوە:

**یەکەم؛** هەموو بەرپرسایەتییەکانی گیانپارێزیی ئەو خەڵکە داماوەی لە کۆڵ خۆی کردووەتەوە و لەبری چارەسەری بنەڕەتیی قەیرانەکان و هەڵگرتنی ڕوانگەی ئەمنیەتی لەسەر کوردستان دەیەوێ بە میکانیزمی پێدانی پسوولەی کۆڵبەریی یاسایی ئەو دیاردەیە بەڕەسم بناسی؛ ئەویش لە کاتێکدا کە کۆڵبەری کار و ئەو بەناومشوورخواردنەی ڕێژیمیش دابینکردنی هەلی کاری نییە تا لەو ڕێگەیەوە نرخی ڕەسمیی بێکاری لە کوردستانی پێ دابەزێنێ.

**دووهەم؛** بە ڕاگەیاندنی کۆڵبەری بە قاچاغ و ناقانوونی دەستی هێزە چەکدارەکانی ئاوەڵا گرتوە کەوکوژی سێرە لە کۆڵبەران بگرن و بە ڕەشەکوژییەکانیان و سیاسەتی دووفاقەیان هیندەی دیکە پەرە بە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بدەن.

بەوپێیە دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان و دیارە هاوچەشنەکانی وەک هێنان و بردنی سووتەمەنی لە بەلوچستان کاتێک نامێنێ کە ڕوانگەی ئەمنیەتیی ناوەند لەسەر کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران لابچێ و لەبری ئەوە نەک دەرفەتی کاری، بیمەی بێکاری و ستانداردەکانی ژیان و کەرامەتی مرۆیی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دابین ببێ، بەڵکوو هەوڵ

**بدرێ بە سیاسەتی هەڵاواردنی موسبەت لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنان، کشتوکاڵ، وەبەرهێنان و گەشتیاری و هتد نیزیک بە یەک سەدە پەرەنەسەندنی بەپلان، وەلانان و لەدواکەوتووییدا ڕاگیرانی سیستماتیکی حکوومەتییان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. بەڵام ئەوە نە لە باوەڕی کۆماری ئیسلامی و نە لە تواناکانیدا دەگونجێت.**

**١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان



دەوڵەتی بریتانیا ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی سەرماوەز ڕایگەیاند خولی نوێی گەمارۆ و سزاکانی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پرۆژە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمەی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. قائانی، فەرماندەی سپای قودس، تەواوەتیی لقی فەلەستینی سپای پاسداران و ٦ فەرماندەی سپا لەوانەن کە ئەم سزا نوێیانە گرتوونیەوە. هاوکات لە تازەترین نوێکردنەوەی لیستی سزادانەکانی ئێراندا ٢٠ کەس و دامەزراوەی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە گەمارۆیان خرایە سەر. بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ئەو ٢٠ کەس و دامەزراوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی بەشدارییان لە ڕایەڵەکانی ئاسانکاری بۆ گواستنەوە دارایییەکانی وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداراندا سزا دراون.

مێژووی سزادان و گەمارۆخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە قەت هەموو مێژووی ئەو ڕێژیمەیە. هێشتا ٨ مانگ لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێنەپەڕیبوو کە ئەمریکا لەسۆنگەی داگیرکرانی باڵوێزخانەکەی لە تاران و بەبارمتەگیرانی دیپلۆمات و فەرمانبەرەکانی سزای ئابووریی جۆراوجۆری بەسەر ئێراندا سەپاند کە گرینگترینیان دەستبەسەرداگرتنی دارایییەکانی ئێران لەو وڵاتە بوو. دواتر ئاشکرابوونی هەوڵە نایاسایی و بەنهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەدان بە تێکنۆلۆژیی ئەتومی و مووشەکییەکەی بوونە هۆی ئەوەی نەک هەر لەلایەن



سەرچاوە Serchawe

ئەمریکا و یەکیەتیی ئوروروپاوە، بەڵکوو لەلایەن شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە سزای بخرێتەسەر، کە دواتر گەمارۆی تاکلایەنەی چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهانی و ناوچەییشی لەدژی ئێران لێ زیاد کرا. لیستی ڕەشی سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشەوە کە هەم تاکلایەنە لەلایەن وڵاتان و هەم لەلایەن یەکیەتیی ئوروروپا و ئەمریکاوە -بەتایبەت دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندەران لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦، خەزەڵوەری ١٣٩٨ و شۆڕشی ژینا لە پاییزی ١٤٠١دا- کە بەسەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاون؛ بەشێکی تری سزاکانی کۆمەڵگەی جیهانی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکدێنن.

گەمارۆکانی سەر ئێران لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، زانستی، تێکنۆلۆژی و کڕینوفرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ، و قورسترینیان سزاخستنەسەر کەرتی نەوت و وزە و بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەم گەمارۆیانە لەڕووی ئابوورییەوە زەبری قورسیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە، بۆ نموونە لەسۆنگەی سزاکانەوە و بەپێی داتا ڕەسمییەکان سەتا ٩٦ی پاشکەوتی دراویی ئێرانی تەواو کردوە، بووەتە هۆی ئەوەی بارستایی ئابووریی ئێران و بەرهەمهێنانی پاکنەکراوی نێوخۆیی وڵاتی نیوە بە نیوە چکۆلەتر و کەمتر بێتەوە، ڕێ لە وەبەرهێنانی بیانی و هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئێران بگیردرێ، پیشەسازیی وڵات بەتایبەت لە کەرتی نەوت و وزەدا هەرەس بێنێ، بارستایی بازرگانیی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوە بە لانیکەمی خۆی بگات، هەڵمسانی ئابووری و زۆربوونی نەختینەیی بگاتە ئەوپەڕی خۆی و دیارترین پێوەریش کە تمەن وەک دراوی نیشتمانییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و لەسۆنگەی چوار دەیە سیاسەتەکانی ڕێژیم و گەمارۆ ئابوورییەکانەوە ٦ هەزار هێندەی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو لە بایەخەکەی کەم بۆتەوە.

سزاکانی سەر ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەجێدا بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و وەڵامدەرکردنی کاربەدەستانی ڕێژیم لەمەڕ سیاسەتی شەڕەنگێزانە، تێکدەرانە و دەستێوەردەرانەیان و ناچارکردنیان بە پاشەکشە لەبەرانبەر ئیرادە و مافخوازیی خەڵکە سەرکوتکراوەکەی وڵات بووە. بەو پێیەی باس کرا، گومان لەوەدا نییە هەم گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان و هەم سزا ئامانجدارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا کاریگەریی قووڵ و نەرێنیی زۆری لەسەر ئابووریی ڕێژیم و دۆخی خەڵک و کۆمەڵگە داناوە، بەڵام لەجێدا نەیتوانیوە ڕەفتار و سیاسەتی ڕێژیم بگۆڕێ. ئەم گەمارۆیانە توانای کڕین و قووتی خەڵکی ئێرانیان کەم کردۆتەوە، بەڵام پێشیان بە پیشەسازیی چەک و کەرەستەی شەڕ و پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم نەگرتوە. بە واتایەکی دی ڕاستە سزا و گەمارۆکان کە گوشاریان بۆ سەر ڕێژیم دروست کردوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی خۆیان نەپێکاوە و لەبری بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و ملکەچکردنی ڕێژیمی ئاژاوەچی و قەیرانخوڵقێن، خەڵک و کۆمەڵگەی وڵاتیان پتر خستووەتە تەنگانەوە.

### لەبارەی بنەڕەتی سزا و گەمارۆکانی سەر ڕێژیمەوە باس لە دوو خاڵ گرینگە:

**یەکەم**، ڕێژیم توانیویەتی سەرەڕای گەمارۆ سەخت و هەلایەنەکان بەڵام لە بوارەکانی سیاسی و نیزامیدا خۆیانی لەگەڵ بگونجێنێ و بەرنامە و پرۆژەکانی خۆی بباتە پێشێ. کەوابوو ئەمە گەمارۆکانن کە نەیانتوانیوە مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان - لە گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری ڕێژیم و پێشگرتن بە بەرنامەی ئەتومی و توانا مووشەکییەکانی - بپێکن.

**دووهەم**، پێویستە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت لەدوای شۆڕشی ژیناوە لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەتایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و بەگشتی ڕۆژئاوا و وڵاتە دێموکراتیکەکانی دیکە نابێ و ناکرێ هەر پێ لەسەر سیاسەتی سەرکۆنە و سزادانی ڕێژیم دابگرن. خەڵکی سەرکوتکراو بەڵام خەباتکاری ئێران و بەگشتی بزووتنەوەی مافخوازی گەلانی ئێران پێویستییان بە هەنگاوی بەکردەوەی پتر لە لۆمەکردن و گەمارۆکانە ئەویش پشتکردنی کۆمەڵگەی جیهانی لە کۆماری ئیسلامی و پشتگرتنی خەڵکی ئێران و خەباتەکەیان.

کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتە خاوەندەسەڵاتەکان لە بڕیاردانی جیهانیدا دەبێ گوێ بۆ دەنگی خەڵکی ئێران بگرن و لەو ئاستە لە گۆڕانگارییەکان کە کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ئێران دەیهەوێ بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بیهێنێتە ئاراوە تێبگەن. بە واتایەکی دی پێویستە کۆماری ئیسلامی لە شەرعییەتی سیاسی بخەن و ڕەواییەتی ڕاپەڕینی سەرانسەری کە هەڵگری بەها و بایەخە جیهانداگرەکانیشە بەڕەسمی بناسن.

نابێ و چۆن دەکرێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەهەمبەر هەڕەشە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهان دەستەوەستان و چاوەڕوان دابنیشێ، بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان کە سوور دەزانن ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی و دوژمنایەتیی ئاشکرا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا و ئامانجەکانی ئەوان بۆ کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دوور لە قەیران و بشێوییە. پێوەندیی بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانی نێوان ئێران و ڕووسیە لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی، تێکنۆلۆژی و ئەمنیەتی و هاوکاریی ڕوو لەگەشەی پتری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆرەی باکووری لە بواری ئەتومیدا، و شەڕی تاقەتبەر و بێزارکەری ئێران لەدژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا کە بە میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی دەیکات مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانیین کە هەڵوێست و بەرەورووبوونەوەی شێلگیرانەتری پتر لە سزادان و گەمارۆکانی دەوێ.

بێگومان لەو ململانێیەدا دیپلۆماسی بەتەنیا وڵامدەر نییە و تاکەڕێگای ئاشتی و هێمنایەتی و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرکەوتنی خەباتی مافخوازیی خەڵکی ئێران بەسەر ڕێژیمی سەرکوتگەر و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامییە و خەڵکی ئێرانیش دەخوازن خەباتەکەیان بەڕەسمی بناسرێ و وەک ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی چاویان لێ بکرێت.

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣

## خۆکوشتن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیان



کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو کاتێک زۆرترین کەلکی لە کێشە و ئاریشە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ پووشبەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانی ولات وەرگرتوە کە خۆکوژی یەک لەوانە. بەڵام ئەوەی ڕۆژانە خەڵکی ولات لە تەنیشت هەواڵە هەمیشەییەکانی گەندەڵی و سەرکوتی نارەزایەتییەکان و گرانی و بێکیفایەتییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم دەیبیستن، هەواڵی خۆکوشتن و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ خۆڕزگارکردن لەو ژیانەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندوە.

ئاماری ڕاستەقینەی خۆکوژی نهێنییە و بە زەحمەت دزە دەکاتە دەرێ. پزیشکی داد ڕێک ١٠ ساڵە بە بیانووی ئەوەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆکوژییەکان نەبێتە هۆی بێهیوایی و دۆشداماویی زیاتر لە کۆمەڵگەدا خۆ لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان دەبوێرێ، بەڵام ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، هێندێک ڕێکخراوی حکوومەتی و ناوەندە توێژینەوەیی و ئاکادیمییەکان بە ڕاپۆرت و فورمولی زانستی کار لەسەر ئەو ئامارە دەکەن. یەک لەو ڕێکخراوانە کۆمەڵەی زانستیی پێشگرتن لە خۆکوژی لە ئێرانە کە لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکا لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ناوی ١٢٠ هەزار کەس لە ئێران کە بەهۆی خۆکوژییەوە گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکان، لە سیستەمی وەزارەتی بێهداشتدا تۆمار کراون. ژمارەی ئەو کەسانەش کە هەوڵی خۆکوژییان داوە - چ سەرکەوتوو و چ ناسەرکەوتوو - و بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی

نەگەیەندراونەتە نەخۆشخانەش لەولا بوەستێ.

بەپێی ئەو زانیارییانە خۆکوژییەکان لە دە ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای شاردنەوەی ئامارە ڕاستەقینەکان زیاتر لە سەتا ٤٠ زیادیان کردوە تا ئەو ڕادەیە کە ئاماری خۆکوژییەکان دوو هێندەی کوشتنەکان لە وڵات بێت. هەروەها ئاماری خۆکوژییەکان لە کوردستان، بەتایبەت لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان دوو هێندەی نێونجی وڵاتە. لە کوردستان لە ماوەی ئەمساڵدا لەو سەدان کەسەی بە هۆکاری جۆراوجۆر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ١٢٦ کەسیان گیانیان لەدەست داوە کە ٦٣ کەسیان ژن و ٣٠ کەسیان منداڵ و خوار تەمەن ١٨ ساڵ بوون.

داتا و زانیارییەکان چ لە کوردستان و چ لە ئاستی ئێراندا پێمان دەڵێن حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بووە و کارناسانی کاروباری کۆمەڵایەتییش ڕایان وایە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی سەرکوتکراودا خۆکوژی بۆ زۆر کەس دەتوانێ وەک کرانەوە و ڕەهابوون وابێت. بە واتایەکی دی بێمافی، کەشی زاڵکراوی سەرکوت و پەرەسەندنی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و سەختبوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری دابینکردنی بژیوی ژیان، ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆی لە هەڵکشانی مەیل بۆ کۆتاییهێنان بە ژیان لە کەسانی تەمابڕاودا هەیە. کاتێک بێکاری تەنگی بە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس هەڵچنیوە، کاتێک کرێکارێک ئەگەر هەموو ماوەی تەمەنی و هەتا مردنی کار بکا و تاق تمەنێک لە مز و حەقدەستەکەشی خەرج نەکا هێشتا ناتوانێ ببێتە خاوەن ماڵێکی هەرە بچووک و، کاتێک توانای کڕینی خەڵک ئەوەندە دابەزیوە کە ناچار بوون خواردنە سەرەکییەکان بە قیست بێننەوە ماڵێ، کاتێک دایکوباوک توانای دابینکردنی هەرەلانیکەمی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان نییە، سروشتییە گوشاری ڕوحی و دەروونی و خەمۆکی وەک پاڵنەرێکی بەهێز کەسەکان بەرەو خۆکوشتن هان بدات. هەر لەوسۆنگەیەوە خۆکوژییەکان لەلایەک دەربڕی کۆتایی هیوا بە ژیان بۆ توێژی داماو و هیوابڕاوی کۆمەڵ و، هاوکات هاوار و ناڕەزایەتیدەربڕین بە بارودۆخ و هەلومەرجێکە کە کۆمەڵگە تێی کەوتوە.
خاڵێکی جێی سەرنج لە ئامار و زانیارییەکان ئەوە لە تەنیشت هۆکارەکانی خۆکوژی کە بەشی هەرەزۆری بۆ هەژاری و بێئەنوایی دەگەڕێتەوە ئەوەیە، کە ژنان لە ئێران دوو هێندەی پیاوان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. سروشتییە لە کۆمەڵگە کراوەکان بە ستاندارده بەرزەکانی ژیان و خۆشبژێوی و ئاستبەرزییەکانی یەکسانیی ژن و پیاو دیسانەکەش خۆکوژییەکان بەهۆی گرژی و قەیرانە ڕوحی و دەروونییەکان ڕوو دەدەن. بەڵام ئەوەی لە ئێران بۆ ژنان ڕوو دەدا ڕاستەوخۆ گرێدراوی کولتووری پیاوسالاری و یاساکانی دژی ژنی کۆماری ئیسلامییە. بۆ نموونە فرەژنی، بەزۆربەشوودان، توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، جیاوازیدانان و هەڵاواردن، سووکایەتی و بە کەمگرتن، بێمافی و چەوسانەوە بەشێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەوڵی خۆکوشتنی ژنان لە ئێرانە. بۆیەشە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی هەواڵدەرییەکانی خودی ڕێژیم خۆکوژیی ژنان و خۆسوتاندنی ژنان لە ئێران پلەی یەکەمی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بێگومـــان خۆکـــوژی وەک خەســـارێکی کـــۆمەڵایەتی ڕەگ و ڕیشـــەی لە قەیـــرانە ئـــابووری، کولتـــووری، ئـــایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا داکوتاوە، بەڵام لە ئێرانی ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات نەک هەر هیچ هەوڵێک بۆ خەسارناسی، چارەسەر و دابەزاندنی خۆکوژییەکـان ناکا، بەڵکوو بۆخۆی بەئەنقەست بە پەرەپیدان بە کوشتوبڕ و توندوتیژی دەیەوێ ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگە ڕەگ و ڕیشەی پتر دابکوتێ. هەر بەڕاست بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆخۆی ڕۆژانە خەڵک دەکوژێ و گیان لە خەڵکی دەستێنی، لەکوێ و لەبەرچی گرینگە لە خۆکوشتنی خەڵک بکۆڵێتەوە و پێشی پێ بگرێت؟

قەیرانی خۆکوژی وەک هەموو خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە و دانانی خاڵی کۆتایی بۆ ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییەش گرێدراوی کۆتاییهێنان بە حوکمڕانیی دیکتاتۆری و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە.

٩ی بەفرانباری ٢٧٢٣

# "کوردستان" و ڕیسالەتێکی هەمیشەیی



کارگێرانی چاپخانەی ڕۆژنامەی " کوردستان " لە سەردەمی کۆماردا

"ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی "کوردستان" داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا".

(سەید محەممەد حەمیدی، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، بەفرانباری ١٣٢٤)

٢٠ی بەفرانباری ئەم مانگە ٧٨ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەبرێ. ڕۆژنامەیەک کە دوو حەوتوو دواتری بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و لەوساوە هەتا ئێستا زمانحاڵی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بووە.

دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤دا و بە بڵاوکردنەوەی "کوردستان" ڕیسالەتێکیان بۆ

بەشی چوارەم

ئەو ڕۆژنامەیە دیاری کرد، ئەو ئەرک و ڕیسالەتەش پارێزگاری لە زمان، شوناسی نەتەوەیی کوردی و سەنگەری قەڵەم لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ڕیسالەتێک کە لەو کاتەوە بەڕێوەبەرانی "کوردستان" نەوە دوای نەوەی وەک بایەخێکی نەگۆڕ پاراستوویانە و سەرەڕای هەموو دۆخە سەخت و دژوارەکان لە پێناویدا بەبەردەوامی تێکۆشاون. ئەم کورتە نووسینە کە لە یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان"دا بڵاو دەبێتەوە، باس لە چەند تایبەتمەندییەکی ئەم ڕۆژنامەیە لە قۆناغ و بڕگە جیاوازە زەمەنییەکانی دەرچوونی دەکا:

"**کوردستان**" لەگەڵ ئەوەی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بووە، بەڵام لە قۆناغی جۆراوجۆر و فرەڕەهەندی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێراندا نەخشی زۆر بەرفراوانتر و گەورەتری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە ئەستۆ بووە. "کوردستان" ڕێوشوێنەکانی خۆڕاگری، مێتۆدەکانی خەبات و هەستی شۆڕشگێڕی بە بنەمای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کورد لە ئێران داناوە و کاری بۆ گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستان کردوە و هەوڵی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و لە ئاستی نیشتمانی کوردستانی گەورەدا داوە و بەحەق خاوەن وێژمانی کوردی بووە و پرسی نەتەوەیی بردووەتە نێو زەین و دڵی تاکی کورد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا "کوردستان" تایبەتیتر لەنێوان ویستە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەمیشە پەیوەندییەکی کارلێک و ڕاستەوخۆ بووە. ستراتیژیی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بووە کە "کوردستان" بە پێی ئیمکانات و ڕەوشی خەبات لە هەر بارودۆخێکدا ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. هاوکات ئەوەندە جێمتمانە و موعتەبەر بێت کە لە زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمیدا وەک بەڵگەنامە کەڵکی لێوەربگیردرێ و باوەڕی پێ بکرێت.

"**کوردستان**" هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبی دێموکراتە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردووە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەروەها چارەنووسی "کوردستان"یش لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکرات کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پێشمەرگانەدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن

گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە کزیی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتوە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی "کوردستان" ئەوەیە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە توانیویانە بە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ٨ دەیەی ڕابردوو لە سینگی خۆیاندا مەترسیی چەواشەکران و بیرچوونەوە لە ڕاستییە مێژوویییەکانی ئەو ماوەیە بڕەوێنێتەوە و وەک ئەرشیڤێکی نەتەوەیی، گەنجینەیەک لە زانیاریی سیاسی و مێژوویی بۆ نەوەی نوێی کوردستان بپارێزێت. هەروەها قوتابخانەیەک بووە بۆ ئەدەبیاتیکی بەپرەنسیپ، ڕاستگۆ و ڕاستبێژ، دوور لە سووکایەتی و بوختان هەڵبەستن و تەنانەت لە ئاست دوژمنانی نەتەوەی کوردیشدا قەت لە چوارچێوەی ئەدەب و پرەنسیپەکانی لای نەداوە. هاوکار "کوردستان" لەسەر دەستی مامۆستایانی خاوەنناو لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی نووسین و ڕێنووس و پاراویی وشەکانی فێرگەیەک بووە بۆ ئەو کەسانەی ویستوویانە شارەزایی پتریان لەسەر زمانی کوردی هەبێت.

"**کوردستان**" لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە. هەروەک گوترا سەردەمانێک ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و لە قۆناغەکانی دواتری خەبات و تێکۆشانی حیزبدا شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە سانسۆڕ خراوەتە سەری و ڕاستییەکانی لێ چەواشە کراوە، "کوردستان" ئەو تیشک و ڕووناکاییە بووە دژی بە شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمەکانی پاسایەتی و کۆماری ئیسلامی داوە. سەرجەم ژمارە و لاپەڕەکانی "کوردستان" پڕن لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوەی گەلێک و بەردەوامیی لەخەبات بۆ ئامانجەکانی. هەروەها لەهەمبەر داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، "کوردستان" قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە پێناس و شوناس و هەویتیی کوردی بووە.

"کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ پرسی ژنی

ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"کوردستان" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسییە، بەڵام سینگفراوانە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان" لەگەڵ بایەخدانی بە لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمەکانی ناوەندگەرای تاران، پرسەکانی شوناس و ڕۆشنگەری و زمان؛ پەروەردە و نووسین و ئەدەبیاتی منداڵانی پشتگوێ نەخستوە و بڵاوبوونەوەی پاشکۆ و گۆڤاری "دنیای منداڵان" بۆ ماوەی نیزیک بە ١٥ ساڵ یەکێکی دی لە ڕیسالەت و کارە بەبایەخ و بەبەرهەمەکانی "کوردستان" بووە. ڕۆژنامەی "کوردستان" هەروەها لە ڕەوتی بەردەوامی کار و تێکۆشانی خۆیدا دەیان و بگرە سەدان کادری لێوەشاوەی لە بواری نووسین، کاری فەنی و هونەری ڕۆژنامەنووسیدا پێگەیاندوە کە هەر لەجێدا ئەمە سەرمایەیەکی گەورە و بەنرخ بووە بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات.

"کوردستان" بەدرێژایی تەمەنی دەرچوونی هەوڵی داوە بە سەرنجدان بە پێویستیی گەیاندنی زانیاری بەکەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستییەوە، ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ و لە پێناو گەیاندنی زانیاری بە خوێنەرانی و یارمەتیدان بە چوونەسەری ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک و وشیاری نەتەوەیی لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لە پێناو خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردیدا، خزمەت بکا.

ڕاستە کە "کوردستان" لە رووی بەردەوامی و پشوودرێژییەوە سەرەرای هەموو دژواری و سەختییەکان لە ٧٨ ساڵی رابردوودا لەسەر ڕێی بووە و تێرۆر و تۆپ و خۆمپارە و مووشەکیش نەیتوانیوە بیوەستێنێ و، هەروەها لە ڕووی وەفاداری و پابەندبوون بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات -وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و داهێنەری زۆربەی هێما شوناسبەخشەکانی نەتەوەی کورد- هەست بە شانازی و سەربەرزی دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە لە سەردەمی ڕکابەریی میدیایی، خێرایی گەیاندن و وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەردەنگی پڕچاوەڕوانیدا چ لە ڕووی فۆرم و شێوازی نووسین و چ بەڕۆژبوون لە ڕووی گوتار و ڕوانینەوە بەردەوام پێویستیی بە بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکاریی بەوەخت و بەجێ هەیە و بەپێی توانا لەوەش بەجێ نەماوە.

### لە کۆتاییدا:

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، یەکێک لە سەرنووسەرانی پێشووی "کوردستان" لە نووسینێکدا بەبۆنەی هەڵکردنی مۆمی

**بەشی چوارەم**

**ژمارەی ٨٠٠ی کوردستان (خولی نوێ) دەڵێ: "کوردستان" هەموو شتێکی وەک حیزبی دێموکرات دەچێ و شتێکی زۆریش سروشتییە، چونکی زمانحاڵی حیزبە و ئەرک و سەلاحییەتی خۆیەتی کە ئاوێنەی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانیدا بێ. "کوردستان"یش هەروەک حیزبەکەی سەربەخۆیە، ڕاستگۆیە، پێشکەوتووە و هەر لە بەر ئەوانەش خۆشەویستە.**

**٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

# ڕقی کۆن



بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، ٩ی ڕێبەندان چوار چالاکی سیاسیی کورد پاش ١٨ مانگ بەندکران و بەبێ ئەوەی مافی پارێزەریان هەبێت و دادگاییکردنەکەیان کەمترین پێوەرەکانی دادگاییەکی دادپەروەرانەی تێدا ڕەچاو کرابێت؛ لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دران. بە ئێعدامکردنی ئەو چوار تێکۆشەرە سیاسییەکەی کورد ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی ڕابردوودا ئێعدام کراون، لە ٨٠ کەس تێپەڕی.

هەروەک لە ڕاگەیەندراوەکەی چەندرۆژ لەمەوبەری ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبدا هاتبوو، یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئێعدامەکان لە ئێران پەرەپێدانی ترس و تۆقاندنی خەڵکە بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەوە ڕێ لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بگرن، چونکی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی سیاسیی توتالیتێرە کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر کوشتن و حەزفی فیزیکیی نەیاران و سەپاندنی کەشی سەرکوت و تۆقاندن ڕاگرتوە. بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا ئێعدامە سیاسییەکان دەکرێت بە نیشانەی زەبوونی و داماویی ڕێژیم و مایەپووچهاتنەوەی سیاسەتەکانی دابنێین کە تۆڵەی هەرەسهێنان و ناکامییەکانی لە تێکۆشەرانی سیاسی و کەسانی جیابیر و ئازادیخواز دەکاتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە بەردەوامیی سیاسەتی ئێعدام لە کوردستان وەک سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بزووتنەوەی

سیاسیی کوردستان ئەگەر لەلایەک نیشانەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوژمنایەتیی ڕەهای ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی کوردستان و مافەکانیەتی، هاوکات نیشانەی زیندوویەتی و خۆڕاگریی جووڵانەوە سیاسییەکەشیەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٢٢٨٠ چالاکی کوردی بەهۆی خەباتی سیاسی و مەدنییان بەدژی ئەو ڕێژیمە ئێعدام کردوە، هەروەها دەزگای تێرۆری ئەم ڕێژیمەش لانیکەم ٤٦٠ ئەندام و تێکۆشەری حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی سنوورەکانی تێرۆر کردوە کە سەرجەم ئێعدامەکان و تێرۆرەکان بە کوشتنی سیاسی دادەنرێن. کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ ئەم توندوتیژییە سیاسی و سیستماتیکە بە ڕوانگەی ئەمنییەتی و ئایدیای کۆلۆنیالیستی لە کوردستانی ڕوانیوە و ئەو بەشە لە جوغرافیای ئێرانی سیستماتیک لە پەرەسەندنە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵاواردوە.

لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا مافەکانی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنی، نەتەوەیی، کولتووری، زمانی، ژینگەیی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل کراوە و هەروەک گوترا ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن. لە هەڵاواردنیان لە هاوبەشی سیاسی و بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەتاڵانبردنی سامان و سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکانیان؛ لە ئاگردانی دارستانەکانی کوردستان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان؛ و لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەپاندنی حوکمی زیندانی درێژخایەن هەتا ئێعدام و کوشتنە سیاسییەکان.

پتر لە چوار دەیەیە ڕۆژنامەنووس، چالاکی کرێکاری و هەڵسووڕە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە و لەو سۆنگەیەشەوە تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرێیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کۆی هەموو هەموو ئەو سەرکوت و داپڵۆسینە کۆڵیان بە ڕوحی خۆڕاگری، خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان نەداوە و خەبات و تێکۆشان لە پێناو شوناسخوازی و مافە زەوتکراوەکانیان تەنانەت بە دانی زۆرترین تێچوو و بەختکردنی گیان و ژیانیان هەروا درێژەی هەیە.

بەشی چوارەم

کۆماری ئیسلامیی ئێران لای وایە بە ئێعدام و کوشتن و تێرۆر و مووشەکباران دەتوانێ جووڵانەوەی کورد لە پێ بخا، بەڵام ئەوە هەوڵێکی بێ سەمەر و ئاسنی ساردکوتانە. چونکی ئەگەر ئیعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت پێشێ بە پەرەسەندنی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری گرتبا، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوا بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات بۆ شوناس و مافخوازی لە پێ کەوتبا و کەس لە کوردستان باسی لە ماف و ئازادییەکانی نەکردبا. بەڵام هەروەک دەیبینین و بۆخۆشیان زۆر باش دەیزانن، ئەم سیاسەتەی ڕێژیم خەباتی مافخوازانەی کوردی نەک پێ بنکۆڵ نەبووە، بەڵکوو ئەم بەرگری و شوناسخوازییە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا پەرەی سەندوە و ڕێژیمی بەرەوڕووی ئاستەنگ و چالنج کردوە.

لە کۆتاییدا درێژەی ئێعدامکردنی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد نەک دادی ڕێژیم نادات، بەڵکوو ئەمە دەبێ بە دوا پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازکردنی گیانی لە قەیرانەکانی ئێستا دابندرێ؛ ڕێژیمێک کە هیچ دەرەتانێکی بۆ خەڵکی ئێران جیا لە بڕیاری کۆتاییان بۆ ڕووخاندن و تێکەوەپێچانی تۆماری تەمەنی نگریسی نەهێشتۆتەوە. کوردستانیش بۆ ئەم ئامانجە پێشەنگە و ئەمەش باج و تێچووی پێشەنگایەتیی ئەو خەباتەیە کە دەیدات.

٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣


سەرچاوە Serchawe

## پێویستیی ڕاستکردنەوەی بارە لارەکە



ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی خاڵگۆڕانی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو. پاش ڕاکردنی محەممەدڕەزاشا لەو ڕێبەندانەدا شۆڕشی خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی بە هاتنەوەی خومەینی لە دوورخراوەیی سیاسی و خۆبەدستەوەدانی ئەرتەشی پاشایەتی سەرکەوت و کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک نیزامی سیاسیی جێگرەوەی پاشایەتی جڵەوی کاروباری وڵاتی گرتەدەست.

ئازادی، دێموکراسی، کرانەوەی سیاسی، نەهێشتنی گەندەڵیی، دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کەمکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵگەی هەژار و دەوڵەمەند، دەستەبەری ژیانێکی ئاسوودە لەسەر بنەمای وەدیهێنانی مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، بایەخمەندیی تاک و کەرامەتی خەڵک کۆمەڵە ئامانجێک بوون کە ئەوکات زۆربەی هێزە سیاسییەکانی لە دەوری یەک کۆکردەوە هەتا ڕێژیمی پاشایەتیی پێ بڕووخێنن و نیزامی سیاسیی نوێی لە جێ دابنێن. بەڵام پاش ٤٥ ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ هەتا ئێستا قەڵتوبڕی سیاسی، نەبوونی هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بێبەشیی خەڵک و کەمایەتییەکان لە مافە بنەڕەتییەکانیان، داڕمانی ئابووری، گرانیی هەوسارپچڕاو و بێکاریی دوو لەسەر سێی حەشیمەتی وڵات، هەرەسهێنانی بایەخی دراوی نیشتمانی، قەیرانی ژینگە، هەڵتەکانی کۆمەڵایەتی و بێهیوایی خەڵک لە هەرچەشنە چاکسازی و گۆڕانکارییەک بووە.

بەشی چوارەم

ئەمڕۆکە نەک هەر خەڵکی ئێران بەڵکوو کۆمەڵگەی جیهانییش سەرەڕای هەموو سەرنج و تێبینییەکان لەسەر هاوکێشەکانی نەزمی جیهانی دەزانن کە کۆماری ئیسلامی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەمنیەت و سەقامگیریی جیهانە، ڕێژیمێک کە لە پێناو مەرامە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی کە هیچ ڕەواییەتێکی لەلای خەڵکی وڵات نییە، هەم خەڵکی ئێرانی بەبارمتە گرتوە و هەم هەموو مافەکانی ئەو خەڵکەش پێشێل دەکات. ئەو دیکتاتۆرییە لە ماوەی نیزیک بە نیوسەدەی ڕابردوودا وڵاتی دەوڵەمەندی ئێرانی هێناوەتە سەر ساجی عەلی. ڕێژیمێک کە بە سەدان میلیارد دۆلاری بۆ پرۆژەی ئەتومیبوون و پەرەپێدان بە پیشەسازیی مووشەکی و تێروتەیارکردنی ئەرتەشە نیابەتییەکانی لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین خەرج کردوە، بەڵام دوو لە سێی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بێ‌ئەنوا و نوقمی هەژاری و داماوین.

٤٥ ساڵ دوای ڕێبەندانی ١٣٥٧ کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی پێ زلهێزی سەربازیی ناوچە و مۆدێلی هەرە سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی وڵاتە. ئەوە کە ڕێژیمی ئێران توانیویەتی درۆنسازی و پیشەسازیی مووشەکیی خۆی پەرە پێ بدات و ئەم ئامرازەش بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی و ئەمنییەتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکار بێنێت هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ڕێژیم تەنانەت لەڕووی تێکنۆلۆژیی شەڕ و هەواڵگرییشەوە نەک لە پاش، بەڵکوو داڕووخاوە. هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەکانی سپای پاسداران لە سووریە و کوشتنی گەورەبەرپرسانی سیاسی-نیزامی و ئەمنییەتیی ڕێژیم وەک قاسم سولەیمانی، موحسین فەخریزادە، حوسێن هەمەدانی، حەسەن سەیادحوسێنی، سەید ڕەزی مووسەوی و ڕیسواییەکانی هێرشی نیزامی و سایبێریی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە نیزامییەکانی ئێران لە نێوخۆی وڵات و دزینی زانیارییە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بنکە ئەتومییەکانی و گواستنەوەیانی بۆ ئیسرائیل تەنیا بەشێک لە داماوی و زەبوونیی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامین. ئەوەندەش کە بۆ حاکمییەتی سیاسیی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات دەگەڕێتەوە، قەیرانی شەرعییەت، کارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات، قەیرانی یەکیەتی و یەکگرتی نێوخۆیی حاکمییەت و پشتبەستن بە دەزگای سەرکوت و سڕینەوە وەک تاکە ئامرازی ڕاگرتنی دەسەڵات خاڵە جەوهەرییەکانی ڕوومای سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادان.

لە وەها دۆخێکدا، بەڵام بزووتنەوە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانیش کە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە کەم و زۆر دەستیان پێ کردوە و لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠دا تەواوەتیی ڕێژیمیان کردە ئامانج و لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە چلەپۆپەی خۆی، بەردەوامن، کەچی هەتا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتوون. بەوپێیە لە ٤٥ ساڵەی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا چەند پرسیاری سەرەکی دێنە گۆڕێ کە چۆنە سەرەڕای هەموو قەیران و ناکارامەییەکانی ڕێژیم لە ئیدارەدانی وڵات و پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان بەڵام کۆماری ئیسلامی هەیمەنە و دەسەڵاتەکەی هەر وا پاراستوە؟ هەروەها لە ئێستادا ئێران بەرەو کوێ دەڕوا و چارەنووسی خەڵک و کۆماری ئیسلامی کەی و لەکوێ یەکلا دەبێتەوە؟

بەشی چوارەم

لەمەڕ هۆکارەکانی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێ پێش هەموو شتێک قامک لەسەر هەڵبژاردنەکان و سەرقاڵکردنی دەیان ساڵەی خەڵک بەو گەمەیە بدوێین کە ڕێژیم هەم شەرعییەتی سیاسیی خۆی لێ وەرگرتووە و هەم وەک سوپاپی دڵنیایی دەسەڵاتەکەی بەکاری هێناوە. هەڵبژاردنەکان و هێشتنەوەی هیوای خەڵک بە چاکسازی لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان و بەڕێوەبەری شانۆگەریی ڕکابەریی سیاسی لەنێوان باوەڕپێکراوانی خودی نیزام یەک لە سیاسەتەکانی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و یەک لە ڕێکارەکانی بەتاڵکردنەوەی وزەی خەڵکی نارازی بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بووە. ڕێژیم ئێستاش و لە مانگی سەرەتای ٤٦ەمین ساڵی حوکمڕانییەکەیدا بەتەمایە جارێکی دی لەو تاکتیکە کەلک وەرگرێ، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی خولی سێزدەهەم کە بە ڕکابەریی ئیبراهیم ڕەئیسی لەگەڵ دەنگی سووتاو (باطلە) کۆتایی هات، دەسپێکێکی گرینگ بۆ کۆتاییهاتنی گەمە و سیناریۆیەکانی هەڵبژاردن لە ئێران بوو.

هۆکارێکی دیکەی بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پاوانکردنی ناوەندەکانی سەرەکیی دەسەڵات و هێز لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەتایبەت پاوانی داهاتی نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات بووە. سپای پاسداران، ئەڕتەش، هێزە ئینتیزامییەکان کە هەرکام لەوان کارتێلی ئابوورییشن، لە تەنیشت تەڕاتێنی ناوەندە ئەمنیەتییەکان، دەزگای داد، ڕێکخراوی زیندانەکان و میدیادا هەموو ئەوانە ئامرازەکانی بەردەستی حاکمییەتی سیاسی بۆ کۆنترۆڵی ناڕەزایەتی و سەرکوتی هەرچەشنە دەنگێکی ڕەخنەگر و بزووتنەوەیەکی سیاسی و مەدەنی بوون.
هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانەی دژبەرانی سیاسی وەک ئێعدام و تێرۆری دەیان هەزار چالاکی سیاسی و ئاخنینی بەندیخانەکان لە جیابیران و ڕەخنەگرانی وڵات دوو هۆکاری دیکەش یارمەتیی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمیان داوە. یەکەم پرشوبڵاوی ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن کە نەیتوانیوە وەک بەدیلێکی سیاسی خۆی دەربخا و بە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک تەنگ بە ڕێژیم هەڵچنێ و بە پێچەوانە کەلکوەرگرتنی ڕێژیم لەو دۆخە بە مەبەستی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی دژبەرە سیاسییەکانی. فاکتەرێکی دیکەش پشتیوانیی دەرەکی بەتایبەت دەسگرۆیی و هاریکاری سیاسی و ئابووریی زلهێزەکانی وەک چین و ڕووسیە و بەرژەوەندخوازیی سیاسیی بەرەی ڕۆژئاواشە کە نەیویستووە ئاراستەی هاوکێشەکان بە قازانجی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران بگۆڕێت.
لە ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی پێ دەنێتە چلوشەشەمین ساڵی حوکمڕانییەکەی. پاشخانی ناڕەزایەتییەکان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا و بەردەوامییەکەی دۆخێکی نوێی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا خوڵقاندوە، دۆخێک کە نە سەرکوت و زەبروزەنگ، نە پشتیوانیی وڵاتانی دەرەکی و نە شەڕی نیابەتیی میلیشیاکانی کەمترین کاریگەرییان لەسەر ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران نییە.

١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## نیسێی قورسی شۆڕشی ژینا لەسەر "تۆپانەکەی" ئێران



دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران لە یارییەکانی جامی وڵاتانی ئاسیا بە قەتەر و دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران، جارێکی دیکەش یاریی تۆپانەی کردەوە بە گۆڕەپانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دژبە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بە پێی ئەو ڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەبنەوە و هەروەها ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی دەیانبینین و دەیانبیستین، خەڵکێکی زۆر بە دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران دڵخۆشن و ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا وەک قەقنەس و ژیلەمۆ زیندوو بوونەوە و گەشانەوەتەوە. هەروەک چۆن بە هەزاران کەس ئەو دۆڕانەیان پێشکێش بە "مێهران سەماک" کرد، یاریزانێکی تازەلاوی شاری بەندەرئەنزەلی کە دوای خۆشحاڵیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی ئێران بە تیمی ئەمریکا لە یارییەکانی جامی جیهانیی پارەکە لە سەرماوەز و لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستێندرا. یان تەنانەت لە دوایین دەرفەتی تیمی تۆپانەی ئێران کە تۆپەکە بەر دیرەکی دەروازەی قەتەر کەوت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وایراڵ کرا کە ئەو دیرەکە مێهرانی سەماک بوو.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی چوارەم

ئەم شادی و پێخۆشبوونە لە سەر شەقامەکان لە هەموو ئێران بەدی کرا. لە بەندەری ئەنزەلی، شارەکەی مێهران خەڵک بە هۆڕنلێدانی ماشێن، لە بووشێهر بە لێدانی ئاواز و مۆسیقیی ناوچەیی، لە شارەکانی کوردستان بە شایی و گۆڤەند و بەگشتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی بە نێو یەکتریدا و بەرزکردنەوەی دروشمی دەسەڵات و لە تەواوەتیی خۆیدا بە ڕەفتاری سیاسیی خۆیان پێشانیان دا تیمێک کە لە بەرەی خەڵکدا نەبێت و دڵی بۆ خەڵک و خەم و ئازارەکانیان لێ نەدات؛ نەک هیچ جێیەکی لە دڵی خەڵکدا نییە، بگرە بە دۆڕانەکەی شاد و دڵخۆش دەبن.

دیاردەی خۆشحاڵیدەربڕین بە دۆڕانەکانی تیمە وەرزشییەکانی ئێران لە کێبرکێ جیهانییەکاندا لە ڕەوتی سەرهەڵدانەکەی شۆرشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) و بە یارییەکانی جامی جیهانیی ٢٠٢٢ی قەتەر دەستی پێ کرد، کاتێک کە دوای هەردوو دۆڕانەکەی ئێران بە تیمەکانی ئینگلیس و ئەمریکا کە ماوەی چوار دەیەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شەیتانی گەورە و بچووک ناو دەبرێن، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و بە هەڵگرتنی ئاڵاکانی ئەم دوو وڵاتە پێخۆشبوونی خۆیان بە دۆڕانی تیمی وڵاتەکەیان بەوان ڕاگەیاند. ئەوکات کۆمەڵناسەکانی ئێران وایان شرۆڤە دەکرد کە بەهۆی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی ژن، ژیان، ئازادییەوە ئەتمۆسفێری کۆمەڵایەتیی ئێران تووشی ژانێکی گەورە بووە و هۆکارەکەی بۆ دۆخی نێوخۆیی ئێران و پێوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەگەڕێتەوە. وەک بینیمان ئەم ڕەفتارە بە درێژایی ساڵی ڕابردووش درێژەی بوو و لە دۆڕانی تیمی تۆپانەی ئێران بە قەتەر لە یارییەکانی جامی وڵاتانی ئاسیادا لە ئاستێکی بەرفراواندا خۆی دەرخستەوە. پرسیار ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە هۆکارەکانی چین و لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟ پەیامەکانی ئەم ئەکتە چین و چۆن دەکرێ وەک دەسمایەی بزووتنەوەی نارەزایەتیی سەرانسەری لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرفراوانتر بکرێتەوە؟

هەمووان دەزانن کە لە ئێراندا وەرزش وەک ئامرازێکی سیاسی-ئەمنیەتی لە پاوان و هەروەها لە خزمەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە. هەمووان دەزانن کە ڕێژیم لە وەرزش، بەتایبەت یاریی تۆپانە کە زۆرترین لایەنگری لە ئێراندا هەیە زیاترین کەلکی سیاسی و کەڵکاژۆی حکوومەتی بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنج و بیروڕای گشتیی خەڵک لە دیاردە و قەیرانە نێوخۆییەکان وەردەگرێت. هەمووان دەزانن کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بەرزترین ئاستدا دەستێوەردان لە وەرزش، تەنانەت لە چنینی کاراکتەرە وەرزشییەکانی ئێراندا دەکەن، وەک چۆن وریا غەفووری، عەلی کەریمی و عەلی داییەکان لەسۆنگەی هەڵوێستەکانیان و مانەوەیان لە بەرەی خەڵکدا جێگەیان پێ لێژ دەکرێ، بەڵام مەیدان بۆ کەسانێک ئاوەڵا دەکرێت کە لە بەرەی ڕێژیمدان و لەپێناو وەرگرتنی سکەیەکی زێڕ لە بەرانبەر ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمدا هەتا نێوقەد دەچەمێنەوە.

## بەشی چوارەم

نموونەی کەلکوەرگرتنی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لە وەرزش و تۆپانە بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی وڵات لە دەسەڵاتەکەیان و، بەلاڕێدابردنی بیروڕای سەرنج و بیروڕای گشتی لە کەلێن و قەیرانەکانی نێوخۆ، و ئاسایی‌پێشاندانی دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی وڵات و تەنانەت سواربوون لەسەر شەپۆلی ڕەگەزپەرستی لە مێژوودا کەم نین، بەڵام ئەو دۆخە قەت نەیتوانیوە دەسکەوتێکی ئەوتۆیان پێ ببەخشێت. وەک سیاسەتی حکوومەتی فاشیستیی موسولینی لە تۆپانە لە جامی جیهانیی ١٩٣٤ی ئیتالیا، یان بەکارهێنانی تۆپانە لە جامی جیهانیی ١٩٧٨ی ئارژانتین وەک هەوڵێک لەلایەن ژێنەراڵ خۆرخە ویدلا دیکتاتۆری ئەو وڵاتەوە بۆ ئاساییکردنی دۆخی نێوخۆیی وڵات و زاڵبوون بەسەر نارەزایەتییە گشتییەکاندا؛ کە دیارە هەمووان دەزانن نەک دەسکەوت، بەڵکوو تەنیا شکست و هەرەسهێنانی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان پێ برا.

بێگومان چییەتیی ئەو ڕەفتاری سیاسییەی خەڵکی ئێران بەتایبەت لە دوو ساڵەی شۆڕشی ژینادا گرێدراوی دۆخێکە کە تێیدا دەژین، لێکەوتە و دەرەنجامی کەلێن و مەودایەکی پڕ نەکراوەیە کە لە نێوان خۆیان و حکوومەتدا دەبیبین و نیشانەی هەرەدیار لە بێزاریی ئەوانە لە دەسەڵات و هەر ئەکت و بابەتێک کە پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەبێت، یان ئەوەی حکوومەت بیهەوێت لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە وای دانابوو تیمی تۆپانەکەی دەتوانێ بەسەر قەتەردا زاڵ بێت و لە یاریی کۆتاییشدا کە ڕۆژی پێش ٢٢ی ڕێبەندان دەکرێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت و لەوە شۆیەکی مێدیایی ئیحساسی بۆ پەردەپۆشکردنی خەسار و قەیرانەکانی ٤٥ ساڵ حوکمڕانییەکەی وەڕێ بخات؛ دۆڕاوی سەرەکیی ئەم گۆڕەپانە بوو.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

# سووکایەتی بە دێموکراسی




کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا نیزیک بە ٤٠ جار سندووقەکانی دەنگدانی لە بەردەم خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، مەجلسی خیبرەگانی ڕێبەری، مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و شوڕای ئیسلامیی شارودێ داناوە، بەوەش ئیزن بە خۆی دەدا ئیدیعای خاوەندارەتی لە دێموکراسی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی بەردەوام وەک ڕوح و گیانی دێموکراسی بکات. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم دیکتاتۆری و نیزامی سیاسیی ئیستبدادی نییە کە بە هەڵبژاردن بیەوێ سووروسپیاوی حوکمڕانییەکەی بکات. هەمووان چیرۆکی کەسانی وەک مەعمەر قەزافی، محەممەدڕەزا پەهلەوی، سەدام حوسێن، چائوشسکۆ و حوسنی موبارەکمان بیستووە کە هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە سەتا ٩٠ی دەنگەکانیان هەبوو، و دواجار بە ڕاپەڕینی هەر ئەو سەتا ٩٠ی خەڵکە دەسەڵاتەکەیان سەرەونخوون کرا. وەک چۆن لە ئێستاشدا کەسگەلی وەک بەشار ئەسەد، کیم جونگ ئون، پوتین و خامنەیی هەن کە بۆ ڕەواییدانی بەدرۆ بە دەسەڵاتەکەیان پێویستییان بە شانۆگەریی هەڵبژاردن هەیە.

پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەرعییەتەکەی بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەو سیستمە نەک لە خەڵک بەڵکوو لە ئاسمانەوە وەردەگرێ و بناغەکەی نەک لەسەر ویست و ئیرادەی خەڵک، بەڵکوو لەسەر کۆڵەکەی دین و یۆتۆپیای ئیدئۆلۆژیک و ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ چی کراوە، چ حەوجێیەکی بە هەڵبژاردنە؟ ڕوون و ئاشکرایە کە دیکتاتۆرەکان مەبەستیان لە هەڵبژاردن نەک گۆڕانکاری و ڕێگەدان بە نەواندن و دەرکەوتنی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگە، بەڵکوو

هێشتنەوەی خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات و خونکارییە. خامنەیی هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەوە نییە دەسەڵاتەکەی لەگەڵ کەس بەش بکا، یان ڕێگە بە گۆڕانی دۆخی سیاسی وڵات بەپێی هەلومەرج و ویست و بەرژەوەندیی خەڵک بدات، بەڵکوو دەیەوێ تێلبەندەکانی دەوری دەسەڵاتەکەی خۆی قایمتر بکات. نیزارەتی ئیستسوابی، شوڕای نیگابان و کەلکوەرگرتن لە هەموو دەزگاکانی سەرکوتی وەک وەزارەتی ئیتلاعات و ناوەندە ئەمنیەتی و هەواڵگرییەکانی دیکەی دەسەڵات و هەروەها دەزگای بەناو دادیشی بۆ ئەوە دەوێ هەوساری ئەو شانۆگەرییەش هەر لە دەستی خۆیدا بێت. ڕیسکی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ١٣٨٨ کە ڕێژیم ناچار بوو بە ساختە و درێتی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی ناوکی دەسەڵات بەراوەژوو کاتەوە وای کردوە ڕێژیم لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا بۆ ڕێگەگرتن لە هەرچەشە ناڕەزایەتییەکی دیکەی خەڵک و ناسەقامگیریی کەشی هەڵبژاردنەکان مۆرەکانی شانۆگەرییەکەی وەها بچنێت و ئەندازیارییەکە بە جۆرێک بێت هیچ چەشنە لەرینەوەیەکی دی لە هەیکەلی گشتیی سیستمەکەشدا ڕوو نەدات.

جیا لە بەهێزکردنی ناوکی دەسەڵات بەو "خالسسازی"یەی ڕێژیم گرتوویەتە بەر، هۆکارێکی دیکەی پێویستیی هەڵبژاردنەکان بۆ دیکتاتۆرێکی وەک خامنەیی دەستەبەری مەشرووعییەتە. ئەگەرچی چارەنووسی هەموو دیکتاتۆرییەکان هەر ڕووخان و دارمانە، بەڵام هەر ئەزموونەش دەریخستوە ئەو دیکتاتۆرانەی ڕێگە بە گەمەکانی هەڵبژاردن دەدەن پتر لە پێرەکانی خۆیان کە ڕێگە بە هەڵبژاردن نادەن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژترە. هەڵبژاردن بۆ دیکتاتۆرەکان هەم دەرەتانی مانۆڕی پتر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیان دەداتێ و هەم لە نێوخۆ دەستیان بۆ پاوانکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان و سەرکوتی دژبەرانیان ئاوەڵاتر دەکات.

لە سیستمێکی دێموکراتیکدا هەڵبژاردن بە مانای دەستەبەربوونی ماف و دەرەتان و هەلومەرجی هاوبەشی، خۆپاڵاوتن و دەنگدان بۆ هەموو هاووڵاتییەکە، چونکی تاکەڕێگای بەشداری لە چارەنووسی سیاسیی خۆی و وڵاتەکەی و نواندنی ئیرادەی گشتی بۆ هەر گۆڕانکارییەک بە قازانجی کۆمەڵگە و وڵاتە. لە سیستمێکی دێموکرات و کراوەی سیاسیدا مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردن لە هیچ هاووڵاتییەک زەوت ناکرێ و جۆری ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و بیرکردنەوە هۆکاری ئەستاندنەوەی ئەو ماف و هاوبەشییە لە کەس نین. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەموو هەڵبژاردنێک ڕێک بەهۆی ئەستاندنەوەی ئەو مافە لە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە و ڕاست بەو هۆکارانەی باس کران بەتەواوی نادێموکراتیکە.

خۆ ئەگەر لە چەند هەڵبژاردنێکیشدا زۆرایەتیی خەڵک ملیان بۆ ئەو شانۆگەرییە ڕاکێشابێت، ئەوا بە ژێری و پێگەیشتوویی و ڕەفتار و بڕیاری سیاسیی خۆیان هەڵبژاردنەکانیان کردووەتە گۆڕەپانی بردنەژێرپرسیاری ویست و ئیرادەی ڕێژیم و بەرزکردنەوەی داخوازەکانی خۆیان. ئەم ڕەفتاری سیاسی و پێگەیشتوویە لە کوردستان بەتایبەت لە سێ دەیەی

ڕابردوودا لە ئاکامی پرۆژەکانی هەڵبژاردنـدا بەباشی ڕەنگیان داوەتەوە. وەک چۆن ئەو کاتانەش کە زۆرینەیەک لە دەنگدەران لە چەند هەڵبژاردنێکدا بە هەر هۆیەک بە دەنگدان بەشداری هەڵبژاردنەکان بوون، دەنگەکانیان هەڵگری مانای سیاسی و نێوەرۆکی خەباتگێڕانە لەدژی ڕێژیم بووە.

پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کە ڕێژیم بە فرتوفێڵی جۆراوجۆر و، هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و بەرجەستەکردنەوەی پێکدژییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکە بە سیاسەتی هاندان و کەمکردنەوە لە گوشار و سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بانگهێشت لە هێزە سیاسییە دژەشۆڕشەکانیش هەوڵی ڕاکێشانی پتری خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەدا، بۆچی ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی ڕەشەممەی ئەمساڵ کار گەیوەتە ئەو جێیەی هەڕەشە لە خەڵک بکات و بڵێت ئەوەی بەشداری دەنگدان نەبێت دژی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییە و لێپرسینەوەی لێ دەکرێت؟ بێگومان ئەوە پێوەندیی بە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکەوە هەیە.

هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە لەکاتێکدا دەکرێن کە بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە خراپترین ئاستی خۆیدایە. لە ئاستی دەرەکیدا سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچە و جیهان کەمترین شەرعییەتی بۆ ڕێژیم لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نەهێشتۆتەوە و، لە ئاستی نێوخۆییشدا مودیرییەتی ناکارامە و نابەرپرسانەی ئابووریی وڵات، گەندەڵی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی ڕێژیم و ئابڵۆقە ئابوورییەکان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە لێواری هەڵدێران نیزیک کردووەتەوە. بێهیوایی خەڵک لە هێزە سیاسییەکانی نێو حاکمییەت، تێپەڕین نەک هەر لە ئیسلاحات بەڵکوو لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگەی لە دۆخێکدا ڕاگرتوە کە دەزانن ئەوەی چارەنووسیان دەگۆڕێ نەک سندووقەکانی دەنگدان، بەڵکوو سەرشەقام نێڵدانی کورەی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دژی ڕێژیمە. ڕێژیمیش بە هەستکردن بەو مەترسییە و بە پێی ئەزموونێک کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو وەری گرتوە و کاتێک دەزانێت هەتا خەڵک ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان وەرگێڕن شوێنی دیکە بۆ گەیاندنی دەنگ و ئیرادەی خۆیان هەڵدەبژێرن؛ هەموو زەرفییەت و توانای نەرمئامێری و ڕەقئامێریی خۆی لەسەر یەک داناوە - بە مەبەستی چەندلایەنە کە باس کرا- هەتا خەڵک بێنێتەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان؛ تەنانەت ئەگەر بە هەڕەشە و چاوترسێنکردنیش بێت.

ئێستا کە لە بەرەی دەسەڵاتدا هەموو تواناکان لە خزمەتی ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانە، لە بەرەی خەڵکدا چ باسە؟ ڕەفتاری خەڵک دەرکەوتەیەکی دی لە وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسییانە. ئەوان دەزانن کە شانۆی هەڵبژاردنەکان یەک ڕۆژە و هەتا خولێکی تر دەرگای لەسەر دادەخرێت. ئەوان دەزانن کە ئەو هەڵبژاردنانە لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەکانی بە ئیرادە و ویست و داخوازەکانی ئەوانەوە نییە. ئەوان دەزانن کە هەڵبژاردنەکان نەیانتوانیوە و

بەشی چوارەم

ناشتوانن سەرچاوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک و وڵات بێت. ئەوان دەزانن کە هەندێ کرانەوەی کاتی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کچان و ژنان و باس و ڕەخنە لە دۆخی وڵات کایە بە شعوور و کەرامەتیانە و پێی تووڕەن. ئەوان دەزانن کە لە نەبوونی حیزبی سیاسیی بەرپرسیاردا کاندیداکان بەرنامە و پرۆژەیان نییە و وادە و بەڵێنیش تووڕێک ناهێنێ، هەروەها نە ئەو نوێنەرانە خاوەنی ئیرادە و گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی خەڵکدان و نە خەڵکیش میکانیزمێکی بۆ بەدواداچوونی مافەکانی هەیە و ئەوە دەمێنێتەوە نارەزایەتی و خۆپێشاندانە کە وەڵامی ئەوەش گرتن و کوشتن و ئاگر و ئاسنە.

لە ململانێی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەدا سەقبەندییەکە تەواو دیارە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای هەموو پرۆژەکانی خۆی گوتەنی "خالس‌سازی" بەڵام هاوبەشیی خەڵک و بەشداریی ئەوانیشی بۆ پلانەکانی بە هەموو نرخێک پێویستن. حاکمییەتی سیاسی دەزانێت وەرسووڕانی خەڵک لە هەڵبژاردن ڕووتێکردنە لە نارەزایەتی و سەرهەڵدان و خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام. دەزانێت چەندی بەشداریی خەڵک کەم بێت پتر دەبێتە هۆی تینگرتنی خەبات و ملبادانی مەدەنی. دڵنیایە و ئەزموونی کردوە کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان کەلێن و مەودای نێوان حاکمییەت و خەڵک هێندەی‌تر هەراوتر و شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیم لە هاوکێشەی دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی و تەنانەت "مەیدان"یش ئەوەندەی‌تر دادەبەزێنێت. لە بەرەی خەڵکیشدا ڕوونە کە نایانهەوێ دەسەڵات بەکاریان بێنێت و گاڵتە بە فام و شعووریان بکرێت. ئەوان نایانهەوێ بە بەشداریی خۆیان لەو شۆیەدا شەرعییەت بە دەسەڵاتی نەک ناکارامە و گەندەڵ، بەڵکوو دژبە هەموو ماف و بایەخە خەباتگێڕییەکانیان بدەن.

خەڵکی ئێران بەو ئاستە لە پێگەیشتوویی گەیون ئیزن بە ئاسایی‌سازییەکانی ڕێژیم نەدەن و دەیسەلمێننەوە کە دۆخی وڵات بۆ ڕووداوەکانی پێش بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ناگەڕێتەوە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاقارێکدا ڕێیان بڕیوە کە نە هاندان و ڕێخۆشکەری و نە هەڕەشە و تۆقاندنەکان کاریگەرییان لەسەر خەڵکی هەیە و نە هەندێ وردەبابەتی ناوچەیی و تایفی و دەتوانن هیوابەخشی ڕێژیم بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن بن.

خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیانەوە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە دەیسەلمێننەوە ڕێگە نادەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی سووکایەتی بە دێموکراسی و شعوور و کەرامەتی گەلانی ئێران بکات.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوترە




### ئاماژە:

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا چل‌وپێنجەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی بەڕێوە برد و دەیهەوێ لە ١١ی ڕەشەمەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری هەم ڕەواییەتی دڕۆیین بۆ خۆی وەرگرێتەوە، هەم بە ئەندازیاریی ئەم دوو ناوەندە حکوومەتییە بناغەی دەسەڵاتەکەی قایم بکات. لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییە کەڵەکەبووەکان کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرییەکانی ناوچەدا بە سەری مارەکە دادەنرێ و پتر لە هەر کاتێک قەیرانخوڵقێنییەکانی ئەم ڕێژیمە ناوچەی بەرەوڕووی بشێوی و شەڕ کردووەتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان و دوورەدیمەنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەری وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفای بەڕێز خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە چییە؟ ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشانەدایە و کارتێکەریی ئەو دۆخە لەسەر پرسی کورد بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە و چ دەبێت؟**

بەشی چوارەم

**مستەفا هیجری**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەمێژ ساڵە پڕاوپڕە لە کێشە و ناتەبایی، کێشەی تایفی، ئایینی، گەندەڵی، سەرەڕۆیی سیاسی و هەموو ئەو دیاردانەی لەدژی ئازانج و بەرژەوەندیی دانیشتووانەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە. لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوەی ئیسرائیل دەستی پێکرد و دەبینین ئێستا گەیشتۆتە کارەساتێکی مرۆڤی؛ وڵاتانی ناوچە زۆر نیگەرانن لەو وەزعەی هاتووەتە پێشێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی جیهانی دەیەوێ شەڕەکە کۆتایی پێ بێ و ئیسرائیل لە تەنیشت وڵاتێکی فەلەستینی بەڕەسمی بناسرێ و دوولایەن بتوانن بەئارامی و بەئاشتی لە دراوسێیەتیی یەکتریدا بژی، بەڵام هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ڕێگاچارەیە سەر نەگرێ کە لە پێش هەمووماندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا دەڵێ ئیسرائیل وڵاتێکی جەعلییە و دەبێ تێکەوەپێچرێ. بێجگە لەوە حەماس کە یەکێک لە دەستپەروەردەکانی ڕێژیمی ئێرانە و چەک و پارە و ئیمکاناتی لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ دابین دەکرێ، ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ ئیسرائیل لەبەین بچێت. بۆیە لە واقعدا زەمینەی ئەوەیکە وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشتی ئیسرائیل پێک بێت بۆ ئەوەیکە ئەو کێشانە بۆ هەمیشە کۆتاییان پێ بێت دوورەدیمەنێکی زۆر نزیک نییە، بەتایبەت ئەگەر دیققەتمان کردبێ ئێستا لە ئیسرائیلیش بۆ خۆی حکوومەتێکی ئێستا دەستی ڕاستی لەسەر کارە و ئەوانیش بەهیچ جۆر هەتا ئێستا ئامادە نەبوون خۆیان لەو ڕێگەچارەیە بدەن. کەوابوو هۆکار بۆ ئەوەیکە ئەو شەڕە درێژتر بکێشێت و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەردەوام بێت زۆرن. ئەوەش کە ئێران لەکۆیی ئەو هاوکێشەیەدایە دەتوانم بڵێم ئێران چەقی کێشەکانە. چونکە مەسەلەی ئیسرائیل و لەبەینبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک لە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمە و ئەو گرووپە نیابەتییانەش کە پێکیان هێناوە و ساڵانێکی زۆرە تەیاریان دەکات، وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، حوسییەکانی یەمەن، ئەوانیش ئێستا بە شێوەیەک لە شەڕەکەدا لە دژی ئیسرائیل بەشدارن. دوای چەندین مانگ لەو شەڕە دەبینین هەتا ئێستا هێزەکانی ئیسرائیل ژمارەیەکی بەرچاویان کوژراون، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی غەزە تێداچوون و یەکجار زۆر برینداری شەڕ هەیە و وڵاتێک کە وێران بووە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاستیدا بێجگە لە چەند کەسێک لە فەرماندەکانی کە بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە کوژراون زەرەرێکی دیکەی ئەوتۆی نەکردوە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی هەتا بەرژەوەندییەکانی بخوازێت ئەوە شەڕە درێژ دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەم نین ئەو ستراتیژیست و چاودێرە سیاسییانەی پێیان وایە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە نەزمی جیهانی و نەخشەی سیاسیی وڵاتان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک چەقی ئەو ڕووداوانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیدایە. بەڕێزتان ئەمە بە دەرفەت بۆ پرسی کورد، بەتایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینن یان هەڕەشە؟

**مستەفا هیجری**: لە سەرەتادا کە شەڕەکە دەستی پێکرد ئەو گومانە بەهێز بوو کە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەڕێوەیە، بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی نزیک بە پێنج مانگ لەو شەڕە تێدەپەڕێ ئەوەیکە هەم بە قسە و هەم بە کرداری کۆماری ئیسلامی و

لە خودی ئیسرائیل و لە ئەمریکا کە پشتیوانی یەکەمە بۆ ئیسرائیل لە هەمووی ئەوانە بیستوومانە و دیتومانە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربڵاوتر نەبێتەوە و وڵاتانی دیکەی تێوە نەگلێن. ئەوەش کە لە حەماس، حوسییەکان، یا هێندێک لە هێزەکانی نیابەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەشدارییەکی کەمیان بە هاویشتنی درۆن و مووشەک کردوە، بەڵام ئەوانە هیچکام هۆکار نین بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربەرینتر بێتەوە؛ چونکە کۆماری ئیسلامی ترسی لەوە هەیە ئەگەر لەوە بەرینتر بێتەوە زەبری قورس بخوا و لە ئێستادا بە هیچ جۆر ئامادەیی ئەو شەڕەی نییە و توانای نییە بیباتە پێشێ. هەڵبەت بۆ ئیسرائیلیش کارێکی بەزەحمەتە کە لەوە زیاتر ئەو شەڕە درێژ بێتەوە، هێزەکانی زۆر ماندوون و حەولەکە ئەوەیە هەر بەو شکڵە بمێنێتەوە. تەنانەت دەگوترێ کە لەوانەیە لە مانگی ڕەمەزاندا شەڕەکە کۆتایی پێ بێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئیسرائیل لەو شەڕەدا چەندە بەو مەرجانەی دایناوە پێی دەگات. بەڵام بەگشتی لام وایە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەو شەڕە بە شێوەیەک کە وڵاتی ئێرانی بەتەواوی تێوەگلێ و ئیسرائیل بەرەیەکی فراوانتر لەو شەڕەدا بکاتەوە بەزەحمەتی دەبینم.

**عەلی بداغی**: **کاک مستەفا چەند ڕۆژ لەوەپێش کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی تێپەڕ کرد. لەو پێوەندییەدا پرسیار دەکەم دەستکەوتەکان و خەسارەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ خەڵکی ئێران چی بوون؟**

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ دەسکەوتێک نییە هەتا قسە لێ بکەین، بەڵام خەسارەکانی بێسنوورە. بەشێک لەو قەیران و خەسارانەش کە دەیبینین هێشتا ئەوە تروویکی کێوە سەهۆڵەکەیە و ئەوەی دیکە دیار نییە و تەنانەت ڕەنگە هەتا ڕووخانی ڕێژیمیش نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ دنیا دەرنەکەوێ کە ڕەهەندەکانی ئەو خەسارەتە کە لە باری ژینگەیی و مرۆییەوە لە ئێران کەوتووە چەندە زۆر و گەورەیە. لە باری دەستکەوتیشەوە ئەو شۆڕشە نەک هەر دەستکەوتی نەبووە بەڵکوو ئەگەر پێشتر خەڵکی ئێران لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان توانیبوویان هێندێک ماف و دەسکەوت بەدەست بێنن، ئەو دەسکەوت و مافانەشیان لە دەست چوو. بۆ نموونە لە بابەت مافەکانی ژنان، کەمایەتییە ئایینییەکان و لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیدا کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەوانەشی لە چەنگی خەڵک دەرهێنایەوە.

**عەلی بداغی**: **ئەدی جەنابت قەبووڵتە کە بڵێین ڕەنگبێ تەنیا دەستکەوتی ئەم شۆڕشە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، بەڵام بە ئامانجەکانی شۆڕش کە دابینبوونی کۆمەڵێک ماف بوو نەگەیشت؟**

**مستەفا هیجری**: ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ناو و عینوانی حکوومەتەکانم زۆر بۆ مۆهیم نییە، گرینگ نێوەڕۆکەکەیەتی. حکوومەتی پاشایەتیی دەتوانێ دێموکراتیک یان دیکتاتۆری بێت، ئەمە هەر ئێستاش لە زۆر وڵاتی دنیادا دەیبینین. بۆیە

جمهـووریش هەر بەو شـکڵەیە. کۆمـاری ئیسـلامی خـۆی بە حکـوومەتێکی جمهـووری دەزانـێ بەڵام هـیچ نیشـانەیەک لە جمهوورییەت، لە ئیرادەی خەڵک و هاوبەشیی خەڵک لەو حکوومەتەدا نابینی. بۆیە تەنیا ئەوە کە حکوومەتی شا ڕووخـا و حکوومەتێکی بەنـاو کۆمـاری جێـی گـرتەوە ئەوە بە دەسـتکەوت نـازانم. ڕاسـتە ڕێژیمـی پەهـلەوی ئازادییەکـانی بەرتەسـک کردبۆوە و ئازادیخوازانی سەرکوت دەکرد و بەڕاستی خەڵکی ئێران هەڵەی نەکرد لەوەدا کە شۆڕشی کرد، بەڵام مەبەست لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی ئەوە نەبـوو حکوومەتێکی وەکوو ئەوەی ئێستا بێنێتە سەر کـار. خۆ ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش قەبووڵ کرا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببێتە شێوەی حکوومەتـداری، ڕاستییەکەی ئەوە بـوو هیچ کەس تەجرووبەی لەوە نەبـوو. ڕەنگبـێ تەنیـا دەسـکەوتێک لەو شۆڕشـەدا ئەوە بێـت خەڵکـی ئێـران کە حکـوومەتی پاشـایەتییان دیتبـوو، حکوومەتی ئیسلامییشیان تاقی کردوە و دەتوانم بڵێم لەوە بەدوا ئیدی حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک لە ئێراندا نابینین.

**عەلی بداغی**: **پشکی کورد لە ئێران لە ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا چی بووە؟**

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا بە هاتنەسەرکاری کۆمـاری ئیسلامی هەموو خەڵکی ئێـران زەرەری کـردوە، بەڵام ئەو خەسـارەی بەر کـورد کەوتـوە و قوربانیـدانی خەڵکـی کـورد لە ڕەوتـی خەبـات دژی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامی زۆر زیـاترە لە بەشـەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە تەنیا لە یەکساڵەی بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٤٩٧ کەس لە خۆپێشـاندانەکاندا کـوژران کە ١٤٨ کەسیان کـورد بـوون کە ئەو ژمـارەیە لە کوژراوانی کـورد بە لەبەرچـاوگرتنی حەشیمەتی کـورد لە ئێـران ئـامارێکی یەکجـار زۆرە. لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتی خەڵک، بێبەشکردنیان لە بوودجەی گشتی، دواخسـتنی کوردسـتان لە ئـاوەدانی و پەرەسەندنی ئابووری، لەو جیاوازیدانانەی زۆر بەئاشکرا نەک هەر ئەوانەی لە قانوونی ئەساسیدا بەڕەسمی کـراون بەڵکـوو لەوەش زیاتر کە بە نایاساییش جیاوازی دادەنرێ لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە؛ بەپێـی زۆر فاکتەر کـورد لە زیـان و خەسـارەکانی هاتنەسـەر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی زیـاترین بەشـی بەرکەوتـوە و کـورد گـوتەنی پشـکی شێری پـێ بـڕاوە. هەڵبەت هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە سەرەتـای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەتـا ئێستاشی لەگەڵ بـێ کـورد بەشێوەیەکی پەیگیـر و بەبـێ دوودڵـی دژی ڕێـژیم خەبـاتی کـردوە و ئەو خەبـات و تێکۆشـانەی درێـژە داوە. لەبیرمـانە سەردەمانێک هێندێک لە خەڵکی ئێران وێنەی خۆمەینیـان لە مانگدا دەدیت و تەقەددوسێکی ئاسمانییان پـێ دابـوو و بەو جۆرەی ڕاگەیەندرا لە ڕێفراندۆمەکەدا سەتـا ٩٨ی خەڵکی ئێران دەنگیـان بە کۆمـاری ئیسلامیی ئێران دا. بەڵام کـورد دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و سەنگەری خەباتی هەڵبژارد، چونکی دەیزانی ڕێژیمێکی بەو نێـوەرۆکە نـاتوانێ ئـازادیی گەلانـی ئێـران و مافە ئینسانییەکانیان دابین بکا. بۆیە لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو خەبـاتە هەم ڕەهەنـدی ئاگـایی و وشیاریی پتری وەرگرتوە و هەمیش ڕادیکاڵتر بووە کە ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینـادا دیت.

**عەلی بداغی**: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕا و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەبات. گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ کۆماری ئیسلامی لە چیدایە؟ ئایا ئەوەندەی ئەو هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم گرینگە بۆ خەڵک مەوزووعییەتی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئەو هەڵبژاردانانە بۆ خەڵک گرینگ نییە، چونکە ئێستا ئیدی کەلێنی نێوان ڕێژیم و خەڵک زۆر گەورە بووەتەوە حاڵەتێکی وا هاتۆتە پێشێ هەرچی لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕێژیم بێت ئەوە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێرانە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا شانۆیەکی هەڵبژاردن بەڕێوە ببات لە واقعدا تەنها بۆ پاراستنی شکڵی ئەوەی کە ناوی ناوە جمهووری بۆ ئەوەیەتی و دەیهەوێ بەتایبەت بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێ لە ئێران هەڵبژاردن دەکرێ و خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن و ڕێژیمەکە پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە. دەیهەوێ کۆمەڵێک خەڵک لەسەر سەندووقەکانی دەنگدان کۆ بینەوە تەنیا بۆ ئەوەی لە چاوی کامێراکانەوە پیشانی بدا خەڵک ڕەوایی بەو حکوومەتە دەدەن و تێیدا بەشدارن. دەنا بەپێی ئایدۆلۆژیی دینیی خۆیان ئەمە حکوومەتێکی ئاسمانییە لەسەر کارە و خەڵک تەنیا وەزیفەیانە ئیتاعەت بکەن. ئەو دامودەزگایانەش دایانمەزراندونە کە یەک لەوان مەجلیسە، لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە ڕەسمییەت بدا بەو بڕیارانەی لە سەرەوەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەدرێن، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی وەلیی فەقیهەوە. تەنیا بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئەوان لایەنی قانوونی پێ بدرێت و بەسەر خەڵکیدا بسەپێندرێ. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنانە بەناو هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنی خەڵک نییە، هەڵبژاردنی حکوومەتە. حکوومەت نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ و نوێنەرەکانی خۆیشی لەپێشدا لە ناوەندێکی دیکە بەناوی شوڕای نیگابان هەڵبژاردون و لە بەردەم خەڵکی داینـاون هەتا خەڵک لەنێو ئەوانەدا هەڵبژێرن و هەموو ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن نەک هەڵبژاردەی خەڵک، بەڵکوو هەڵبژاردەکانی نیزامی سیاسیین. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی قەتیان نەشاردۆتەوە بۆ ئەوان دەنگی خەڵک ئەهەمییەتێکی نییە. لەبیرمانە ماوەیەک لەوە پێش کە باسی ڕێفراندۆم هاتبووە گۆڕێ، خامنەیی بەئاشکرا لە دانیشتنێکدا ڕایگەیاند بۆ مەگەر خەڵکی ئێران ئەوەندەیان تێگەیشتن و لێکدانەوە هەیە بێن لە ڕێفراندۆمدا بەشدار بن؟ پێشتریش بۆ نموونە کاتێک ئەحمەدینژاد بۆ دەورەی دووهەم بە ساختەچێتی لە پۆستەکەی داندرایەوە و خەڵک هاتنەسەر شەقام، بە خەڵکەکە گوترا "خەس و خاشاک!"

بەکورتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ئیحتیاجێکی بە دەنگی خەڵک نییە، چونکە باوەڕیان وایە هەڵبژاردەی ئاسمانن و خەڵک فەقەت دەبێ ئیتاعەت بکەن، بۆیە خەڵک نابێ لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار بن، چونکە ئەگەر بەشدار بن خزمەتیان بە بەرەوپێشچوونی ئەو ئیدئۆلۆژییە کردوە و تەمەنی ئەو کارەساتانەیان درێژ کردووە کە تاکوو ئێستا هەر لەژێر چاوەدێری ئەو جۆرە مەجلیس و ئەو شوڕای نیگابان و باقی دامودەزگاکاندا ڕوویان داوە. دیارە ئەوەش هەیە کە ئەم



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم لە باری ئەوەی خەڵک زۆرتر بتوانن بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش گرینگترە. چونکە لەلایەکەوە لە بزووتنەوەی ژیناوە خەڵک بەتەواوی ڕووی قسەیان خستە سەر ناوەندیی بڕیار لە ئێران کە خامنەییان مەبەست بوو و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دا. بۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە ئێستا بە شێوەیەک بیسەلمێنێ مەشرووعییەت و ڕەوایی دەسەڵاتەکەی هەر لەجێی خۆیەتی و لەوەش بەتەواوی دەترسن و دەزانن کە بەشداریی خەڵک یەکجار لانیکەمی دەبێت.

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردوە؟ بۆچی پێتان وایە بەتایبەت خەڵکی کوردستان نابێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟

**مستەفا هیجری**: هەر وەک پێشتریش باسم کرد ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک نین، بەڵکوو هەڵبژاردنی کەسانێکن کە لە مەجلیسدا بڕیارەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بۆیە وەختێک هەڵبژاردنی نوێنەری خەڵک نییە خەڵکیش نابێ بەشداری بکەن. بێجگە لەوە لە بنەڕەتدا دەنگی خەڵک لەو سیستەمەدا هیچ کاریگەری و شوێندانەرییەکی نییە و خەڵکیش ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە و لەسەر ئەوە باوەڕەن کە نابێ بەشدار بن. بۆیە خەڵک نابێ بەشداری ئەو دەنگدانە بن، تەنانەت ئەگەر قەرار بێت دەنگی سپیش بدەن هەر نابێ بچنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی نەبنە ئامرازی تەبلیغات بۆ ڕێژیم و شانۆگەرییەکەی.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەگەر بابەتی هەڵبژاردنەکان بەجێ بێڵین، شۆڕشی ژینا وەک خاڵگۆڕانێک لە مێژووی ناڕەزایەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی چ داهاتوویەکی خستووەتە بەردەم خەڵک و حیزبە سیاسییەکان؟ خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چییە؟

**مستەفا هیجری**: دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستاش لەگەڵ بێ خەڵک هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕێژیمە شارەزا بوون و بەرەبەرە لێی کشاونەتەوە و لێی دوور کەوتوونەوەتەوە. خۆ ئەگەر هەتا جووڵانەوەی ژیناش ژمارەی کەسانێک هەبوون کە باوەڕیان وابوو ئەو ڕێژیمە دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێ، یان کاتێک ڕێژیم لەنێو قۆڵەکانی خۆیدا دوو جەمسەرییان ساز دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، یان لەو شوێنانەی پێکهاتەی حەشیمەتەکەیان لە نەتەوە جیاوازەکان بوون هیندێک بابەتی دیکەیان بۆ دنەدانی خەڵک بۆ بەشدارییان دەورووژاند، ئەمە کۆتایی هاتوە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە چەندین شاری ئێران خۆپێشاندان کراوە، خەڵک لە هەموو سینفی جۆراوجۆر ناڕازین. بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو

بەشی چوارەم

کە بزووتنەوە خەڵکی لەو تەوەهووماتی ئیسلاحتەڵەبی هێنایە دەر. خەڵکی یەکدەست و یەکپارچە کرد و ئەو پەیامەی دا کە هەموو ئەو قەیران و کارەساتەی بەسەر خەڵکی ئێران هاتوە، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کۆتاییان دێت. بۆیە خەڵک ڕەئسی هێرەمەکەی کردە ئامانج و بینیمان لە جووڵانەوەی ژینادا سیمبولەکانی ڕێژیمیان هێنایە خوارێ و شکاندیانیان و ئاوریان تێبەردان. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر پێش بزووتنەوەی ژینا خەڵک لە دڵی خۆیدا دژی ڕێژیم بوو بەڵام بەو سەراحەت و ڕوونییە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و خامنەیی قسەیان نەدەکرد؛ بەڵام لە بزووتنەوەی ژینادا ئیدی ئەو پەردانە نەمان. بزووتنەوەی ژینا هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ خەڵکی دنیای سەلماند کە تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی ئێران ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک وەدی دێت.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو فۆڕمە لە خەباتی نێوخۆی کوردستان چییە؟ ئەوەی ئێمە لە ناشتنی سێ شاخەوانەکەی نەغەدە و وەرزشکارەکەی خەڵکی سەقز بینیمان، ئەوەی ڕۆژانە لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەیانبینین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ لەگەڵ ئەوەیکە ئەو شێوە خەباتە ڕیشەدارە و پێشتریش لە نێو کوردستاندا شکڵی گرتبوو، بەڵام بزووتنەوەی ژینا ئەوەی بەهێزتر کرد بەو مانایە کە  بە خەڵکی نیشان دا خەڵک دەبێ یەکپارچە و یەکدەنگ بێ لە هەموو ڕووداوەکاندا. خەڵک بەو قەناعەتە گەیشت تەنیا خۆیەتی کە دەبێ فریای خۆی بکەوێ و پێش ئەوەی چاوی لە وڵاتانی دەرەوە بێی ڕزگاری بکەن یا هەر هێزێکی دیکە یارمەتیدەری بێت، بۆخۆی دەبێ یەکگرتوو بێت. ئێمە لەو ساڵ لە کوردستان ئەوەمان هەم لەو چەند ڕووداوەدا کە ئاماژەتان پێ کرد دیت کە پێشتریش نموونەی ئەوانەمان بۆ نموونە لە بوومەلەرزەکەی کرماشان یان ڕووداوەکانی ژینگەپارێزیدا دیتبوو. ئەمن پێم وابێ ئەوە بەنرخترین دەرس و ئەزموون بوو کە خەڵک فێری بوون ئەوە ڕێگایەکی تازەیە کە بە خەڵکی نیشان دا دەبێ لەوە بەدواش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان ئەو ڕێگایە بەر نەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێوەندیی نێوخۆیان بەهێزتر و بەتواناتری بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک کۆبەندی باسەکەمان و دواپرسیار، کاک مستەفا بفەرموون لە دۆخی ئێستا و لە فازی نوێی خەبات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی خەڵک، ئەرکی ڕێکخراوەکان، ئەرکی حیزبە سیاسییەکان یان بەگشتی نەخشەڕێی خەباتی ئێستا و داهاتوومان چییە؟

**مستەفا هیجری**: هەروەک باسم کرد ئێستا دوای ٤٥ ساڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران لەو تەوەهوم و دوودڵی دەرهاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێت یا بە قازانجی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

**بەشی چوارەم**

ئێستا خەڵک یەکدەنگ دەڵێن ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوات و کۆماری ئیسلام بۆخۆیشی ئەو پەیامەی وەرگرتوە. بۆیە ئەوەندە ترسەی لە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕێنیشتوە کە بە هەموو شێوەیەک خەریکە سەرکوتی دەکات. ئێمە دەبینین لە گرتنەکان، لە ئەشکەنجەدانەکان و جۆرەها سەرکوت کە تەنیا بە عەقڵی ناقسی کۆماری ئیسلامی دەگات کە لەگەڵ خەڵک بیکات، وەکوو ئەوەیکە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان منداڵانی قوتابخانەکانی ژارخوارد دەکرد و زۆر شتی دی کە ناچمەوە سەری. مەسەلەکە ئەوەیە خەڵک ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر و ئەو ڕێگەیە دەبێ درێژە بدات و نابێ کۆڵ بدات.

ئەگەر ئێستا هەموو شانازییەکی ڕێژیم بەوەیە مووشەکی هەیە و بەوە دراوسێیەکانی دەترسێنێ، دەمەوێ ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی خۆشەویست و تێکۆشەری کوردستان بدەم ئەوانە هیچی نیشانەی بەهێزی و بەتوانایی ڕێژیم نییە، بەڵکوو هەمووی لە ترسانە و کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە گیانەڵڵا و دوا پەلەقاژەکانی مانی خۆی دەکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان زۆر باش دەزانن کە چەندە لاوازن و فەقەت لە هەمبەر خەڵکدا بە سەرکوت بەهێز دەنوێنن. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هەموو ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە لە دژی حەماس دەیکا و خەریکە یەکێک لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەفروتوونا دەکات، کەچی کۆماری ئیسلامی بەو حاڵەشەوە ئەو جورئەتە بە خۆی نادا بەشێوەی ڕاستەخۆ بچێتە نێو ئەو شەڕەوە. چونکی دەزانێ بەرگە ناگرێ و پشتیوانیی خەڵکی وڵاتی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە من دەگەڵ هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی هاتووە و دەگەڵ ئەو هەموو ژیانە ناخۆشەی خەڵکی ئێران لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە هەیانە؛ بەڵام من لە ئێستادا دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو کاتێک نزیکترە.

**٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

## بڵێی خامنەیی دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستبێت؟!




هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە بۆ جارێکی دیکە تەپڵی ڕیسوایی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لێدا. کاربەدەستانی ڕێژیم لە کاتێکدا لە بەیانییەوە بنکەکانی دەنگدان پەپوویان لێ دەخوێند، بەڵام بە درۆی بۆ هەموو کەس سەلماوی شاڵاوی چوونی خەڵک بۆ بنکەکانی دەنگدان، کات و ماوەی دەنگدانیان بۆ ١٢ی شەو درێژ کردەوە؛ بۆوەی بەیانیی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان ئاستی بەشداریی خەڵک سەتا ٤٠ ڕابگەیەنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا ئاستی بەشداریی خەڵکی سەتا ٤٠ ڕاگەیاندوە کە بۆخۆی باشتر لە هەموو کەس و لایەنێک دەزانێت نیوەی ئەوەندەش دەنگ نەخراوەتە سندووقەکانەوە. ئەوەش با بمێنێت کە خامنەیی پێشتر لە هێرشێکی توند بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاواییدا گوتبووی نەنگ و عارە لەو شوێنانەی هەڵبژاردنەکان بە بەشداریی سەتا ٤٠ی خەڵک بەڕێوە بچن و لەو شوێنانە دەسەڵات هیچ ڕەواییەتێکی نییە! خۆ ئەگەرچی ئاستی بەشداریی سەتا ٤٠ و کەمتر لەوەندەی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی کراوەی دێموکراتیکدا بەهۆی متمانەی خەڵک بە نیزامی سیاسی تەواو ئاساییە، بەڵام بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران سروشتییە لە زار تفینی بەشداریی سەتا ٤٠یش ببێتە هۆی شایی و لۆغانی دەسەڵات، کە وەک گوترا ئەو ئامارە ئەسڵ و ئەساسی نییە و بەشداریی ڕاستەقینە زۆر لەوە کەمتر بووە کە پێوەی نراوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی چوارەم**

بەڕێوەچوونی ساردوسڕترین هەڵبژاردنەکانی هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی پەیامێکی ڕوونی هەم بۆ کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چلوچەند هەڵبژاردنی ڕابردوودا هەمیشە لە سبەینێی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکاندا عەدەد و ئەژمارە ڕاگەیەندراوەکانی بەشداریی خەڵکی بە دەستبەری شەرعییەتی سیاسیی خۆی دادەنا کە لەلایەن خەڵکەوە پێی دراوەتەوە. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو خەڵک زۆر جار لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بە دەنگدانی واتادار، چ بە هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردا و چ بە دەنگنەدان بە بەربژێرێک کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی سیاسیی دەسەڵاتی کردوە هەم دژایەتیی حکوومەتیان کردوە و هەم دەرفەتیان بە ڕێژیم داوە پەیامەکانی سندووقەکانی دەنگدان بۆ وەرسووڕانی سیاسی وەرگرێت؛ بەڵام ١١ی ڕەشەمە بزماری کۆتایی لەو تابووتە بوو. خەڵکی ئێران لە هەینیی گەورەی ١١ی ڕەشەمەدا بە دەنگێکی هەرەبەرز گوتیان کە ڕێژیم پەتەی سووتاوە و چیدی دەرفەتی گۆڕان لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بە حکوومەت نادەن و بە پشتتێکردنی یەکجاری لە تەواوەتیی ڕێژیم ڕێگاکانی دیکەی گۆڕینی چارەنووسی سیاسیی خۆیان دەگرنەبەر. هەر ئەوەش پەیامێکی بێگرێوگۆڵ بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و هاوکات کۆمەڵگەی جیهانییە کە ئێمە لەو ڕێژیمە تێپەڕیوین، ئێوەی ئۆپۆزیسیۆنیش پێویستە تا زووە بە یەکگری و هاوپێوەندییەوە بچنە نێو فازی ڕاگەیاندنی ئاڵترناتیڤی ڕێژیم. وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانییش لە بەرژەوەندەیی خۆیاندایە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران ببیستن و پشتی جووڵانەوەی هەراوی دژبە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئەو وڵاتە بگرن.

پەیامێکی دیکەی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە لەو دەنگە سپییانەدا دەخوێندرێتەوە کە لەو کەمە بەشدارییەشدا خراوەتە سندووقەکانەوە. لە زۆربەی شارەکان ئەژماری دەنگەسپییەکان ئەوەندە زۆر بووە کە لە دوای کەسی براوە لە ڕیزی دووهەمدا جێی گرتوە. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ئەگەر ئێستاش کەسانێک هەبوون بە هەر هۆکارێکی زاندراو و نەزاندراو ناچار بە چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان بوون، بەڵام ئەوانیش بە دەنگدانی سپی نارەزایەتیی توندی خۆیان لەو ڕێژیمە پێشان داوە و ئامادە نەبوون بەڵێ بۆ هیچکام لە هەڵبژاردەکانی دەسەڵات بڵێن؛ واتە ئەوانیش لە دۆخی قەیرانی ئازادی و نەبوونی ئەمنیەتی ژیان و کارییشدا لە قۆناغی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتر تێپەڕیون.

دۆخی ئێرانی دوای ١١ی ڕەشەمە بۆ هەمووان ڕوون بۆتەوە. کاتێک خەڵکی وڵاتێک نەتوانن لەڕێگەی نوێنەران و بەناو نوێنەرانیانەوە، یان بەهۆی سندووقەکانی دەنگدانەوە پەیام و داخوازیی خۆیان بە دەسەڵات بگەیەنن، شوێنیتر و ئامرازیتر بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان دەستنیشان دەکەن کە سەرشەقامەکانن. بێشک ١١ی ڕەشەمە و بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکان وەک نایەکی گەورە بە ڕێژیم و دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر چوار دەیە شکست و هەرەسی سیاسیی دەسەڵات ڕێفراندۆمێکی دیکەی نا بە کۆماری ئیسلامیی خستەوە بەر چاوی هەموو کۆمەڵگەی جیهانی. کاربەدەستانی ڕێژیم

بەشی چوارەم

کە دوای ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و جووڵانەوەی ژینا بناغەکانی دەسەڵاتەکەیان بەتەواوی وەلەرزە کەوتبوو، بەتەمای ئابڕووکرێنەوە بە ئاکامی دڵخوازیان لە هەڵبژاردنەکان بوون. بەڵام ئەوەی لە ماوەی ڕێژیم لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆ وەرگرتنی ئاکام و پێشاندانی شەرعییەتی خەڵکی بە دنیای دەرەوەدا و بە هەموو تەونوبەستێک ڕستبووی، خەڵک هەمووی لێ کردنەوە خوری.

مێژوو دووپات دەبێتەوە و خامنەیی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە باشتر لە هەر کاتێک دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیست، ئەو ڕۆژەی دوابزمارەکانی لە تابووتی دیکتاتۆریی ڕێژیم دا. لەم ڕووەوە ئەو دەنگە "نا" بەرزەی خەڵک بە کۆماری ئیسلامی ئەرک و بەرپرسایەتییەکی قوورسیش بۆ حیزبە سیاسییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا هەتا بەبایەخەوە دەسکەوتەکانی ١١ی ڕەشەمەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەن بە دەسمایەی تیندانی خەباتی سەراسەری و دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم.

١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## بابەتی ساڵی.................... ٢٧٢٤

## بۆچی لە کێل و مەزاریشمان دەترسن؟



یەک لەو هەزاران بەڵگانەی گرووپی هاکێریی "عەداڵەتی عەلی" لەو ماوەیەدا لەسەر ماڵپەڕەکەیان بڵاویان کردەوە، پێوەندیی بە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئامار و زانیاری لەبارەی کوژراوەکانی بزووتنەوەی ژینا بوو. لەو بەڵگەیەدا دەبینین شوورای بەرزی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر ئەوەی "بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە ئامار و زانیارییەک لە ژمارەی کوژراوەکان قەدەغەیە"، داوای لە دەزگای دادی ڕێژیمەکەیان کراوە لەو پێوەندییەدا بەتوندی بەگژی هەموو ئەو کەس و لایەنانەدا بچنەوە کە ڕەچاوی ئەو ڕێوشوێنەیان نەکردوە.

مێژووی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زانیاری لەسەر کوژراوەکانی خۆپێشاندانەکان و ئێعدامی چالاکانی سیاسیی بەرهەڵستکار، شاردنەوە و گۆڕبزرکردنیان، یان بێڕێزی بە کێل و مەزاریان لە کۆماری ئیسلامیدا بە قەرا هەموو تەمەنی ئەو ڕێژیمەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی بە پێی هەلومەرج پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ تەرمی تێکۆشەرانی سیاسی کە لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆدا کەوتووەتە بەر دەستیان، یان لە زیندانەکاندا ئێعدامیان کردوون گۆڕانکاریی لە هەندێ سیاسەت و ڕەفتاریدا کردوە.

بۆ نموونە لە سەرەتاکانی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا هەرکات تەرمی پێشمەرگەیەک کەوتبایە بەر دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەروەک میراتی ڕێژیمی پاشایەتی بە مەبەستی ترساندنی کۆمەڵگە بە نێوشار و بە بەرچاوی خەڵکدا دەیانگێڕا. بەڵام کاتێک زانییان بەوە خەڵک نەک چاوترسێن نابن، بەڵکوو ناو و یادی شەهیدەکان دەبێتە ڕەمز و هۆکاری پەنگخواردنەوەی پتری ڕق و تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵات، ئیدی ئەمجارە دەستیان بە سەر تەرمەکانیان دادەگرتن و گۆڕبزریان دەکردن.

لە ئاستی ئێرانیشدا ئێستا ئیدی گۆڕستانی خاوەران بووەتە بەڵگەی سامناکترین جینایەتی سەدە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە تەرمی سێ هەتا چوار هەزار زیندانیی سیاسی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تێدا شاردراوەتەوە و ڕێژیم ئامادە نەبووە هیچ زانیارییەک لەسەر ئەو بەندییە سیاسیە ئێعدامکراوانە بە بنەماڵەکانیان بدات. لە حاڵێکدا ئەم بابەتە نەک هەر پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دژی هەموو بەها و بایەخە ئایینی و ئیسلامییەکانیشە کە ڕێژیم خۆی بە داشداریان دەزانیت؛ ئەوەش لەجێی خۆی کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هەتا ئێستا ناونیشانی ١٢٠ شوێنیان ئاشکرا کردوە کە چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیم دوای ئێعدامکرانیان لەو شوێنانە بەکۆمەڵ ژێرخاک کراون.

هەر مانگی و نیوێک لەوەپێشیش بوو کە چوار ئەندامی کۆمەڵە لە زیندانی قزلحەساری کەرەج لەدار دران، بەڵام سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکانیان هێشتا تەرمی هیچ کام لەوان ڕادەستی کەسوکاریان نەکراوەتەوە. لە ٤٥ ساڵی ڕابردووشدا کە زیاتر لە ٢٢٠٠ بەندیی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئێعدام کراون، تەرمی هەموو ئەو شەهیدانە دەستیان بەسەردا گیراوە و گۆڕبزر کراون. هەر لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا کە نیزیک بە ٨٠ تێکۆشەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکانیان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون، کەس نازانێ تەرمەکانیان چییان بەسەر هاتوە و ئەگەر ژێرخاکیش کرابن کەس بە شوێنیان نازانێ و بنەماڵەی بەشی زۆر لەو شەهیدانە ئێستاش بەدووی وەرگرتنی زانیاری لە ڕۆڵەی گۆڕبزریانن.

**بێگومان مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم لە گۆڕبزرکردنی پێشمەرگەی شەهید و چالاکانی سیاسی و هەروەها شکاندنی کێل و شێواندنی مەزاری کەسایەتیە سیاسی و ئەدەبییەکانی دژبەری ڕێژیم چەند شتە:**

بەشی چوارەم

**یەکەم**، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ مێژوو و بەتایبەت مێژووی جینایەت و کارەساتەکانی لە داهاتوودا لەبیر بکرێن و ئاسەواریان نەمێنێت.

**دووهەم**، ترس لە ئەویدی (دژبەری سیاسی) و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکجارەکیی، بۆوەی مەزاری ئەو کەسانە نەبێتە زیارەتگە و مەکۆی خەباتگێڕی و شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبوارانی ڕێی خەبات و ئازادی.

**سێهەم**، سزادانی نەک کەسەکە، بەڵکوو بنەماڵەی قوربانییەکانیشە، ئەویش لە حاڵێکدا پێدانی زانیاری لەسەر چارەنووسی قوربانیی غەدرلێکراو، و دانەوەی تەرمەکەی مافی بنەڕەتیی بنەماڵە و کەسوکاری ئەو کەسەیە. لێرەدا ڕێژیم بە بەردێک چەند ئامانج دەنگێوێت. بە ئێعدام و کوشتنی دژبەرە سیاسییەکەی هەم ئەو کەسەی بە غەدر و تاوان لەبەین بردوە و لە مەیدانیی خەبات و کۆمەڵگەی سڕیوەتەوە؛ هەمیش هەوڵی داوە کۆمەڵگە و ئەوانیدی بەوە چاوترسێن بکات کە بێتوو بێدەنگ و بێهەڵویست نەبن، هەر ئەمە چارەنووسیانە.

**چوارەم**، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە گۆڕبزر کردنی چالاکانی سیاسی هاوکات بیری سیاسی و بیرەوەرییەکانی ئەوانیش بۆ هەمیشە لە یادی خەڵکدا بسڕێتەوە.

بۆیە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ ئەو کۆیادە لە یادەوەریی گشتیی کۆمەڵگە بسڕێتەوە و ڕێ لە ژیانەوەی ئایدیا و بیری سیاسیی کوژراو و دژبەرانی گۆڕبزرکراو بگرێت، وەک بڵێی هیچ تاوانێک نەخوڵقاوە و هیچ جینایەتێک ڕووی نەداوە؛ ئەوە ئەرکی بنەماڵەی قوربانییان، کۆمەڵگە و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە نەهێڵن خەونەکانی ڕێژیم وەدی بێن. ئەگەرچی ئەو خەبات و ململانێیە سەخت و دژوار و ناهاوسەنگە، بەڵام بێگومان سەرکەوتن بۆ ئەو کەس و لایەنانەیە پێوشوێنی ماف و دادپەروەری کەوتوون و دەکەون. ئاکامەکانی دادگای مێکونووس، دادگای "ئابان"، بەئاکامگەیشتنی دادگاییکردنی حەمید نووری، دیاریکردنی کۆمیتەی ڕاستیدۆزی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتدانەوەی ئەو کۆمیتەیە لە جینایەت و کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، نموونەیەک لە بەرەوپێشچوونی ئەو هەوڵ و خەباتەن کە دڵخۆشکەرن و نابێ لێی ماندوو ببین.

بەدڵنیاییەوە بەدواداچوونی یاسایی و وەریخستنی کەمپینێکی حقووقیی بە کارکردی هەمیشەیی هەم دەتوانێ بەشێک لە خەبات بۆ دادپەروەری بێت و هەم هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێگریکردن لە دووپاتبوونەوەی جینایەت و مرۆڤکوژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە. بۆیە نابێ بهێڵین تاوان و کارەساتەکانی ڕێژیم لەبیر بچنەوە و ئەگەر هەوڵی ڕێژیم بۆ سڕینەوەی

بەشی چوارەم

شوێنەواری جینایەتەکانیەتی، خەباتکارانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤیش لە سەنگەری بەرانبەردا دەبێ لەدژی ئەو بیرچوونەوە و سڕینەوەیە یەکگر و پلانمەند لەو خەباتە بەردەوام بن.

٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# هەنگاوەکانی بەرەو لووتکە




ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی سەرەڕای سەرکوتی بزووتنەوە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ئێران -بەتایبەت لە کوردستان بەهۆی خەباتی شوناسخوازیی کوردەوە- بەڵام بزووتنەوەی نارەزایی دژبە کۆماری ئیسلامی ساڵی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون بوو.

ساڵێ کە ڕابرد بۆ خەڵکی ئێران لە ڕووی گوزەران و بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەوە سەخت و دژوار بوو. لەو ساڵەدا لەسایەی قەیرانی ئابووری و گرانییەوە سفرەی خەڵک ئەوەندەی دیکە گچکەتر و توانای کڕینیان هێندیتر کەمتر و، لەسۆنگەی دارمانی زیاتری بایەخی تمەنەوە ئاوسانی ئابووری هەوسارپچڕاوتر تەنگی بە ژیانی خەڵک هەڵچنی. ناسەقامگیریی ئابووری لە تەنیشت گەندەڵیی سیستماتیکی حکوومەتی بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازیی ئەوەندەی دیکەش پەک خست، کورتیهێنانی بودجەی ساڵ گەیشتە ٤٠٠ هەزار میلیارد تمەن و دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی دەستی لە گەرووی خەڵک نا و ناچار بە قەرزکردن لە بانکی ناوەندی و بردنەسەرێی نەختینەیی وڵات بوو. بەڵام هەوسارپچڕاوتر لە ئاوسان و هەژاری گەندەڵییەکانی کاربەدستانی ڕێژیم بوو کە هەر سێ دەزگای مەجلیس، دەوڵەت و داد و هەروەها بنیات و ڕێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ماڵباتی خامنەیی دەگرتەوە کە بەشێک لەوان لەهەڵا دراون، وەک گەندەڵیی "چایی دێبش" کە بە هاریکاریی ڕاستەوخۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و بانکی ناوەندی کرا و بڕی سێ میلیارد و ٣٧٠ میلیۆن دۆلار ڕاگەیەندرا، یان گەندەڵی و

بەشی چوارەم

بەرتیلخۆرییەکـانی کـوڕانی محەممەد موسـەدیق کەهنەمـوویی جێگـری یەکەمـی سـەرۆکی دەزگـای داد، تـاڵانوبڕۆی کـوڕەکەی قالیبـاف، سـەرۆکی مەجلیسـی شـوڕای ئیسـلامیی ڕێـژیم و هەڵاتنـی بـۆ کانـادا، گەنـدەڵیی ۱۰۰۰ میلیـارد تمەنیـی ئاخونـد محەممەدکازم سدیقی، پێشنوێژی هەینیی تاران و نوێنەری تـایبەتیی خـامنەیی، و گەنـدەڵی لە قەرارگـای خاتەمولئەنبیـای سپا کە لەلایەن گرووپی هاکێریی "عەداڵەتی عەلی"یەوە لەقاو دران.

لەو بـارودۆخە سـەخت و دژوارە ئـابوورییەدا مـانگرتن و کۆبـوونەوەی نـارەزایەتیی سینفی لە شکڵی جۆراوجـۆردا درێژەیـان هەبوو. ناڕەزایەتیی کرێکـاران بە دەرکردنیـان لە کـار یـان کەمی و پێنەدانی مووچەکانیـان، مـانگرتنی ڕۆژانە و بەردەوامی خانەنشـینکراوان هەرجـارە لە شـوێنێکی وڵات، نـاڕەزایەتیی پزیشـک و پەرەسـتارەکان و کەمئەنـدامان لە مـاوەی سـاڵی ڕابـردوودا بە بەردەوامـی لەگۆڕێـدا بـوو. بەڵام لـوتکەی نارەزایەتییەکـان و کەلێنـی نێـوان خەڵـک و دەسـەڵات لە هەڵبژاردنەکـانی ۱۱ی ڕەشـەمەدا دەرکەوت، هەڵبژاردنێـک بە بەشـداریی کەمتـر لە سـەتا ۲۰ی خەڵـک کە بە هەمـوو فێـڵ و تەڵەکە و ئامارسـازییەکی حکـوومەتی سـەتا ٤١ ڕاگەیەنـدرا و لەلایەن خـامنەییەوە بە "جیهـاد" نـاو بـرا. ئاکـامی هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمە جێی شک و گومانی بۆ کەس نەهێشتەوە کە ئیدی نە خەڵک هیچ متمانەیەکی بە حکوومەت هەیە و نە حکوومەتیش ئامادەیە کەمترین دەسەڵات بداتە نیزیکترین کەسانی ڕەخنەگری خۆی.

ساڵی ١٤٠٢ لەکاتێکدا بە قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیییەکان و ناکارامەیی حکوومەت لە هەموو ئەو بوارانەدا تەواو بوو، کە بۆ ڕێژیم پرسی سەرەکی نەک بەخۆداهـاتنەوە و وەڵامدانەوەی ویست و داخوازییەکـانی خەڵک. بەڵکوو لە دەرەوەی هەڵایساندنی شەڕی نیابەتی بۆ تێپەڕاندنی قەیران و لە نێوخۆی وڵاتیش پێداگری هەر لەسەر بابەتە ئایدۆلۆژییەکانی وەک حیجاب بوو! دوای ڕووداوەکانی ۷ی ئۆکتۆبەر خامنەیی لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا چوار جار داوای لە وڵاتـانی ئیسلامی و عەرەبـی کـرد وەکـوو ئێـران بچنە شـەڕی دژی ئیسـرائیلەوە، بەڵام کاتێـک بـێوەڵام مـایەوە ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی میلیشیاکانی لە یەمەن، عێراق، سووریە و لوبنـان. لە تەنیشت ناسەقامگیرکردنی نـاوچە، پرسـی نـاوکی و ئەوە کە ئێـران لە ئێسـتادا ئۆرانیـۆمی پێویسـت بـۆ دروسـتکردنی چەنـد بـۆمبی ئەتـومیی هەیە، کۆمەڵگەی ئێرانـی بەرەورووی زۆر ئەگەر و مەترسی کردووەتەوە کە قورسایی و تێچووەکەی لەسەر خەڵکە.

سـاڵی ١٤٠٢ بـۆ خەڵکی کوردسـتان بە پاشخانی پێشـەنگایەتیی شۆڕشی ژینـا جیـاوازتر لە ناوچەکـانی دیکەی ئێـران بـوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە دەسپێکی ساڵەوە بە پێداگری لەسەر ستراتیژیی نەگۆڕی ئەمنییەتیکردنی پتری کوردستان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی کـورد شمشێری لە ڕوو بەست. ئێعدامی سەدان بەنـدیی کـورد کە بەشێکیان زینـدانیی سیاسـی بـوون، تێـرۆری چالاکـانی سیاسـی لە هەرێمـی کوردسـتان، دەسبەسـەرکردنی نیزیـک بە هەزار کەس لە چالاکـانی

بەشی چوارەم

سیاسی، مەدەنی و ژینگەپارێز -کە بەشێکی بەرچاویان مامۆستایانی ئایینی بوون- کوشتنی دەیان زیندانی لەژێر ئەشکەنجەدا، کۆڵبەرکوژی بە شێوەی بەربڵاو و سەپاندنی سزای قورس و درێژخایەنی زیندان بۆ سەدان چالاکی سیاسی و مەدەنی بەتایبەت ژنان تەنیا بەشێک لە سیاسەتی تۆڵەئەستێنیی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە خەڵکی کوردستان سەبارەت بە ڕاپەڕینی ژینا بوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان لە ساڵی ١٤٠٢دا هەر وەک چۆن لە کۆبوونەوەی پارلمانی ئورووپادا ناوی ژینا و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کاتی پێدانی خەڵاتی ساخارۆڤدا دەنگی دایەوە، نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستاندا دژی بە هەموو سیاسەتەکانی ڕێژیم دا. بەرێوەچوونی بەشکۆی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان بە لە خۆگرتنی تایبەتمەندییەکانی خەباتی شار و شاخ، لە دەرکەوتنی یەکیەتی و یەکگریی خەڵک بە پێشەنگایەتیی بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەت شەهیدانی شۆڕشی ژینا پیشانی دایەوە کۆمەڵگەی کوردستان نەک چۆکی دانەداوە، بەڵکوو قەڵەمبازێک بەرەوپێش چووە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پتر لە جاران بەرەو هەڵدێر بردوە.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خەڵک و ڕێژیم لە دوو بەرەی دژبەیەکدا




لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هێندە کەلێن و دابڕان نەکەوتووەتە نێوان خەڵک و دەسەڵات، تا ئەو ڕادەیەی هیچ سیاسەتێکی ئەم ڕێژیمە نییە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانیی لێ بکرێت. هەروەها لە هیچ قۆناغێکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم هێندە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا تەریک نەکەوتووەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی جیا لە میلیشیاکانی کە بە سامانی گشتیی وڵات پۆشتە و تەیاریان دەکات هیچ وڵاتێک دۆست و هاوپەیمانی نەبێت. تەنانەت بۆ کەس شاراوە نییە چین و ڕووسیەش کە بەرواڵەت ئێران خۆی ڕەگەڵ خستوون وەک کارتێکی ئابووری و سیاسی لەو وڵاتە دەڕوانن و لە خێروبێری بازرگانیی ئێرانی پەراوێزخراو و تەریککەوتوو بە میلیارد میلیارد دۆلار داهاتی مفتییان دەست دەکەوێت. خۆ چەندی کەشی سیاسیی ئێران داخراوتر و ئەو وڵاتە دابڕاوتر لە کۆمەڵگەی جیهانی بێت، قازانجە ئابوورییەکانی چین و ڕووسیەش زیاتر و بەستراوەیی ئێران بەوان پتر دەبێت و هەردوو وڵاتەکەش ڕێک ئەمەیان دەوێت.

کۆمەڵگەی ئێران لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە ئەکتی سیاسیی خۆی دەریخستووە کێشەی زۆر بنچینەیی لەگەڵ ڕوانگە و خوێندنەوەی ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات لە تاران هەیە. لە ئاستی نێوخۆییدا کۆمەڵگە بەرهەڵستی هەموو ئەو بایەخانە بۆتەوە کۆماری ئیسلامی سەروەری و حاکمییەتی خۆی بەوان پێناسە دەکات، بۆ نموونە حیجابی ئیسلامی و

ئایدۆلۆژیی دینی کە ئەمڕۆکە سێکۆلاربوونی کۆمەڵگەی ئێران و خەباتی گشتگیر لەدژی حیجابی زۆرەملێی ئیسلامی تەواو پێچەوانەی بەها و باوەڕ و بایەخەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیین. ڕەفتاری سیاسیی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانیشدا کە لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەشدا بینیمان، تەعبیر لە تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەستاندنەوەی هەموو شەرعییەتێکی سیاسی و خەڵکی لەو ڕێژیمە دەکات کە لە ئێستادا تەنیا بە زەبری چەک و سەرکوت هەیمەنەی خۆی هەتا ئێستا ڕاگرتوە. هەروەها هەموو دۆستەکانی ڕێژیم لە میلیشیاکانی لە یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین بە وڵاتانی چین و ڕووسیەشەوە لەلای خەڵک بێزراون، بێزراو تا ئەو ڕادەیە لە هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراینیشدا بیروڕای گشتیی ئێران سەرەڕای سیاسەتی حکوومەت لە پشتی ئۆکراین و لەدژی ڕووسیە بوو و هەیە. هەروەها هیچ سۆزێکیان بۆ خەڵکی غەززەش سەرەڕای هەموو تاوان و جینایەتەکانی ئیسرائیل نییە و لۆمەی ئەوەیان دەکەن بۆچی بوونەتە داڵدەدەری حەماس وەک باسکی چەکداری کۆماری ئیسلامی و ئاوا قومار بە گیان و ژیانی خۆیان دەکەن!

دابڕانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران هاوکێشەیەکی دوولایەنەیە. خەڵک هیچ کام لە سیاسەتەکانی حاکمییەت چ لە ئاستی دەرەکی و چ لە ئاستی نێوخۆیی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن. خەڵک نەکهەر متمانەیان بە هیچ کام لە ڕێکخراوە و دامودەزگا حکوومییەکان  نییە، بەڵکوو بە جێبەجێکاری سیاسەتی ڕێژیمیان دەزانن و لە بەرەی دژبەخۆیانیان چاو لێ دەکەن. کۆمەڵگە نەک هەر هاوڕایی هیچ بڕیار و پڕۆژەیەکی حکوومەت ناکات، بەڵکوو بە ئەکتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر لەدژیشی ڕادەوەستێ کە بە بەردەوامیی خۆی لە نارەزایەتیدەربڕین، مانگرتن و نافەرمانیی مەدەنی و لە بەفرانباری ١٣٩٦یشەوە لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا دەردەخات. یان بۆ نموونە کاتێک قاسم سولەیمانی وەک گەورەترین سیمبولی نیزامیی ڕێژیم و فەخریزاد وەک دیارترین زانای ئەتومی و مووشەکیی ئێران کوژران؛ خەڵک شاییان لەدڵدا گەڕا. یان کاتێک لە مۆندیاڵی ٢٠٢٢ی قەتەردا تیمی تۆپانەی ئێران بە وڵاتانی ئینگلیز و ئەمریکا دۆڕا، خۆشیدەربڕین و جۆش و خرۆشێک کەوتە سەر شەقامەکانی ئێران کە دنیای تووشی شۆک و سەرسووڕمان کرد؛ ڕەوتێک کە ئێستاش لە دۆڕانەکانی تیمی حکوومەتیی ئێران بە وڵاتان لە یارییەکاندا درێژەی هەیە. هاتەریب لەگەڵ ئەوە لەنێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییشدا دۆخەکە ڕێک بەوجۆرەیە و حاکمییەتی سیاسی دەرفەتی هیچ کرانەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نادات. دەسەڵات حازر نییە گوێ بۆ هیچ بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە و بیر و ڕوانگەیەکی ئەویتران، ئەویش لە کۆمەڵگەی فرەچەشنی سیاسیی ئێراندا بگرێت.

لە دۆخی ئێستای ئێراندا ئیرادەی دەسەڵات ڕەنگدانەوەی ویستی کۆمەڵگە و بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی خەڵک و وەڵامدانەوە بە کەڵکەڵە مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان نییە؛ پێچەوانە سامانی گشتیی وڵات پاوان و دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ ئامانجە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم خەرج دەکرێت کە نەک هەر هیچ قازانج و بەرژەوەندییەکی خەڵکی

ئێرانی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو کۆمەڵگە و وڵاتیشی تووشی مەترسییەکانی شەڕێکی دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی دی کردووە کە شەڕی خەڵک نییە. لێکەوتەی ئەو دۆخەش ئەوەیە حکوومەت هیچ شەرعییەتێکی لەنێو خەڵکدا نەماوە و لە سیاسەتی دەرەکی لە ئاستی ناوچە و جیهانییشدا لە پشتیوانیی هەراوی خەڵک وەک فاکتەرێکی بەرگێڕەوە بێبەش بووە. خەڵک و کۆمەڵگەش بۆ وەدیهێنان و دەستەبەری مافەکانیان و پێداگری لەسەر شوناسی تایبەتیی خۆیان قۆڵ لە ڕووخاندنی ڕێژیم و بەچۆکداهێنانی هەڵدەماڵن.

ئاماژە بە نموونەیەکی دیکەش لەجێی خۆیدایە: دەیان ساڵە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی ئەوەیە بایەخ بە بەرگری لە قووڵایی ستراتیژیکی نیزام لە ناوچە و جیهان لە ڕێگەی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ، پێکهێنانی هیلالی شیعی، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و خۆتەیارکردنی بە تێکنۆلۆژیی درۆن و مووشەکی بدات؛ بەڵام ئەوانە نەکهەر قەت نەبوونە ویست و داوا یان ئامانجی کۆمەڵگە؛ بەڵکوو خەڵک بەشمەینەتی و دۆخی کارەساتباری ژیان و مافەکانی خۆیان ڕێک لەسۆنگەی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم دەبینن و ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کاتێک ڕێژیم دەیهەوێ لە قاسم سولەیمانی قارەمان ساز بکات، خەڵک لە هەرجێیەک بۆیان هەڵکەوێ وێنە و بنێرەکانی ئاگر دەدەن و پەیکەرەکەی دێننە خوارێ.

ناوکی دەسەڵات کە پووڵ و سامانی وڵات، چەک و ئامرازی سەرکوت و میدیاکانی پاوان کردووە و خەڵک و ژیان و گیانی ئەوانی بەبارمتە گرتوە، نایهەوێ لەو جەغزە بترازێ و ئەو هێز و دەسەڵات و ئیمکاناتە لەگەڵ ئەویدییەک هاوبەش بکات کە خەڵک بن. بۆیە پێکدژیی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خەڵک و دەسەڵات دۆخێک دەخوڵقێنێت کە هەموو ویست و داواکانی خەڵک دژی بەرژەوەندییەکانی حوکمڕانی وڵات و هەموو سیاسەت و بەرنامەکانی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییش پێچەوانەی بەرژەوەندی و ئیرادەی خەڵک و کۆمەڵگە بن. لەم ڕووەوە خەڵک نەکهەر دژی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچەن کە هەڕەشە و مەترسیی شەڕێکی گەورەی لەسەر ئێران دروست کردوە؛ لە بنەڕەتڕا خوازیاری ڕووخانی ئەو ڕێژیمەن کە وەک دۆڵپا سواری شان و ملیان بووە.

ئێستاش پێوەندیدار بە شەڕی حەماس و ئیسرائیل، ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگە و وڵاتی ئێران، بەڵکوو کاردانە بەو گۆڕانکارییە سیاسییەیە کە لە یەک دەیەی ڕابردوودا لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا پێک هاتوە و کۆماری ئیسلامی بەدژی بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆی دەزانێت. ئەگینا هیچ شتێکی نوێ لە ململانێ سیاسی و مێژووییەکانی ئیسرائیل و فەلەستین نەهاتبووە گۆڕێ کە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیلی پێ پاساو بدرێتەوە؛ بەڵکوو ڕێک پێچەوانەی ئەمە

بەشی چوارەم

بوو. وڵاتانی عەرەبی دوای ئەزموونکردنی دەیان ساڵ شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل بەو ئاکامە گەیشتوون کە درێژەی ئەم دۆخە نە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو وڵاتانە و تەنانەت لە بەرژەوەندیی فەلەستینیشدا نییە، بۆیە مەیلەو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل هەنگاویان ناوە. بەڵام ئەوە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتەکەی خۆی ناوێ و کاتێک دەبینێ لە ڕەوتی سیاسی ناوچەیی و جیهانیدا تەریک کەوتووەتەوە و لە نێوخۆی وڵاتیشدا بەرەوڕووی دەیان قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، ویستی بە هەڵگیرساندنی ئەو شەرە لە دەرەوەی سنوورەکانی و ناسەقامگیرییەک کە دروستی دەکات، قەیران و ناسەقامگیرییەکانی نێوخۆی پێ پەردەپۆش بکات و سەرنجەکانی لەسەر دوور بخاتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە سەر خەڵک ئەوەیە. خەڵکی ئێران ئەوەندەی لە شەڕ و قەیرانە سیاسییەکانی ناوچە بێزارن، چەند هێندە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێزارن و ئەو ڕێژیمە بە هۆکار و سەرچاوەی زۆر لەو نائارامی و ناسەقامگیرییانەی ناوچە دەزانن. بۆیەش هیچ شەرعییەتێک بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی نادەن کە شەڕ وەک نێعمەتێک بۆ هێشتنەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا دەبینن. هەروەها بەرپرسایەتیی ئەگەری هەر تێکهەڵچوون و پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ ئێران دەخەنە ئەستۆی ڕێبەرانی ڕێژیم کە نەک هەر خەڵکی وڵاتی ئێران، بەڵکوو ئەمنییەت و سەقامگیریی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان بەبارمتە گرتوە.

٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# قووتی خەڵک بۆ "خەرج"ی مووشەک و بۆمب



کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بەشی هەرە زۆری داهاتی وڵاتی بۆ پێڕاگەیشتن و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی و پرۆژە ئەتومی و سەربازییەکانی تەرخان کردوە. ئەگەرچی بڕی بودجەی ڕاستەقینەی هێزە نیزامییەکانی ئێران زۆر لەو بڕە زیاترە کە لە ڕەدیفی بودجەی ساڵانەدا دەگونجێندرێ، بەڵام بەشە ڕەسمییەکەی بودجەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ساڵی ١٤٠٣ نیزیک بە ١٧ میلیارد دۆلار لەبەرچاو گیراوە. ئەوە جیا لەوەی هەموو بەشەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، واتە سپای پاسداران، ئەرتەش و هێزە ئینتیزامییەکان دەسەڵاتی فرۆشتنی نەوتیان پێ دراوە و لەسۆنگەی کێبرکێی وەزارەتی نەوت و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە فرۆشتنی نەوتدا نرخی نەوتی ئێران زۆر کەمترە لە بازاڕی جیهانیی نەوت، تا ئەو ڕادەیەی بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس ڕۆژانە ١٥ میلیۆن دۆلار، واتە لە ساڵدا نیزیک بە ٥ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلار داشکان بۆ چین وەک تاکە مشتەریی نەوتی هەرزانی ئێران دەکرێت؛ هۆکارەکەشی پێویستیی ئێران بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکان و هەروەک ئاماژەشی پێ کرا کێبرکێی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە فرۆشتن و هەرزانفرۆشکردنی نەوتی وڵات دەگەڕێتەوە. بەشی کارەساتباری بابەتەکەش ئەوەیە ئەو داشکانەی ئێران بۆ کڕینی نەوتەکەی - بۆشکەی بە کەمتر لە ١٢ دۆلار لەچاو بازاڕی ڕەسمی - بۆ چینی دەکات، زیاتر لە دوو هێندەی هەموو ماڵیاتی دەستکەوتوو لە بودجەی وڵات بۆ دەوڵەتە کە لە مووچەی کارمەندەکانی کەرتی دەوڵەتی و تایبەت، کرێکاران، داهاتی دووکاندار، وەرزێر، سەنعەتکار و خاوەنپیشەکان لە وڵات دەگێڕدرێتەوە. هەروەها ئەو ٥

میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلارەی هەر لە ختوخۆڕا و بە مفتێ و لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمەوە دەچێتە گیرفانی چینییەکان، پتر لە سەتا ١٠ی هەر هەموو سەرچاوەکانی دابینبوونی بودجەی ساڵانەی وڵاتە.

جیا لە بودجەی هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، بەشێکی زۆری دیکەی داهاتی وڵات لە ساڵی ١٤٠٣دا بۆ ڕێکخراوەکانی پڕوپاگەندەی ڕێژیم وەک دەنگوڕەنگ، حەوزەکانی عیلمییە، وەزارەتی ئیرشاد، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، و ناوەندە ئیدئۆلۆژیکییەکانی وەک "دامەزراوەی بەرهەمەکانی ڕوحوڵڵا خومەینی"، "ستادی بووژانەوەی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە"، "بنیاتی پاراستنی ئاسەوارەکانی بەرگریی پیرۆز"، "کۆمەڵگەی جیهانیی ئەلموستەفا" تەرخان کراوە.

تەرخانکردنی بەشی هەرە زۆری بودجە و داهاتی وڵات بۆ کاروباری نیزامی، ئەمنییەتی، پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی و دەزگای سەرکوت و زیادکردنی دوو هێندە و سێ هێندەی بودجەی ئەو لایەنانە لە کاتێکدایە، سەرەڕای ئاوسانی ئابووریی سەروو سەتا ٥٠ بەڵام حکوومەت لەمساڵدا تەنیا یەک لە پێنجی بە مووچەی مانگانەی کارمەندان و خانەنشینکراوان زیاد کردوە. هەروەها بەشە گرینگەکانی وەک پەروەردە، ئاوەدانی، بێهداشت و دەرمان و خزمەتگوزارییەکان کەمترین ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، وەک بڵێی هیچ ئەولەوییەتێکیان بۆ دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبێت. لە تەنیشت ئەوانە پرسی قەیرانە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، گرانی، بژیو و ئاوسان، قەیرانە ژینگەییەکانی وەک کەمئاوی، وشکەساڵی و هەوای پیس، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پیربوونی کۆمەڵگە و خەسارە زۆروزەوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە هیچ کوێ وەک کەڵکەڵە و خەمی بەرپرسانی ڕێژیم نابیندرێن. یان دەنا زۆر ئاسان بە لای ئەو ڕاستییەدا تێدەپەڕن کە ئێران لە ساڵی ١٤٠٢دا پلەی حەوتەمین وڵاتی دنیای بە زۆرترین ڕێکۆردی پێوەرەکانی فەلاکەت تۆمار کردوە و بە لایانەوە ئاساییە خەڵکی ئێران لە ڕیزی وڵاتانێکی بەڵالێدراوی وەک "سوودان"، "زیمبابوە"، "ڤێنێزۆلا" و "سورینام"دا جێ بگرن.

کۆماری ئیسلامی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا بە پشتبەستن بەو بۆچوونە کە نیزامی نێونەتەوەیی پێکهاتەیەکی ئانارشیکی هەیە، ئەمنییەت و مانەوەی لە دەسەڵاتدا تەنیا لە بەهێزکردنی هێزی سەربازیدا دەبینێت، بەتایبەت کە لە نێوخۆی وڵاتدا خۆی بە خاوەنی کەمترین شەرعییەت و متمانەی خەڵک دەزانێت و ئەوەشی بەڕوونی بۆ سەلماوە. بڕیاربەدەستانی ڕێژیم هەروەها دوو بەرابەرکردنی بودجەی سەربازیی هێزە چەکدارەکانیان بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێننەوە: شەڕ و هەڕەشەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها کێبرکێی چەکوچۆڵ لەنێو وڵاتانی دژبەر و دراوسێدا، بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا چەند خاڵی سەرەکی جێگای ئاماژە پێکردنە:

**بەشی چوارەم**

**یەکەم**. گرژی و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچە کە ڕێژیم بە هۆکاری پێویستیی بەهێزکردنی توانای هێرشبەریی خۆی لە بواری مووشەکی و ئەتۆمییشەوە دایدەنێت، پێش هەموو شتێک بۆ خودی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە کە ئارامی و سەقامگیریی لە ناوچەکە هەڵگرتوە.

**دووهەم**. ئەگەر وڵاتانی دژبەر و دراوسێی وەک ئیسرائیل، تورکیە، عەرەبستان و ئیمارات بۆ نموونە بەدوای پڕچەککردنی خۆیانن، لەوەشدا بەشێکی هەر بۆ سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر خۆیان دەگەڕێتەوە. بەڵام خۆ ئەوان نەهاتوون قووتی ژیانی خەڵکی وڵاتەکەیان بدەن بە مووشەک و لە دروستکردنی بۆمبی ئەتومدا خەرجی بکەن. ئەو وڵاتانە پێچەوانەی ئێران نوقمی هەژاری، گرانی، ئاوسانی ئابووری و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نین و حکوومەتەکانیان نەهاتوون وەکوو ئێران ٨٠ هێندەی بودجەی ژینگە و ئاوەدانیی وڵاتەکەیان بۆ پەرەپێدانی هێزی سەربازی و هێرشبەریی ڕێژیمەکەیان تەرخان بکەن.

**سێهەم**. هیچ کام لەو وڵاتانە نەهاتوون لە گیرفان و بژیوی خەڵک و بودجەی دەرمان، لەشساغی، پەروەردە، ئاوەدانی و پەرەسەندنی وڵاتی خۆیان لێ بدەن بۆ ئەوەی چەند سوپا و میلیشیای دەیان هەزار کەسی لە وڵاتانی دیکەدا بژێنن و بۆ شەڕی نیابەتی بە چەک و تێکنۆلۆژیی مۆدێڕنی شەڕ کۆک و پۆشتە و تەیاریان بکەن.

**چوارەم**. ئەو وڵاتانەی ساڵانە بودجەی سەربازیی خۆیان زیاد دەکەن وەک ئێران نین لەلایەک ئیمتیازی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و سامانە سروشتییەکانی دیکەی وڵاتەکەیان دابێتە هێزە چەکدارەکانیان و، لەلایەیەکی دیکەش لە بودجەی وڵاتدا - کە پوڵ و سامانی خەڵکە - سەدان میلیۆن دۆلار بۆ دابینکردنی کەرەستەی سەرکوت و کوشتن و داپلۆسینی خەڵکی نارازیی وڵات تەرخان بکەن؛ هەروەک چۆن ڕێژیم لە جووڵانەوەی ژینادا بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی ژن، ژیان، ئازادی کردی.

دواجار ئەوە کە ئەمنییەت و مانەوەی ڕێژیمەکان بە پۆشتەبوونی هێزە چەکدارەکانی دابین نابێت، بەڵکوو ئەوە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵات و لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندایە چەندیوچۆنیی ئەو ئەمنییەتە دیاری دەکا. ئەوەندەش کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەم ڕێژیمە نە متمانە و شەرعییەتی خەڵکی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە و لەو سۆنگەیەوە گەورەترین هەڕەشە ڕووخانی لەسەرە، و نە سیاسەتی شەڕەنگێزی، قەیرانخوڵقێنی و ناسەقامگیرکردنی ناوچە دەتوانێ پاراستن و ئەمنییەتی بەدیاری بۆ بێنن.

**٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤**

## دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاردا




ڕوانینێکی سەرپێی لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێمان دەڵێ قەیران و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاڵۆزییەکان لەو ناوچەیە هەر دێ و زیاد دەکەن. سووریە پاش ١٣ ساڵ شەڕی نێوخۆیی بووەتە گۆڕەپانی شەڕی ڕاستەوخۆ و نیابەتیی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لەگەڵ یەکتری. ئەفغانستان، لوبنان، یەمەن و عێراقیش چ لەڕووی قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی و چ لەڕووی ئابوورییەوە دۆخێکی شپرێو و ناسەقامگیریان هەیە و شەڕی نوێی ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش کە لە ساڵی ڕابردووەوە بە هێرشی حەماس دەستی پێ کردوە، ئەوەندەی دیکە دوورەدیمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی سیناریۆ ناڕوونەوەکانەوە لێڵ و نادیار کردوە. خاڵی جەوهەری لە دڵی ئەو هاوکێشانەدا ئەوەیە لە هەموو ئەوانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هۆکاری خوڵقانی دۆخ و هەلومەرجی قەیرانەکانە و، هەم لەو نائارامی و ناسەقامگیرییانە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەلک وەردەگرێت.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی بە پێکهێنانی نیزامێکی سیاسیی تەواو یەکدەست و میلیتاریستی لە بەرانبەر ویستی گۆڕانخوازیی خەڵکدا شمشێری لە ڕوو بەستووە. ئاڵقەی داخراوی دەسەڵات لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەنگاو بە هەنگاو بە بەربڵاوکردنی کەشی داخراوی سیاسی و فەرهەنگی، بەرگرتن بە ڕکەبەری و هاوبەشیی سیاسی، ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ لادانی خودییە غەیرەخودییەکانی کات و ئێستایان، خالس‌سازی و تەنگکردنەوەی پتری ئاڵقەی

خودییەکان لە قووچەکی دەسەڵاتدا، پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە ئۆرگانە نیزامی، ئەمنییەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەری و سەرکوتی هەرچەشنە مافخوازی و داوایەکی ڕەوای خەڵکی ناڕازیی وڵات بوونەتە هۆی ئەوەی کەلێنەکانی نێوان حاکمییەتی سیاسی و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگە بەرفراوانتر لە هەر کاتێک ببن. تەنانەت سەرکوتی خوێناویی خەڵکی دژبەر و ناڕازی، پشتکردن لە هەموو شێوازە ڕەواکانی وەرگرتنی شەرعییەتی سیاسی و بەڕێوەبەریی نێوخۆی وڵات و بردنە پێشێی سیاسەتی دەرەکیی وڵات لەسەر بنەمای قازانجە ئایدۆلۆژییەکانی تاقمێکی زۆر بچووک وایکردوە حاکمییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی نەک وەک نیزامێکی سیاسیی داخراو و دیکتاتۆری، بەڵکوو وەک دەسەڵاتێکی مافیایی دەربکەوێت.

بابەتەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی جیهانی و بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتان زۆر باش دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران ماکە و سەرچاوەی هەموو بشێوی، قەیران و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەیە؛ هەروەها لە کاتێکدا لانیکەم لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لەدوای بزووتنەوەی ژینا و هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەوە هیچ شک و گومانێک بۆ کەس نەماوەتەوە کە ئەو ڕێژیمە هیچ شەرعییەتێکی خەڵکی و سیاسیی نییە؛ کەچی هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی لە سووڕی باتڵی "گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم" لەڕێگەی "دانوستانی بنیاتنەر- وتووێژی ڕەخنەگرانە- سەپاندنی گەمارۆکان" نەترازەوە، بێئەوەی کەمترین قازانجیان لەو ستراتیژییە دەست کەوتبێت. بۆ نموونە ئەمریکا و ئورووپا گەمارۆی نەوتییان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لە ڕێگەی هەرزانفرۆشکردن و پێدانی سەتا ٩٠ی نەوتەکەی بە چین یان دەورلێدانەوەی ئەو سزایە لەڕێگەی وڵاتانی وەک مالێزی و سەنگاپوور و دەڵاڵە نێوخۆییەکانی وەک بابەک زەنجانییەکانەوە توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر لە کاریگەریی ئەو گەمارۆیانە کەم بکاتەوە. نموونەیەکی دی سەپاندنی گەمارۆکانی شورای ئەمنییەت، یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لەسەر بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کەچی بینیمان کۆماری ئیسلامی بە دەورلێدانەوەی ئەو سزایانەش هەم توانیویەتی بەرنامە ئەتومییەکەی بگەیەنێتە دوا هەنگاوی دروستکردنی بۆمب و هەم لەڕووی تێکنۆلۆژی و چەکوچۆڵی چەشنی درۆن و مووشەکەوە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر هەموو وڵاتانی ناوچە.

دنیای چەندجەمسەری و پێکدژیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە نەبوون یان لاوازبوونی میکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکە پشتگوێخرانی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی گەلان لە مامەڵەی زلهێزە جیهانییەکان لەگەڵ حاکمییەتی سیاسیی نادێمۆکراتیکی ئەو وڵاتانەدا، دەرفەتی بە نیزامە سیاسییەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە دەسەڵاتی خۆیان بە سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی بەهێز بێڵنەوە. ئەوەندەش کە بۆ سەپاندنی گەمارۆکان لەدژی ڕێژیم دەگەڕێتەوە، سزا و گەمارۆکان ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەئاکام بگەیەنێ و بگرە قورسایی و زیانەکانی زیاتر لەسەر شانی خەڵکی وڵات بووە، ئەگەرچی ئەمە



سەرچاوە
Serchawe

بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی دانارێت.

قووڵبوونەوەی قەیرانەکان و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو خۆشبینییەی دروست کردبوو کە وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا پێداچوونەوە بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی هەتا ئێستای خۆیاندا بکەن و چیتر ئامرازەکانی گوشاریان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە سەپاندنی گەمارۆکاندا سنووردار نەکەن. لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران جۆرەها سزا و گەمارۆی لەسەر بووە، وەک دەستبەسەرداگرتن و بلۆکەکردنی دارایی، گەمارۆخستنەسەر پیشەسازیی نەوت و گاز، ڕێگری لە کڕین و فرۆشتن و ساتوسەودای ئابووری، گەمارۆکانی پێوەندیدار بە چەکوچۆڵ و تێکنۆلۆژیی مووشەکی، قەدەغەکردنی سەفەری کاربەدەستان بۆ وڵاتان و جۆرەها سزای دی. بەڵام دوای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل کە دەکرا خاڵی وەرچەرخان لەو ستراتیژییە بووبا، دیسان دەبینین ئەمریکا، بریتانیا، وڵاتانی یەکیەتیی و ئورووپا و کانادا پێکەوە و بەجیا گەمارۆ و سزای نوێی دیکە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێننەوە. خۆ ڕاستە دوو دەیە گەمارۆ و سزادان کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا تەریک خستووەتەوە، بەڵام هەروەک گوترا نەیتوانیوە نە ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێژیم لەهەمبەر خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی جیهانی بگۆڕێت و نە لە وەستاندنی بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ڕێژیم و ئەجێندای میلیشیاسازی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەدا سەرکەوتوو بێت.

جا بە سەرنجدان بەوەی کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی وڵاتدا خەڵک و لە دەرەوەی سنوورەکانیدا ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەی بەبارمتە گرتوە، کاتی ئەوە گەیوەتێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمدا چیی دی دیکە تەنیا خۆی بە پەروەندە ئەمنیەتییەکانی وەک بەرجام و بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیم سەرقاڵ نەکات کە هەتا ئێستا ستراتیژییەکی ناکام بووە. کۆمەڵگەی جیهانی بە خستنەبەرچاوی ئەو ڕاستییەی کە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت نە ئێران و نە ناوچە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیانەوە نابینن، پێویستە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە جۆری مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بکات، ئەویش کۆتاییهێنان بە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و لاکردنەوە و پشتیوانیی جدی و بەکردەوە لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لەو ڕێژیمە و ڕووخاندنی، و هێنانەسەرکاری نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و حاواوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی.

٢٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا!



لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی ئێستادا کە ئێران لای وایە بەلای بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا شکاوەتەوە، تەنیا چین و ڕووسیە وەک هاوبەشی ئابووری و هاوپەیمانی سیاسیی خۆی شک دەبات. لەنێو وڵاتانی ناوچەشدا کۆماری ئیسلامی زۆرترین چاوەڕوانیی ئەمەگناسیی لە سووریە و عێراق هەیە، چونکی خۆی بە ڕزگاریدەری سەرەکیی بەشار ئەسەد لە تەنگژەی بەهاری عەرەبی و شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە دەزانێت و هەروەها لای وایە عێراق سەبارەت بە لەکۆڵکردنەوەی مەترسیی داعش قەرزباری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەڵام مێژووی ڕووداوە هەستیارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆستی ستراتیژیکی نەبووە و نییە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەسەر ئەوە پێداگری کردوە کە بەناو پاراستنی تەواوەتیی ئەرزی بۆ ئەو هێڵی سوورە و لەسەر جوغرافیای سیاسیی ئێران تەعاروفیان لەگەڵ کەس نییە؛ کەچی پێوەندیدار بە پرسی سێ دورگەکەی ئەبوومووسا و تۆنگی گەورە و بچووک تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕووسیە دوو جار و چین جارێک ڕوویان لە ئێران وەرسووڕاندوە و دوێنێ و پێرێش نۆرەی سووریە بوو پشت لە ئێران بکات و دەنگی بخەنە پاڵ دەنگی ئیمارات، لایەنی بەرانبەری ئێران لەو داوایەدا. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریە کە یەکێک لە بەشدارانی سیوسێهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی بوو کە ڕۆژی پێنجشەمم، ٢٧ی بانەمەڕ لە مەنامەی بەحرەین دەستی بە کارەکانی کرد، ڕۆژی هەینی بڕیارنامەی کۆتایی

کۆبوونەوەکەی ئیمزا کرد کە لە یەکێک لە بڕگەکانیدا داگیرکاریی ئێران بەسەر سێ دوورگەی ئەبوومووسا، تۆنبی گەورە و بچووک مەحکووم کرابوو. هەروەها داوا کرابوو کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گوشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تا خاوەندارەتیی ئەو سێ دوورگەیە بداتەوە بە وڵاتی ئیمارات.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسکردن لەوە نییە کە ئاخۆ ئیدیعای ئێران یان داوای وڵاتی ئیمارات لەسەر خاوەنێتیی ئەم دوورگانە کامیان ڕاست یان چەوتن، بەڵکوو مەبەست سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە نەیهێشتووە ئەم وڵاتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەتا ئێستاش هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی هەبێت.

مەحموود چەهارباغی، فەرماندەی تۆپخانەی سپای پاسداران لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨دا و لە وتارێکدا ئاشکرای کرد کە خامنەیی لە کاتی بەڕێکردنی قاسم سولەیمانی بۆ سووریە پێی گوتوە پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریەم لە تۆ دەوێ بۆ ئەوەش دەستت بە هەموو شتێک ئاوەڵایە. هاوینی ڕابردوو لە کاتی هەککردنی بەڵگەنامەکانی نەهادی سەرۆککۆماریدا دەرکەوت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٥٠ میلیارد دۆلار پووڵ و سامانی وڵاتی ئێرانی لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بەفیڕۆ داوە. چوار ساڵ پێشیش لە خەرمانانی ١٣٩٩دا حیشمەتوڵڵا فەلاحەت پیشە، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی نیشتمانیی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی گوتبووی لە دە ساڵی ڕابردوو یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد پتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار بووە، بەڵام وەڵامدانەوەی بەشار ئەسەد ئەوەیە کە دەبینین!

خۆ جیا لەو پشتکردنەی ئێستای بەشار ئەسەد لە بڕیارنامەی کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیدا، کاتی هێرشی مووشەکیی ئیسڕائیل بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دەمیشق (١٣ی خاکەلێوە)ش ئەوە گوترا کە بەشار ئەسەد لە سەودایەکدا لەگەڵ ئەمریکا و ئیسڕائیل، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی فرۆشتوە و زانیاریی ورد و دەقیقی دانیشتن و شوێنی کۆبوونەوەکەی فەرماندەکانی سپای پاسداران لەلایەن ڕێبەرانی دەمیشقەوە بە ئیسڕائیل دراوە. هەر ئەوکات ماڵپەڕی "تسنیم" و "بولتن نیوز"ی نیزیک لە سپای پاسداران حاشایان لەوە نەکرد کە لە سووریە خیانەتیان لێ کراوە، بەڵکوو تەنیا پاکانەکەیان بۆ بەشار ئەسەد ئەوە بوو کە لەوانەیە زانیارییەکان لەلایەن کەسانی پلەخواری سوپای سووریەوە دزەی کردبێت و بە ئیسڕائیل درابێت!

پێوەندیدار بە چین و ڕووسیەش لە قۆناغە ناسکەکانی مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا قەت پشتی کۆماری ئیسلامییان نەگرتوە. چین و ڕووسیە وێڕای وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئیمزای "بەڵێ"یان بۆ هەر پێنج بڕیارنامەکەی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە

یەکگرتووەکـان لەدژی ئێـران و سـەپاندنی سـزای قوورسـی ئـابووری بەسـەر ئەم وڵاتەدا کردبـوو. بەتـایبەت ڕووسیە نەک هەڵوێســتەکانی ئەم دوو دەیەی ڕابــردووی لە شــوڕای ئەمنیــیەت و لە پێوەنــدییەکانی لەگەڵ وڵاتــانی عەرەبــی دژی بەرژەوەندییەکان ئێران، لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیشدا بە تەواوی پشتی سەدامی گرتبوو و گەورەترین و گرینگترین سەرچاوەی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ عێراق بوو. ڕووسیە دواتریش لە ڕووداوەکـانی قەفقـاز، هەرێمی دەریایی خەزەر، گواستنەوەی وزە بۆ ئەرمەنستان، بەرجام و تێوەگلاندنی ئێران لە شەڕی ئۆکراین و زۆر ڕووداوی دیکەدا پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران بڕیاری داوە.

وڵاتی چینیش کە هەموو کاتێک خۆی وەک پشتیوانی سیاسی و ئابووریی ئێران پێشان داوە، لەڕاستیدا پتر لەوەی لە کاتە هەستیارەکانی وەک پرسی بەرجامدا پشتی ئێران بگرێت، بەتـایبەت لە پرسی گەمارۆکـانی سەر ئێراندا هاوهەڵوێستیی ئەمریکـا و وڵاتــانی ئورووپـا بـووە. چـین هەر ئێسـتا زیـاتر لە ٢٠ ملیـارد دۆلار پـارەی دەسبەسـەرداگیراوی ئێرانـی لە بانکەکانیدا گل داوەتەوە و نەوتـی ئەم وڵاتەش بە داشکانێکی خەیـاڵی دەکڕێ و لەبـری پـوڵ و دراو، کـاڵای بێکوالیتیی جۆراوجۆری دەداتێ. بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران هەمیشە کۆشکی هیوایـان لەسەر ئەوە هەڵچنیـوە کە لە گرژی و ئـاڵۆزیی پێوەنـدییەکانی نێـوان چـین و ئەمریکـادا پـکەن جـامینی ئێرانـی بوێـت، بەڵام قەت ئەوە وەڕاسـت نەگەڕاوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر لە ساڵدا بڕی مامەڵە و سەودای ئێران لەگەڵ چین لە سـاڵدا ٢٠ ملیـارد دۆلار بێت، سەودای چین و ئەمریکـا لەگەڵ یەکتـری سـەرەڕای شـەڕی ئـابووریی نێوانیـان سەروو ٥٠٠ ملیـارد دۆلارە. کەواتە چین تەنیـا وەک بازاڕێکی بەکارهێنان و دەرفەتێک بۆ قازانجی زیاتر چاو لە ئێـران دەکـات و لەوە بەولاوەتـر هیچی دیکە نییە. وەک چۆن زۆر بە خشـکە پـێچەوانەی ڕێککەوتنەکـانی پێشـوو لە وەبەرهێنـان لە مەیـدانی نەوتیـی "یادئـاوەران" و مەیـدانی گـازیی "ئازادەگان" چووە دەرێ و بەوە دەیان میلیارد دۆلاری زیان لە ئێران دا. چین لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ٦٤ ملیـارد دۆلاری لە کەرتی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەبەرهێنـان کردوە کە پشکی ئێران تەنیـا سەتا ٤ی و ئەویش لە قۆنـاغی سەرکەوتنی بەرجامدا بـووە و ئەوەی دیکەی هەمووی بـۆ وڵاتـانی ڕکەبەری نـاوچەیی ئێران وەک عێراق، ئیمـارات و عەرەبستان بـووە، تەنـانەت ئەندامەتیی ئێـران لە "پەیمـانی شـانگهای"یش نەیتـوانی پێشـی کشـانەوەی چین لە کەرتـی وەبەرهێنـانی نەوت و گازی ئێران بگرێت.

دوای چین و ڕووسیە دەمێنێتەوە ئەو میلیشیا و گرووپـانەی ئێـران دەیـانژێنێت و ئەوانیش هەم خۆیـانی پـێ دەوڵەمەنـد و تەیـار هەم جاروبـارە شـەڕی نیـابەتی بـۆ کۆمـاری ئیسلامی دەکەن کە ئەوانیش نـاتوانن هەتـا سەر گـوێڕایەڵ و پـارێزەری بەرژەوەنـدییەکانی ئێـران بـن؛ هەر وەک پێشـتریش لە وەرسـووڕانی حەمـاس لە ئێـران لە ڕووداوەکـانی شـەڕی نێوخـۆیی سووریەدا بینیمان.

ئێران لە ئێستادا لە هەموو ڕکەبەرەکانی ناوچەیی بەجێ ماوە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە. بۆ نموونە پاکستان جیا لەوەی هێزێکی ئەتومییە کەچی بەو حاڵەش لەژێر چەتری پشتیوانیی ئەمریکادایە؛ تورکیە ئەندامی ناتۆیە و وڵاتانی عەرەبییش جیا لە هاوپەیمانییە جۆراوجۆرەکانی نێوان، پشتیوانیی ئەمریکا و ناتۆشیان هەیە و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی تاکلایەنەش پەیماننامەی نیزامییان لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی هەیە. بەڵام سیاسەتی دەرەکی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو وڵاتەی لە لێکگریدانی بە هێز و دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا بێبەش کردوە. بێمتمانیی خەڵکی نێوخۆی وڵاتیش بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە دەستی ڕێژیمی لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە کورت کردووەتەوە، سروشتییە کە هیچ وڵاتێک ناچێتە نێو پەیمانی ستراتیژیی سەربازی و ئابووری لەگەڵ وڵاتێک کە لە شەرعییەتی خەڵکی و سیاسیی لایەنی بەرانبەری دڵنیا نەبێت.

٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# ڕێژیمی منداڵکوژ و مافی منداڵان!




## ئاماژە:

**ڕۆژی یەکی ژوئەن (١٢ی جۆزەردان) ڕۆژی جیهانیی منداڵانە. ئەگەرچی لە وڵاتانی دێموکراتیک و گەشەندوودا لەو ڕۆژەدا زیاتر جێژن و ڕێوڕەسمی دڵخۆشکەر بۆ منداڵان ڕێکدەخرێت، بەڵام لە وڵاتانی دێموکراتیک و دیکتاتۆریدا کە مافەکانی منداڵانیش بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت، ئەم بۆنەیە دەرفەتێکە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ڕەوشی مافەکانی منداڵان. ئەم وتارە باس لەو بابەتە دەکات:**

## مێژووی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

دیاریکردنی ڕۆژی ١ی ژوئەن وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی یەکیەتیی نێونەتەوەی دێموکراتیکی ژنان لە پاریس (ساڵی ١٩٤٩) کە ئەو ڕۆژەیان بە ناوی ڕۆژی نێونەتەوەیی منداڵان ڕاگەیاند. لەو ڕۆژە بەدواوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی بەرەی سۆسیالیستیی ئەوکات بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و گرتنی کۆنفرانس و کۆبوونەوە لەسەر دۆخی منداڵانی جیهان، ڕێزیان لەو ڕۆژە گرتوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو ڕۆژە -واتە ١ی ژوئەن- دەکرێ بە جێژن و شادی بۆ منداڵان.

بەشی چوارەم

نزیک بە ١٠ ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٥٩و لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەیاننامەی مافی منداڵان پەسەند کرا و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبر کە ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەکەیە بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاری کرا و ٣٠ سال دواتر واتە لە ٢٠ی نوامبری سالی ١٩٨٩ کۆنڤانسیونی مافی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا کە هەتا ئیستا ١٩٣ وڵات تێیدا ئەندامن. ئامانجی ئەو کۆنڤانسیۆنە دروستکردنی دنیا و ژیانێکی باشتر بۆ منداڵان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی و یارمەتیدان بە گەشە و هەڵدانی لە بواری جەستەیی، دەروونی و عاتفییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ٥ ساڵ دواتر لە ڕەشەممەی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٤) مەرجدار ئەم کۆنڤانسیۆنەی پەسند کرد و چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بە ئیمزاکردنی بەڵێنیان داوە ئەو مافانە بۆ منداڵانی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قانوون و پرەنسیپانە گۆڕانکاری لە قانوونە گشتییەکانی وڵات لە پێناو دەستەبەربوونی مافەکانی منداڵاندا پێک بێنن. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر خۆی لەو بابەتە دزیوەتەوە، بگرە قانوونی زۆر ناسەردەمیانەی دیکەشی لە دژی منداڵان و مافەکانیان لە ئێراندا پەسند کردوە و لە دوای سەرکوتی جووڵانەوە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی ژینادا کە لەو نارەزایەتییانەدا دەیان منداڵی دایە بەر فیشەک و گیانی لێ ئەستاندن، ئێستا بە ڕێژیمی منداڵکوژ ناوی دەبرێت.

## منداڵان و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی

سەرمایەی سەرەکیی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ناسنامەیی هەر وڵاتێک لە ئێستا و داهاتوویدا منداڵانن و دۆخی پەروەردەیی وڵات و ڕوانگەی دەسەڵات بۆ ئەو بابەتە دەتوانێ چارەنووسی تایبەت و جیاواز بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە وێنا بکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە و بە ئایدۆلۆژیی پێکهێنانی بەسیجی ٢٠ میلیۆنی خەونی تایبەتیان بۆ منداڵان بینیبوو. ڕێژیم بە مەبەستی ئەبەدی کردنی دەسەڵاتەکەی و هەر لە مانگ و ساڵەکانی یەکەمی یەکانگیریی نیزامی سیاسیی خۆیدا بە پرۆژەکانی وەک ئیسلامیکردنی سەرچاوەکانی خوێندن، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر منداڵانی کچ و دامەزراندنی جۆرەها ڕێکخراوی ئایدۆلۆژیک لە قوتابخانەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە سیستمی پەروەردەیی وڵاتدا پێکهێنا. ئامانج لەوەش بارهێنان و پەروەردەکردنی نەوە دوای نەوە هێز و سەرباز بۆ پاراستنی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام ئەم نەخشەڕێیەی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی زۆر قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بۆیە منداڵانی دەیەی ٦٠، ٧٠ و ٨٠ لە ئێستادا هێزی سەرەکیی دژبەری کۆماری ئیسلامی و لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەن.

لە بزووتنەوەی ژینادا دەیان منداڵ - زیاتر لە ٦٠ منداڵ - بەتایبەت لە کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژران، سەدان منداڵ دەسبەسەر کران و بۆ تۆقاندن و چاوترسێنکردنیان دەستدرێژییان کرایە سەر و تەنانەت ژمارەیەک لەوان لە زیندان و گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. بەڵام تووڕەیی ڕێژیم لە مایەپووچیی سیاسەتەکانی بەو جینایەتانەش دانەمرکا و، بینیمان کەوتە دەرمانداوکردنی منداڵان لە قوتابخانەکان!

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەڵگەنامەی ٢٠٣٠

بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونێسکۆ پێوەرێکی باش بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی منداڵان بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا لە وڵاتان و هەوڵی حکوومەتەکان بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجەکانی ئەم بەڵگەنامەیەی یونێسکۆیە کە لە١٧ ئامانجی سەرەکی و ١٦٩ ئامانجی لاوەکیی پێکهاتوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا یەکێک لەو ١٩٢ وڵاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ئەم بەڵگەنامەیەی ئیمزا کرد، بەڵام دواجار بە بڕیاری خودی خامنەیی و لە مانگەکانی یەکەمی سەرکۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری کوژراوی ڕێژیم و لە کۆبوونەوەی شورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگیرا و بە ڕەسمی هەڵوەشایەوە.

بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ ڕێبەرانی و کۆمەڵگەی جیهانی ئەرکدار دەکات هەتا ساڵی ٢٠٣٠ کار بۆ نەهێشتنی هەژاری، برسێتی، توندوتیژی و گەندەڵی بکەن و بەرەو کەرامەتی مرۆیی، ئاشتی، دادپەروەری، یەکسانیی ڕەگەزی، تواناسازیی کچان و ژنان، ڕێزدانان لە جۆراوجۆریی کولتووری، پەرەدان بە فێرکردن و پەروەردەی منداڵان و جێگیرکردنی دێموکراسی هەنگاو بنێن. بەڵام کۆماری ئیسلامی و کار بۆ ئەو ئامانجانە؟

خاڵێکی جەوهەریی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی دوورکەوتنەوە لە پەروەردەی مەزهەبی و ڕەخساندنی کەشێکی زانستی بە مێتودی ڕۆژ بۆ بارهێنان و فێرکردنی منداڵانە. سروشتییە کە ڕێژیمی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ٢٠٣٠ چیتر و پێڕەوی لە پرنسیپە نێونەتەوەییەکان نەیاندەتوانی قوتابخانە و ناوەندە زانستییەکان بکەنە گۆڕەپانێک بۆ پەرەپێدان بە پلان و بیرۆکە سیاسییەکانی خۆیان و هەڵخراندنی منداڵان. هەروەها لە ئەگەری هەنگاونان لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠دا بەرەبەرە لە نفووز و هێژمۆنی دەسەڵاتی داخراو کەم دەبۆوە و ئەمەش ڕێگە ئاوەڵا دەکرد بۆ چالاکیی و جموجۆڵی هزریی زیاتری قوتابیان و خوێندکاران. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە هەستی بە مەترسییەکی گەورە کردبوو، نەک هەر لە بنی چووە دەرێ، بەڵکوو کەشی داخراویی زیاتری بەسەر سیستمی پەروەردە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا

سەپاند.

## دۆخی منداڵان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

بەشێک دەرەنجامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافەکانی منداڵ لە ئێران لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بریتین لە: کۆماری ئیسلامی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی خۆی و لە شەڕی ئێران و عێراقدا هەر بەپێی ئاماری بنیاتی بەناو "حفظ آثار و نشر ارزشهای دفاع مقدس" زیاتر لە ٣٣ هەزار منداڵی قوتابیی لە بەرەکانی شەڕدا بەکوشت دا. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەدان منداڵی ئێعدام کردوە و لە ئیستاشدا ئەو منداڵانەی بەهەر هۆیەک تووشی تاوانی کوشتن بوون، لە زینداندا هەتا گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵی ڕادەگیرێن و دواتر ئێعدام دەکرێن. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زیاتر لە نیوەی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن و بنەمای خوێندن لە کۆماری ئیسلامی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا لەسەر پەروەردەی ئیدئۆلۆژێک و بە مەبەستی فێرکردن لەسەر بنەڕەتی دژایەتیی پرەنسیپە جیهانییەکان دارێژراوە.

هەڵاواردنی ڕەگەزی لە پرۆسەی خوێندنی منداڵان، بێبەشبوون لە خوێندن و وازهێنانی بەناچاری منداڵان لەسۆنگەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەدخۆراکی بەهۆی هەژاری و بێئەنوایی، منداڵئازاری، بەمنداڵی بەشوودان، یاساییبوونی کارکردن بە منداڵ ئەویش بە مووچە و حەقدەستی کەم، خۆکوژیی منداڵان، پێنەدانی ناسنامە بەو منداڵانەی لە دایکی ئێرانی و باوکی بیانین و زۆر دیاردەی دیکەش تەنیا بەشێک لەو دۆخە کارەساتبارە پیشان دەدەن کە منداڵان لە ئێران تێیدا گەورە دەبن و مافەکانیان پێشێل دەبن. هەر لەجێشدا یەکەمین قوربانییانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتیش هەر منداڵانن کە لەسۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەم قەیرانەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و هەم خەسار و زیانەکانی لەسەر ڕەوشی منداڵان بەردەوام زێدەتر دەبن.

لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر تەنیا باس لە مافی خوێندن وەک بنەڕەتیترین مافی هەر منداڵێک دەکەین. بە پشتبەستن بە ئاماری ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی ئێران لە ساڵی خوێندنی ١٤٠١-١٤٠٢دا زیاتر لە یەک میلیۆن و ١٩٠ هەزار و ٢٩١ منداڵ لەو وڵاتە لە خوێندن دابڕاون کە بێگومان نیزیک بە تەواوی ئەو منداڵانە چارەنووسیان وەبەرکارنانی زۆرەملی بووە. "ایرنا"، هەواڵدەریی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زمان بەناو کارناسانی ڕێژیمەوە هۆکاری ئەوەی بۆ "هەژاریی فەرهەنگی"ی بنەماڵەکان گەڕاندۆتەوە، بەڵام پاساوهێنانەوە بۆ قەیرانی هەژاریی ڕەها لە کۆمەڵگە وەک هۆکاری سەرەکیی دابڕان لە خوێندن کە ئاکامی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە سیاسەتی

**بەشی چوارەم**

فێرکـردن و پەروەردە لە کۆمـاری ئیسـلامیدا چەشـنی ڕەهەنـدەکانی دیکە هەرەسـی هێنـاوە. خـۆ بەپێـی ئامـارە ڕەسـمییە ڕاگەیەنـدراوەکان تەنیـا لە یەک سـاڵی ڕابـردوودا زیـاتر لە ٢٠ هەزار حـاڵەتی "منداڵهاوسـەری" لە ئێرانـدا تۆمـار کـراوە، ڕاپۆرتی لانیکەم ٧٧٨٠ حاڵەتی دەستدرێژی و منـداڵئازاری بڵاو کـراوەتەوە، زیـاتر لە ٢٠٠ منـداڵ خۆیـان کوشـتوە و دان بە بوونی زیاتر لە ٧ میلیۆن منداڵی کار داندراوە کە هەزاران کەس لەوان بە زبڵگەری دەژین.

ڕای گشـتیی مافناسـەکان ئەوەیە کە کـۆمەڵگەی ئێـران لەسـۆنگەی ڕەگـداکوتان و سـەپاندنی ڕوانگە، سیاسـەت و کولتـووری کۆماری ئیسلامیدا "منداڵتەوەر" نییە، هەر بۆیەشە زۆرترین پێشێلکاریی مافەکانی منداڵان لە کۆمەڵگەی ئێرانـدا ڕوو دەدا و بەهـۆی زۆروبـۆر بـوونی ناوەنـدەکانی بڕیـاریش هـیچ ئۆرگـان و دامەزراوەیەکـی حکـوومەتی بەرپرسـایەتیی پێشـێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی منداڵان لە ئێران وەئەستۆ ناگرێت.

## دۆخی منداڵان لە کوردستان

بـارودۆخی مافەکـانی منـداڵانی کورد لەچـاو منـداڵانی ناوچەکـانی دیکەی ئێـران چەنـد قـات نالەبـارترە. بێکـاری، هەژاری، لەدواکەوتووییـداڕاگیرانی کوردسـتان و دروسـتکردنی قەیرانـی شـوناس بـۆ منـداڵانی کـورد کە بەرهەمـی ڕوانگەی ئەمنیەتییـی دەسـەڵات لە کوردسـتانە، شـوێنەواری زۆر خراپـی لەسـەر ڕەوشـی منـداڵانی کـورد و مافەکانیـان دانـاوە. هەروەهـا زیـان و خەسـارەکانی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان ئەگەرچـی لە ئێرانـدا گشـتی و وەک یەکـن، بەڵام کاریگەرییەکانیـان لە کوردسـتان بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنیەتییە لەسەر منداڵان زیاترن؛ بەو واتـایە ژمارەی منـداڵانی کـار زیـاترە، بەڵام ئیمکانـاتی پەروەردە و خۆشبژیوی بۆ منداڵان لە کوردستان کەمترە. بێبەشیی منـداڵانی کورد لە خوێندن بە زمـانی دایک، بنکۆڵکردنی مێـژوو و کولتـووری کـوردی لە قوتابخانەکـان لە ڕێـگەی دامەزراوە بەنـاوی فەرهەنگـی بەڵام ئەمنییەتییەکـانی ڕێـژیم، سـەرکوتی جموجۆڵی فکری و فەرهەنگیی منداڵان، پەرەسەندنی دیاردەی کاری منداڵان بەتـایبەت کۆڵبەری و کوژران و بریندداربوونی منداڵان بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی چەند لایەنێکی تایبەتتری ڕەوشی منداڵان لە کوردستانە.

## ئاکامگیری:

لە نێوەڕاستەکانی مـانگی خەزەڵـوەری ١٤٠١ و لە گەرمەی بـزووتنەوەی ژینـادا دروشـمەکانی "ڕێژیمـی منـاڵکوژ دەبـێ بـڕوات" کەوتە سەر زاری خەڵکی ئێران. ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، چونکی تـا ئەوکـات نیزیـک بە ٧٠ منـداڵ لە خۆپێشـاندانەکاندا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێـزە چەکـدارەکانی ڕێـژیم کوژرابـوون. هەروەهـا ئەوە سـەرەتـای منـاڵکوژیی ڕێـژیمیش نەبـوو، ڕەنگبـێ

بتوانین "نیلوفر تشید"، کچە تەمەن ١٥ ساڵەکەی خەڵکی تاران کە بە تۆمەتی ئەندامەتیی لایەنێکی سیاسیی دژبەری ڕێژیم لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠دا گوللەباران کرا، بە یەکەم منداڵکوژیی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دابنێین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەشەوە بە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان و پڕۆژە ئایدۆلۆژییەکانی خەون و خولیای منداڵانی ئێرانی کوشتووە، لەخۆڕا نییە کە ئێستا منداڵانی دوێنێ و ئێستای کۆمەڵگەوە بەهێزترین بزوێنەری نارەزایەتییەکان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەن. ڕوون و ئاشکراشە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی منداڵان و دۆخی مافەکانیان لە ئێران بەدی نایەت.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

## ئورووپا و دیپلۆماسیی تێرۆر و بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی




ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دواجار توانی بە دیپلۆماسیی بارمتەگیری لەبری بەردانی یوهان فلۆدرێس، دیپلۆماتی سوێدیی یەکیەتیی ئورووپا، حەمید نووریی بکوژ و یەکێک لە ئەندامانی تیمی کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ بۆ تاران بگەڕێنێتەوە.

حەمید نووری ماوەی نیزیک بە ٥ ساڵ بوو لە سوێد بەند کرابوو. ئەو کە لە دادگای ستۆکهۆڵمدا بە تاوانی جینایەت دژی مرۆڤایەتی و بەشداری لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسیدا سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپابوو، دوای پشتڕاستکرانەوەی ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەدا، بە ساتوسەودای سیاسیی ئێران لەگەڵ وڵاتی سوید لە بری ئازادکردنی دوو هاووڵاتیی سویدی کە لە تاران بە بارمتە گیرابوون، گەڕایەوە ئێران و لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بە چەپکەگوڵ پێشوازیی لێکرا. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێک لە پووشپەڕی ساڵی ڕابردووشدا توانیبووی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستی خۆی کە لە بێلژیک بە تاوانی بەشداری لە کردەوەی تێرۆریستیدا داگایی و سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپابوو، لەبری ئازادکردنی "ڤاند کاستێل"، هاووڵاتییەکی ئاسایی بێلژیکی کە بە بارمتەی گرتبوو؛ ئازاد بکات.
ئەمە یەکەمجار و دووهەمجار نییە وڵاتانی ئورووپایی لە حاند دیپلۆماسیی تێرۆر و بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامیدا نەرمی دەنوێنن. ٣٢ ساڵ لەوەپێش دوای تێرۆری مێکۆنووس و لە کاتی ناشتنی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا لە وتاری سیاسیی حیزبدا هاتبوو کە ئەگەر دەوڵەتی ئۆتریش دوای تێرۆری د. قاسملوو سەرەڕای بەردەستبوونی هەموو بەڵگەکان دیپلۆمات

تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی بەرەو تاران ئێسکۆرت نەکردبا، ڕەنگبێ کۆماری ئیسلامی ئاوا ئاسان دەستی بۆ تێرۆری مێکونووس نەچووبا. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا د. برنارد گرانژون، سەرۆکی ئەوکاتی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور گوتی "ئێمە تەنیا هەست بە خەم و ناڕەحەتی ناکەین، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕق و نفرەت و تووڕەییەکی زۆر دایگرتووین و دەپرسین هەتا کەی دەبێ بەهەر نرخێک تەسلیمی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران بین و ڕێگای پێبدەین بە کەیفی خۆی هەرکەس کە پێی خۆش بوو لەهەر شوێنێک کە ویستی بیکوژێت". کلودیا ڕوت، لە ڕێبەرانی سەوزەکانی ئاڵمانیش کە لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری پێشکێش کرد، گوتی: "خەم و ماتەمی من ئەو شوورەیییەشی پێوە زیاد دەبێ کە دەبینم لە وڵاتەکەی مندا نوێنەرانی حیزبی دێموکرات دەکوژرێن. وا دێتە بەرچاو کە لەمەودوا ئەوە سوونەتێکی ڕێژیمی تیرۆریستیی تارانە کە لە کەرەستە و ڕێگا سیاسییەکان بۆ داپۆشینی ئاکارە تیرۆریستییەکانی کەلک وەرگرێت و بە سەرنجدان بە پێوەندیی گەرمی نێوان وڵاتە غەربییەکان و ئێران زۆر هاسانتر لە تاوانەکانی بەردەوام بێت. ئەمن ماتەمبارم لەوەی تووڕەیی و بێزاری لەدژی ڕیئالپولتیکی حکوومەتەکەم هەیە کە بۆ پاراستنی کوردەکان لەم کوشتارە خوێناوییانە دەستەوەستانە و پشتیوانی لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ دەکا." مخابن دوای ٣٥ ساڵ لە تێرۆری ڤییەن ئێستاش وڵاتانی ئورووپایی بە چاوپۆشی لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، برەودان بە ئیسلامی سیاسی لە ئورووپا و گۆڕینەوەی تاوانباران، بکوژان و تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانیانی بەبارمتەگیراو، هەم باج بە ڕێژیم دەدەن و هەم سیاسەتی دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ئەم ڕێژیمە بەهێزتر دەکەن.

بەڵام پێوەندیدار بە بڕیاری گۆڕینەوەی حەمید نووری لەگەڵ دوو بەندکراوی هاووڵاتیی سوید کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەبارمتە گیراون چەند ڕاستییەک کرێتی و شوورەیی ئەم بڕیارەی حکوومەتی سوید زیاتر دەکات. پێش هەموو شتێکیش ئەو جۆرە ساتوسەودایە لەگەڵ ڕێژیم لە داهاتووشدا ئەمنییەتی هەر هاووڵاتییەکی ئورووپایی و کەسانی دووولاتە دەخاتە مەترسییەوە کە سەردانی ئێران یان تەنانەت وڵاتانی دراوسێی ئێران دەکەن، چونکی پەیامەکەی بە کۆماری ئیسلامی ئەوەیە ئەتۆ هەر تاوان و جینایەتێک بخوڵقێنی بازاڕی سەودا و مامەڵەمان هەر لەجێی خۆیدایە! جا کەوابوو ئازادکردنی نووری و ئەسەدییەکان جیا لە لاوازکردنی هەوڵە نێونەتەوەییەکان بۆ وەڵامدەرکردنی ئێران و هاندانی ئەم ڕێژیمە بۆ بەردەوامیی لە تێرۆر و جینایەت ئاکامێکی تری نابێت.

لەلایەکی دیکەشەوە دادگای ستۆکهۆلم لە پرۆسەیەکی تەواوی یاسایی و دادپەروەرانە بە بەشداریی پارێزەر و لەسەر بنەمای هەموو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان حوکمی لەسەر حەمید نووری دا. هەر لەو حوکمەشدا تیشک خرایە سەر ئەوەی حەمید نووری لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری کوژراوی ڕێژیم ئەندامی تیمێک بوون کە بە هەیئەتی مەرگ دەناسران و دادگای ستۆکهۆلم بە بەڵگەوە جینایەتەکانی ڕێژیم لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و کۆمەڵکوژکردنی هەزاران زیندانیی سیاسیی بە

بەڵگەوە سەلماند؛ بۆیە حکوومەتی سوید نەدەبوا هەڵەی حکوومەتەکانی ئۆتریش و بێلژیکی دووپات کردباوە و ئەو سەودایەی لەگەڵ ڕێژیم کردبا و ناحەزی و شوورەیی ئەو بڕیارەی بۆخۆی کڕیبا. بێگومان ئەگەر دادگاییکردنی حەمیدی نووری و سەپاندنی سزای زیندانی هەتاهەتایی لە سۆنگەی جینایەتەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بۆ سیستمی دادی سوید وەک لاپەڕەیەکی پڕ شانازی دەمێنێتەوە، بڕیاری حکوومەتی ئەو وڵاتە و سیاسەتی ساتوسەودای لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بە سووکایەتی بە دێموکراسی، خیانەت لە سیستمی دادوەریی وڵاتەکەی خۆیان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و، هاوکات تاوانێکی گەورەش دەرحەق بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران دادەنرێت کە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا پەیامی خوێ بە گوێی هەموو خەڵکی دنیا گەیاندبوو.

بێگومان چاوەڕوانیی خەڵکی ئێران قەت ئەوە نەبووە دەوڵەتانی ئورووپایی لەشکرکێشی بکەنە سەر ئێران و لە جیاتی خەڵکی ئێران ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن. بەڵکوو ویست و داوایان ئەوە بووە دنیای دەرەوەش ڕێژیمی ئێران وەک هەیە بناسێ و لە ئاکامدا نەک هەر ئیمکانی مانەوە و لەسەرپێ ڕاوەستانی بۆ پێکنەهێنێ، بەڵکوو پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئەو وڵاتەش بکا بۆ ئەوەی بە خەباتی سیاسیی خۆی ئەم ڕێژیمە بڕووخێنێ. لەم ڕووەوە بڕیاری دەیان ساڵەی وڵاتانی ئورووپایی لە دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی بۆ برەودان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی، دیپلۆماسیی بارمتەگیری و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ بێگومان جێگای داخ و هەروەها نسکۆ بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە. بەڵام لە هەمان کاتدا بەهێزکردنی ئەو دەنگەشە کە خەڵکی ئێران بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێویستە تەنیا پشت بە یەکگری و هێزی خۆیان ببەستن. هاوکات وێڕای کۆڵنەدان و بەردەوامی لە ڕەوتی دادخوازی، بەڵام وەدیهاتنی دادپەروەریی ڕاستەقینە، دادگایی و سزادانی تاوانباران و جینایەتکارانی ئەم ڕێژیمە بۆ ڕۆژانی دوای سەرکەوتن بە سەر کۆماری ئیسلامی هەڵگرن.

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**

## گرینگیی بەشدارینەکردن، پەیام و دەسکەوتەکانی



کۆماری ئیسلامیی ئێران چواردەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری کە لە ڕاستیدا سێهەمین هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماری لە تەمەنی خۆیدایە بەڕێوە دەبات، ئەویش لە کاتێکدا نە کاندیدا لە پاڵێوێنەدراوەکان کەسانێکی جێکەوتووی سیاسی و کۆمەڵایەتین، نە خەڵک لەو کەشەی بێمتمانەیی ڕەها بە دەسەڵاتدا هۆکارێک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا شک دەبەن. لە ئێستادا بێمتمانەیی خەڵک بە حاکمییەتی سیاسیی وڵات گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و لە کاتێکدا خەڵک هیچ هیوایەکیان بە گۆڕینی دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵات نەماوە؛ بەڵام بانگەشەی کاندیداکانی دەستچنکراو بۆ بەناو هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ هەر دێ و زیاتر دەبن.

وادە و بەڵێنی کاندیداکان لە کۆبوونەوە و دەرکەوتنەکانیان لە مێدیادا پتر وەک یەک دەچن: دابەزاندنی هەڵمسانی ئابووری، کرانەوەی سیاسی، گۆڕانکاری لە سیستمی ئیدارەدانی وڵات، باشترکردنی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و هەموو ئەو فڕوفێڵانەی پێیان وایە دەتوانن لەسەر هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان کاریگەر بن. لەو گەمەیەدا کار گەیوەتە جێگەیەک پوورمحەممەدی، جەلادەکەی دەیەی ٦٠، کە هەموو تەمەنی سیاسیی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دژی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بووە، خوازیاری هەڵگرتنی سانسۆڕ لەسەر ئینتێرنێت و نەهێشتنی فیلتێرشکێن بێت! یان زاکانی سووکایەتی بە داوا و مافە بنەڕەتییەکانی خەڵک بگەیەنێتە ئەو جێگایەی وادە و بەڵێنی دابەشکردنی

گۆشت لە بەردەمماڵییان پێ بدات! یان گاڵتەجار ئەوەی مەسعوود پزشکیان لە وەڵامی پرسیاری کارناسی بەرنامەی ئابووریی دەنگوڕەنگی ڕێژیمدا بۆ چۆنیەتیی ئیدارەکردنی دەوڵەتەکەی پەنا بۆ ئایەتێکی قورئان، بەڵگەی زانستی پزیشکی و خوتبەیەکی ئیمامی عەلی ببات!

بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵی ڕێژیم بۆ قازانجوەرگرتن لە دۆخی سیاسیی دوای کوژرانی ڕەئیسی بۆ سارێژکردنەوەی برینی بەشداریی لانیکەمی خەڵک لە سێ هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵی ڕابردوودا و دەستەبەری لانیکەمی شەرعییەتی خەڵکی، کەچی کۆمەڵگە هێشتا نەکەوتۆتە کەشی تایبەتیی هەڵبژاردنەکانەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو کەلێنە بەرفراوانە دەگەڕێتەوە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست بووە، بەتایبەت کەلێنی بێمتمانەیی بە تەواوەتیی حاکمییەتی سیاسی کە خەڵکی لە هەرچەشنە دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی تەمابڕاو کردووە.

خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سێ ساڵ لەوەپێشی سەرۆککۆماریشدا جوانترین و هەڵخەڵەتێترین دروشمەکان بۆ گۆڕانکاری ئەویش لە نیزیکترین و بڕواپێکراوترین کەسەکانی خامنەیی، واتە ئیبراهیم ڕەئیسی بیست کە بەهۆی کاراکتێری سیاسی و ئەمنییەتیی خۆیەوە دەستی بۆ هەرچەشنە بڕیار و گۆڕانکارییەک ئاوەڵا بوو. بەڵام نەک هیچ کام لە وادە و بەڵێنەکانی وەدی نەهاتن، بەڵکوو گوشارە ئابوورییەکان ئەوەندەیتر ئەوکی خەڵکیان گوشی؛ توانای کڕینی خەڵک چەند قات پتر لە پێشوو دابەزی؛ پێڕاگەیشتن و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان کە مافی بێئەملاوئەولای خەڵکە ئاسەواریان نەما؛ ئازادییە سیاسییەکان هیچ، ماف و ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک ئەوەندەی تر پێشێل کران و گرینگتر لە هەموو ئەوانەش پەرەسەندنی سووکایەتی بە بایەخ و کەرامەتی مرۆیی خەڵک بوو کە لە کوژرانی ژینا ئەمینیدا گەیشتە تروپکی خۆی. هەر ئەوەش بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و تێپەڕینی خەڵک لە تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

بایکۆتی دوو هەڵبژاردنی ئەم دواییانە ئاشکراترین ئەکتی سیاسیی خەڵک بۆ دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. واتە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێزدەهەمی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ١٤٠٠دا ڕەئیسی بە کەمترین دەنگ ڕکابەریی لەگەڵ دەنگی سووتاو دەکرد و کەسانی دووهەم و سێهەمی دوای ڕەئیسی دەنگەکانیان کەمتر لە دەنگی سووتاو و باتڵ بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ١٤٠٢ی مەجلیسی خوبرەگان و شورای ئیسلامیدا ئاستی بەشداریی خەڵک ئەوەندەی دیکە لە کەمیی دا و تەنانەت لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا بە حاڵەحاڵ گەیاندیانە سەتا ٨. لێرەدایە خەڵک دەپرسن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لەو هەمووە بەناو گۆڕانکارییەی لە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتدا کراوون، چ شتێک لە قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک گۆڕاوە کە خەڵک هیوادار بە بەردەوامییەکەی بکات؟

لەو نێوەدا تاکتیکی ڕێژیم بۆ تێکدانی هاوکێشەکە و بردنەسەرێی ئاستی بەشداریی خەڵک کە زۆری بۆ گرینگە، هێنانە پێشێی مەسعوود پزیشکیانە. پزیشکیان کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٤٠٠دا ڕەدی سەڵاحییەت کرابوو، دوای ئەوەی لە بزووتنەوەی ژینادا پشتی دەسەڵاتی گرت و جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی بە ئاژاوە و فیتنە بۆ زەبرلێدان لە حکوومەتی ئیسلامی ناو برد، ئێستا شیاویی خۆی پێ دراوە و ئەرکی کۆکردنەوەی دەنگی تورکەکانی ئێران و دەنگی ئیسلاحتەڵەبەکان - ئەگەر ڕمێنیان مابێت - و بە گشتی ئەرکی گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردنەکانی پێ سپێردراوە. بەڵام ئەمەش ئاسنی ساردکوتانە. خەڵکی ئێران لێیان روونە هەر شەش کەسەکەی ئێستا لە گوێڕایەڵی بۆ خامنەیی و جینایەتکردن بۆ پاراستنی نیزام هەموو قۆناغەکانیان بڕیوە و بۆ حاکمییەت سپاردنی ئەو ئەرکە بە هەرکامیان هیچ لە هیچ ناگۆڕێت. خەڵک دەزانن بە فەرزی ئەوەی پزشکیان وەک کەسێکی بەناو نیزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکان ناوی وەک سەرکۆمار لە سندووقەکان بێتە دەرێ مەگەر دەتوانێ لە پاپ کاتولیکتر بێت؟ مەگەر دەتوانێ لە محەممەد خاتەمی و حەسەن ڕووحانی دەستکراوەتر و بەدەسەڵاتتر بێت کە یەکیان دوای ٨ ساڵ گوتی لە تەدارەکچی بەولاوەتر هیچی دیکە نەبووە و ئەوەی دیکەیان گوتی هەتا خامنەیی هەبێت سەرکۆماری پۆستێکی تەشریفاتییە و لغاوی سەرەکیی دەسەڵات و سیاسەتەکانی وڵات لە دەستی بەیتی ڕێبەریدایە! لەوەش بترازێ، خۆ تەنانەت ئەگەر قالیباف، جەلیلی و پوورمحەممەدی یان هەرکام لە کاندیدا ئوسوولگەراکانی دیکە ناویان لە سندووق بێتە دەرێ مەگەر دەتوانن کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی خامنەیی هەبێت؟ بێگومان نا.

بۆیە خەڵکی ئێران لە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانەکان بەردەوام دەبن و ڕێگە نادەن ڕێژیم بەشداریی ئەوان لە گەمەی بەناو هەڵبژاردنەکان وەک خاوەنیتیی شەرعییەتی سیاسیی بە نێوخۆ و دەرەوە بفرۆشێتەوە.

بەشداریی خەڵک کە ڕێژیم هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەندازیاری کردوە، هەم درز دەخاتە کۆدەنگی و کۆڕاییەک کە لە کۆمەڵگەی سیاسیی وڵاتدا بۆ ناگوتن بە کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە شکڵی گرتوە، هەم دەرەتانی ئەوەش بۆ ڕێژیم دەڕەخسێنێ پشوویەکی بێتەوە بەر و خۆی لە قەیرانی شەرعییەت بەتایبەت دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕزگار بکات. ئەمەش گرینگیی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی چەند قات زیاتر کردوە، چونکی بەشداریی کەمتر لە سەتا ٤٠ ئەوەندەی دیکەی بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی تۆکمەتر و هیوادارتر بە داهاتووی بزووتنەوەی نارەزایەتییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەکات. بۆیە هەر کەس و لایەنێک و بەهەر بۆچوون و پاساوێک پاڵنەر و هاندەری بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بێت، ئاوی ئاشی خامنەیی کردوە. جووڵانەوەی ژینا بەتایبەت لە کوردستان کۆتایی بە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامی هێناوە و خۆی و چارەنووسی داهاتووی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە یەکلا کردووەتەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕازی نابێت.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# بایکۆت بە تامی ڕێفڕاندۆم




کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٨ ی پووشپەڕدا کەمترین ئاستی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێکی ئەم کەمە دەنگەش کە دراوە لەسۆنگەی داماوی و بێدەرەتانیی کەسانێک بووە دڵیان بە کەمترین کرانەوەی سیاسی و ئابووری لە دۆخی وڵات بەهۆی وادە و بەڵێنەکانی کاندیدایەک خۆش بووە کە وەک ڕکەبەری سەرەکیی کاندیدای دڵخوازی نیزام جێ خراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە چەند خاڵدا لێکدانەوەیەکی دی بۆ ئەم دۆخە بکەین:

- پێش هەموو شتێک ئەو بەناو هەڵبژاردنەی ڕۆژی هەینی بەڕێوە چوو پتر لەوەی ڕکابەری بۆ گرتنەدەستی جڵەوی سەرکۆماریی نیزام بێت، ململانێی خەڵک و دەسەڵات و ڕێفڕاندۆمی "نا" بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن خەڵکەوە بوو، خەڵکێک کە لە ئێستادا هەڵبژاردنەکان وەک ئەکتێکی نافەرمانیی مەدەنی و بایکۆت و سندووقەکانی دەنگدان وەک تاکە چەکی بەردەستی خۆیان لەهەمبەر نیزامی سیاسیی وڵاتدا بەکار دێنن.

- لەگەڵ ئەوەدا تێکڕای ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەناو هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردبوو، لە نێوخۆی وڵاتیشدا زۆر لایەنی سیاسی، کۆڕوکۆمەڵی مەدەنی، زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی دادخوازی ڕۆڵەکوژراو

هەڵوێستی بایکۆتیان هەڵبژاردبوو. بەووش سەرەڕای هەموو بازاڕگەرمی و فرتوفێڵەکانی ڕێژیم بۆ هاندانی پتری خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان نەک ڕیزی خەباتی سەرانسەری بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی درزی تێ نەکەوت؛ بەڵکوو خەباتی مافخوازانە دژی ڕێژیم هەنگاوێکی دیکەش بەرەو پێش چوو.

- لە ڕوانگەی عەلی خامنەیی هەر دەنگێک بە هەر کاندیدایەک درابێت، چووەتە نێو هەمبانەی ڕێژیم و هۆکارێک بووە بۆ کڕینی "عیززەت" و "حەیا" لە پێناو "مانەوە و بەردوامی"ی نیزامدا! لەگەڵ ئەوەدا باس لە ئەنگیزەی بەشێکی زۆر لە بەشداران لەو کەمە بەشدارییەشدا کرا کە نیازی دڵیان بە هیچ کلووجێک لەگەڵ بۆچوونەکانی خامنەیی یەک ناگرنەوە؛ بەڵام بەو حاڵەش ئێستا ئیدی خامنەیی هەر بەو مەنتیقەی خۆی دەبێ بۆی دەرکەوتبێ هەر دەنگێکیش لەو بەناو هەڵبژاردنەدا نەچووەتە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە، دەنگی دژ و "نا" بە ڕێژیم بووە.

- ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکان لەگەڵ ئەوەدا زیاتر لە سێ دەورە بوو کەوتبوونە بەر غەزەبی خامنەیی و ناوکی دەسەڵات، بەڵام بە خوێندنەوەی هەڵە لەدۆخەکە و سیلەی ڕەحمی ئەمجارەی خامنەیی لەبەشداریپێکردنی سنووردار و چوارچێوە بۆداندراو دا پێیان وابوو دەتوانن دیسانەکەش خەڵک هەڵخەڵەتێننەوە و لەو سۆنگەیەوە ببنەوە شەریکە بەشی دەسەڵات. کەچی دەرکەوت وشیاریی سیاسیی خەڵکی ئێران و قووڵایی قەیرانی ڕەواییەتی خۆیان و ڕێژیم زۆر لەوە زیاترە بتوانن خۆی پێ بگرنەوە. بە واتایەکی دی "اصلاح‌طلب، اصولگرا؛ دیگە تمام ماجرا" هەر دروشمی سەرزاری خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام نەبوو، بەڵکوو نواندنی ئیرادە و شێلگیریی ئەوان بۆ تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەیە کە بەردەوام پێشان دەدرێتەوە. ئێستا تاکە کارتی بەردەستی ڕیفۆرمخوازەکان بۆ ڕاندی دووهەمی هەڵبژاردنەکان لە هەینیی داهاتوودا ترساندنی خەڵک لە هاتنەسەرکاری جەلیلی و سیاسەتەکانیەتی، بەڵام خەڵک لەوەشدا ئەزموونی زۆریان لە گەمەی هەڵبژاردنی خراپ لەهەمبەر خراپتردا هەیە و جارێکی دیکە دەرفەتی بە "خراپ"ێکی دیکە نادەن "خراپتر" لە پێشوویان بەسەر بێنێت.

- مستەفا پوورمحەممەدی، یەکێک لە جەللادەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویی ڕێژیم تاکەبەربژێری ئاخوندی کەوایشۆڕ لەبەر و مەندیل لەسەر بوو، بەڵام سەتا یەکی دەنگەکانیشی نەهێناوە. ئەوەش دەریخست بەها و بایەخی سیمبولی مەعنەویی دەسەڵاتی ئیسلامی لەلای خەڵک تەنانەت لەلای بەشدارانی بەناو هەڵبژاردنەکەش چەندە؟ وەک چۆن نیزیک بە ٢ میلیۆن دەنگی سووتاو و چرووکی بەشداران ڕێک ٢٠ هیندەی ئەو دەنگە بوو بە پوورمحەممەدیی جەللاد درابوو.

- هەتا کاتژمێر ٧ی ئێوارە و پاش ١١ سەعات کات بۆ دەنگدان بەپێی بیلبوردی وەزارەتی نێوخۆ ئاستی بەشداریی خەڵک

سەتا ٢٢ بوو، بەڵام دوای دوو جار درێژکردنەوە هەتا سەعات ١٢ی شەو لە کۆتاییدا ئاستی بەشداری لە بیلبۆردەکەدا نیزیک سەتا ٤٠ پێشان درا. لە کاتێکدا بە شایەتیی هەموو وێنە و فیلمەکان بەدرێژایی ڕۆژ لە هەندێ شوێن و بنکەکانی دەنگدان پەپووش نەیدەخوێند و تەنانەت کارمەندەکانی سەر سندووق خەونووچکە دەیبردنەوە، ئەدی خێرە لە چوار سەعاتی دوایی نیوەشەودا ئاستی بەشداریی دووهیندە ببێت؟ ئەوە ئەگەر ئامارسازیی دەسەڵات بۆ کەمکردنەوە لە تاڵایی شکان و هەرەسهێنانیان لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵک و بایکۆت نەبێ چیی دیکەی پێ دەگوترێت؟

- خاڵێکی گرینگی دیکە سێبەری قوورسی بزووتنەوەی ژینا بەسەر بەناو هەڵبژاردنەکانەوە بوو. کۆماری ئیسلامی دەیویست بە هەرجۆرێک بووە بە بردنەسەرێی ئاستی بەشداریی خەڵک، لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا مەشروعییەتی سیاسی بۆخۆی بکڕێتەوە، بەڵام دەنگنەدانی زیاتر لە سەتا ٦٠ی خەڵکی ئێران و زیاتر لە سەتا ٨٠ی خەڵکی تاران -تازە ئەویش بە پێی ئامارە دەستتێبراوەکان- جارێکی دیکە کەلێن و مەودای هەراوی دابڕانی خەڵک و نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی پێشان دایەوە.

دواجار، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک؛ بە دروستکردنی دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە خەڵک دەبێ تێچووەکەی بدەن، بە سەرکوتی خوێناوی خۆپێشاندان و نارەزایەتیی مەدەنییەکان بەتایبەت لە بەفرانباری ١٣٩٦ بەولاوە ئیدی هیچ ڕێگایەکی گەڕانەوەی نە بۆخۆی و نە بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە. بۆیە ڕێژیم نە بە "خالس‌سازی" و "جێگۆڕکێ" بە مۆرەکانی دەتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، نە خەڵک ئامادەن چیدی لە مەیدانی ڕێژیمدا یاری بکەن و وەک دەبینین چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی ڕێژیم جیا کردووەتەوە، و بە دەربڕینێکی دی داهاتووی خۆیان لە نەمانی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن و بۆ ئەوەش لە خەبات بەردەوامن.

١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# وەهمی دیکتاتۆر



دیکتاتۆر دوو ڕۆژ پێش دەوری دووهەمی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری جارێکی دیکەش وەقسە هات. ئەو کە سەرەڕای هەموو فرتوفێڵەکانی لە هێنانەوەی دووبارەی ئیسلاحتەڵەبەکانڕا بگرە هەتا دووجەمسەریکردنەوەی کەشی سیاسی و ڕکابەریی هەڵبژارنەکان ئاکامی دڵخوازی لە شانۆگەرییەکەی ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ وەرنەگرتبوو و بەشداریی کەمی خەڵک ڕیسەکانی لێ کردبووە خوری، دوو قسەی سەرەکیی هەبوو. یەکەم، ئەو زیاتر لە سەتا ٦٠ی خەڵک کە لە سێ هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵی ڕابردوودا دەنگیان نەداوە، دژبەری نیزام نین، بەڵکوو کات و تاقەتی چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدانیان نەبووە. دووهەم، پێداگری کردنەوە لەسەر ئەوەی بەشداریی خەڵک شەرعییەتدان بە نیزام و کڕینەوەی ئابڕوو بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی لە هاوکێشە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانە.

لەوەدا کە دیکتاتۆر زەبوونیی خۆی و ڕێژیمەکەی و دارمانی متمانەی خەڵک بە نیزامی سیاسیی وڵات بە هەندێ هۆکاری وەک گلەیی خەڵک و نەبوونی کات و تاقەتی پێویست بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئەویش لە ڕۆژی پشووی حەوتوودا پاساو دەدات هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، کە بۆخۆی زیاتر و باشتر لە هەر کەس و لایەنێک قسە و پەیام و نیازی دڵی خەڵکی وەرگرتوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ ڕاستیی دیکەش وەبیر جەنابیان بێنینەوە.

**یەکەم،** کاتێک بۆخۆی ئیدیعا دەکا هەر دەنگێک بچێتە نێو سندووقەکانەوە جا بە هەر کەس و لایەنێک بدرێت ئەوە دەنگ بە تەواوەتیی نیزامی ویلایەتی فەقیهە، کەواتە هەر بەو مەنتیقە هەر دەنگێکیش نەدرابێ و هەموو دەنگە سووتاو و چرووککردووەکانی نێو سندووقەکانیش "نا" بە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەیە.

**دووهەم،** خەڵک لەبیریانە کاتێک باس لە ڕاپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێ پرس و بابەتی چارەنووسسازی سیاسی لەسەر ژیان و داهاتووی وڵات دەکرا، جەنابیان بەتوندی دژی دەنگ و ئیرادەی گشتی هەڵوێستی گرت و ڕایگەیاند خەڵک خۆ هەموو توانای لێکدانەوە و ناسینی چاکە لە خراپەی نییە، ئەدی چۆنە ئێستا کۆکردنەوەی حەیای تکاوی ڕێژیمەکەی دەستەوداوێنی ئەو خەڵکە بۆتەوە کە ئەوکات بە کاڵفام و نەزانینی دادەنا؟ پێچەوانەی بۆچوونەکانی جەنابی دیکتاتۆر ئەکتی سیاسیی خەڵک لە ڕۆژی هەینی ڕابردوودا کە بێگومان ڕۆژی هەینیی ١٥ی پووشپەڕیش پێی لەسەر دادەگرنەوە، نیشانەی ئەوپەڕی ژیری، وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسیی خەڵکی ئێرانە.

**سێهەم،** سەیرە دەسەڵاتێکی سیاسی هەموو ماف و ئازادییەکی لە خەڵک زەوت کردبێت، وەڵامی داخوازیی ڕەوای خەڵک بە گرتن و کوشتن و ئاور و ئاسن وەڵام دابێتەوە، لەسەر دەرکەوتنی تاڵەقژێک ژیانی لە کچێکی شاییبەخۆ ئەستاندبێت و دواتر لەسەر شەقام خەڵکی بەر ڕەهێڵەی فیشەک دابێت، یان بە هەژاری و بێکاری و گرانی تاڵاوی دۆزەخی لە قوڕگی خەڵک کردبێت، سیاسەت و ڕەفتاری لەگەڵ وڵاتانی دی هەمووی لەسەر بنەمای ستراتیژی و ئایدۆلۆژییەک بێت کە هیچ بەرژەوەندییەکی خەڵکی وڵاتی تێدا نییە؛ بەڵام لە تەنگانەکاندا داوا هەر لەو خەڵکە بکات شەرعییەتی پێ بدەن و پێگەی دەسەڵاتەکەی بەهێزتر بکەن؟

**چوارەم،** مەگەر جەنابیان لەوە دڵنیا نییە ئەو خەڵکەش کە دەنگیان نەداوە لایەنگری ڕێژیم و نیزامی سیاسیی وڵاتن؟ دەی با هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمەکەی خۆی ڕاپرسییەک بکات بۆوەی بەتەواوی دڵنیا بێت ئاخۆ خەڵک ویلایەتی فەقیهی دەوێ؟ سیاسەت و نەخشەڕێیەکانی ئەم نیزامەی قبووڵە؟ دەنگی متمانە بە حاکمییەتی سیاسیی وڵات دەدات؟ جا ئەوکات با ئاکامی ئەو ڕاپرسییە سەنگی مەحەک بێت و دەمی دژبەران و نەیارانی ڕێژیمەکەشی بەستبێت. ئەدی بۆ نایکات و بۆچی لە باسی ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و وڵاتدا پێیوایە خەڵک بەسیرەت و پێگەیشتوویی ئەوەیان نییە بڕیار لە ژیان و چارەنووس و داهاتووی خۆیان بدەن؟

**پێنجەم،** جەنابی دیکتاتۆریش باش دەزانێت خەڵکی ئێران هەموو دەرفەتێکیان بە ڕێژیم بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی دا. لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ئەو هەڵەیان بۆ هەموو باڵە سیاسی و مۆرە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێژیمە ڕەخساند بۆوەی هەنگاوێک

بەرەوباشبوونی دۆخی خەڵک و وڵات هەڵگرن، بەڵام کاتێک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نەهامەتی و نەگبەتییەکانیان زیاتر بووە و لەسۆنگەی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە برستیان لێ براوە، بایکۆت و "نا"گوتن لە ئێستادا تەنیا چەکێکە بەرەنگاری دیکتاتۆڕ و نیزامە سەرکوتگەرەکەی ببنەوە.

بەڵێ. پێچەوانەی بیرکردنەوەی دیکتاتۆڕ خەڵکی ئێران لەوپەڕی وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتیدان. دەزانن بەشداریی ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ لە دۆخ و چارەنووسی ئەوان ناگۆڕێت، چونکی ئەساسەن ئەوەی دەبێتە سەرکۆمار - خۆ ئەگەر بیشیهەوێ- لەو پێگەیەدا نییە بتوانێ بە قازانجی خەڵک هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات. بۆ مەگەر سەرکۆمار دەتوانێت بەبێ ئیزنی دیکتاتۆڕ سیاسەتی دەرەکی داڕێژێتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئاسایی بکاتەوە؟ بۆ مەگەر دەتوانێ ڕێگری لە پێدان میلیارد میلیارد دۆلار دارایی خەڵکی ئێران بە میلیشیاکانی ئێران لە ناوچە بگرێت و ئەو سامانە بۆ بووژانەوەی ژیان و کۆمەڵگەی ئێران بگێڕێتەوە؟ بۆ بەبێ ڕەزامەندیی جەنابیان دەتوانێ کار بۆ کرانەوەی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتی لە کۆمەڵگەدا بکات؟ مەگەر چەند جار تەرح و لایحەکان لە بەرژەوەندیی خەڵک تەنانەت لە مەجلیسی دەستچنکراوی ڕێژیمدا بە بڕیاری خودی جەنابیان وەک ئەمری حکوومەتی وەلانەنراوە؟ مەگەر بە دانانی جەوادی زەریف هەر بە بڕیاری جەنابیان کرین و هێنانی واکسەن لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی قەدەغە نەکرا و بەو هۆیەوە هەزاران کەس لەو خەڵکە گیانیان لێ نەستێندرا؟ ئەوە نییە ئێستاش بە عالەم ئاشکرا دەڵێ هەر کەس ببێتە سەرکۆمار سیاسەت و ستراتیژییەکانی نیزام کە هەر جەنابیان دیاریی دەکا لەجێی خۆیانن؟

بێگومان خەڵکی ئێران لە ئێستادا باشترین هەڵوێستیان لەهەمبەر جەنابی دیکتاتۆر و ڕێژیمەکەی گرتووە، کە ئەویش بایکۆت و "نا"گوتنەوەیە، بەڵام ئەم ڕەوتە هەر بەوەندە ناوەستێ و دیکتاتۆر دەبێ چاوەڕوانی وەرگەڕانی لە سەر تەختی خونکاریی بێت. ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە.

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت




### ئاماژە:

کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و بارودۆخی حیزب پاش ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق لەگەڵ بەڕێزیان وتووێژێکی کردبوو. "کوردستان" ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا پێش ئەوەی تایبەت باس لە پرسی هەڵبژاردنەکان بکەین، پێم باشە جەنابت خوێندنەوەیەکی گشتی لە وەزعی سیاسیی ئێستای ئێران بکەن.

**مستەفا هیجری**: لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێران دەبێ بڵێم کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەتاکوو ئێستا سیاسەتەکەی بەپێی ئێدئۆلۆژییەکەی دارشت بۆ ئیدارەکردنی وڵات. ئەو سیاسەتە ڕۆژ بە ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر گیرو گرفت و قەیران و ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکیدا پێک بێت تاکوو گەیشتۆتە بارودۆخێک کە ئێستا خەڵکی ئێران تێی‌دایە. بارودۆخێکە نە سیاسەتەکانی لە نێوخۆی وڵات سەرکەوتوو بووە نە لە دەرەوە، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی نیزام و ئیدئۆلۆژییەکەیدا چووەتە پێش. لەبیرمانە لە سەرەتادا خەڵک

بەشی چوارەم

هیوا و هۆمێدی بە کۆماری ئیسلامی بەستبوو، پێیان وابوو بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو ڕێژیمی پێشوو باشتر لە خزمەتی خەڵکدا دەبێ. لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا کە ئەودەم لە واقعدا مەسەلەی بەرەی چەپ و سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتیی شۆڕەوی لە ئارادا بوو، ئەوانیش دڵیان بەوە خۆش بوو ئەو ڕێژیمەی تازە هاتۆتە سەرکار لەبەر ئەوەی دژی ئەمریکا قسە دەکا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەوان بێت. تەنانەت ئورووپا و ئەمریکاش کیسەی گەورەیان بۆ هەڵدووریبوو بۆ ئەوەی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران دامەزرێنن و ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە پارێزراو بێت. بەڵام دیتمان کە هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەوانە پێچەوانەکەی دەرچوو. ئێستا ئێرانێک دەبینین خەڵکەکەی لە برسیەتی و لە نەداری و لە نەهامەتی قەیرانی زۆر و بەرفراوان دەناڵێنێ. بێجگە لەوە کەرامەت، ویستی ئازادیخوازی، نەتەوەخوازی و هەموو ئەو ماف و داخوازییانەی خەڵک هەیانە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڕەسمی ناسراوە، هەمووی لەلایەن ڕێژیمەوە پێشێل دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە زۆر کەس ناچار بووە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بۆ ئەوەیکە بتوانێ ژیانێکی باشتر بەدەست بێنێ ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە. هەرچەند ڕۆژ لەوە پێش بینیمان ژمارەیەک لەو کۆچبەرانە لە کەناراوەکانی ئیتالیادا بەلەمەکەیان وەرەگەڕا و ژمارەیەکی زۆریان تێدا چوون. ئەوە بارودۆخێکە بەگشتی خەڵکی ئێران تووشی بووە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی خۆی بە ڕووسیە و چینەوە هەڵواسیوە، ئەگینا بە هۆی سیاسەتەکانیەوە مایەپووچ هاتووەتەوە و هیچ کوێ نییە ڕووی تێ بکا، ئەوانیش لەو پەڕی ئیستفادەکردندان لەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی جۆرەها ئیمتیازاتیان دەداتێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئەم دوو وڵاتەی هەبێت. لەو ساڵانەی پێشوودا کۆماری ئیسلامی بە عەرەبستانی سعودی دەگوت "مانگای شیر بدە بۆ ئەمریکا"، بەڵام ئێستا بۆ خۆی بووەتە مانگای شیر بدە بۆ ڕووسیە و چین، لە حاڵێکدا ئەوانیش کۆماری ئیسلامی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیانی نازانن و تەنیا دەیدۆشن. هەر نموونەی زۆر زیندوو هەڵوێستی ئەمدواییانە چین و ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ سێ جەزیرەی تونبی گەورە، تونبی چووکە و ئەبووموسادا بوو کە نەک هەر پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی نەکرد، بەڵکوو دژی ئەو ڕایان دا. ئەوەیکە ئێستا لە دەرەوەی ئێران بە دەست ڕێژیمەوە ماوە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیان کە کۆماری ئیسلامی لە ڕوی ماددی، چەکوچۆڵ و ڕاهێناوە کۆکوپۆشتەی کردوون و ئەوانن ئێستا لە واقعدا بەرگری لە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بۆیە بە قەوڵی فارسەکان "علی مانده و حوضش."

شەڕی غەززە و پەلهاویشتنی بۆ لوبنانیش کۆماری ئیسلامی دەخاتە نێوان دوو بەرداش کە ئایا بەشداری دەکا لە شەڕ دژی ئیسرائیل بە پشتیوانی حیزبوڵلا کە بێتوو ئەمە ڕوو بدا تووشی زەربەی زۆر گەورە دەبێ. خۆ ئەگەر پشتیوانی لە لوبنانیش نەکا ئەوجار میلیشیاکانیشی نامێنێ. لە ڕاستیدا چەندی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بڕوا هەر ئەوەندەش زیاتر نەگبەتی و بەدبەختی بۆ خەڵکی ئێران بە دی دێ و نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەربڵاوتر دەبێت.

**عەلی بداغی: ڕێژیم لە بارودۆخەدا بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە سەرقاڵە. ڕاستە ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی مەرگی**

ڕەئیسییەوە پێشوەختەیە و نیزیک ساڵێک زووتر بەڕێوە دەچێ، بەڵام جیاواز لەوە، تایبەتمەندی یان جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە چاو هەڵبژاردنەکانی دیکە چییە؟

**مستەفا هیجری**: سەرفینەزەر لە ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان هەروەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەڵام لە هێندێک شتدا دەتوانم بڵێم جیاوازیی هەیە، ئەویش بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی ناوچە و دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی. یەکێک لەوانە پرسی هەڵکشانی تەمەنی وەلی فەقیهـ و جێنشینیی ئەوە کە دوای نەمانی خامنەیی کێ جێی دەگرێتەوە و وزعی ئێران چی لێ دێتەوە؟ بابەتێکی دیکە ناکۆکیی نێو قۆڵەکانی ڕێژیم تەنانەت ئوسولگەراکانیش لەگەڵ یەکترییە، ئەوەیکە ڕۆژانە لە کاناڵە جۆراجۆرەکان دەبیستین. دیارە ئەوە بۆ ئەوە نییە کیسەی بۆ هەڵدوورین و پێمان وابێ ئەوانە شەڕەکەیان لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و خزمەتگوزاری، ئازادی و بەراوەردەکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکە؛ بەڵکوو کێشەکەیان لەسەر دەسەڵاتی پتر لەو نیزامە سیاسییە گەندەڵە بۆ تاڵانیی زیاترە. ئەگەر خامنەیی نەمێنێ ئەو کێشە نێوخۆییانە بێگومان زیاتر سەر هەڵ دەدەن، چ لەنێو لایەنە سیاسییەکان، چ لەنێو دامودەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم، ئەرتەش و سپای پاسدارانیش.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە ئێمە بە ماوەیەکی نیزیکی چەند مانگ لەوەپێش لە ١١ی ڕەشەمەدا دو هەڵبژاردنی دیکەی ڕێژیممان بەڕێ کرد و بینیمان بەشداریی کەمی خەڵک ڕێژیمی تاساند. لە شارێکی وەکوو تاران کە هەشت مێلیون کەس مافی دەنگدانی هەیە، کەمتر لە ٢٥٪ بەشداریان کرد و ژمارەی دەنگی بەشێک لەو نوێنەرانەی تاران ئەوەندە کەم بوو کە لە دەوری یەکەم هەڵنەبژێردران و لە دەوری دووهەمدا دەنگەکانیان لە دەوری ٣٪ و ٤٪ بوو. مەجلیسێک کە بە ناوی نوێنەری خەڵک دەبێ بڕیار بدات و یاسا دابنێ بە دەنگی ٣٪ و ٤٪ ناتوانێ نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە بکا بۆیە ئەو مەجلیسە بەتەواوی نامەشرووعە. بێجگە لەوە ئەو هەلومەرجەی چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بێتە پێشێ و ئێران تووشی هێندێک گیروگرفتی تازە ببێتەوە، ئەوانە هەموویان ئەو جیاوازییانەن کە دەتوانم بڵێم ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا دیاردەی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەپێدان بە هاتنی مەسعوود پزیشکیان کاندیدایەکی بەناو ڕیفۆرمخوازە. بە بڕوای جەنابت پزیشکیان چی دەوێ؟ پەیام و گوتارەکەی چییە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی باشتر لە هەموو لایەک دەزانێت ئاستی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان چەندە دابەزیوە و خەڵک ئەو حکوومەتەی ناوێت. بۆیە زۆر نیگەرانە لەوەی ئەمجارەش بەشداریی خەڵک لەوەش کەمتر بێت، بۆیە

پێویستیان بە کەسێک بوو بتوانێ هەژانێک و گەرموگوڕییەک بخاتە هەڵبژاردنەکانەوە. بۆ ئەوەش کەسێکیان دیاری کردووە کە پشتیوانیی ئیسلاحتەڵەبەکانی هەبێت. هەرچەند بۆخۆی دەڵێ من ئۆسوولگەرایەکی ئیسلاحتەڵەبم بەڵام ئەویش ساڵانێکی دوورودرێژ بە پشتیوانیی خامنەیی بەرپرسایەتیی گەورەی پێ سپێردراوە و هەر لە سایەی ئەو پشتیوانییەشدا ئێستا هاتۆتە ڕیزی بەربژێرەکان. ڕێژیم بەو هۆمێدە هێناویەتی بتوانێ قەیرانەکانی ئێستای پێ تێپەڕێنێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا نییە ئیجازە بدا کەسێکی بە مانای ڕاستی ئیسلاحتەڵەب ببێتە سەرۆککۆمار، چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا کە هێرەمی دەسەڵات بەردەوام لاوازتر بووە و لێی هەڵ دەوەرێ، بەرەوڕووی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووەتەوە. بۆیە ڕێژیم هەموو هەوڵ و تەقالای ئەوەیە حکوومەت پتر یەکدەست بێت و چ ئەندام پارلمان یان سەرۆککۆمار یا بەرپرسەکانی باڵای سپای پاسداران و ئیتلاعات هیچ زاوییەیکی فکرییان لەگەڵ وەلی فەقیهـ نەبێت.

**عەلی بداغی**: **واتە ئەرکی پزشکیان تەنیا بۆ بردنەسەری ئاستی بەشداریی خەڵکە؟**

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پزیشکیان بۆخۆشی ئەوە دەزانێ، بۆیە دەڵێ ئەمن هاتووم بۆ ئەوەی ئاستی بەشداریی خەڵک بەرەو سەرێ. بەشێکی دیکەی قسەکەی پزشکیان ئەوەیە دەڵێ ئەمن لەژێر مەنوییاتی وەلی فەقیهـ و یاسا و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکەم. دەی باشە خۆ ئەوانەیکە تا ئێستا هاتوونەتە سەر کار هەر لە ژێر مەنویاتی ڕێبەردا کاریان کردوە، وەکوو ڕەئیسی. کەوابوو بۆ خەڵک چە دەگۆڕێ، هەر ئەو سیاسەتەیە کە درێژەی ئەوانەی پێشوویە. ئێمە ئەزموونی ئەوەشمان هەیە ئەو سەرۆککۆمارانەی لەگەڵ وەلی فەقیهـ بە قەوڵی خۆیان زاوییە و جیاوازیی زۆر بچووکیان هەبووە چارەنووسەکەیان دیارە. هەر لە "بەنی سەدر"ەوە بگرە هەتا "کەڕووبی" و "مووسەوی". ڕەفسەنجانی گوتیان مەلەی نەزانیوە و لە حەوزی ئاودا خنکاوە! ئەوانەی دیکەش چ خاتەمی، چ ڕووحانی، تەنانەت ئەحمەدینژادێک کە کاتی خۆی خامنەیی گوتی ڕای وی لە هەموو سەرۆککۆمارەکانی دیکە بە من نزیکترە! بۆیە ئەگەر قەرار بێ پزیشکیان یا هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆککۆمار و کەمترین جیاوازیی لەگەڵ بووچونی وەلی فەقیهـ هەبێت، ئیمکانی نییە ئیجازە بدەن بێتە سەر کار. لە منازرەکانیشدا بینیمان کە پزشکیان هیچ ڕەخنەیەکی لە سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیم نەگرتوە، بەڵکوو لەسەر میکانیزمەکان کێشەی کردوە.

**عەلی بداغی**: **پزیشکیان سەردانی سنەی کرد. لەوێ باسی ئەوەی کرد کورد بۆ ناتوانێ ببێتە ئۆستاندار؟ بۆ سوونییەک ناتوانێ ببێتە وەزیر یا ناتوانێ ببێتە کار بەدەستێکی پایەبەرز لەو وڵاتەدا؟ ئایا ئەوە ڕخنەیەکی جیددی بوو لە ساختاری کۆماری ئیسلامی، یان بە جۆرێک دابەزاندنی ئاستی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە سوونە مەزهەب و بە غیرە**



سەرچاوە
Serchawe

سوونییەکانیشەوە؟

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بڵێم ئەو قسانەی کە پزیشکیان و باقی کاندیداتۆرەکان دەیکەن لە واقعدا من بە گاڵتەکردن بە شعووری خەڵکی ئێرانی دەبینم، چونکە هەمووی ئەوانە هەرکامیان چەندین دەورە لە پۆست و بەرپرسایەتیی باڵادا بوون و هەتا ئێستاش بەتەواوی شەریکن لە هەموو ئەو نەهامەتی و بەدبەختیانەی تووشی خەڵکی ئێرانیان کردوە. ئەوان پێیان وایە ئەو خەڵکە حافزەی نییە و ئەوە فەقەت چاوی لە دەمی ئەوانە بزانێ دەڵێن چی و خەڵکیش بە قسەی ئەوان بکات. دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا ئەوە بووە، بە تایبەت لەو هەڵبژاردنەشدا پزیشکیان خۆی بە پێشکەتووتر دەزانێ لەوانی دیکە و باس لەوە دەکا لەنێو سوونییەکاندا خەڵکی باش هەیە و لەنێو نەتەوەکاندا خەڵکی هەڵکەوتوو هەیە و دەبێ ئەوانە بخوێنینەوە و بەرپرسایەتیان بدرێتێ. پزشکیان دەیەوێ وا نیشان بدا نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت کورد تەنیا دەغدەغە و کێشەیان ئەوەیە کوردێک ببێتە بەرپرس، لە بەلووچەکان کەسێک ببێتە بەرپرس و دەیهەوێ خواستی خەڵک دابەزێنێ بۆ ئەو چوارچێوەیە. لە حاڵێکدا خۆ ئێمە وەکوو کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە کێشەکەمان ئەوە نەبووە کورد ببێتە بەرپرس یا کورد نەبێتە بەرپرس، ئەمە لە ڕابردوودا و لە ئێستاش لە حکوومەتی ئێستادا بەلووچی تێدا هەیە، عەرەبی تێدا هەیە، تورکی تێدا هەیە و هەموو نەتەوەکانی تێدا هەیە. بەڵام ئەوانە کەسانێکن مەیدانیان پێ دراوە و کەسانێکن لە ویلایەتی فەقیهدا تواونەتەوە بەشێکن لەو حکوومەتە جەهەنەمییەی بەسەر خەڵکدا زاڵە. ئەوانەی لەو ڕێژیمەدا بەرپرسایەتی وەردەگرن نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری حکوومەتن و حکوومەت هەڵیبژاردوون، بۆیە ئەمن پێم وایە خەڵکی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ئەوەندە بەرزە ئامادە نابن لە مەیدانێکدا گەمە بکەن لە کۆماری ئیسلامی بۆی ئامادە کردوون. ئەو شێوە هەڵبژاردنە مەیدانێکە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە و خەڵک دەبێ لە مەیدانی خۆیاندا گەمە بکەن، مەیدانی خەڵکیش بە تایبەتی مەیدانی هاونیشتمانانی کورد ئەو مەیدانەیە بۆ خۆیان خۆڵقاندوویانە و بە یەکگری خەباتەکەیان بۆ هاوپێوەندیی لەگەڵ یەکتری دژی ڕێژیم دەبەنە پێشێ. بۆیە ئەمن داوا و چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خەڵک لە مەیدانی بایکۆتکردندا بەرەوڕووی ڕێژیم ببنەوە و جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە بڵێنەوە و ڕیسوای نێوخۆ و دەرەوەی بکەن.

**عەلی بداغی**: بۆچی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی ئێران، بەتایبەت لە کوردستان گرینگە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو بایکۆتکردنە لەم ڕووەوە گرنگە خەڵک نیشان بدا ئەو ڕێژیمەیان ناوێت، نەک بێن لەنێو ئەو نوێنەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دەستچن کردوە، بە قەولێک بێن لەنێوان خراپ و خراپتردا هەڵبژێرن. ئەوان

ئەوەی هەڵیانبژاردوە ئەوەیە ئەو ڕێژیمەیان لە تەواویەتیی خۆیدا ناوێ، کەوابوو لە هەڵبژاردنەکەشیدا بەشداری ناکەن؛ هەروەها لە مەیدانێکدا کە ئەو ڕێژیمە دروستی دەکات ئەوان کاری تێدا ناکەن. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە بە دنیای نیشان بدەین خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەلماندوویەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حکوومەتی وان نییە، بەڵکوو بەسەریاندا سەپاوە.

**عەلی بداغی**: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین ڕووداوی گرنگ لە کوردستان ڕوویان دا کە ئەگەر ئێمە لانیکەم دووانیان بە نموونە وەربگرین یەکیان هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی ڕابردوو و دووهەمینیان نەورۆز بوو. بینیمان کە لە کوردستان بەڕاستی ئەم دوو ڕووداوە چەندە توانییان تەعبیر لە مافخوازی و شوناسخوازیی کورد لە ئێراندا بکەن. جەنابت ڕۆڵ و سەنگی حیزبی دێموکرات کە لەوانیشدا بەڕاستی دەرکەوت لە ئێستادا چۆن دەبینی. بە تایبەت دوای ئەم ڕووداوانەی دوو ساڵی ڕابردوو کە بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، واتە چۆن باس لە پێگەی و سەنگ و قورسایی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆیی وڵاتدا دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی گرینگن. زۆرتر لەو بارەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی هاتنەسەرکاریدا بە زۆر پیلان ویستوویەتی جووڵانەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەین بەرێ یان لاوازی بکا. بۆ ئەوەش هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی، بە تایبەتی لە دوای بزووتنەوەی ژینا کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بزووتنەوەیەدا چەندە شوێندانەر بوو، ئیدی دەستی کرد بە موشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستان. ئەو دۆخە لە ڕاستیدا کێشە و گرفتی بۆ ئێمە دروست کرد و خەڵکەکەمان بۆ ماوەیەک ناچار بوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بە جی بێڵن، شەهید و بریندارمان دا و ئەو گیروگرفتانەمان هەبوو کە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ ئەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاساییە. چونکی کاتێک ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک لە بەربەرەکانی داین و بۆ مافی خەڵکەکەمان تێدەکۆشین کە ئەو مافانە ڕێک لە ڕاستای دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دەی ئەویش چی لە دەست دێ لەدژی ئێمە دەیکا و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەوانە زیاد دەکات. کەوابوو ئێمە دەبێ خۆمان بۆ هەموو کێشە و گوشارێک ئامادە بکەین ئەوە بەشێکیەتی کە ڕەنگە هێندێک کەس ئەو بەشە ببینێ و زەقی بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بڵێ وەزعی حیزبی دێموکرات و وەزعی جووڵانەوەی کورد خراپە. لە حاڵێکدا ئەمن بەپێچەوانەی دەبینم. ئەمن پێموایە لە ئێستادا جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشترین دۆخی سیاسی خۆیدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانێک کە بەو هەموو پیلانەی لەدژی گێڕاویانە و هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون خۆی ڕاگرتوە بە پشتیوانی خەڵک و بە

بەشی چوارەم

توانای خەڵک حیزبی دێموکراتێکە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لە بەر دەستی زەلیلە کە پەنا دەباتە بەر بەغدا بۆ ئەوەی بە دژی ئەو حیزبە ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی لەگەڵی ئیمزا بکات. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو حیزبی دێموکراتە بەهێزە. بێگومان هەتا ئەوکاتەش دژی ئەو ڕێژیمە لە خەباتدایین ئاساییە ئەو ڕێژیمە چی لە دەستی بێت دژی ئێمە دەیکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە دەگەڵ هەمووی ئەوانەدا جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا چۆنە، ئایا بەهێز بووە؟ یا لاواز بووە؟ ئەمن لاموایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هەمیشە جێگەی ئێعتماد و باوەڕی خەڵکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتدا و لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیشدا گوێی لێ دەگرن و گرینگی پێ دەدن و لە دنیاشدا ئێعتباری تایبەتیی خۆیی هەیە. بۆیە ئەمن بە داهاتووی خەباتی حیزبەکەمان هیوادارم. بەڵام ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی ئێمە و ئەرکی کورد لە ڕۆژهەڵات قورستر دەکات کە مادام ئەو چاوەڕوانییە لە کورد و حیزبی دێموکرات هەیە، ئێمە دەبێ زیاتر وشیارتر و ئاگاهانەتر هەنگاو هەڵێنین لە پێناو درێژەدانی خەباتەکەماندا. ئێستاش هەر ئەوەیکە توانیومانە لە بەرانبەر ئەو هەمووو هێرشانەدا خۆمان ڕابگرین نیشانەی ئەوەیە حیزبێکی بەهێزین، حیزبێکی بە توانایین و ئەو فشارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر کۆسپی نەخستۆتە سەر خەبات و تێکۆشان و سیاسەت و بیروبڕواکەمان، بەڵکوو ئێمەی پێداگرتر کردوە لە خەبات و بەرگری و خۆڕاگریدا.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا



٣٥ ساڵ لە تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێپەڕی و ئەگەرچی هێشتا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی قوتابییان و هاوسەنگەرانی د. قاسملوو بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کەم ڕێبەری نەتەوەیی هێندەی قاسملوو لە یاد و بیرەوەریی گەلەکەیاندا بە زیندوویی ماوە. ناوی د. قاسملوو نەک هەر ئەوەی لای نەتەوەکەی بە نەمری ماوەتەوە، بەڵکوو ئەو ناوە و کارنامەی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە ناسێنەری سەرەکیی مێژووی خەبات و خوێنی کورد لەلای بیانییەکانیشە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسیەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک «مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد» و وەک «پێغەمبەری ئاشتی» پێناسە کراوە.

خولیــای سیاســی و خەبــاتی د. قاســملوو تەنیــا رزگــاریی نیشــتمان نەبــوو، بەڵکــوو لە مەودایەکــی هەراوتــردا خەونــی کــۆمەڵگەیەکی ئــازاد و دێموکراتیــک و پێشکەوتنخوازانەی بــۆ مرۆڤــی کــورد و نیشــتمانی کوردســتان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکــانە دارشــت. هەروەک باســیش کــرا بەشــێکی زۆری نزیکــایەتی و دۆســتایەتیی ئەو کەســایەتییە سیاســی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگری لە مافی کوردان دەکەن، دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی رێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - بەتایبەت باشوور - ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانایەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنووره کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە رێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەروەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، رێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوەڕ»، بۆیە لەم رێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە رەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و

نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.


دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە تویێ تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قوڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پرەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لە پێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ بەردەوامیی خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواترۆپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی دادایەن شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان بڕینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جاڕی ئەم ناعەداڵەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە. بێگومان قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین. لە ئێستاشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژانی شۆڕشێکی نوێ گرتوویەتی، ئەوا دیسان ناو و یاد و وانەکانی قاسملوون باڵیان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کێشاوە و ئەوە قاسملوویە وەک ڕێبەر و وەک ڕزگاریدەر - بەهۆی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و میراتە فکری و مەعریفەییەکەوە - خویا بووە.

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا




لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە فۆرمولە کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پڕەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میللیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پرەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

ئارەزووومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووددا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٩ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تێرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ برگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆر بە تیرۆر وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتیک هەلی وتووێژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی وماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی ئاوەدان ڕاگرتوە. هاوکات زەبری وەهای لە دوژمن داوە کە تاساوە، بۆ نموونە خومەینی بەر لەوەی جامە ژارە

بەناوبانگەکەی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا فڕ کردبوو.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و٤٧دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. حیزبی دێموکرات کە هەرچەند مانگ دوای ئاشکراکردنەوەی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزبێکی سەدان کەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە کوردستاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی زۆری لەسەر شانی خۆی هەست پێدەکرد. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر هەمان چاوەڕوانییان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەتا پێیوابوو ڕێژیمی نوێ کە بەرهەمی ڕاپەڕین و فیداکاری و خوێندانی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرە، بێشک دان بە مافەکانی گەلی کورد کە خەباتێکی دووروودرێژی لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی کردووە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم ڕێژیمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی تێژبینیی ڕێبەرانی حیزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئینتیما و بیرکردنەوەکانی ڕێژیمی بۆ دەرکەوتبوو و ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کردبوو؛ بەڵام دیسانەکەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە سیاسەتی سازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان بگرێ و لە کەشێکی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانی نوێدا تێبکۆشێ. هەڵبەت سیاسەتی وتوویژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە حیزبی دێموکرات و لای ڕێبەرانی ئەم حیزبە نهادینە بوو، وەک چۆن کاتی خۆی پێشەوای شەهید چەند جار سەردانی تاران کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناکۆکییەکان دوور گرژی و شەڕ و لێکدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانکار، لە ڕێگەی نووسینی نامەی سەرئاوەڵا و نامەی نهێنی بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگە لە ڕوودانی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کوردستان بگرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لیبک" بۆ خومەینی، ڕێبەری

ئایینی و دوگمی ڕێژیم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هیندێک ڕێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو ڕێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێژیم هان دەدا لەپڕ لە مەیداندا نەمان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێنشوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ئاوێنەی بالانوێنی هەموو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتووێژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بوو، هاوکات چەکێک بوو بە مەبەستی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتووێژ. بە واتایەکی دی "شەڕ"یشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە".

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تا ئێستاش لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریدا شەهید بوون. جێی سەرنج ئەوە کە لە نێو شەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەندامی ڕێبەری و ٣٦ کەسیان لە فەرماندەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەندە ڕێبەر و کەسایەتیی ئاستبەرزی لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاری لەگەڵ ڕێژیمدا لەدەست دابێ. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٦٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە دار دراون، و

زیاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە خەسارە گیانییە قورسەدا، حیزبی دێموکرات ئێعدامی بە ئێعدام و تێرۆری بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پێچەوانە لە ڕەوتی بەرگریی چەکداریی حیزبدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئازاد کردوە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی قوربانیی سەرەکیی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکڵێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت."

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆڕمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و توندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی

بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لەپێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداناانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و سایبێریی ئامبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی حیزب لە کۆنگرەکانی دایە، لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە. ئەگەرچی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتووێژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتووێژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.

یان کە باسی دێموکڕاسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم

بەشی چوارەم

وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## ٢٨ی گەلاوێژ، فیتوای جیهاد و شەڕێکی بەردەوام دژی کورد




ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە نەتەوەی کورد دەکات و لە هەموو ڕەهەندکاندا لە ئارادایە، هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ بە لەشکرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندی لەسەر بنەمای فیتوای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ بنەبڕکردنی بەناو "کوفر" لە کوردستان دەستی پێ کرد. کوفرە گەورەکەی کورد ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و دەسکەوتانەیان دەویست کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خەباتیان بۆ کردبوو و ڕووبارێک خوێنیان بۆ دابوو. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و "نا"گوتن بە توانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی مەلاکانی جەمارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٢٢٠٠ کەسی لە کوردستان بە تاوانی! دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیه ئێعدام کردووە. لە نێوخۆی وڵات، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٤٥٠ کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری کوردی تێرۆر کردووە. ٣٢ گوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژ کردووە و لەو ڕەشەکوژییانەدا ٢٨٠ گوندنشین

- پیر و لاو و ژن و منداڵ-ی قەلاچۆ کردوون، هەروەها ٤١ گوندی بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکەکەی تەختی زەویی کردوون. لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆشدا بەهۆی هیرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان شەهید بوون و بە هەزاران کەس خەڵکی سڤیل و بێدیفاع کە لەنێو ئەوانیشدا دیسان بە سەدان ژن و منداڵ دەبیندرێ گیانیان لێ ئەستێندراوە. زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی - شوان، وەرزێڕ، منداڵ، کۆڵبەر و کاسبکار- بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و پتر لە ٤٥٠٠ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار و نقوستان بوون.

ئەم شەڕە داسەپاوە لە کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا و بە هەموو مێتۆد و شێوازێک درێژەی هەبووە. کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی، کەمترین پشکی لە بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی و بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە، کەچی ئاو، دار، بەرد و زێڕ و کانە سروشتییە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بەتاڵان براوە و تەنانەت لێرەوار و دارستانەکانیشی ئاگر دراون و سووتێندراون.

هەژاری، بێدەرەتانی و بێکاریی لەڕادەبەدەر لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووریی کوردستانن، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پەرەی بە دیاردەی کۆڵبەری داوە، بەڵام لەوێندەرێش هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کاسبکاران دەچنە کەمینەوە و دەیاندەنە بەر دەسترێژ و ڕۆژ نییە چەند کۆڵبەری کورد خەڵتانی خوێن نەکرێن.

ئەم شەڕە لە بەستێنی کولتووری و شەڕی نەرمیشدا هەم درێژەی هەبووە و هەم دەرەنجامی جیاوازتری لێ کەوتووەتەوە. ستراتیژیی شەڕی نەرمی ڕێژیم لەدژی کورد ئەمە بووە کۆمەڵگەی کوردی تووشی قەیرانی شوناس بکا، مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەواشە و ئاستی داخوازەکانی کورد بۆ لانیکەمی خۆی دابەزێنێ، لە پێگە و هەیبەتی کاریزما و ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد بدا، بە پەرەپێدان بە هەستی ئێرانچییەتی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کورد لاواز بکا، بە دروستکردنی درز و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لە ئێعتبار و متمانەی هێزە دژبەرەکانی بدا و مەیدانیان پێ چۆڵ بکا و؛ دواجار جۆرێک بنوێنێ کە ئەنەهوو شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نەبووە و نییە! بۆ ئەو مەبەستەش ئیمکانات و هێزی ماددی و مرۆیی زۆروزەوەندی تەرخان کردووە. بەڵام هەموو ئەو پیلان و پلانە ورد و درشت و نەرم و ڕەقئامێرییانەی کۆماری ئیسلامی نەک سوودێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتووەتەوە.

**بۆ نموونە:**

**ڕێژیم زۆر هەوڵی دا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵێ، کەچی هەر ڕووداوێک و هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد - تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - دا، ڕەنگدانەوەکەی لە شەقام و چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە چاوی خۆی دەبینێ. ڕێژیم هەوڵی زۆری دا دیوارێکی گەورە لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سوونە و، دەستەخوشکیی مەهاباد و سنە و کرماشان و ورمێدا دروست بکا؛ بەڵام بوومەلەرزەکەی کرماشان و ئەو حەماسە نەتەوەیی و کوردانەیەی لە ماکۆوە هەتا سەرپێڵی زەهاو وەڕێ خرا، ئەم دیوارەی بەسەر کۆماری ئیسلامی و ستراتیژیستەکانیدا ڕماند. چیی نەکرد بۆوەی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان بخا، بەڵام کاتێک ویستی ئاکامی چوار دەیە هەوڵ و بەرنامەدانان و تێچووەکانی لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پاییزی ١٤٠١ی بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا هەڵگرێتەوە؛ مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنەکانی پاییز و دواتری ١٤٠١ و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەخاوەنکردنی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان و حیزبە خۆشەویستەکەیان تاساندنی.**

**پاش ٤٥ ساڵ، ٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆژیادی فیتوای خومەینی دژی نەتەوەی کورد دەرخەری دوو دنیابینیی جیاوازی کورد و کۆماری ئیسلامی و، هەروەها بەڵگەی بەرحەقی خەباتی کورد لە ئێران لەپێناو مافە نەتەوەیی و مەدەنییە ڕەواکانی لەدژی کۆماری ئیسلامییە.**

**٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤**

# عێراق وەک قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی



سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان وەک یەکەم سەفەر و سەردانی سەرکۆماری نوێی ئێران بۆ عێراق پێویستە لە چوارچێوەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق سەیر بکرێت.

لە ساڵی ۲۰۰۳ ی زایینی بەولاوە و بەدوای گۆڕینی نیزامی سیاسی لە عێراق نفووز و دەستێوەردانی ئێران لە عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کردوە. ستراتیژیی ئێران لە عێراق لەسەر چەند تەوەری سەرەکی داڕێژراوە: یەکەم نەهێڵی حکوومەتێک لە بەغدا لەسەر کار بێت کە سیاسەتی دژ و نەیارانەی لەگەڵ تاران هەبێت. دووهەم بە بەکارهێنانی گوشاری ئەو هێز و میلیشیا و لایەنە عێراقییانەی سپۆنسەری ماددییان دەکا و لە خۆی نیزیکن، کار لەسەر دەرکردنی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراقدا بکات. سێهەم خاڵیش بەربەست دروستکردنە بۆ کار و چالاکیی سیاسی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران کە بنکەی سەرکردایەتییان دەیان ساڵە لە هەرێمی کوردستان جێگیرە. لە تەنیشت ئەو سێ هۆکارە سەرەکییە بێگومان گرتنەدەستی بازاڕی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ خوردکردنەوەی کاڵاکانی ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامییە. هاوتەریبی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستێوەردانی زیاتر و گرتنەدەستی ناوەندەکانی بڕیار لە عێراق، ناڕەزایەتییەکان بەو سیاسەتە و هەژمۆنیخوازییەکانی ئێران لەو وڵاتە پەرەیان سەندووە کە دەتوانین ئاماژە بە خۆپێشاندانە بەرفراوانەکانی ساڵی ۲۰۱۹ لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەند و خوارووی عێراق بکەین کە تەنانەت گەیشتە ئەوەی کۆنسولخانەکانی

ئێران لە نەجەف و کەربەلا ئاگر بدرێن. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی پاشەکشەی ئێران پاشەکشەی و وەک بینیمان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ ئەوە ئێران بوو نەیهێشت حکوومەتی نوێ لەلایەن ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانەکانی پێک بێت، لە کاتێکدا زۆرترین دەنگی هەڵبژاردنەکانیان هێنابۆوە، تەنیا لەبەر ئەوەی سیاسەت و ئایدیاکانی ئەم لایەنانە دژایەتیی لەگەڵ ئەجێندا و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق هەبوو. پێشتریش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا لیستی لایەنگری ئێران بە ئەیاد عەلاوی دۆڕا، بەڵام لە ژێر گوشاری ئێراندا نوری ئەلمالیکی دیسان بۆوە سەرۆکوەزیر، لەبەر ئەوەی تاران ئەو و ئەوەی دەویست.

## پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی ئێران و عێراق ئاماژە بە چەند خاڵ گرینگە:

**یەکەم**، عێراق شەریکە ئابوورییەکی گەورە بۆ ئێرانە و دوای چین و تورکیا سێهەم هاوبەشی بەهێزی ئابووریی ئەم وڵاتەیە کە لە ساڵی ڕابردوودا بایی ١٠ میلیارد دۆلاڕ کاڵای بە عێراق فرۆشتووە و ستراتیژییەکەی ئەوەیە ئەو ئاستە بگەیەنێتە ٢٠ میلیارد دۆلار لە ساڵێکدا.

**دووهەم**، بوونی مەزارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق و زۆرایەتیی شیعە لە دوو وڵاتی ئێران و عێراق هۆکارێکی دیکەی لێکنیزیکیی ئەم دوو وڵاتەیە و ئەمە لە بەرژەوەندیی هەردوولا شکاوەتەوە. ئێران لە ساڵانی رابردوودا لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە تەرخان کردوە، ئەوە جیا لەوەی زۆر گرووپ و میلیشیای لەم وڵاتەدا هەن کە بە پارە و چەکوچۆڵ تەیاری کردوون و بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی بەکاریان دێنێت.

**سێهەم**، بەستراوەیی عێراق بە ئێران بۆ سووتەمەنیی گازە. عێراق لەمێژ ساڵە بۆ دابینکردنی گاز و سووتەمەنیی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشتی بە ئێران بەستووە و تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بایی دوو میلیارد دۆلار گازی لە ئێران هاوردە کردوە و لەسۆنگەی ئەوەشڕا کە ئەمریکا حکوومەتی عێراقی لە گەمارۆکانی سەر ئێران لە بەشی وزەدا مەعاف کردووە، ئەو میلیارد دۆلارانە ئاسان دەچنەوە بەردەستی تاران.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا، واتە لە عێراقی نوێی پاش حکوومەتی بەعسدا هۆکاری سەرەکیی نائارامی و ناسەقامگیرییەکانی ئەم وڵاتە بووە، پێش هەموو شتێک لەڕێگەی پێکهێنانی گرووپ و میلیشیا و تەیارکردنیان بۆ ئەوەی شەڕی نیابەتیی بۆ بکەن. لەبیرمان نەچێ بەشی زۆری ئەم گرووپ و لایەنانە لە ڕواڵەتدا بۆ شەڕ دژی داعش دروست کران، بەڵام لە بنەڕەتدا بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازیی ئێران لە عێراقدا دامەزراون و ئەمە

بەشی چوارەم

ستراتیژیی سەرەکیی ڕێژیمە کە لە یەمەن و سووریا و لوبنانیش دەیباتە پێشێ. نموونەی ئەمە لە هیچ کوێی دنیادا نییە وڵاتێک دەیان هەزار هێزی چەکداری سوپای فەرمیی وڵاتەکەی سەر بە دەوڵەت و وڵاتێکی دیکە بن و لەوێ بڕیار وەربگرن! ڕەهەندێکی دیکەی ناسەقامگیرکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە دەستدرێژیی ئەم وڵاتە بۆ سەر سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان کە نموونەکەی تۆپباران و مووشەک هاویشتن بۆ قووڵایی خاکی هەرێم و تەنانەت پێتەختی هەرێم بووە. وەک پێشتریش باس کرا لایەنێکی دیکەی دەستێوەردانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردن و ڕێگری لە ڕەگداگوتانی دێموکراسی لە عێراق کاریگەریدانان لەسەر هەڵبژاردنەکان بەتایبەت لە بەغدا بووە بۆ ئەوەی حکوومەت و دەسەڵاتی نیزیک لەخۆی بێتە سەر حوکم.

سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێراق و هەرێم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جۆرێکی تری بردنەژێر پرسیاری سەروەریی سیاسیی ناوەندەکانی حوکم لەو وڵاتە بوو. سروشتییە ئێران و عێراق وەک دوو وڵات پێکەوە پێوەندیی سیاسی، دیپلۆماسی و ئابوورییان هەبێت، بەڵام سەردانەکەی پزشکیان سەرەتا بەغدا، لەوێڕا بۆ هەولێر، دواتر سلێمانی و پاشان سەردانی نەجەف و لەوێڕا بۆ کەربەلا و پاشان بەسرە و چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێرانییەکان لەم وڵاتە لەکوێی دیپلۆماسی و ئێتیکێتی دیپلۆماتیکدا جێ دەگرێ؟ ئەنجامەوو بڵێی پزشکیان سەرکۆماری عێراقە و پارێزگاکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە و ئەوەی پزشکیان و کۆماری ئیسلامی مەبەستیانە و کردیان لە دەرەوەی عورفی دیپلۆماتیکی نێوان دوو وڵاتی خاوەن سەروەریدا جێ دەگرێت. ئەوە ئەم خاڵەیە کە پێویستە ڕێبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان بیبینن و گرینگیی پێ بدەن.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## کوردستان وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان



هەروەک لە سیاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مانگرتنی بەشێک لە شارەکانی کوردستان، بەتایبەت شاری سەقز، زێدەکەی ژینا ئەمینیدا هاتبوو، لە سێهەمینساڵی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا ئەم جووڵانەوەیە لەپێ نەکەوتوە. بەردەوامیی گوشارەکان بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گرتنەکان، حوکمدانی قورس و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن بەسەر بەندکراوانی سیاسی، گوشاری بەردەوام بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەکە لەگەڵ ئەوەی نیشانەکانی زیندێتیی بزووتنەوەکەن، هاوکات دەرخەری ترسی زۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی دیکەی بزووتنەوەکەن.

ئامانجی بزووتنەوەکە لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران هەم هاوبەش و هەم هەڵگری کۆمەڵێک خسڵەت و تایبەتمەندیی ناوچەیی تایبەت بە خۆیان بوون. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە لە گشتییەتی خۆیدا دادخوازی بۆ کوشتنی بەئانقەستی ژینا و ناڕەزایەتی دەربڕین بە کوشتنە حکوومەتییەکانی دیکە لە ئێران بوو، ئەگەر خەبات بۆ فڕێدان و بردنە ژێر پرسیاری ئایدۆلۆژیکترین چەمکی ڕێژیم واتە حیجابی زۆرەملێ بوو، ئەگەر بۆ داواکردنی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و هەوڵدان بۆ وەڵامدەرکردنی بەرپرسان و دامودەزگاکانی حکوومەت بوو، بەڵام پێوەندیدار بە کوردستان دەتوانین بڵێین

بەشی چوارەم

لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە هاوبەشانەدا نارەزایەتییەکان هەڵقوڵاوی ڕوحی کوردایەتی و لەپێناو بردنەپێشی پرسی کورد لە ئێران و ڕزگاریی نەتەوەیی بوو.

ئەگەر جۆری دروشم و داخوازییەکان لە کوردستان وەک ئاخێزگەی جووڵانەوەکە جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو، ڕەفتار و شێوەی بەرەوڕووبوونەوەی ناوەندەکانی سەرکوت لە کوردستانیش لەگەڵ نارەزایەتییەکان فەرقی هەبوو. بزووتنەوەی ژینا بۆ زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران پەلی هاویشت و لە ڕەوتی سەرکوتکردنی خۆپێشاندەراندا ٢٢٤ کەس لە خۆپێشاندەران کوژران کە پشکی کوردستان بە تەنێ ١٤٢ کەس بوو، واتە زیاتر لە نیوەی هەموو قوربانییەکانی سەرکوت لە هەموو ئێراندا. ئەمە لە ئاماری گرتن و دەسبەسەرکردنەکان، حوکمدان و تەنانەت ئێعدامەکانیشدا هەر ڕاستە.

خاڵێکیتر کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکە جیا دەکاتەوە خۆڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵکەکەیەتی کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو گوشار و سەرکوتە خوێناوی و بێبەزەییەکان، بەڵام ئاڵای زیندوویەتی و بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینایان بەرز ڕاگرتوە. بێگومان بێتوو بزووتنەوەی ژینا لە کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریدا بەم شێوە توندوتیژە سەرکوت نەکرابا؛ بێتوو هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت توێژی نێونجی و خوڵەمێشی بەدەم بزووتنەوەکەوە هاتبان؛ بێتوو ئەم جووڵانەوە بێسەر، بەڵام خۆڕسک و بەهێزە باشتر و پێکهاتەمەندتر ڕێبەری کرابا؛ بێتوو ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و هەڵپەرەستیی هەندێ لایەنی کوردی و غەیرە کوردی بەرەو ئاقارێکی دیکەی نەبردبا، بێتوو کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستی ڕاشکاوانەتری لە هەمبەر فشارهێنان بۆ سەر ڕێژیم و داکۆکی لە بزووتنەوەکە گرتبا؛ ڕەنگبێ هەر لەم دوو ساڵەدا ڕاپەڕینەکە بە ترۆپکی سەرکەوتن گەیشتبا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ژینا زۆر دەسکەوتی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دەستەبەر کرد، لە یەکەم هەنگاودا توانیی پشتیوانیی جەماوەری و سیاسیی بەربڵاو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، هەم لە ئاستی نێوخۆدا، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە بەناوکردنی شەقام لە پێتەختەکانی وڵاتانی ئورووپاییەوە بگرە هەتا پەسندکرانی "مەهسا ئەکت" لە کۆنگرەی ئەمریکا؛ لە پێدانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە داکۆکیکەرێکی بزووتنەوەی ژینا -خاتوو نێرگس محەممەدی"یەوە بگرە هەتا پێدانی خەڵاتی ساخارۆڤی یەکیەتیی ئورووپا بە بزووتنەوەکە. بزووتنەوەی ژینا لە ئاستی نێوخۆییدا توانی هاوسەنگیی تێگەیشتن لە پرسی کورد لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران بگۆڕێ و هەروەها سەرنج و هەستیاریی زیاتری کۆمەڵگەی جیهانی هەم بۆ لای پرسی کورد لە ئێران و هەم پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە بەهۆی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشێ.

ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی لە کورتخایەندا بە ئامانجەکانی نەگەیشت، بەڵام بواری بۆ دانوستان و لیکتێگەیشتن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی وڵات و نێودەوڵەتیدا خۆش کرد کە بەرهەمەکانی لە داهاتوودا هەڵدەگیرێتەوە. گوشارە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان لەدژی ئێران، بەردەوامیی سزا و گەمارۆیەکان و سنووردارترکردنی مەیدانی ڕمبازێنی ڕێژیم لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بەشێک لەو دەسکەوتانەن کە لە سایەی بەردەوامیی مانەوە و بەردەوامیی جووڵانەوەکە لە کوردستان و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدیهاتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بنکە و بارەگاکانی مووشەکباران دەکران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی شەهید دەبوون، بەڵام بە بڵاوکردنەوەی چەندین جارەی بانگەوازی مانگرتن، بە ئەکتی سیاسیی جۆراوجۆر و ڕێکخستنی جەماوەری، بە کاری مێدیایی و دیپلۆماسی هەم بووە فاکتەری سەرەکیی زیندێتیی بزووتنەوەکە و هەم گۆڕانکاری لە پێوەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی ئێران و بەرجەستەکردنی پرسی کورد لە وڵات و جیهانیشدا.

**بزووتنەوەی ژینا لە کاتێکدا پێی ناوەتە سێهەمین ساڵی تەمەنی کە کوردستان هەر وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان لە ئێران دژی کۆماری ئیسلامییە.**

**٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

## نێعمەتی شەڕ لای فاشیزمی مەزهەبیی ئێران



٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران جیا لە نەگبەتیی شەڕ، ماڵوێرانی، هەژاری و داڕمانی ئابووری و بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان ئاکامێکی دیکەی نەبووە. لانیکەم دیکتاتۆر و فاشیستەکانی پێشووی وەک هیتلێر و مووسولینی بە پلانە ئابوورییەکانیان توانیبوویان پێداویستیی ژیانی شەرەفمەندانەی توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگە دابین بکەن و ماشێنی نیزامی و شەڕی وڵاتەکەیان لەسەر پیشەسازی و ئابوورییەکی بەهێزی خۆوڵاتی بنیات بنێن. بەڵام خومەینی و میراتگری دواتری بە چەوساندنەوە و برسیکردنی خەڵکی وڵات، بە سەرکوتی خوێناوی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و ڕەوا لە کۆمەڵگەدا، و بە هەرزانفرۆشکردنی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات بە وڵاتانی وەک چین و ڕووسیە، سوپای جەنگی و مووشەکەکانی لەسەر پێ ڕاگرتوە و ئاگری شەڕی لە ناوچەدا هەڵگیرساندوە.

با بۆ سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بگەڕێینەوە. دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی چەند شارێکی وەک خورەمشار، لە ماوەی چەند مانگدا و پاش شکاندنی گەمارۆی سەر ئابادان و وەرگرتنەوەی خورەمشار و پاشەکشەی سوپای سەدام دەکرا شەڕ کۆتایی بێت. بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکەش زۆر لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەوتنە خۆ، بەڵام خومەینی بە دروشمی "شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن" ئەم شەڕەی بۆ ماوەی حەوت ساڵی دیکە درێژ کردەوە. دواجار نەک هیچ

سەرکەوتنێکی پێ نەبرا، بەڵکوو ناچار بوو جامە ژارەکەش فڕ کا، بەڵام ئەم شەڕخوازییەی کۆماری ئیسلامی چی بە سەر کۆمەڵگە و وڵاتی ئێران هێنابوو:

٢٢٦ هەزار کوژراو، ٥٧٥ هەزار بریندار، ٦٢٧ میلیارد دۆلار تێچووی شەڕ، ٦٤٤ میلیارد دۆلار زیان و خەساری ماددی و دارایی لە ژێرخانی ئابووریی وڵات، دابەزینی نەوت لە ٣٥ دۆلارەوە بۆ ١٠ دۆلار، وێرانیی ژینگە و فەوتان و تێداچوونی سەتا ٨٠ی نەخلستانەکانی باشووری ئێران، تەرتوتونابوونی ٧٣٥ تانک، ٣٩٧ فڕۆکەی شەڕکەر و ٣٥٤ هێلیکۆپتەر؛ هەروەها بەجێمانی ١٦ میلیۆن مین لە خوزستان و کوردستان، کە پاش ٣٥ ساڵ لە کۆتایی ئەو شەڕە ئێستاش لەبن پێی خەڵکدا دەتەقێنەوە و کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە.

خومەینی ساڵێک پێش ئەوەی فیتوای شەڕ دژی عێراق بدا و دروشمی "شەڕ نێعمەتی خواییە" بەرز بکاتەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا فیتوای جیهاد و شەڕ لە دژی کوردەکانی دابوو، ئەو شەڕفرۆشی و تامەزرۆییەی کۆماری ئیسلامی بە وێرانی و خوێنڕشتن ئەگەرچی خەڵک و وڵاتی تووشی زۆر خەسار و قەیران کردوە، بەڵام بۆ ڕێژیم پڕ دەسکەوت بووە. لە سۆنگەی پێشتریتیی شەڕەوە هەموو جموجۆڵێکی مافخوازانە و ناڕەزایەتییەکی سەرکوت کراون، هەزاران چالاکیی سیاسیی لە زیندانەکاندا گوللەباران و لەدار دراون؛ دوایەش هێزە چەکدار و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بوون بە دەیان مافیا و کارتێلی ئابووری بۆ مژینی خوێنی خەڵک و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات بۆ شەڕفرۆشییە ئایدۆلۆژییەکان و وەدیهێنانی هیلالی شیعە!

پەرەدان بە توندئاژۆیی ئایینی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، دروستکردنی میلیشیا و پڕچەککردنیان بۆ شەڕی نیابەتی، قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی بەرگێڕەوەی ڕێژیم هەتا ئێستا بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێرانی بۆ ئەم ستراتیژییە خەرج کرد، بەڵام بینیمان کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن و سووریە بوونە هەمووی بوونە تۆز و خۆڵ و ئاگر و چوونە ئاسمان!

لەلایەکی دیکە و لە تەنیشت بەفیڕۆدان و تێداچوونی دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی خەڵکی ئێران کە خەرجی ماشێنی تێرۆر و شەڕانشۆیی کۆماری ئیسلامی کراوە، دەیان هەزار کەسیش لەو وڵاتە بەڵاڵێدراوانەدا بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕهەڵایسنیی ڕێژیم کە بەشی زۆریان خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ بوون. بێگومان ویژدانی زیندوو و مرۆڤایەتی بە کوژرانی خەڵکی بێتاوان لە غەززە و لوبنان و ئاوارەبوونی گیاندەربازکردووەکانی شەڕ لە ماڵ و حاڵیان ناڕەحەتە؛ بەڵام

خامنەیی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نا! ئەوان شەڕەکەیان هەڵگیرساند چونکی بەرژەوەندیی خۆیانیان تێدا دەدی و دەیانەویست لەسەر حسیێبی کوژران و ماڵوێرانیی ئەو خەڵکە، پرۆژە و بەرنامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان بەسەر کۆمەڵگەی جیهانیدا بسەپێنن.

لە ئیستادا سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ئێستادا بەرەورووی زۆرترین دژایەتی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بۆتەوە. هەروەها لە نێوخۆی ئێرانیشدا خەڵکی وڵات کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا زۆرترین خەساریان لە سیاسەت و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەر کەوتوە، زۆر ڕاشکاوانە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم وەستاونەتەوە و ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بە ئەکتی سیاسی سەلماندوویە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار هیچ چەشنە شەرعییەت و ڕەوایییەکی خەڵکیی نییە. پتر لە دوو دەیەشە بەئاشکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی "نە غەززە و نە لوبنان" و "دوژمنی مە لێرەیە" بەرپەرچی سیاسەتی نێوخۆیی، دەرەکی و ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامییان داوەتەوە. خەڵکی ئێران بە ئاشکرا دەڵێن ئەم شەڕەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەریکە داوێنی ئێران دەگرێت، شەڕی خەڵکی ئێران نییە و شەڕی کۆماری ئیسلامییە. خامنەیی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی ١٣ی ڕەزبەری حەوتووی پێشوودا جینایەتی سامناکی حەماس لە هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبری پارەکەی بە قانوونی، ڕەوا و مەنتیقی ناو برد و بە شان و باهۆ و سیاسەتی گرووپە نیابەتییەکانی هەڵاگوت کە بوونەتە هۆکاری کوژرانی دەیان هەزار کەس لە غەززە و لوبنان و لەبەریەکهەڵتەکانی ژێرخانی ئابووریی ئەو ناوچانە. خامنەیی هەروەها هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی بە شانازییەکی گەورە ناو برد و پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان پێداگریی لەسەر پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە کردەوە. بەڵام خەڵکی ئێران نەکهەر لەو ڕوانگە و سیاسەتەی نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیان بێبەرین، بەڵکوو بۆخۆیان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدان.

مێژوو پێمان دەڵێ هەموو نیزامە سیاسییە سەرکوتگەرەکان لە فاشیزمی ئیتالیاییەوە بگرە هەتا نازیسمی ئاڵمانی دوای شەڕهەڵایسینی و تێکشکان دارماون و هەرەسیان هێناوە، ئەمجارەشیان نۆرە گەیشتووەتە کۆماری ئیسلامی. بەتایبەت کە کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان کە لە بەفرانباری ١٣٩٦ەوە تەقیونەتەوە و لە بزووتنەوەی ئێعترازیی ژن، ژیان، ئازادیدا گەیشتە ترۆپکی خۆی؛ زیاتر لە هەر کاتێک ڕێگای بۆ ڕووخانی ڕێژیم خۆش کردوە.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بن بەڕەی بەرەی مقاومەت



"مقاومت" کلیلوشەی گەڕان بەدوای هۆکاری سەرەکیی قەیرانە سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێرانە. دەمارگرژترین دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامییش نایشارنەوە کە ئێران نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ناکرێ لەو سۆنگەیەوە سیلە لە "مقاومت" بگیردرێ و ببردرێتە ژێرپرسیار، جا با پێداگری لەسەر ئەم دیسکۆرسە ڕووباری خوێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەڕێ خستبێ.

سیاسەتی بەرەی مقاومەت ڕوویەکی دیکەی ستراتیژیی "هەناردەی شۆڕش" بۆ وڵاتانی ئیسلامیی ناوچەیە کە لە یەکەم هەنگاودا ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاند، شەڕێک کە زیان و تێچووە گیانی و ئابوورییە کارەسارتبارەکانی هەمووان دەیزانن و جێی باسی ئەم نووسینە نییە. بەڵام پێداگریی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی "بەرەی مقاومەت" و "مەیدان"داری بۆ پێکهێنانی چەند سوپایەکی گوێڕایەڵی هاوپەیمان لە وڵاتانی ناوچە و تەیارکردنیان بە چەکی پێشکەوتووی مووشەک و درۆن لەسەر حسێبی گیرفان و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران خەریکە پەرە بە شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی دەدات و ئاسۆیەکی ناڕوونی لە بەردەم داهاتووی وڵات داناوە.

نانەوەی بشێوی، وەڕێخستنی شەڕ، قەیرانی ئەمنییەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەستترین دەرکەوتەکانی ئەندازیاریی سیاسەتی بەرەی مقاومەت لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە باجەکەی خەڵکی ئێران داویانە و دەیدەن. گەمارۆخستنەسەر ئێران لەلایەن ڕۆژئاوا، تەریککەوتنەوە لە بازاڕە جیهانی و نێونەتەوەییەکان و تێچووی ماددی شەڕهەڵایسێنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە پەرەی بە زۆر قەیرانی ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی لە ئێران داوە. قووڵکردنەوەی پتری ناکۆکییە ئایینی و ئایینزاییەکان لە نێوخۆی وڵات و لە وڵاتانی ناوچەشدا و لاوازکردنی پێوەندییە دیپلۆماسی و شارستانییەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپە جیهانییەکان بەشێکی دیکە لە لێکەوتەکانی ئەندازیاریی بەرەی مقاومەت بەهۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. هەڵبەت لە تەنیشت ئەوە ناشکرێ ئەو زیانە گیانی و ماددییە زۆر و زەوەندە لەبەرچاو نەگرین کە لە سۆنگەی ویژمانی بەناو مقاومەتی ڕێژیمەوە بۆ نموونە تەنیا بەر خەڵک و ناوچەی غەززە کەوتوە. کوژرانی نیزیک بە ٤٥ هەزار کەس لە غەززە کە پتر لە نیوەیان خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ بوون و کاولبوونی ئەو ناوچەیە کە تەنیا زیانە سەرەتایی و ڕاستەوخۆیەکانی بە سەروو ٣٥ میلیارد دۆلار قەبڵێندراوە، بەشێکی بچووک لە دەرەنجامی دیسکۆری بەرەی مقاومەت و ئەندازیاریکردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

**دیسکۆرسی شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی وەک ڕەگەزی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم کە خولقێنەری سەرەکیی قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە، چەند دەرکەوتەیەکی جێی باسی هەیە:**

**یەکەم،** وێناکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل وەک دوژمنێکی قەستەسەر بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانیی ئێران کە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەیانساڵەی ڕێژیم کۆمەڵگە و خەڵکی وڵات باوەڕیان پێی نییە، بەڵام کراوەتە بنەما بۆ ئەوەی سیاسەتە سەربازی و هێرشبەرانەکانی ڕێژیمی پێ پاساو بدرێتەوە.

**دووهەم،** پەرەدان بە هەژموونیی سیاسی و سەربازیی ئێران لەنێو وڵاتانی ناوچە بەتایبەت یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین و گرتنەبەری سیاسەتی هەڵمەتبەرانە دژی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو. ئەمەش پەرەی بە ڕکەبەریی خۆپڕچەککردنی ئەو وڵاتانە بۆ بەرگری لە خۆیان لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی داوە و لەو سۆنگەیەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە عەمبارێکی پڕ لە باڕووت کە هەر ئانوساتێک مەترسیی تەقینەوەیەکی گەورەی لێدەکرێت.

**سێهەم،** وورووژاندنی هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی ئێرانییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکی و هەروەها پاساودانی بێتوانایی و ناکارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات و کۆی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات.
وێژمانی بەرەی مقاومەت و شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە ئاستی جیهانیدا خەریکە بەرەیەکی بەهێزی لەدژی ڕێکدەخرێت، لە نێوخۆی وڵاتیشدا گەورەترین بەرهەڵستی هەیە کە خەڵک و کۆمەڵگەن. خەڵکی ئێران کە نوقمی قەیرانە ئابوورییەکانن و بێکاری و گرانی و ئاوسان برستی لێ بڕیون؛ خەڵکی ئێران کە سەرەتاییترین ماف و ئازادییە

سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت؛ خەڵکی ئێران کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و بێتوانایی ڕێژیم لە ئیدارەدانی کۆمەڵگە و سیاسەتی هەڵاواردن هەتا مل نوقمی قەیرانە جۆراوجۆر و فرەڕەهەندەکانن؛ خەڵکی ئێران کە دەیان ساڵە خۆیان لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و سیاسەتەکانی بێبەری کردووە؛ بەرەیەکی دیکەیان لەدژی ڕێژیم و دەسەڵاتە جەهەننەمییەکەی کردووەتەوە.

بەربەرەکانیی خەڵک و کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە بری ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە پرسە نێوخۆییەکان، عەقڵییەتی بەڕێوەبەری و سامانی گشتیی وڵاتی بۆ دێسکۆرسی بەرەی مقاومەت بەفیڕۆ داوە، قۆناغی باشی بەرەوپێشێی بڕیوە. نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بە تایبەت لە دوای بەفرانباری ٩٦ەوە کە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ١٤٠١دا گەیشتە ترۆپکی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین ئالەنگاریی بەردەم دەسەڵاتەکەی لە نێوخۆی وڵاتدا کردوە. هەروەها بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و مەجلیسی چەند دەورەی ڕابردووی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە هیچ شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی نەهێشتوە. شکاندنی تابۆکانی دەسەڵات و وەلانان و مەوداگرتنی زۆر لە بەها و بایەخە بەزۆرداسەپاوەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵک لەلایەن هەر ئەو خەڵکە بەتایبەت نەوەی نوێی کۆمەڵگەوە مەیدانێکی هەراو و بەربلاوتری لە خەبات و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەهریمەنیی ڕێژیم کردووەتەوە. سەرکوت و توندوتیژییەکانی دەسەڵاتیش نەک نەیتوانیوە پاشەکشە بە بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک بکات و کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەڵکوو هەوێنی پەرەسەندنی مافویستی و نارەزایەتییەکان و خواست بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا بووە. ڕاسانی نەتەوەیی و کولتووری لەنێو نەتەوە بندەستەکان و هەوڵی بنگەیی و بەردەوامیان بۆ داشداری لە شوناس و پێناسیان سەرەڕای هەموو سەرکوت و کوشتوبڕەکان، هەروەها بەهێزبوونی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای هەموو سنووردانان و بەرتەسککردنەوەکان دۆخێکی خەباتگێڕیی نوێیان لە ئێراندا بەدژی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندوە؛ دۆخێک کە داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدا یەکلا دەکرێتەوە.

ململانێی توندی خەڵک و دەسەڵات سەرەڕای تێچووی زۆری بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم بۆ تاک و بزووتنەوە سیاسی و مەدنییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەربڕی خواست و ئیرادەی گشتی لەو وڵاتە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتە. ڕەوتێک کە بە سەرنجدان بە مایەپووچیی دیسکۆرسی "بەرەی مقاومەت" و سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم لەلایەک و بەرینبوونەوەی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بەرەو بەهێزتربوونی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی گشتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و چێکردنی نیزامێکی سیاسیی نوێ و وەڵامدەر و بەرپرسیار دەچێت.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## کێ خراپی لێک داوەتەوە؟



بە هێرشی سەربازیی ئیسراییل بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەڕی ناڕاستەوخۆی نێوان ئەم دوو وڵاتە چووەتە قۆناغی پێکدادانی ڕاستەوخۆ، دۆخێک کە چیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەرپرسیاری سەرەکیی دۆخە ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێت. ئێستا خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە کاردانەوە بە هێرشی چەند ڕۆژ لەوەپێشی ئیسراییل بۆ سەر ئێران کە تێیدا هەستیارترین ڕادار و ناوەندەکانی چاودێریی ئاسمانی، گرینگترین قەڵغانە دژە هەواییەکانی ڕێژیم وەک ئێس ٣٠٠ و، هەروەها ستراتیژیکترین چەکی سەربازیی ڕێژیم وەک بەشی سووتەمەنیی مووشەکیی ڕێژیم کرانە ئامانج؛ ڕایگەیاندوە کە ئیسراییل سەهووی کرد و لێکدانەوەکانی چەوت و هەڵەن. سەرفینەزەر لەوەی خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە بەردەوامیی ئەم دۆخەدا پلانیان چییە و چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەر بەڕاست لەو نێوانەدا کام لایەن بەهەڵە چوون و کێن ئەوانەی لێکدانەوەکانیان بە زیان بۆیان شکاوەتەوە؟

- کۆماری ئیسلامی ٤٦ ساڵە قووتی خەڵکی ئێرانی بڕیوە و خەرجی هێز و میلیشیا جۆراوجۆرەکان بۆ شەڕی نیابەتیی دەکات، بەڵام ئێستا دەبینین ئەو هێزانە لە لوبنان و غەززەوە هەتا یەمەن و وڵاتانی دیکەش یەک لە دوای یەک گورزی گورچووبڕیان لێ دەکەوێ و لەپێ دەکەون. بەڕاست کێ لە لێکدانەوەکاندا هەڵەی کردوە؟

بەشی چوارەم

- کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان ساڵە بە بچووک و بچووکتر کردنەوەی سفرەی ژیانی خەڵکی وڵات، داهات و سامانی گشتیی ئێرانی بۆ تێکنۆلۆژیی دروستکردنی بۆمبی ئەتوم و پیشەسازیی مووشەکی خەرج دەکات، بەڵام بە دوو هێرشی سەربازیی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی وەها زەبرێکی وێ کەوتووە کە ڕێژیم ئەگەر حوکمەت و دەسەڵاتەکەی بشمێنێ -کە خەڵکی ئێران ئیزنی ئەوەی پێ نادەن- هەر ئێستا چەندین ساڵ و بە میلیارد دۆلاری دیکەی دراو پێویستە بۆ ئەوەی بۆ دۆخی سێ مانگ لەوە پێشی بگەڕێتەوە. بەو پێیە دەکرێ بفەرموێت کێ لە لێکدانەوەدا بەهەڵە چووە؟

- ڕێژیم دوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی لوبنان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بەپێی دانانی خودی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی کوژراوی حیزبوڵڵا چەندین میلیارد دۆلار لە سامان و دارایی خەڵکی ئێرانی بۆ دروستکردنی ١٥ هەزار خانوو و باڵاخانە، ٧٠٠ کیلۆمەتر ڕێگاوبان، ٤٨ پرد و دەیان نەخۆشخانە خەرج کرد، هەروەها بەو ڕادەیەش بۆ غەززە و بۆ پڕچەککردنی حەماس لە تونێلەکاندا تەرخان کرا، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە هەموو ئەو شوێنانە دیسان تەختی زەوی بوونەوە و چەند قاتی ئەوەندەش زیان و خەساریان وێ کەوتوە. هەر بەڕاست کێ هەڵەی کرد؟

- کۆماری ئیسلامی لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا بە سیاسەتی شەڕئەنگێزی، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە دۆڵپایەک بەسەر شانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و، بەو هۆیەوە دەیان ساڵە گەمارۆی ئابووریی خراوەتە سەر و، لەو سۆنگەیەشەوە بەرەوڕووی قووڵترین قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە. خۆ ئەگەر تەنیا نرخی تمەن وەک دراوی نیشتمانیی وڵات بە نموونە بێنینەوە، لە ماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا کە لە سەرەتادا هەر دۆلارێک ٧ تمەن و ئێستا هەر دۆلارێک نیزیک ٧٠ هەزار تمەنە، بایەخی پووڵی وڵات ١٠ هەزار هێندە دارماوە و ئەو دارمانەش بۆ هەموو کەرتەکانی دیکەی ئابووریی وڵات شۆڕ بۆتەوە. ئێستا با جەنابی خامنەیی وەڵام بداتەوە کە کێ لە ستراتیژی و لێکدانەوەکانی خۆیدا بەهەڵە چووە؟!

- دوو ساڵە لەگەڵ هەر دۆڕانێکی تیمە وەرزشییەکانی ئێران لە مۆندیال و پێشبڕکێ جیهانییەکاندا خەڵکی وڵات دەڕژێنە سەر شەقامەکان و شادی و خۆشی دەکەن، ئێستاش کە ئێران بەرەوڕووی هێرشی دەرەکی و دەستدرێژیی وڵاتێکی دیکە بۆتەوە، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەم وڵاتە نەک بۆ ئەمە بەپەرۆش نین و پشتی حکوومەت ناگرن، بەڵکوو بەئاشکرا خودی خامنەیی بە بەرپرسیاری ئەم دۆخە دەزانن و، لە دژی ئەو هەڵوێست دەگرن و جەنابیان بە دوژمنی سەرەکیی خاک و خەڵک و وڵاتەکەی خۆیان دەزانن؛ ئێستا با هەر خۆی بفەرموێ کێ لە لێکدانەوەکانیدا سەهووی کردووە؟!

بەشی چوارەم

- لەوەتی کۆماری ئیسلامی هەیە زۆرترین بەشی بودجەی وڵات بۆ بنیات و ناوەندە سەربازی و ئایدۆلۆژییەکانی دەڕوات، کەچی پاش ٤٦ ساڵ سەرەکیترین کۆڵەکەکانی شەرعییەتی ئەم نیزامە سیاسییە دارماون و خەڵکی ئەم وڵاتە نەکهەر، هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ئەم حکوومەتە نییە، بەڵکوو وەک لە بزووتنەوەی ژیناشدا دەرکەوت ئامادەن هەموو تێچوویەکی گیانییش بۆ رووخاندنی ئەم ڕێژیمە بدەن و لە خەبات بۆ ئەو ئامانجەش بەردەوامن، ئەرێ هەر بەڕاست کام کەس و لایەن لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵە چوون؟!

لە کۆتاییدا قسە هەزارە و دووانی بەکارە: ٤٦ ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران دروشمی نابوتکردنی ئیسرائیل و ڕزگارکردنی قودسی بەرز کردووەتەوە، کەچی ئێستا دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیم دنیای وەئامان هێناوە و هەمووانی تکاکار کردوون بەشکم هەوڵ بدەن ئیسرائیل وازی لێ بێنێ و شەڕەکە بەوەندە ببڕێتەوە. دەیان ساڵە ڕێژیم بەوە دەنازێ چوار پێتەختی وڵاتی دیکە و سوپای جۆراوجۆری لە بەردەستە و بەهۆی پیشەسازیی پێشکەوتووی مووشەکیی خۆیەوە کەس ناوێرێ قامکی لێ ببزێوێت. کەچی ئێستا نەک هەر بووەتە هۆکاری شکستی سیاسی، سەربازی، ئابووری و هەرەسهێنانی ئەم وڵاتانە؛ بۆخۆیشی لە لێواری ڕووخان و دارماندایە. بۆیە لە دۆخێکدا کە ڕێژیم نە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دۆست و هاوپەیمانێکی هەیە و نە لە نێوخۆی وڵاتدا دەتوانێ پشت بە پاڵپشتی و پشتیوانیی خەڵک ببەستێ و بەرەورووی بەربڵاوترین قەیرانەکان بووەتەوە، ئەوەی لە هەموو ئەو دەیان ساڵەدا بەهەڵە چووە و لێکدانەوەکانی چەوت بوون، هەر خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەن.

٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## گۆشت مەخۆن و خۆتان گەرم داپۆشن!



لە کاتێکدا هەڵبڕینی برق بۆ خەڵکی ئێران بووەتە دەردی سەرباری دەردان و، ژیانی خەڵکی ئاسایی بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیان هەیە، خەڵکی بازاڕی، سنعەتکار و کرێکارانی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی بەرەوڕووی ئاستەنگ و قەیرانی زۆر کردوە و، لە کاتێکدا دەوڵەت بەڕەسمی ڕایگەیاندوە خەڵک دەبێ لە وەرزی ساردوسەرمای زستاندا خۆیان بۆ قەیرانەکانی کەمیی وزە و سووتەمەنی ئامادە بکەن؛ سەرکۆماری ئێران چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی لەوەدا دیتۆتەوە کە خەڵک دەتوانن وەکوو ئەو لە ماڵەوەدا جلی گەرم و ئەستوور لەبەر بکەن و ئیدی کێشەیان نامێنێ.

دیتنەوەی ئەم جۆرە چارەسەرییە لەلایەن پزشکیان بۆ قەیرانی وزە و قەیرانە بێژمارەکانی دیکەی کۆمەڵگە شتێکی نوێ نییە، وەک چۆن ئایەتوڵڵا مەکارمی شیرازی کاتێک گۆشتی مریشک گران ببوو، چارەسەرە پێشنیارییەکەی ئەمە بوو، "جا چییە با خەڵک مریشک نەکڕن و ئەگەر گۆشتی مریشک نەخۆن چ دەبێ؟" یان کاتێک چەند ساڵ لەوەپێش پەریناز بەنیسی، کارناسی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا هاواری خەڵکی هەژار لە گرانی و شەرمەزاریی دایک و باوکان بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خواردەمەنیی ڕۆژانە بۆ منداڵەکانیان بەرز ببۆوە، لە بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیدا چارەسەر لای ئەو نەک ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و زوڵم و بێدادییەکەی؛ بەڵکوو هاندانی خەڵک بۆ ئەوە بوو گۆشت و میوە

و ئاجیل لە بەرنامەکانی خواردنیان بنێنە لاوە و ئیدی کێشەیان نامێنێ و ئاو بێنە و دەستان بشۆ! لێرەدا فەرمایشتەکانی مەسعوود پزشکیان لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی وەزارەتی نەوت و وزە دەکەینە بیانوویەک بۆ وەبیرهێنانەوەی وادە و بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنی بە سەرۆککۆمار، ئەویش لە کۆتایی چوارەمین مانگی دەوڵەتەکەیدا.

مەسعوودی پزشکیان کە لە مانگەکانی پێش هەڵبژاردندا بە وادە و بەڵێنی وەک کرانەوەی سیاسی و باشتر کردنی دۆخی ئابووری، کۆتاییهێنان بە گەشتی ئیرشاد و نەهێشتنی فیلتیرینگ، و ئاساییکردنەوەی پێوەندیی دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و لەو سۆنگەیەوە کەمکردنەوە لە گوشاری گەمارۆکان؛ کەسایەتییەکی گۆڕانخوازی لە خۆی دروست کردبوو و ترووسکەیەکی هیوای خستبووە دڵی لانیکەم کەمە لایەنگرەکانی؛ بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا دەریخست لە دووڕوویی و بێکیفایەتیدا ڕووی ئەوانی پێش خۆیشی سپی کردووەتەوە.

ئەزموونی چوار مانگی یەکەمی حوکمڕانیی پزشکیان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دەرەوەدا پێمان دەڵێن دۆخی ژیانی خەڵکی ئێران تەنانەت زۆر خراپتر لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیبراهیم ڕەئیسیی جەللادە. لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبی و ئورووپا پڕقەیرانتر لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامییە. بۆ نموونە ئاڵمان هەموو کۆنسولخانەکانی کۆماری ئیسلامیی داخستوە و داوا دەکا یەکیەتیی ئورووپا سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێت. بریتانیا دەستێوەردانی نیزامیی ئێران لە شەڕی ئۆکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسییەی بە کردەوەی دوژمنکارانە ناو بردوە و گەمارۆ ئابوورییە یەکلایەنەکانی دژ بە ئێرانی لە سەردەمی سەرکۆماریی پزشکیاندا زیاتر کردوە. ٢٧ وڵاتی یەکیەتیی ئورووپاش گەمارۆیان خستووەتەسەر "ئیران ئایر"، "ماهان" و "ساها"، سێ کۆمپانیای سەرەکیی فڕۆکەوانیی کۆماری ئیسلامی و ئێستا هەموو فڕین و گەشتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئورووپا و بریتانیا ڕاگیراوە. وڵاتانی عەرەبییش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەڵوێستیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیزیکتر دەبێتەوە و تەنانەت لە کاتی سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێراق، مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە نەجەف ئامادە نەبوون چاویان پێی بکەوێ و هەتا ئێستا تاقە گرێبەستێکی هاوکاریی ستراتیژی لە بواری ئابووریدا لەنێوان ئێران و عێراق وەک نیزیکترین وڵاتی نیزیک لە کۆماری ئیسلامی ئیمزا نەکراوە.

با بێینەوە سەر دۆخی خەڵک لە نێوخۆی وڵات. پزشکیان بەڵێنی ئەوەی دابوو نەهێڵێ چیدی کەرامەتی ژن لەو وڵاتەدا وردوخاش بکرێت، بەڵام دوای چوار مانگ هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی ژنان و مافەکانیان لەو ماوەیەدا بەرچاو ناکەوێ هیچ، بەڵکوو ژنان زیاتر و بەربڵاوتر لە پێشوو لەلایەن نیزامی سیاسیی دژەژنەوە سەرکوت دەکرێن.

تیمی ئابووریی پزشکیان نەک نەیانتوانیوە سەقامگیرییەک لە دۆخی ئابووریی وڵاتدا دروست بکەن، دەبینین بایەخی تمەن لە بەرانبەر دراوە بیانییەکاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دارماوە، زێڕ بەردەوام گرانتر بووە، ئاوسانی ئابووری پتر و پتر بووە و گرانبوونی کاڵا سەرەکییەکانی ژیان سفرەی خەڵکی بچووک و بچووکتتر کردووەتەوە. هاوکات دارمانی بۆرس، ئەگەری گرانکردنی پتری بێنزین و کورتیهێنانی ٨٥٠ هەزار میلیارد تمەنیی بودجە و زیادکردنی سەتا ٤٠ی ماڵیاتەکان لەسەر خەڵک، داهاتوویەکی ناڕوون و کارەساتبارتری خستووەتە بەرچاو.


وادە و بەڵێنەکانی دیکەی پزشکیانیش لە بوارەکانی پێشگرتن بە دەرکردنی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و نەهیشتنی گوشارەکانی گرتن و سنووردارکردنی خوێندکارانی چالاک و ڕەخنەگر، چارەسەری قەیرانەکانی ژینگە و ئاو، دابینکردنی ئینتێرنێتی ئازاد، کۆتاییهێنان بە پەروەندەسازیی ناوەندە ئەمنییەتییەکان دژی مێدیا و ڕۆژنامەنووسان و زۆر وادە و بەڵێنیی دیکە نەک هەر وەدی نەهاتوون؛ بەڵکوو لە هەموو ئەو بوارانەشدا دۆخەکە بەرەو قەیرانی زیاتر چووە.

بۆیە کاتێک سەرکۆماری وڵات بۆ چارەسەری قەیرانی وزە تەنیا ئەوە شک دەبات بە خەڵک بڵێ لە ماڵەوە جلی زیاتر و گەرمتر لەبەر بکەن و لە هەمبەر قەیرانەکانی دیکەشدا دۆشداماوە، ئەوە نەک هەر نیشانەی دەستەوەستانی و بێکیفایەتیی ئەو، بەڵکوو دەبێ بە نیشانەی دارمانی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی مانا لێک بدرێتەوە.

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

بەشی چوارەم

## مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات



### ئاماژە:

ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرگای زۆر ئەگەر و هەلومەرج و گۆڕانکاریی نوێی بەڕووی ناوچەکەدا ئاوەڵا کردوە. کاریگەریی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی، ئەویش لە سێبەری ئەگەری پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دەکرێ هەم بە هەڕەشە و هەم بە دەرفەت بۆ جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دابندرێ. "کوردستان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەو گۆڕانکارییانە و شوێنداریی ڕووداوەکان لەسەر خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران کردوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی گشتیی جەنابتان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، ئەویش بە سەرنجدان بە قەیرانی سیاسی و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بچینە نێو باسەکەمانەوە؛ خوێندنەوەتان بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران چییە؟

**مستەفا هیجری**: دۆخی ئێستای ئێران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرینتربوونەوەی درزی نێوان حکوومەت و خەڵک درێژەی ئەو دۆخەیە کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو خراپتر چووە، تا گەیشتۆتە دۆخی ئێستا. پێشبینیی ئەو دۆخەش بە درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات، هەرێم و دونیا بەڕێوەی بردوە، شتێکی چاوەڕوانکراو بووە و بێجگە لەو ئاکامەی ئێستا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو. ڕووداوێک کە قووڵایی ئەم داماوی و کارەسات‌خوڵقێنییەی کۆماری ئیسلامی خێراتر و ڕوونتر دەرخست، ڕەهەندەکانی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بوو کە لە حەوتی ئۆکتۆبری ۲۰۲۳ دەستی پێ کرد. ئەمن لەو باوەڕەدام پێش دەسپێکی ئەو شەڕە ئیسرائیل زانیاری لەسەر ئەو ڕاستییە هەبوو کە لەباری توانایی هێزی ئاسمانییەوە لە ئێران بەهێزترە، بەڵام درێژەی ئەو شەڕە، بەتایبەت دوای هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی ۲٦ی ئۆکتۆبری ۲۰۲٤، بۆ ئیسرائیل دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا زۆر لەوە زیاتر لاوازترە کە ئیسرائیل بیری لێ دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە دڵگەرمی و هیوای زۆر بە توانای خۆڕاگریی حەماس و بەتایبەت حیزبوڵڵا لەو بڕوایەدا بوو ئەو دوو هێزە قەڵایەکی بەرگری بێ‌ئەملاوئەولای حکوومەتن، بەڵام ئەو شەڕە و بەتایبەت کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و حەسەن نەسرووڵڵا لە لوبنان و دەیان ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەری نیزانیی دیکەی ئەو گرووپانە، باڵادەستیی ئیسرائیلی لەباری شەڕی هەوایی و سایبرییەوە چەندقات زیاتر لە پێشوو بۆ بەرچاوی دونیا و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی دەرخست. هەڵبەت نابێ هەڵوێستی جیاوازی ئەمجارەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچەکە بەرانبەر بە جۆرێک لە خەمساردی بەرانبەر بە حەماس و حیزبوڵلا لەبیر بکەین کە دەکرێ بە نیشانەی ئەگەر نەڵێین دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لاوازیی پێگەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا سەیری بکەین. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیارە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆشەگیرییەکی سەختی سیاسی و ئابوورییەدا گیری کردوە. بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگترە، لاوازی و بێزراوبوونی زیاتری ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتە و بەهەر پێوانەیەکی لێکی بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات کۆماری ئیسلامییان ناوێ.

**عەلی بداغی: بە سەرنجدان بە قسەکانی خامنەیی و فەرماندەرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری شەپۆلێکی دیکەی هێرشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل هەیە. لە ئەگەری ئەو هێرشەدا و لە بەردەوامیی ئەو دۆخەدا پێتان وایە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟**

**مستەفا هیجری**: بێتوو کۆماری ئیسلامی هێرشێکی ڕاستەوخۆی دیکە ئەویش لە خاکی ئێران ڕا بکاتەوە سەر ئیسرائیل، مەجالێکی باشتر دەڕەخسێ بۆ ئەوە ئەم وڵاتە هێرشێکی دیکە بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ئاستی وێرانکارییەکەی زۆر



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر بێ لە هێرشەکەی پێشوو، و شوێنە هەستیارەکان ئەو جارە بکاتە ئامانج، چوونکە بەدوای هەڵبژاردنی ترامپ دەستی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی ئەوتۆ ئاواڵەترە. درێژە پێدانی ئەو کێبرکێییەش زیاتر بە زەرەری ئێران تەواو دەبێ و، لە دۆخێکی ئەوتۆدا، مەترسییەکانی پەرەگرتنی زیاتری شەڕیش چاوەڕوان دەکرێ و پێناچێ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم دۆخە نەبینن و بێ‌لێکدانەوە بیانهەوێ هێرشێکی دیکە بکەنە سەر ئیسرائیل. بۆیە من پێشبینی ڕووبەڕوونەوەیەکی توند و هەمەلایەنەی نیزامی ناکەم.

**عەلی بداغی**: ئەم دۆخە سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامییەی ئێستا چ کاریگەرییەکی بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئێران داناوە؟

**مستەفا هیجری**: لەو دۆخە سیاسی ئەمنییەتی یەی ئێستادا کە شەڕەکە بەگشتی بە زیانی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە، سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، ناڕەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن. خەڵک لە چووکەترین دەرفەت بۆ گەیاندنی پەیامی ناڕەزایەتی و بێزاربوونی لە ڕێژیم کەڵک وەردەگرن و هەست بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی زیاتر لە نێو گەلانی ئێران زیاتر دەکرێ. بەگشتی پێداگرتر بوون لە داخوازەکانی خۆیان، بەتایبەتی کە خەڵک لە تێکشکانەکانی ڕێژیم چ لە شەڕەکانی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنە و چ شکانی هێزە نیابەتیەکان خۆشی دەردەبڕن، و هەر ئەمە ڕێژیمی زیاتر لە پێشوو لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خستۆتە پەراوێزەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای نیگەرانی خەڵک لە داهاتووی ژیان و مەعیشەتیان بەڵام هیوادارترن و لە خەبات کۆڵیان نەداوە.

**عەلی بداغی**: زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە دەوڵەتی مەسعوود پزشکیان تێپەڕی و دەکرێ ئەم ١٠٠ ڕۆژی یەکەمە بە پێوەر بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت وەربگیردرێ. لەم بارەیەوە چۆن باس لە کارنامەی دەوڵەتی پزشکیان دەکەن؟ هەروەها لێکدانەوەتان بۆ هەندێ جووڵەی سیاسیی پزشکیان چییە، بۆ نموونە ئەوە کە بۆ یەکەمجار کوردێکی کردووەتە یەکێک لە جێگرەکانی خۆی، ئایا ئەمە دەکرێ بە کرانەوەی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا تەعبیر بکرێت؟

**مستەفا هیجری**: بەشێوەی گشتی سەت ڕۆژی سەرەتای دەست بەکار بوونی سەرۆککۆمارەکان بە پێوەر دادەنرێ بۆ چۆنیەتیی تێپەڕبوونی باقی سەردەمی دەسەڵاتیان. بەڵام من بۆخۆم لەمێژساڵە بەو قەناعەتە گەیشتووم لە ئێراندا سیستەمێکی ڕەقی نەگۆڕ و چەقبەستوو دینامیزمی جووڵە و کردارە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەویش ڕێبەری گشتی



سەرچاوە
Serchawe

(وەلی فەقیهـ)ە، سەرۆککۆماریش وەکوو باقی بەشەکان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە کە لە بەیتی ڕێبەری دەدرێن ئەرک بەڕێوەبەرن، لە ئێستادا ئەم شارەزایی و هەڵسەنگاندنە لە ڕادەی دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئوروپا و بگرە هەموو وڵاتانی ناوچەکەش هەروایە. بۆ نموونە لەو ساڵانەی دواییدا زۆرجار لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتانەشمان بیستوە کە وتوویانە ئێمە لەسەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی حیساب دەکەین نەک درووشمەکانیان.

پێوەندیدار بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دیارە دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام نەک وەکوو کرانەوەیەک بەڕووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا. چوونکە کرانەوەی سیاسی پێناسەیەکی دیکەی هەیە کە بۆخۆی پێویستی بە شیکردنەوە و باسێکی زۆرترە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئوتوریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن.

**عەلی بداغی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا و بۆ ئاکامگیرییەک لەسەر ئەو بابەتە؛ پزشکیان ناوی دەوڵەتەکەی ناوە "وفاق ملی"، واتە یەکگری و هاوپێوەندیی هەمەلایەنەی هەموو ئێرانییەکان. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەش کە پزشکیان دەوڵەتی خۆی بە ناوی "دەوڵەتی وێفاق " دەناسێنێ هەر ناوێکی بێنێوەرۆکە. لە ئێراندا باوە هەر دەوڵەتێک ناوێکی بۆ دانراوە وەکوو "دەوڵەتی سازەندەگی" یان "دەوڵەتی وێفاق" و تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار کورد و یەکیان بەلووچ و... بێ دەوڵەت نابێتە دەوڵەتی وێفاق. لە کاتێکدا لە یاسای بنچینەیی (قانون اساسی)دا دەوڵەت لەسەر شەریعەتی ئیسلامی وێلایەتی فەقیە، تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، قسەکردن لەسەر دەوڵەتی وێفاق میللی زۆرتر وەکوو سەهۆڵی برژاو دەچێ! ئەو وێفاق و تەباییەش کە پزیشکیان باسی لێوە دەکات، ئەوەندەی نیشانی داوە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگە و خەڵکەوە نییە. ئەو باسی تەبایی نێوان جەناح و لایەنەکانی بەشدار لە ڕێژیمدا دەکات کە وک وتمان هیچ پێوەندییەکی بە خەڵکەوە نییە. هەرچەند بەو درز و کەلێنە فکری و ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییانەی کەوتۆتە نێو بەرەجۆراوجۆرەکانی ڕێژیمیشەوە، هیچ وێناچێ دەوڵەتی پزیشکیان تەنانەت لە پێکهێنانی ئەو وێفاقەشدا کارێکی پێ بکرێ.

**عەلی بداغی**: بابەتێکی ڕۆژەڤی دیکە گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپییە. لەو بارەیەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی

**جۆراوجۆر دەکرێ. پێتان وایە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەمریکا دۆخێکیتر لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست دەکات کە کاریگەریی لەسەر خەباتی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی دابنێت؟**

**مستەفا هیجری**: دۆناڵد ترامپ کەسایەتییەکی پێشبینی نەکراو و پراگماتیکە، بۆیە زۆر بەزەحمەتە لە ئێستاوە بڵێین بەڕوونی چۆن لەسەر ئێران بەرنامەڕێژی دەکا؛ بەڵام بەپێی هەڵسوکەوتی لە ماوەی سەرۆککۆماریی دەورەی ڕابردووی و هێندێک کەسایەتی گرنگی حکوومەتەکەی کە تا ئێستا دیاری کردوون. لەلایەکی دیکەوە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دەورەی پێشوودا، حەول دەدا کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر زەختێکی فرە ڕەهەند بە مەبەستی ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، ئاکامی ئەو زەختە دەتوانێ لە ڕاستای بێهێزترکردنی کۆماری ئیسلامیدا بچێتە پێش و بواری زیاتر بۆ پەرەگرتنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە نێوخۆی وڵات و کار و چالاکی زیاتری ئازادیخوازان بڕەخسێنێ. بەڵام خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن.

**عەلی بداغی: وەک دواپرسیار و ئاکامگیرییەکی گشتی لە باسەکەمان. ئەم ئەگەرانەی لە بەردەم کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدان و ئەو ئەرک و زەروورەتانەی کە دەبێ بە هەند وەربگیرێن کامانەن؟**

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ناسراوە، زۆر لەوە لاوازتر و بەربڵاوترە کە بتوانێ هەلومەرجەکان بە قازانجی خەڵک بقۆزێتەوە. بۆیە کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیە کە دەبێ خۆی سازمان بدا. بۆ ئەم کارە پێش هەموو شتێک پێویستە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە هەموو پێکهاتەکانەوە زیاتر حیساب لە سەر هێز و پتانسێلەکانی خۆی بکات. لایەنە سیاسییەکانیش پێویستە بۆ مەسەلەی ئالترناتیڤسازی ڕوانگە و وەزەمان زیاتر ڕووی لە نێوخۆی وڵات بێ. ڕاستە ئەم کارە ئاسان نییە بەڵام پێویستە کاری لەسەر بکرێ.

**عەلی بداغی: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتان



بوێری لە مەیدان و ئازایەتی لە بڕیار وەک یەکێک لە خسڵەتەکانی بزووتنەوەی ژینا لەو کاتەوە دەرکەوت کە بنەماڵەی ژینای جوانەمەرگ و بەناحەق کوژراو نەچوونە ژێر باری گوشار و تەنانەت هەڕەشەی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و، ئامادە نەبوون بە دزی و دوور لە چاوی خەڵک تەرمی ژینای کوردان بینێژن. ئەم ئازایەتی و بوێرییە دواتر لەوەدا بەرجەستە بوو کە کچان و کوڕان و پیر و لاوی سەقز خاوەندارەتییان لە ڕۆڵە شەهیدەکەی شارەکەیان و نەتەوەکەیان کرد. بەڵام ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو، شار و شەقامەکانی کوردستان خرۆشان و بە ئازایەتی کوڕان و کچانی بوێر ڕەنگرێژ کرا و حەماسەیەک خوڵقا وێنەی نەبوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کوردستانی بە دەروازەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دەبینی و زراوی لە پەلهاویشتنی شۆڕشەکە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران چووبوو، بێبەزەییانە کەوتە سەرکوتی خۆپێشاندەرانی کورد. بەمجۆرە بوو کە بە زەبری چەک و تەنانەت دەکارکردنی دۆشکا لەدژی مێرمنداڵانی ڕاپەڕیو، شەهیدکردنی زیاتر لە ١٤٠ کەس و گرتنی هەزاران کەس لە خۆپێشاندەران شەقامەکانیان بێدەنگ کرد، بەڵام نەیانتوانی چۆک بە لاوانی ئازا و بوێری کورد دابدەن. فیداکاریی سەدان ڕۆڵەی بەوەجی کورد لەسەر شەقام و لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بەڵگەن بۆ

ئازایەتی و گیانبازیی سوورخەڵاتانی نیشتمان لەپێناو سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ژنان ڕچەشکێن و پێشەنگ بوون، کەم نەبوون ژمارەی ژنە تێکۆشەرانەی لە ڕیزەکانی ڕاپەڕیندا شەهید بوون، یان لە گرتنگەکانی ڕێژیمدا خرانە ژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حەق وایە بڵێین ئەو بزووتنەوەیە سەرهەڵدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو کە هەر کام بە چەشنێک ئاوات و ئارەزوو و داخوازی و مافەکانیان لە سایەی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا پێخوست کرابوو؛ سەرهەڵدانێک کە وەستانی بۆ نییە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە ئامانجەکانی نیزیک دەبێتەوە.

بزووتنەوەی ژینا خەباتی سیاسیی کوردی هەنگاوێکی دی بەرەوپێش برد، بەڵام خوێنبایی ئەو قەڵەمبازە هەروەک ئاماژەی پێ درا مایەدانانی سەدان لاوی سەوداسەری ئازادی لە گیان و ژیانیان بوو کە پێویستە ڕێزیان لێ بگرین. بێگومان زیندووهێشتنەوەی یاد و بیرەوەرییان و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان هەتا بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانیان کەمترین کار و بەرپرسایەتییە کە هەمووان دەبێ شانی وەبەربدەین. بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی "سوورخەڵاتان" کە ئامادەکارەکەی خاتوو سۆما ناسری، کادری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەوڵێکە لەو پێناوەدا؛ بەتایبەت کە دواتر چیرۆکی جوامێریی ئەم سوورخەڵاتانە لە کتێبێکی سێ بەرگیدا هەر بەو ناوە چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەم ئەرکوەخۆگری و ماندووبوونەی خاتوو سۆما بەم کارە بەنرخە کە وەک خەڵاتێک بۆ سوورخەڵاتانی نیشتمان وایە و بە نەمری هێشتنەوەی یاد و بیرەوەریی ئەم شەهیدانە بۆ گرینگە؟ ئەم نووسینە بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

لەنێو هەموو نەتەوە ئازاد و سەربەستەکاندا کە سەروەریی سیاسی و ڕزگاریی نەتەوەیی خۆیان قەرزباری گیانبازی و گیانبەختکردنی ڕۆڵەکانیانن، ڕێز لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانیان دەگرن. ئەم ڕێزگرتنەش نوێنگەی ڕێز و پێزانین بۆ ئەو خۆنەویستی و فیداکاریی و بەخشندەییەکە بۆ سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوەکەیان بوویانە. ئەم پێزانین و بەرزنرخاندنە بە چەندین شێوە دەکرێت:

**یەکەم،** بەڕێوەبردنی کۆڕیاد بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەهەر کات و بارودۆخێکدا یاد و بیروەریی شەهیدەکانی بەرز ڕابگرێت.
**دووهەم،** تۆمارکردنی ژیاننامەی شەهیدان و نووسینی زیاتر بۆ دەرخستنی لایەنە فرە ڕەهەندەکانی بەسەرهات و چیرۆکی ئازایەتی و لەخۆبوردووییان لە توێی کتێبدا بۆ ئەوەی نەوەکانی دواڕۆژی کۆمەڵگە خەون و خولیاکانی ئەوانیان بیر بمێنێت و ئیلهامی لێ وەربگرن.
**سێهەم،** دانانی پەیکەرە، بەناوکردنی شەقام و خوێندنگە و بەڕێوەبردنی چالاکیی هونەری، کولتووری و وەرزشی بە ناو و یادی ئەو نەمرانە.

**چوارەم،** دروستکردنی فیلم، بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتسازی و خستنەڕووی لە بۆنە تایبەتەکاندا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە باشتر، پتر و هەمەلایەنەتر بە گیانبازییەکانیان بزانێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕێزگرتن لە شەهیدانی خاک و وڵات و هەروەها سەربازە ونەکانی نیشتمان نەک هەر ئەکتێکی سیمبولیک، بەڵکوو بەرپرسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە کە پێویستە بە بەردەوامی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا بێت و بچێت و بمێنێت؛ هاوکات ئەم ڕێزنان و پێزانینە یارمەتیدەری بەهێزکردنی هەست و ئینتیمای نیشتمانی و بایەخە مرۆییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەشە. ئەم ڕێزگرتنە هەستی باوەڕبەخۆبوون و ورەی خۆڕاگری لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەموو دۆخێکدا ئیلهامدەری فیداکاری لەپێناو خاک و تێکۆشان بۆ ئامانجەکانی سەربەستی بێت. هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕەوایی دۆزێک کە لەپێناو چێبوونی دۆخێکدا کە دەستەبەری بنەڕەتیترین مافەکانی مرۆڤی ئەم هەرێمە بکات، ڕووبارێک خوێنی پێشکێش کردوە.

ئەم ڕێزگرتن و پێزانینە لەهەمبەر گیانبازیی شەهیدان هاندەر و پاڵنەری شکلگرتنی شوناسێکی گشتی و هاوپێوەندیی نەتەوەییشە، چونکی دەتوانێت ئینتیمای زیاتر و بەهێزتری کۆمەڵگە و نەوەکانی دواڕۆژ بۆ بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەیی و ئامانجە بەرزەکانی دروست بکات. هاوکات گەیەنەر و هۆکاری گواستنەوەی پەیام و ڕیسالەتی خەباتی مرۆیی و نەتەوەیی شەهیدان بۆ نەوە دوای نەوە و لەو ڕێگەیەوە بەردەوامی و هەڵکشانی ئەم خەبات و ئامانجە بێت. دواجار تۆمارکردنی ژیاننامە و چیرۆکی خەبات و خۆڕاگریی نەمرانی گەل سەرچاوەیەکی بەنرخیشە بۆ توێژەران و مێژوونووسان و یارمەتییان دەدات باشتر لە بەستێنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دۆخی شۆڕش و ڕاپەڕین بکۆڵنەوە. بەتایبەت بۆ نەتەوە بندەستەکان کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاری و خەبات بۆ سەربەستیی خاک و نیشتمانن، تۆمار و بەڵگەی گیانبەختکردنی تێکۆشەرانیان پرسێکە بۆ دادخوازی بۆوەی لە مەیدانی حقووقی و یاساییشدا بەرەنگاری ڕێژیمە داگیرکەرەکان ببنەوە.

"سوورخەڵاتان" هەوڵێکی بەنرخە لەپێناو هەموو ئەو ئامانجانەدا کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا و بەڵگەیەکی بەبایەخە لەپێناو دادخوازیی نەتەوەیەکی خەباتکاری مافپێشێلکراو، و هەروەها خەڵاتێکیشە بۆ سوورخەڵاتانی نیشتمان بۆوەی ناو و یادیان بۆ هەمیشە بە نەمری بمێنێتەوە. لەم ڕووەوە ئەرکوەخۆگری و ماندووبوونی خاتوو سۆما ناسری و هاوکارەکانی بەو پرۆژە گرینگ و بەبایەخە جێگای سپاس و پێزانینە.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

## لە ڤییەنەوە بۆ ژنێڤ، لە تیرۆرەوە بۆ مووشەک و بۆمبی ئەتوم



لەمێژساڵە ڤییەن و وتووێژەکانی ڤییەن بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتی بەهێزبوون و مانەوە لە دەسەڵاتی دەستەبەر کردوە. چ ئەوکاتەی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەسەر مێزی بەناو وتووێژ تیرۆر کرد؛ چ ئەوکاتەی هەر لە ڤییەن و لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤دا ڕێککەوتنامەی "بەرجام"ی لەگەڵ وڵاتانی (١+٥) ئیمزا کرد. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە بەناو دانوستانەکانی ڤییەندا هەموو کاتێک فریودان و لەخشتەبردن بووە، چ ئەوکات کە دەیویست بە لەداوخستنی د. قاسملوو بە ناوی وتووێژ و تیرۆکردنی، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات تووشی نسکۆ بکات. چ ئەوکاتەی بەتەما بوو لە ڕێگای وتووێژەکان و بەرجامەوە بەسەر قەیرانە ئابوورییەکانیدا زاڵ بێ و هەل و دەرفەتی زیاتری بۆ پەرەپێدان بە بەرنامەی ناوکی، پیشەسازیی مووشەکی و هەژموونی و باڵادەستیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەست بکەوێت. ڤییەن و ترۆئیکای ئورووپاش هەموو جارێ ئەو دەرفەتەیان بە کۆماری ئیسلامی داوە و دەستی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەیان بۆ تەڕاتێنی سیاسی و نیزامی لە ناوچە و جیهاندا ئاوەڵا کردوە.

ترۆئیکای ئورووپا ئەمجارەیان لە ژنێڤ و لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانە و، لە

دەرەوەی وڵات لەسۆنگەی بەبارمتەگرتنی ئەمنییەتی جیهانی و، لە نێوخۆی وڵاتیش لەسۆنگەی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە بەرەوڕووی ئیرادەیەکی گشتی و بەگژداچوونەوەیەکی جدی بۆتەوە؛ دەرفەتی دیکەیان بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساندووە هەتا دیسان لەسەر مێزی دانوستانەوە بیەوێ دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت.

دانیشتنە سەرەتاییەکانی گەڕی نوێی دانوستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ترۆئیکای ئورووپا -بەبێ بەشداریی ئەمریکا- لەکاتێکدا کران کە پێشتر یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە هاوکاریی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووسیە کۆمەڵە سزایەکی نوێی بەسەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاندبوو؛ ئەوەش لە حاڵێکدا کە هەموو پەلەقاژەکانی ئێران بۆ ئەوەیە لە باری قورسی گوشار و سزاکانی سەر خۆی کەم بکاتەوە. هەروەها ئەو دانیشتنانە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە چوون کە حەوتووی پێشووتری بڕیارنامەی نوێی شوورای حوککامی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتومی لەدژی ئێران دەرکرابوو کە ڕێگای بۆ چالاککردنەوەی میکانیزمی پەلاپیتکە (ماشە) بۆ گەڕاندنەوەی سزاکانی پێشووی شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران ئاوەڵا کردوە. ئەوەش لەجێی خۆی کە ئەم بڕیارنامەیە یەکگری و هاوهەڵوێستیی ئورووپا و ئەمریکای لە پێوەندی لەگەڵ بەگژداچوونەوەی ئێراندا هەنگاوێک بەرەو پێش بردوە. ئێرانیش لە کاردانەوە بەو بڕیارە ڕایگەیاندوە هەزاران دەزگای نوێ و زۆر پێشکەوتووی سانترفیوژی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی بە خەستیی زۆر وەگەڕ خستوە و بەوەش کۆمەڵگەی جیهانیی خستووەتە بەردەم بڕیارێکی یەکلاکەرەوە.

سەرکەوتنەکانی ئەم دانوستانە بۆ کۆماری ئیسلامی، یان ئورووپا و ئەمریکا پێوەندیی بە ئاستی پاشەکشە و ملدانەوانەدنی کۆماری ئیسلامی هەیە. بە ئەگەری زۆر تاران بیهەوێ بە پێدانی چەند ئیمتیازێک کات و زەمەنی زیاتر و باشتر بۆ بەهێزکردنەوەی خۆی بکڕێت، بەتایبەت کە لەو دواییانەدا هەم بەهۆی بەردەوامیی گەمارۆکان، هەم لەسۆنگەی ناسەقامگیریی ئابووری لە نێوخۆ و هەمیش بەهۆی هەڵتەکانی گرووپ و میلیشیا نیابەتییەکانی کەوتووەتە ئەوپەڕی لاوازییەوە. بەڵام وێدەچێ ئەمجارەیان ئەورووپا کە دەبینێ کۆماری ئیسلامی بەشداریی ڕاستەوخۆی لە شەڕی ئۆکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسیەدا هەیە و لە هەموو کاتێک زیاتر لە دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتومی نیزیکترە و، هەروەها لەسۆنگەی نانەوەی شەڕ و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمنییەتی جیهانیی بەبارمتە گرتوە، چیدی نەیهەوێ خۆی لە خەو بکا و ڕا بێت. بەتایبەت کە لە ئاماژەکاندا وا دەردەکەوێ ئورووپا قایل نییە وتووێژەکان تەنیا لەسەر بەرنامەی ئەتومیی ئێران بێت و ڕێککەوتن لە سیلەنیگای ئەوانەوە پێویستە گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی، نەهێشتنی مەترسیی بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیم و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل بگرێتەوە. ئەوەش کە تاران هیوادارە ناکۆکییەکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا بەتایبەت دوای هاتنەوەی ترامپ بۆ کۆشکی سپی لە بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە و بە پێدانی هەندێک ئیمتیاز گوشارە دیپلۆماتیکەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، بەندە بە ئاست و جۆری مامەڵە و پێوەندییەکانی ئورووپا و

ئەمریکای دۆناڵد ترامپ.

وەزن و قورسایی ئورووپاش لە یەکلاکردنەوەی باسەکانی پێوەندیدار بە قەیرانی ئەتومیی ئێران و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەوری سەرەکی دەبینێ. وەک چۆن کاتێک ئەمریکا دوو ساڵ دوای بەرجام لەو ڕێککەوتنە هاتەدەرێ، ئورووپا سوور بوو لەسەر ئەوەی بەبێ ئەمریکاش پێبەندی ڕێککەوتنەکە بمێنێتەوە. بەڵام بەهۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لەدژی ئەو لایەنانەی مامەڵەی بازرگانی و ئابوورییان لەگەڵ ئێران هەبوو، لەوەدا ناکام مانەوە. ئێستاش ئورووپا بەبێ ئەمریکا لە توانایدا نییە نە ئیمتیاز بە ئێران بدا و نە هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی گوشار و سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵگرێ و لەهەمبەر ئەوە کۆماری ئیسلامی ملکەچی ڕێککەوتنێکی سەقامگیر بکات.

پێوەندیدار بە بووژانەوەی بەرجام ئورووپا لە بەردەم ئەزموونێکی مێژووییە. بێتوو هەتا پاییزی ساڵی داهاتوو میکانیزمی ماشە کارا نەکرێتەوە، ماوەی دیاریکراوی گەمارۆ خستنەسەر پیشەسازیی مووشەکی و هەروەها مامەڵەی چەکوچۆڵی کۆماری ئیسلامی بەسەر دەچێ و ئەوەش تەواو لە بەرژەوەندیی ڕێژیمە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئورووپا و تەنانەت ئەمریکاش کۆتایی بە سیکلی دەرفەتدانەوەی بەردەوام بە کۆماری ئیسلامی دێنن، یان ستراتیژییەکی دیکە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرنەبەر؟ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی دۆناڵد ترامپ بەفەرمی پێ دەنێتەوە کۆشکی سپی و، هەتا ئەودەم دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ



چەند ڕۆژ پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان میلیارد دۆلاری بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی خەرج کرد و زیاتر لە ٦ هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی بۆ فیدا کرد، نەعیم قاسم، سکرتێری نوێی حیزبوڵڵای لوبنان ئێوارەی پێنجشەممە، ١٥ی سەرماوەز ڕایگەیاندبوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕی ١٢ هەتا ١٤ هەزار دۆلار (بە تمەن لەنێوان ٨٦٠ میلیۆن هەتا ١ میلیارد تمەن)ی وەک یارمەتی و قەرەبوو بۆ هەر بنەماڵەیەکی لوبنانیی زیانوێکەوتووی شەڕ تەرخان کردوە. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە کردبوو کە زیاتر لە میلیۆنێک و ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی لوبنان ئاوارە بوون و ئێستا بەو یارمەتییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، واتە بە یارمەتیی ئەو ٢٠ میلیارد دۆلارەی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دابین کردوە! بەوەش کە ڕۆژنامە و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە بەربڵاوی قسەکانی نەعیم قاسمیان بڵاو کردەوە و هیچ بەرپرسێکی ڕێژیم لەدژی ئەو قسانە هەڵوێستی نەگرت، ئیدی لەلای خەڵکی ئێران تەواو ڕوونە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگە نەک خەڵکی هەژار و برسی و بوومەلەرزەلێدراوی وڵات؛ بەڵکوو دابینکردنی تێچووی چەک و تەقەمەنیی میلیشیاکانی بۆ شەڕ لە ناوچە، ژیاندنی چەند میلیۆن شوێنکەوتووی لە سووریە، لوبنان، فەلەستین و عێراق و، هەروەها نۆژەنکردنەوەی ناوچە کاولکراوەکان ئەویش بە پووڵ و سامانی خەڵکی ئێرانە!

بەڵگەی ئاشکرا و دانانی ڕاستەوخۆی حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری پێشوو، و کوژراوی حیزبوڵڵای لوبنان باس لەوە دەکەن کە دوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی لوبنان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٣٨٥، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٠٠ ڕۆژدا و بە پێدانی ٤٠٠ میلیۆن دۆلار بەشی زۆری ناوچە کاولکراوەکانی ئاوەدان کردەوە. تازە ئەو ٤٠٠ میلیۆن دۆلارە جیا لە یارمەتییە تایبەتییەکان و تێچووی چەک و تەقەمەنی و تەیارکردنەوەی سەربازیی حیزبوڵڵا بوو کە لەو کاتەوە هەتا ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو چەندین میلیارد دۆلاری دیکەشی هاتە سەر و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەمووی بوونەوە هیچ و پاکی تێداچوون.

لە سووریەش کە بە سەرەکیترین پێگەی ستراتیژیی ڕێژیم دادەنرا و ئێستا ڕووخاوە و کەوتووەتە بە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە، هەر بە دانانی بەرپرسانی ڕێژیم لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار لە سامانی خەڵکی ئێران بۆ ڕاگرتنی بەشار ئەسەد خەرج کرا! حسێبی پووڵ و یارمەتییەکانی ڕێژیم بە حوسییەکانی یەمەن و حەماسی فەلەستین و میلیشیانی دیکەی لە وڵاتانی دیکەش لە جێی خۆی و، بە دوای ئەواندا تەرخانکردنی میلیارد میلیارد دۆلار بۆ پیشەسازیی مووشەکی و کڕینی قەڵغانی بەرگریی لە ڕووسیا کە بە دوو هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل تەنیا ئاگر و دووکەڵیان لێ بەجێ ما!

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ئێستا لەسەر حسێبی پووڵ و سامانی خەڵکی ئێران بۆ هەر بنەماڵەیەکی شیعەی لوبنانی بڕی ٣٠٠ هەتا ٤٠٠ دۆلار مانگانە (بە تمەن ٢٢ میلیۆن هەتا ٢٩ میلیۆن تمەن) بڕیوەتەوە و جیا لەوە یەکجێ پارەیەک بە بڕی ١٠ ساڵ داهاتی کرێکارێکی ئێرانیی بە هەر لوبنانییەکی لایەنگری حیزبوڵڵا داوە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ خۆیان نوقمی هەژاری و داماوین. خەڵک بۆ نانی شەوێیان داماون، پووڵی دابینکردنی دەواودەرمانی نەخۆشییەکانیان نییە، گۆشت و میوە لە سفرە و خواردنی بەشی زۆری هەژارەکانی کۆمەڵگە باری کردوە، دەیان هەزار منداڵ بەهۆی هەژاری لە خوێندن دابڕاون، بە هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە لە کەلک کەوتوون، ڕێگاوبانە تەسک و پڕقوڵکەکان ڕۆژ نییە کارەساتی مرۆیی نەخوڵقێنن، سەرباقی هەموو ئەوانە لە ئاوسانی ئابووریی سەتا ٥٠دا بڕیار دراوە بەنزین لەسەر خەڵکی ئێران گران و بەوپێیە هەموو تێچووەکانی ژیانیان لەسەر گرانتر بکرێ؛ بۆ ئەوەی ڕێژیم لە قووت و دەستبردنە نێو گیرفانی خەڵکەوە پارەی زیاتری بۆ گیرفانی خۆی و میلیشیا و پرۆژەکانی شەڕ و قەیرانخوڵێنی لە ناوچەدا دەست کەوێ!

لە تەنیشت تەخشانپەخشانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکان و لە تەنیشت کەڵەکەکردنی گرانی و هەژاری و قەیرانە ئابوورییەکان لە سەر یەکتری بۆ گیانی خەڵکی ئێران؛ ڕێژیمی بێکیفایەت و گەندەڵ بەڵام سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بەڵام لە گوشار و سەرکوتی بزووتنەوە ئێعترازییەکان و ئێعدامی چالاکانی سیاسی بەردەوامە.

بەشی چوارەم

بۆ نموونە دەزگای بەناو دادی ڕیژیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووی دوای بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٥٧ دژبەر و زیندانیی سیاسیی ئێعدام کردوە. شکی و گومانیش لەوەدا نییە کە کە تاکە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام و کوشتنی حکوومەتیی چالاکانی سیاسی، زاڵکردنی کەشی سەرکوت و تۆقاندنە لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی دۆمینۆی ڕووخانەکان درەنگتر بیگرێتەوە' بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بەردەوامیی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و هەروەها بایکۆتی یەک لە دوای یەکی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی بۆ ڕێژیم نەهیشتووەتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا زەبری گورچوبڕیان وێ کەوتوە و لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا تەریکتر دەکەوێتەوە، هەروەها لە کاتێکدا لە سۆنگەی بەردەوامیی سیاسەتی شەڕەنگێزیی خۆیدا گوشارەکانی ئورووپا و ئەمریکا بۆ سزادان لەسەر خۆی زیاتر و قوورستر دەکات، هەموو هەوڵ و پەلەقاژەی بۆ ئەوەیە بە کوشتوبڕ و جینایەتەکانیان لە نێوخۆی وڵات بەم و ئەو بڵێن هێشتا هێز و گوڕی پێویستیان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا هەیە. بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانش لێبڕاون کە لەوە زیاتر دەرەتان و دەرفەت بە دەسەڵاتە جەهەننەمیەکەی کۆماری ئیسلامی نەدەن و بۆ ئەوەش خەبات و خۆڕاگریی خۆیان پەرە پێدەدەن.

دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەژین و دەمرن. ئەگەر دوێنێ کۆتەڵی سەدام کەوتە بەرپێی خەڵک و ئەمڕۆ پەیکەرەی شکاو و داگیراوی ئەسەد لە شەقامەکانی سووریە شەقشەقێنی پێ دەکرێ؛ چارەنووسی خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی ڕێژیمی دۆڕاو و مایەپووچ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش لەوە بەدەر نابێت و ئەو ڕۆژەش هێندە دوور نییە.

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# لە ٧٩ ساڵ بەر لەئێستاوە




بە چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٨٨٦ی "کوردستان"، ئەم ڕۆژنامەیە پێی نایە هەشتاهەمین ساڵی لەدایکبوون، دەرچوون و هەروەها بڵاوبوونەوەی بەردەوامی هەتا ئێستا. ڕۆژی ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە درێژەی چەند ئەزموونێکی سەرکەوتووی ڕۆژنامەنووسیی کۆمەڵەی ژ.کاف و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا یەکەم ژمارەی بڵاو بۆوە. "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتر مینبەری مێدیایی کۆماری کوردستان لە خاڵگۆڕانی مێژوویی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی نایە گۆڕەپانی ژیان و خەباتەوە. قۆناغێکی زێڕین کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیبووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی دابمەزرێنێ و حیزبی دێموکراتیش توانیبووی لە ماوەیەکی کورتدا کۆماری کوردستان، وەک گرینگترین دەسکەوتی سیاسی و مێژوویی بۆ کورد بەدی بێنێت.

ئەگەر لە ماوەی ٧٩ ساڵی ڕابردوودا زۆر گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و وڵاتانی دراوسێ ڕوویان داوە، زۆر دۆخ و ڕێژیمی سیاسیی جۆراوجۆر هاتوون و ڕۆیشتوون، زۆر شۆڕش و ڕاپەڕین لە ئێران و وڵاتانی دراوسێش کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە کراون و نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕیوە؛ "کوردستان"یش لەسەر دەستی چەند نەوە بە تایبەتمەندی

و دنیابینیی جیاوازەوە هەتا ئێستاش لە ئەرک و تێکۆشان و ڕەسالەتی خۆی بەردەوام بووە.

لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگبێ دەرچوونی ٨٨٦ ژمارە لە تازەترین خولی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوییەوە دەستی پێ کردوە و هەتا ئێستا ٥٤ ساڵی خایاندوە، لای خوێنەر بە ئەژمار کەم بێتە بەرچاو. بەڵام بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسیی کورد، خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و ئەو قۆناغە سەخت و دژوارانەی ئەم حیزبە لە بەربەرەکانی دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بڕیویەتی، نەک کەمیی ژمارە بڵاوبووەکان لە چاو تەمەن و ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕەخنەی زۆری نایەتەوە سەر، بەڵکوو ئەوەی گرینگ و پڕبایەخ دەنوێنێ بەردەوامی، کۆڵنەدان و بەچۆکدانەهاتنی «کوردستان» و حیزبی دێموکراتە.

"کوردستان" لە ماوەی ٨ دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ئاستی زانیاری و وشیاریی سیاسیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. "کوردستان" لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بەتایبەت لەو ڕۆژە سەختانەی نەیارانی کورد بە توندی پلانیان بۆ تواندنەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد دادەڕشت و بە هەموو توانای سەربازی و دەزگای سەرکوت و میکانیزمە ئیدارییەکان شەڕی ناسنامەی کوردیان دەکرد، مەتەرێزی لەگیراننەهاتووی پارێزگاری لە زمان و ئەدەبی نەتەوەی کورد بووە.

"کوردستان" نەک هەر هەڵگری باوەڕ و پەیامی سیاسیی حیزبی دێموکرات و خەباتی شوناسخوازیی ئەم حیزبە، بەڵکوو لە هەموو قۆناغ و بڕگەکانی ژیانیدا مینبەر و ئاڵاهەڵگری خەباتی مێدیایی کورد دژی نەیارانی ئەم نەتەوەیە بووە. "کوردستان" لەڕووی مێژووییشەوە سامانێکی نەتەوەیی دەوڵەمەندە. ئەم ڕۆژنامەیە تۆمارگەی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد لە ئێران، ئاوێنەی سیاسەت و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە کوردستان و ئێران، و هاوکات شوێنی بەدیکۆمێنتکردنی جینایەت و ڕەفتارە دژیگەلییەکانی دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد لە ئێران بووە.

"کوردستان" چ ئەوکات لە فەرعانە - لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان و چەند ساڵی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧- و لە زێدی خۆی دەرچووبێ، چ لە تەنگانە لە قۆناغە سەختەکانی خەباتی پێشمەرگانە چاپ و بڵاو بووبێتەوە و چ ئێستا کە لە دوورخراوەییدا درێژە بە ژیان و ڕەسالەتی خۆی دەدا؛ هەموو کاتێک بەگژ پلان و پیلانەکانی ڕێژیمە ناوەندگەرانی تاران بۆ شێواندنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆتەوە.

بەشی چوارەم

هەروەک هەمووان دەیزانن و پێشتریش لە وتارێکدا باسم کردوە، بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەرجەستەکردنی بایەخمەندییە شۆڕشگێڕی و خەباتکارییەکان خسڵەتی هەمیشەیی "کوردستان" بووە. "کوردستان" ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر، و ئاوڕدانەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە ئەرک و پرەنسیپی نەگۆڕی خۆی داناوە. بایەخدان بە ژینگە و پاراستنەکەی وەک سەرچاوەی سروشتیی زێد و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەموو کاتێک لە ڕۆژەڤی ڕوانینەکانی "کوردستان"دا بووە. "کوردستان" قەت لە پرسی ژنان و یەکسانی ڕەگەزی خافڵ نەبووە و بەردەوام بەگژ هەڵاواردن و هەر فەرق و دووچاوەکییەکیدا چۆتەوە کە سەرچاوەکەی چ کولتوور و نەریتی کۆمەڵ یان ڕوانگە و سیاسەتی دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووبێت.

"کوردستان" لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان و ڕکەبەریی خێرای مێدیاییدا ئەگەر لەلایەک شانازی بە ڕابردووی پڕ شانازیی خۆی دەکا و هەر لەسەر هەمان ڕێچکەکەی ٧٩ ساڵ بەر لە ئێستایە، بەڵام بە چاوی کراوەوە لە داهاتووی خۆی و ئەرکەکانی لەهەمبەر کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەکەیدا دەڕوانیت. "کوردستان" سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێی ژیانی خۆی لە تاراوگە، بەڵام هەوڵ دەدا هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی خۆی، بە بایەخدان بە پرس و بابەتەکانی ڕۆژ و خوێندنەوەی واقعبینانە لە گۆڕانکارییەکان و ڕوانگەی سەردەمیانە بۆ مژار و ڕۆژەڤەکان هەروەک هەمیشەی جێگای متمانە و ڕێزی خوێنەرانی بێت.

٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## به چی ڕا کۆماری ئیسلامی گەیوەتە لێواری هەڵدێران؟




**لە بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچە و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەشبینترینی ئەو کەسانەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دوورەدەست دەدی، قەناعەتیان وایە ئەم ڕێژیمە لەسەر لێواری هەڵدێرانە. هۆکارەکانی ئەم قەناعەتهێنان و ئاکامگیرییە بۆ کۆمەڵێک دۆخ و هەروەها گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەگەڕێتەوە. ئەم کورتە وتارەش باس لە فاکتەرەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەکات.**

**ئابووری و بەهێزبوونەکەی بێگومان گرینگترین کۆڵەکەی ڕاگرتنی هەر نیزامێکی سیاسی و حکوومەتییە. ئێران ئەگەرچی وڵاتێکی دەوڵەمەند لەڕووی سەرچاوەکانی هێزی مرۆیی، وزە، کانگا و کشتوکاڵە؛ بەڵام ٤٥ ساڵ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە هیچ تەبایی و سنخییەتێکی لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵکی ئەم وڵاتە نییە، ئابووریی ئێرانی خستووەتە دۆخی ئاویلکەدان. لەو پێوەندییەدا تەنیا ئاماژە بە دارمانی بەها و بایەخی تمەن وەک دراوی نیشتمانیی وڵات دەکەین کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە توانای کڕینی خەڵکەوە هەیە و لە ماوەی ٤٥ ساڵدا نەک دوو هێندە و سێ هێندە و دە هێندە، بەڵکوو ١٢ هەزار هێندەی پێش بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی دابەزیوە. ئابووریی دارماوی ئێران جگە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و خەرجکردنی سامانی گشتیی وڵات لە لوبنان، سووریە، فەلەستین، یەمەن و عێراق هۆکارگەلی**

دیکەشی هەن؛ وەک: گەندەڵیی بەربڵاو و سیستماتیکی حکوومەتی، پاوانکردنی بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات لەلایەن بازنەیەکی تەسک لە بڕیاربەدەستانی ڕێژیم و دزی و گزیی بەرپرسانیش لە جێی خۆی کە ئێستا هەر ئەو دۆخە شپرێوە ئابوورییە ببێتە هۆکارێک بۆ ڕووخانی ڕێژیم.

هۆکارێکی دیکە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کەلێن و مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵاتە کە نەک هەر ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت، بەڵکوو بە بەردەوامی ئاڵقە نیزیکەکانی حاکمییەتیش لێیان هەڵدەوەرێ و مۆرەکانی موخلیس و کاری دوێنێیان ئەمڕۆ لێیان بوونەتە ڕەخنەگر و لەگەڵ پاکانەکردن بۆ خۆیان بە کەمتر لە ڕووخان و دارمانی حوکمەتیش ڕازی نین.

لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا گوشارە ئابووری و ناڕەزایەتییە گشتییەکانی خەڵک بە سەرکوت و پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانیان، بە گرانی و بێکاری، بە گەندەڵیی ئابووری و بێ بایەخیی خەڵک لە بەرنامە و پرۆژەکانی حکوومەت بەردەوام کەلێنی نێوان خەڵک و حوکمەتی بەرفراوان کردوە. پەرەسەندنی خۆپێشاندانە سەراسەرییەکان و جار بە جار بایکۆتی گشتگیرتری هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو بەڵگەی ڕاستیی نەک هەر دوورکەوتنەوەی خەڵک و دەسەڵات، بەڵکوو دوژمنایەتیی ئەو دووانە لەگەڵ یەکترین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر ئەوە کە شەرعییەتی سیاسیی خۆی لە نێوخۆی وڵات لە دەست دابێت، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە سۆنگەی سیاسەتی شەڕاشۆیی، قەیرانخوڵقێنی و ناسەقامگیرکردنی سیاسی و ئەمنییەتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەک و، لەلایەکی دیکە سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچندرێت. شکست و تێکشکانی ئەو ماوەیەی "بەرەی مقاومەت"یش دەکرێ هەر لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێ و زیان و خەسارەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی ببیندرێ. لەسۆنگەی ئەم تێکشکانەوە پێگەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بە لاوازترین ئاستی خۆی گەیشتوە، وەبەرهێنانە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیم لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەویش بە تێچووە سەدان ملیارد دۆلارییەکان هەرەسیان هێناوە، ئەو شکست و هەرەسهێنانە هاوکات لە بەرەی دژدا ورەی خەڵک بۆ بەردەوامی لە ناڕەزایەتییەکان و ئۆپۆزیسیۆن بۆ هەوڵی جدیتر بۆ ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی بەرزتر کردوە و لە هەمان حاڵدا پێگەی سیاسیی دژبەرانی ڕێژیمی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا قورستر کردوە.
ئێستا کە فاکت و هۆکارەکان باس لەوە دەکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو هەڵدێری ڕووخان دەڕوات، پرسیار ئەوەیە چ شتێک خێرایی بەو ڕەوتە دەدات؟ پێش هەموو شتێک پێویستیی پەرەسەندنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە گشتییەکانی خەڵکە کە بەهۆی ناکارامەیی و ناوەڵامدەربوونی حکوومەت، هەروەها کەڵەکەبوونی قەیرانە

بەشی چوارەم

ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک پاڵنەرەکان بۆ ئەو مەبەستە زۆر و ئامادەن. لێکنیزیکی و کۆڕایی ئۆپۆزیسیۆن و ساغبوونەوەیان لەسەر هێڵە گشتییەکان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و چۆکردنی حوکمەتی داهاتوو کە هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە، دەتوانێت خێراییەکی زیاتر بە ڕووخانی ڕێژیم ببەخشێت. لە تەنیشت دەور و بەشداریی خەڵک و ڕێکخراوەکان لە نێوخۆی وڵات و یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەریی کۆمەڵگەی جیهانییش دەتوانێ ڕۆڵی کاتالیزۆر و وەپێشخەری ڕووخانی ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە. تەریکخستنەوەی کۆماری ئیسلامی و زیادکردنی گوشارەکانی وەک سزا هەمەلایەنەکان، بڕینی پێوەندییە سیاسی، دیپلۆماسی و ئابوورییەکان و پشتیوانیکردنیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەتوانن بۆ ئەو مەبەستە گرینگ و چارەنووسسازیش بن.

لە ئێستادا گرینگ ئەوەیە هاواری خەڵکی ئێران لە ئێستادا بە باشترین شێوە بە کۆمەڵگەی جیهانی گەیشتوە کە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کۆسپێکی جدی لە بەردەم بەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران هەڵدەگیرێ، هاوسەنگییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرژەوەندیی دێموکراسی و سەقامگیربوونی ئەمنییەت دەگۆڕدرێ و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دەتوانێ ئیلهامدەر و پاڵنەر بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بێت.

٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# خەڵکی ئێران و بەڵایەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی




لە ڕێبەندانی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە چلوحەوتەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی. لەجێدا پرسیار ئەوەیە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چ خێروبێرێکی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران بووە؟

## لە چەند فاکتێکدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە:

### بێبایەخیی گیان و ژیانی مرۆڤ

لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی پێی زاندراوە ٢٦٣٢٥ کەسی ئێعدام کردوە. لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا کە دەکرا هەر لە مانگەکانی یەکەمدا کۆتایی هاتبا و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەئانقەست و بە مەبەستی ڕەگداکوتانی دەسەڵاتەکەیان درێژیان کردەوە ٢٥٥٥٧٠ کەس بەکوشت دران، ٥٧٤١٠١ کەس بریندار بوون کە پتر لە نیوەیان لە سەتا ٢٥ هەتا سەتا ٧٥ نقوستان بوون. هەر لەو شەڕەدا ٥٥٠ هەزار منداڵی چەکدارکراو نێردرانە بەرەکانی شەڕ کە ٣٦

## هەزار کەس لەو منداڵانە تەرمەکانیان گەڕانەوە.

لە ئێران لە ساڵدا نیزیک ٢٠ هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن، ٩ هەزار کۆرپە بەهۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان گیان لەدەست دەدەن، ٥ هەزار کەس بەهۆکاری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵاتی خۆیان دەکوژن؛ و لانیکەم ٢ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی کار تێیدا دەچن و دەرپرسایەتیی هەموو ئەم مردنانەش لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانیەتی.

## دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان دژی ئازادییەکان

هیچ ساڵێک نەبووە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرابێ. دیاریکردنی ڕیپۆرتێری تایبەت بە کاروباری ئێران لە شووڕای مافی مرۆڤ هەر لەجێدا پێمان دەڵێ کە لە ئێران چ ڕادەبرێ!

## خەساندنی کۆمەڵگە بە پیلان و پلان

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوو لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو هەرەس بردوە. چوار هەتا شەش میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن. تەمەنی توشبوون بە مادەی هۆشبەر بۆ خوار ١٠ ساڵ دابەزیوە. لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئیعتیاد، هەژاری و بێکارییەوە ئاماری تەڵاق بەردەوام لە هەڵکشان دایە. تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەکە بەشی زۆریان خوێندەوارن و خاوەن مێرد و منداڵن.

لە ئێرانی ئێستادا ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی لادان و تاوانکاری دێتە خوارێ و درۆ و چەوتی هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی داگرتوە. بەپێی ئاماری دەزگای قەزایی لە ساڵدا لانیکەم ٣ میلیۆن پەروەندەی کەیفەری و ٢ میلیۆن پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر دەکرێ و، زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەش لە «شووڕاکانی حەلی ئیختلاف»دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ. کاڵبوونەوە و گۆڕانی بایەخ و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لادان و قانوون بەزاندن و دروستبوونی کەلێن و کەلەبەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگە واقعێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێرانە کە دەرەنجامی شکستی سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامییە لە مەهەندیسی کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا.


سەرچاوە Serchawe

## خەڵک لە دەرەوەی هەموو ئامانج و بەرنامەکان

بیرهێنانەوەی چەند ئاماری ڕەسمی پێمان دەڵێن کە کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ خەڵکی ئێران و ماف و گوزەرانیانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەڵک تەنیا بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان دەبن و، لە کاتی شەڕدا بۆ دەم لوولەی تۆپەکان. کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان دەڵێن کە لە ئێستادا دوو میلیون بنەماڵە کرێچین و ماڵ و حاڵیان نییە و لەو هەوایەش بڕوا قەت نابنە خاوەنی چوار گۆشەیەک میچەکەی ئی خۆیان بێ. ئەویش لە کاتێکدا کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرێ‌ماڵ دوو هێندەی پێشوو زیادی کردوە.

نان کە سەرەکیترین قووت و بژیوی ژیانی خەڵکە، ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتر دەبێ و کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕایگەیاندوە کە پێوەری داماوی (فلاکت) بۆ سەروو سەتا ٥٠ هەڵکشاوە.

ڕاپرسییەکی مەیدانی دەری خستوە کە ٣٠ میلیون کەس لەبن هێڵی هەژاریی موتڵەقدا دەژین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش لەسۆنگەی هەژاری و بێدەرەتانی دیاردەیەکە کە لە سایەسەری ئەم حکوومەتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنێ.

## بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش دەخۆم

بودجەی ئاوەدانی و خۆشبژیویی خەڵک کەمترین بەشی هەیە لە بودجەی ساڵانەی وڵاتدا، بەڵام بودجەی ناوەندەکانی سەرکوت، هێزە سەربازی و ئەمنیەتییەکان، دامودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات و پیلانگێڕی و شەڕخوڵقێنی لە ناوچەی بە پێی فیلانە. تەنیا لە نموونەیەکدا دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕاگەیەندرا کە ٣٠ میلیارد دۆلار پووڵ و سامانی وڵات تەنیا لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەو وڵاتە بەفیڕو دراوە. بەشی دامەزراوە و بنیات و ڕێکخراوە دینی و ئیدۆلۆژییەکان لە بودجەی وڵات چەند قات لە بەشی زانکۆ و پەروەردە و بنیاتە زانستییەکانی وڵات زیاترە کە خزمەتی وڵات و کۆمەڵگە دەکەن.

## تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

هیچ وڵاتێک نییە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بە ماکەی تێرۆریزمی دەوڵەتی نەزانێ. هەتا ئێستا چەند دادگای



سەرچاوە
Serchawe

نێودەوڵەتی و دەزگای دادی سەربەخۆی وڵاتان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان سەبارەت بە بڕیاردان و دەستتێداهەبوون لە کردەوە تێرۆریستییەکاندا مەحکووم کردوە. مەحکوومکرانی ئێران لە پەروەندەی «آمیا» لە ئارژانتین، «مێکونووس» لە ئەڵمان، زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی بانکوک لە تایلەند و «هیند» و «کێنیا» تەنیا چەند نموونەیەک بۆ بیرهێنانەوەن.

## ڕێژیمێکی بارمتەگر، لە سەرەتاوە تا ئێستا

دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران دەستی پێکرد. ئێستا ئەم ڕێژیمە چلوشەش ساڵە لەلایەک هەموو خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتوە و کردوونی بە قەڵغانی بەڵا و لەلایەکی دیکە بە بارمتەگرتنی ڕۆژنامەنووس و گەشتیار و چالاکانی فەرهەنگیی وڵاتانی بیانی ویست و ئامانجەکانی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەسەپێنێ کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە.

لە کۆتاییدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵایەکە هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ کۆمەڵگەی جیهانی، کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەش تەنیا شیاوی ئەوەن کە بدرێنە دادگای خەڵک و سەبارەت بە تاوانەکانیان تێیان هەڵپێچن. بۆیە ڕەوا نییە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی ئەم خەڵکە و ڕاستییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ڕێژیمێک بەو پێناسە گەندەڵ و نێوەرۆکە دژەمرۆڤایەتییە بکەویە سازان. ئەم ڕێژیمە دەبێ لە کۆڵ خەڵکی ببتەوە، خەڵکی ئێرانیش قۆڵیان لەم کارە هەڵماڵیوە و تێیدا سەرکەوتووش دەبن.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## "دەیەی فەجر"ی ڕێژیم و چوار دەیە زەجر و بەشمەینەتیی خەڵک



لە ڕێبەندانی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکەش پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دوای ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی خۆی بە زەبری چەک و سەرکوت جێژن دەگرێت.

ئەوە کە جێگەوپێگەی کۆماری ئیسلامی و شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵات دوای ٤٦ ساڵ حوکمڕانیی بەسەر ئێراندا لە ئێستادا چەندە و چۆنە، هەمووان دەیزانین. ئەم پێودانگە لە بەشداریی یەکجار کەمی خەڵک لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی چەند ساڵی دوایی، لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و بەردەوامیی مانگرتنەکان و نارەزایەتییە مەدەنی و جەماوەرییەکان بە تەواوی دەرکەوتوە. ئەمەش کە ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا لەوپەڕی لاوازیی تەمەنی دەسەڵاتدارییدایە، شتێک نییە لە کەس شاراوە بێت. بۆیە ئەم کورتە وتارە کە بەبۆنەی هاتنەوەی "دەیەی بەناو فەجر" نووسراوە، تەنیا دەیەوێ چەند لایەنێکی حوکمڕانیی پڕ نەگبەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان بیر بێنێتەوە.

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە ڕێژیم سەبارەت بە سەرکوتی ئازادییە سیاسی، مەدەنی و

کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بەتایبەت مافی کەمە نەتەوە و ئاییینییەکان، و سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئاستی جیهانیدا ناوی لە لیستی ڕەشدا نەبێت. لە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی جیا لە نەتەوە و ئاییینزای سەردەست، گەلان و ئایین و ئاییینزاکان و هەروەها جۆراوجۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بە توندی سەرکوت کران؛ کە کوردستان لەو نێوەدا پشکی شێری لەو سەرکوت و هەڵاواردن و پەراوێزخستنانە پێ دەبڕێت. چاوخشاندنێک بەسەر ئاماری ئێعدامەکان، گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان، کۆڵبەرکوژی، پەرەنەسەندن و دۆخی ئابووری و ئاوەدانی لە کوردستان ئاماژەیەکی بچووک، بەڵام کارەساتبار بۆ قووڵایی سیاسەت و ستراتیژی و ڕوانگەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە ئێرانن.

بەدەر لەوە و لە ئاستی گشتیشدا سیاسەتەکانی ڕێژیم لەڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانەکان کردوە. لە سۆنگەی ئەو سیاسەت و قەیرانگەلەوە، هەروەها گەندەڵیی هەراو و بەربڵاوی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، هەژاریی بەربڵاو، بێکاریی هەوسارپچڕاو و کەلێنی چینایەتی و دەیان گرفتی ژیانەکی بەربینگی بە ژیانی خەڵک گرتوە. تەنیا ئاماژە بەوە بەسە کە نرخی هەر تاق دۆلار لە کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تەنیا ٧ تمەن بوو کە ئێستا لە ٨٣ هەزار تمەن تێپەڕیوە و ئەوە کە بایی تمەن وەک دراوی نیشتمانی ١١ هەزار هێندە دابەزیوە؛ فاکتێکی گەورە بۆ داڕمانی وڵاتێکی وەکوو ئێران لە هەموو بوارەکان لە سایەی سەری کۆماری ئیسلامیدایە.

قەیرانی ژینگە وەک ویشکبوونی گۆل و ڕووبار و تاڵاوەکان، وەک تێداچوونی لێرەوار و دارستانەکان، وەک لەکەمیدانی سەرچاوە ئاوییەکان و پیسبوونی هەوا کە سەرجەم لە سۆنگەی سیاسەتە چەوت و ناکارامەییەکانی ڕێژیمەوە هەناسەی خەڵکیان سوار کردوە و وڵاتیان بەرەوڕووی گەورەترین هەڕەشە و مەترسییەکان کردۆتەوە. گەندەڵیی سیستماتیک لە سەریَ هەتا خوارێی دەزگای حوکمڕانی و، دەیان قەیرانی دیکەی وەک ڕاکردنی نوخبە و بژاردنەکانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات، پەرەسەندنی قەیران و دیاردە کۆمەڵایەتییە زیانبارەکان، قەیرانی شوناس و کاڵبوونەوەی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی دیکە لە دیارییەکانی دیاردەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕێژیمێکی بێزراو، دژی بایەخە جیهانگرەکان و هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەسەندنی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ناوچە و هەموو جیهانە. تەریککەوتنەوەی دیپلۆماتیکی ڕێژیم، شکستی ستراتیژییە سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیم لە نەزمی سیاسیی نێودەوڵەتیدا، گەمارۆ و سزا قورسە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و، تەنانەت ئەوە کە پاسپۆرتی ئێران یەک لە بێنرخترین پاسپۆرتەکان لە ئاستی دنیادایە؛ چەند فاکتێک بۆ هەرەسهێنانی پێگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە

کۆمەڵگەی جیهانیدایە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێستا لە ٤٦ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەڵک کۆڵیان نەداوە و نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژ بەو ڕێژیمە لەوپەڕی خۆیدایە. خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام دژ بە سیاسەتەکانی ڕێژیم کە لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ساڵی ١٣٧٨ پێی نایە قۆناغێکی نوێ و لە نارەزایەتییەکان بە ساختەکاریی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨ گوڕوتینێکی جەماوەریی بەرینی وەرگرت و، لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨دا کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵکی ئێرانی بە تەواوی دەرخست، ئێستا ئیدی لە بزووتنەوەی ژینادا گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی و تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بەئامانج گرتوە. جیا لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران لە چەند مەتەرێزی دیکەشدا دەردەکەون، وەک: نافەرمانیی مەدەنی لە شێوازی جۆراوجۆری لادانی حیجابی زۆرەملێ، بەهێندنەگرتن و شکاندن و سووتاندن و دڕاندنی نماد و سیمبولە حکوومەتییەکان، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بەشدارینەکردن لە بۆنە و ڕێوڕەسمە حکوومەتییەکان و تێکۆشانی مێدیایی و دیپلۆماسی لە دژی ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێبەندانێکی دیکە و لە ٤٦ ساڵەی حوکمڕانیی خۆیدا پتر لە هەر کاتێک لاواز بووە. کوشتن و ئێعدام و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناوی پاشەکشەی بە مافخوازیی خەڵک نەکردوە و نارەزایەتییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر کڵپە دەستێنن. ئەگەرچی ڕێوڕچەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بێ تەنگ و چەڵەمەش نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە خەبات و تێکۆشان لەو پێناوەدا بەردەوامن و لە کۆتاییدا بە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و گرفتەکاندا تۆماری ئەم ڕێژیمە بە یەکجاری دەپێچنەوە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟



لە چل و حەوتەمین ساڵی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گۆڕینی نیزامی سیاسیی وڵات سەرەکیترین داوای خەڵکە، ویست و داخوازێک کە لانیکەم لە کوردستان ٤٦ ساڵە خوێن و تێچووی بۆ دەدرێ و ئێستا ئیدی بۆتە ویستێکی گشتگیریش لەنێو هەموو پێکهاتەکانی ئێراندا.

کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابوورییەکان لە سۆنگەی سیاسەتی ئایدۆلۆژی-ئەمنییەتیی ڕێژیم، ناکارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات و گەندەڵیی بەربڵاوی حکوومەتی؛ بێمافی خەڵک لە هەموو بەستێن و بوارەکان، کۆی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان، داخراویی سیاسی لە تەنیشت سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی هەرچەشنە مافخوازی و ناڕەزایەتییەک لەدژی ڕێژیم بووەتە هۆی ئەوەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران لە هەموو شتێک پێویستتر بنوێنێ و حەوڵیشی بۆ بدات.

گۆڕینی نیزامی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بابەتێکی فرەڕەهەند و چەند لایەنە کە پشت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێ، وەک هەلومەرجی نێوخۆیی، دۆخی ئابووری، شەرعییەتی سیاسیی دەسەڵات و ئاستی پشتیوانیی خەڵکی و فاکتەری دەرەکی وەک هێزی پشتیوان. بە سەرنجدان بەوە پرسیارە ئەمەیە ڕێگاکانی گۆڕینی ڕێژیم کامانەن و هەتا ئێستا کۆسپەکان چ بوون و

**بە چ شێوەیەک دەکرێ ئەم ئامانجە بەدی بێت؟**

**لە وڵاتانی دێموکراتیکدا "ڕێفراندوم" و دەنگی خەڵک دەتوانێ بۆ هەر گۆڕانکارییەک یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام خەڵکی ئێران جگە لە کوردستان کە لە ساڵی ١٣٥٨دا بەشدارییان لە "ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی"دا کرد، نەیانزانی دەنگیان بە نیزامێکی سیاسی داوە کە خۆی ئیدی ڕێگە بە هیچ چەشنە ڕێفراندۆمێک بۆ گۆڕینی دەسەڵات نادات. واتە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا ڕێگەی لە ڕێفراندۆم بۆ گۆڕین و دیاریکردنی نیزامی سیاسی و پرسیار دروستکردن لەسەر "کۆماری ئیسلامیی ئێران" گرتووە؛ ئەویش لە کاتێکدا کە لە ئێستادا تەنیا سەتا ١٠ی حەشیمەتی ئێران ئەوانەن کە تەمەنی بەشداری لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی کۆماری ئیسلامییان بووە، سەرفی نەزەر لەوەش کە ئاخۆ ئەوکات بە ئا و بە نا بەشدارییان تێدا کردوە یان نا!**

**لە ڕێفراندۆم بترازێ، بزووتنەوە مەدەنی و نارەزایەتییە گشتییەکان، نافەرمانیی سیاسیی و مەدەنی و ڕاوەستانی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر دەسەڵات یەکێک لە شێوازەکانی گۆڕینی حکوومەت لە سەردەمی ئێستادان کە -بێ سەرنجدان بە ئاکام و هەڵسەنگاندنی ئەرزشیی شۆڕش و گۆڕانکارییەکان، بەڵام- لە ئینقلابە نارنجی یان مەخمەلییەکانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لە دەیەی ٩٠ و دواتریش لە بەهاری عەرەبی دەیەی ڕابردوودا نموونەکانی بەرچاو دەکەون.**

**ئەگەرچی ئەو شێوازە لە خەباتە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگە و بەرنامەی خەباتگێڕیی خەڵکدا غایب نەبووە، بەڵام بە چەند هۆکار کە ئاماژەیان دەدرێتێ سەرکەوتوو نەبووە. لەبەر ئەوەی بڕگەیی بوون و ئەوەندە بەردەوام نەبوون کە ڕێژیم بە تەواوی بخەنە تەنگانەوە. هەروەها نارەزایەتییەکان گشتگیر، بەربڵاو، فرەلایەن و چەند ڕەهەندی نەبوون و هەرجارە لەنێو چین و توێژێک سەریان هەڵداوە و پاڵنەرەکانیش جۆراوجۆر بوون، یان ئابووری، یان خواستی سیاسی، یان تەنانەت جیاواز لەڕووی نێوەرۆکەوە، وەک ڕەگەز و خەسڵەتەکانی خەبات و مافخوازیی مەدەنیی خەڵکی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. گرینگتر لەوانەش ڕێبەرییەکی ڕێکخراو و ستراتیژییەکی ڕوون و دیاریکراو و بەولاوەتر پشتیوانیی دەرەکیی بەهێزیشیان لە پشت نەبووە؛ بەڵام لە بەرانبەردا حاکمییەت بە هەموو توانای سەرکوت و سەربازی و ئەمنیەتیی خۆیەوە بەرەنگاری خەڵک و نارەزایەتییەکان بووەتەوە و پاشەکشەی پێ کردوون. ئەگینا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بۆنە حکوومەتییەکان، مانگرتن و نافەرمانییە مەدەنییەکان و تەنانەت لە چەند قۆناغدا خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی سەرشەقام هیچ شەرعییەتێکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوە.**

**یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی گۆڕینی نیزامی سیاسی، ڕکەبەری و ململانێ و گۆڕانکارییەکان لەنێو دەسەڵات بە ئاراستەی**

شکانەوە بەلای بەرژەوەندیی خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازیی کۆمەڵگەدایە. پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لانیکەم لە سێ دەیەی ڕابردوودا خەڵک لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە هەم پەیامی گۆڕانخوازیی خۆیان بە گوێی دەسەڵات و کۆمەڵگەی جیهانییش گەیاندوە و هەم ئەو دەرفەتەیان بە قۆڵە بەناوی ڕیفۆرمخوازەکان داوە ئاقاری دەسەڵات و حوکمڕانی بە دیوی بەرژەوەندیی خەڵک بگۆڕن. بەڵام ئەوە نەکرا و خەڵکی ئێرانیش لەمێژە دەستی هیوایان لێ بەردوان و لەوانیش تێپەڕیون.

سادەترین ئاکامگیری لەو باسە ئەوەیە کاتێک بەهۆی نیزامی دیکتاتۆری و داخراویی سیاسی دەرەتانی گۆڕانکاریی دێموکراتیک لە پێکهاتە دەسەڵات لە وڵاتێکدا نەبێت، مەیل و پێویستیی ئەم گۆڕانکارییە بەناچار بۆ ڕاپەڕین بە مەبەستی ڕووخان دەڕوات، بابەتێک کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێت. بەتایبەت کە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئەم پەیامەی بە خەڵکی ئێران دا کە گۆڕینی نیزامە دیکتاتۆڕ و سەرکوتگەرەکان کردەنییە و دەست دەدات. ڕووخانی حکوومەتی سووریە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر تێڕوانینی ئەمریکا و ڕۆژئاواش لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی هەبێ و بە داخستنی پەروەندەی وتووێژی ڕەخنەگرانە و مووماشات لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بەلای پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا بشکێنەوە. بەتایبەت لە ئێستادا ترامپ گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردوە و کەلێن نێوان خەڵک و حاکمییەت لە ئێران بەگشتی و تایبەتیتر کەلێن و ناکۆکیی نێوخۆیی دەسەڵات لە ئێران پتر لە هەر کاتێکە.

لە کۆتاییدا پێشمەرجی هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەپێناو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی ئەوان و فراوانکردن و گشتاندنی مەیدانی ئەو خەباتە بۆ هەموو جەمسەر و جومگەکانی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. ئەمەش دەخوازێ شوڕایەکی ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم پێک بێت کە هەم بتوانێ نوێنەرایەتیی خەڵک بکات، هەم بەرنامەیەک بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەپێناو ڕاگەیاندنی ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕینی دێموکراتیک لە قۆناغی ڕووخان و دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئێستا بخاتە ڕوو؛ لەلایەکی دیکەشەوە بە وەرگرتنی شەرعییەتی خەڵکی بتوانێت پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم گۆڕانە دەستەبەر بکات. ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە دێموکراسیخوازانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە.

٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# دووڕێیانێکی سەخت و هەڵبژاردنێکی قورس




لە کۆبوونەوەی هەڵپێچان (استیضاح)ی عەبدولناسر هیممەتی، وەزیری ئابووریی دەوڵەتی پزشکیان لە مەجلیسی ڕێژیمدا کە دواجار بە وەرگرتنەوەی دەنگی متمانەی مەجلیس وەلانرانی ئەوی لە کابینەی پزشکیان لێ کەوتەوە، ناکۆکییەکانی نێوان خامنەیی و سەرکۆماری ڕێژیم لەسەر پرسی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا و هەروەها دۆخی هەرە شپرێوی ئابووریی ئێران لە زمانی خۆی و وەزیری لەکارلادراوی ئابووریی ڕێژیمەوە دەرکەوت.

پزشکیان لە وتارە کورتە بەناو بەرگریییەکەیدا بە ڕاگەیاندنی ئەوەی قسە لە قسەی خامنەییدا ناکاتەوە و لەگەڵ ئەمریکا دانوستان ناکەن، دوا بزماری لە تابووتی دەوڵەتی خۆی دا. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەمودەست زەریف، بریکاری سەرکۆمار بۆ پرسە ستراتیژییەکان کە لە ڕاستیدا ئەرکە سەرەکییەکەی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بوو، کشانەوە و وازهێنانی لە کابینە ڕابگەیەنێت. هیممەتی، وەزیری ئابووریی لەکارلادراوی ڕێژیمیش نەیشاردەوە کە قەیرانی ئابووریی ئێران کارەساتبارتر لەوەیە کە بەرپرسان لێرەولەوێ باسی دەکەن. ئەو گوتی نایهەوێ بە درکاندنی هەندێ نهێنی دڵی نەیارانی ڕێژیم شاد بکات، بەڵام لە قسەکانیدا بۆی نەشاردرایەوە کە ئابووریی ئێران ئاداری بەسەر پاداریەوە نەماوە. هیمەتی ئەوەشی گوت کە لە ساڵدا ٣٠ میلیارد دۆلار، و بە بری سەرجەم داهاتی نەوتی

وڵات لە بەندەر و ئیسکەلەکانەوە کاڵا بە قاچاغ دەبرێت کە مەبەستی دەوری هێزە چەکدارەکان، بەتایبەت سپای پاسداران لە خوڵقاندن و بەردەوامیی ئەو قەیرانەیە.

لەو کۆبوونەوەیەدا پزشکیانیش نەیشاردەوە کە داخستنی دەرگای وتووێژ زیاتر دەرگای شەڕ و سزای ئابووریی قورستر بۆ ئێران دەخاتە سەر پشت، فرۆشی یاسایی نەوت خەریکە چۆڕەی لێ دەبڕێ، پارەی نەوت و گازی فرۆشتراوی ئێران لەلایەن وڵاتانی کڕیارەوە گل دراوەتەوە و نایەتەوە نێو خەزێنە و لەو سۆنگەیەوە قەیرانە ئابوورییەکان لە نێوخۆ هەتا دێن زۆرتر و قووڵتر دەبن؛ بەڵام مادام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وای پێ باشە، دەوڵەتیش چیدی لە دووی نادا و تەواو...! پرسیار ئەوەیە لە وەها دۆخێکدا پێداگریی خامنەیی لە سەر سیاسەتی "نا بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا" چ ئامانجێکی لە پشتە و دواجار ئەو پێداگری و چەقوەستانە چیی بەدوودا دێت؟

خامنەیی کە لە بنەڕەت ڕا شەرعییەتی ئایدۆلۆژیکی نیزامە سیاسییەکەی بە دژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا دەبەستێتەوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەت ئەمریکای ترامپ دەبێتە هۆی لاوازیی ئارمانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێبازی نەگۆڕی دژی ئەمریکایی بوونی کۆماری ئیسلامی، بۆیە لە بری ئەوەی ئیمتیاز بە ئەمریکا بدا و ئیمتیاز وەربگرێ، خۆی گوتەنی "خۆڕاگری"یەکە لە سازانەکە بۆ ئەو بەبایەخترە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەدان میلیارد دۆلار سامانی ئێران لەپێناو پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دروستکردن و شەڕپێکردنی میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکان خەرج بکرێ، سیاسەتێک کە لە بنەڕەتدا هەڵە بوو، و مایەپووچیی ڕێژیمی لێ کەوتەوە. هەروەها خامنەیی پێویستیی بە دوژمن و نەیارێکی هەمیشەیی هەیە بۆ ئەوەی تاوانی هەموو قەیرانەکانی ئێران بخاتە ئەستۆی خراپەکاریی ئەو بەناو دوژمنە! هاوکات لایەنێکی دیکەی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی کارتێلی ئابووریی سپای پاسدارانە کە لە دۆخەدا باشتر دەتوانێ لە ڕێگای فرۆشتنی بە قاچاغی نەوت و مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی داهاتی وڵاتە پەرە بە هێز و دەسەڵات و هەژمۆنیی خۆی لە وڵاتدا بدات.

ئێستاش وەنەبێ پزشکیان نەزانێ یان تەنانەت بیشارێتەوە کە دەرەنجامەکانی ملنەدان بە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا پتر لەوەی ئاماژەی پێ دا، چ دەبێت؟ زۆرتر و قوورستربوونی سزا نێودەوڵەتییەکان و قووڵتربوونەوەی قەیرانی ئابووری وەک دابەزینی زیاتری بایی تمەن و لەو سۆنگەیەوە هەڵاوسیانی زیاتری ئابووری، لەکەمیدانی وەبەرهێنانی دەرەکی، دروستبوونی دەیان کۆسپ لە بەردەم بازرگانیی دەرەکی و کەوتنە تەنگانە بۆ دابینکردنی دەرمان و کاڵا و شمەکی ژیانەکی و بەو پێیەش قووڵتربوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و بژێوییەکانی خەڵک یەکەمین لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتەن. بەستراوەیی پتری ئێران بە چین و ڕووسیە، تەریککەوتنەوە و لاوازبوونی زیاتر لە هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی،

بەشی چوارەم

ناسەقامگیریی ئەمنییەتی و پەرەسەندنی مەترسییەکانی شەڕ و هەروەها کڵپەسەندنی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات بەشێکی دیکە لە لێکەوتەکانی خۆبواردنی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکان.

بەڵام کەلکێکی دیکەی ئەم ڕەوشە و بۆڵدکردنەوەی مەترسی و هەڕەشەی شەڕ بۆ کۆماری ئیسلامی، قۆستنەوەی گرژی و ئاڵۆزییە دەرەکییەکان بۆ مودیرییەتی قەیرانە نێوخۆییەکانە. دەزگای پڕوپاگەندا و هەروەها ناوەندەکانی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکان بە قوتکردنەوەی هەڕەشەی دەرەکی بەستێنی گونجاو بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان ئامادە دەکەن. هەروەها لە دوکترینی کۆماری ئیسلامیدا شەڕ و مەترسییەکانی فاکتەرێکی گرینگ بۆ یەکخستنی هێزە خۆییەکان و تۆکمەکردنی لایەنەکانی سەر بە نیزامی سیاسیی وڵات سەیر دەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە خامنەیی و ناوکی دەسەڵات کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەزموونی ئەوەیان بووە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکدژیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ زلهێزەکانی دیکە، لۆبیکردنی ڕاستەوخۆ، هەڕەشە و چەنەلێدان و ئیمتیازدان بە وڵاتان تەنانەت بە ئەمریکاش دەسەڵاتەکەیان هەتا ئێستاش لە پێچ و گەوە پڕ مەترسییەکان ڕزگار بکەن، بتوانن لەو چوار ساڵەی دەسەڵاتی ترامپدا هەر ئەو ستراتیژییە بگرنە بەر. ڕیسکی ئەو ستراتیژییەش بەپێی سیاسەتەکانی ئەم کابینەیەی ترامپ ئەگەرچی لە سەرێیە و تەنانەت مەترسیی بەریەککەوینی نیزامی و هێرشی سەربازیی ئامانجدار بۆ سەر ئێرانیشی لێ دەکرێ، بەڵام لە ڕوانگەی خامنەییەوە شەڕ و هێرشی نیزامیی ئەوتۆ مەرج نییە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە، بگرە بە زەبری سەرکوتی نێوخۆیی بتوانێ یارمەتیدەری مانەوەی پتریشی بێت؛ بەڵام کارناسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆچوونی تەواو پێچەوانەیان هەیە.

لە ئێستادا دەرفەتە دیپلۆماتیکەکان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکە تەواو دەبن و کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا دوو ڕێگای لەبەرە: ملدان و بەچۆکداهاتن لە بەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە پێی وایە تەنانەت ئەمەش دادی نادات، یان پێداگری لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی و هەتا ئێستای کە سێبەری شەڕ و داهاتووی نادیار پتر دەخاتە سەر کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

١٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## بەبەتی ساڵی.................... ٢٧٢٥ و ٢٠٢٦

## مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت




**ئاماژە:**

**بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان یەک لە گەورەترین ڕووداوەکانی ساڵی زایینی بوو کە چاوەڕوان دەکرێ ببێتە سەرەتای زۆر گۆڕانکاریی دیکە لە وڵاتانی تورکیە و تەنانەت کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسیی وڵاتانی دراوسێش هەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە وەک پرەنسیپ و نەخشەڕێ هەمیشە باوەڕی بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە وەکوو باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە و لەم سۆنگەیەوە، بەچاوی ئەرێنی لەو بابەتە دەڕوانێ و هیواداره ئەم پرۆسەیە بە باشترین شێوە ڕەوتی ئاسایی و یاسایی خۆی بپێوێ و ئاکامی دڵخوازی هەر دوو گەلی کورد و تورکی لە تورکیە لێ بکەوێتەوە.**

بەشی چوارەم

**"کوردستان" بۆ تاوتوێی زیاتری ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**کوردستان**: کاک مستەفا وەک دەروازەی باسەکەمان هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان چیە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو بانگەوازە پێویستە دەبێ بە پاشخانێکی فکری، سیاسی، مێژوویی و حقووقییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بە سەرنجدان بە دۆخ و هەلومەرجی سیاسیی ئێستای کۆمەڵگەی تورکیە و پرسی کورد وەک ئەمری واقعی ئێستای ئەم وڵاتە تاوتوێ بکرێ. لەو پێوەندییەدا ئەمن لام وایە هەتا ئێستا وەک پێویست ئەو هەڵسەنگاندن و وردکردنەوەیە نەکراوە، واتە لایەنی باش و پۆزەتیڤی پەیامەکە خوێندنەوەی تەواوی بۆ نەکراوە و لایەنە باشەکانی نەخستراونە ڕوو. لایەنی نەرێنییەکەش وەک خۆی بەپێی مەنتیقی سیاسی و مێژوویی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە و ئەوە یەکێک لە کەمایەسییەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای دەنگدانەوەی زۆر و باشی ئەو پەیامە جۆرێک هیوا و گەشبینی بە چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد لە لای خەڵکی تورکیە و باکووری کوردستان دروست کردوە. هەروەها پەیامەکە ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێ کە لەمەودوا جۆرێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی کورد لە تورکیە دێتە ئاراوە کە لەگەڵ سەردەم بگونجێ و تێچووی ئەو خەباتە بەتایبەت لەباری گیانی و وێرانکارییەوە کەمتر دەبێ.

"**کوردستان**: ئەدی وەڵامدانەوەی پ ک ک، لەو بارەیەوە پێشبینیی چ دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ وەڵامی پ ک ک ئەوەندەی هەستم کردبێ وەڵامێکی یەکدەست و کۆنکرێت بە ناوی کۆنسەی سەرۆکایەتیی کەجەکە یان پەکەکە بەو بانگەوازە نەدراوەتەوە، یان لانیکەم من نەمدیوە. بەڵام ئەگەر قسەی بەرپرسانێکی وەک بەڕێز موراد قەرەیلان بە مەبنا بگرین، ئەوە کە لە پێناو دروستکردنی بەستێن بۆ دیالۆگ و دانوستان ئاگربەستیان ڕاگەیاندوە کاری باش و بەرپرسانەیە و وەڵام و کاردانەوەیەکی ئەرێنی بە پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلان و خۆشکردنی بوار بۆ وتووێژ و دانوستانی زیاترە. جیا لەوە دەبینین لە لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی پەکەکەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە پەکەکە بۆ ئەوەی بەتەواوی وەڵامی بانگەوازی ئۆجەلان بداتەوە، دەبێ سەرەتا ئۆجەلان ئازاد بکرێ و ئەو بۆخۆی سەرپەرستیی کۆنگرەی پەکەکە بکات کە بۆ تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پەیامە دەبەسترێ و وەک بۆخۆیشی دەڵێ بەرپرسایەتیی بڕیارەکە هەڵبگرێت کە قسەیەکی دروستی ڕێکخراوەیی و سیاسییە. ئەوە ئەگەر مەرجیش بێت، مەرجێکی دروست و لە جێگای خۆی دایە، لەبەر ئەوەی ئەو کۆنگرەیە یەکێک لە گرینگترین کۆنگرەکانیان دەبێت کە دەبێ بڕیاری مێژوویی تێدا بدرێت. بەتایبەت کە لە ڕوانگە و ستراتیژیی سیاسی و شێوەی خەبات لە باکووری کوردستاندا پێشبینی

ئاڵوگۆڕی جیددی و زۆر جیاوازی دەکرێت.

"**کوردستان**: کاریگەریی ئەو بانگەوازە و کۆی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە چۆن دەبینن، بە چ ئاقارێکدا دەڕوا؟

**مستەفا مەولوودی**: تورکیە خاوەنی نیزامێکی سیاسیی جیاوازتر بەنیسبەت ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژی، یان باشترە بڵێین ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی کورد و لەبەر چاوگرتنی مافی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەسەردا دابەش کراوە. نیزامی سیاسیی تورکیە تا ڕادەیەک نیوەدێموکراتیکە و دەکرێ یاری و کایەی سیاسی و حقووقیی تێدا بکەیت. بۆیە ئاشتی لەنێوان حکوومەتی تورکیە و بەڕێز ئۆجەلان و پەکەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەهادینەکردنی زیاتری دێموکراسی لەو وڵاتە دەبێ و کورد دەتوانێ لە بەستێنێکی هەراوتر و گونجاوتر و لە چوارچێوەی یاساییدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەبێت و مەجالی بزووتنەوەی جۆراوجۆری سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پانتایی و بەردەوامیی خۆیدا بە تێچوویەکی کەمترەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکان هەڵبگیردرێ. بۆ ئەوەش زۆر پێویستە خەڵکی تورکیە بە گشتی بە کورد و تورکەوە بۆ دروستکردنی ئەو بەستێنە دێموکراتیکە بە سینگفراوانییەوە هەنگاوی بەکردەوە بنێن.

"**کوردستان**: ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، سود و زیانەکانی بۆ باکووری کوردستان، ڕۆژاوای کوردستان، باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی دەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: پەکەکە وەک لە مێژووی ئەم ڕێکخراوەیەدا دەیبینین و دەیخوێنینەوە سەرەتا وەک ڕێکخراوێک بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی تورکیە و باکووری کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بیرکردنەوەی بەنیسبەت کۆی باسە سیاسییەکان لە ناوچەدا بەتایبەت لە کوردستان و لەنێو خەڵکی کوردستان بەگشتی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. لە درێژەی ئەو ڕوستەدا باسی لە کوردستانی گەورە و پێکهێنانی کیانێکی سیاسی بۆ کوردان لە کوردستان کردوە؛ پاشان بە پاشەکشە لەو وێژمانە سیاسییە باسی لە نیزامی سیاسیی کۆنفیدراڵ لە ناوچەکەدا کردوە و هەتا گەیشتۆتە باس لە بەڕێوەبەریی خۆسەری دێموکراتیک کە وەک سیستم و نیزامێکی سیاسی پێناسەکردن و لێتێگەیشتنی بۆ زۆرکەس هاسان نەبوو. لەبەر ئەوە کە نیزامێکی ئەزمووننکراو و کارپێکراو نەبووە، لانیکەم لە ناوچەکەدا. لە ئێستاشدا لە نامەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ئەوە زۆرتریش ناڕوونی پێوە دیارە.

**بەشی چوارەم**

ئەو سیاسەت و بیرکردنەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هۆی سیاسەتی پەکەکە، دروستکردنی جەریانی شێوە پەکەکە کە ئیلهام لە سیاسەتی گشتیی پەکەکە وەردەگرن، لە سەردەمانێکدا لە هەموو بەشەکان، قسەی لێ دەکرا و حیزبی بۆ دروست دەکرا و ئەوە دەچوو نێو خوێندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و شوێنەواری دەستوەردانی پەکەکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێوە دیار بوو. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو پرسە لەو سەردەمەدا نەک بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەدەشکایەوە، بەڵکوو دەبوو بە بیانوو بۆ دەستوەردان لە کاری سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕێگای بۆ دەستوەردانی دەوڵەتانیش خۆش دەکرد.

لە ئێستادا پەکەکە پرۆژەی هەیە بۆ خۆگۆڕین و چەکداماڵینیان و بە جۆرێکی دیکە تێکۆشان و خەبات لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا و بەوەش چاوەڕوان دەکرێ ئەو دەستوەردان و حیزب دروستکردنانە کۆتاییان پێ بێت و تێکۆشانی سیاسیی پەکەکە لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا سنووردار بکرێت.

"**کوردستان**: ئەو بۆشاییەی لە ناوچە سنورییەکان بەهۆی هەڵوەشانەوەی پەکەکە دروست دەبێت کێ پڕی دەکاتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەو جۆرە نییە کە پێمان وابێ بە چەکدانانی پەکەکە بۆشاییەکی قووڵ لە ناوچە سنوورییەکان دروست دەبێت. لەدیوی سنووری ئێران، حکوومەتی ئێران، تەواوی سنوورەکەی لای خۆی تەنیوە. تەنانەت لە هێندێک شوێن سنووری وڵاتانی دراوسێشی بەزاندوە. لە سنووری لای تورکیەش هەر بەو شێوەیە و تەنانەت بە بیانووی بوونی پەکەکە، تورکیە مەودایەکی زۆر لە سنووری عێراقی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان بەزاندوە و بنکەی نیزامیی لێ داناون. تەنیا ناوچەیەکی بەرتەسک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گریلاکانی پەکەکەی لێیە و هەتا ئێستا بۆ مەدارا لەگەڵ پەکەکە بووە، دەنا دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاسەوانی سنوور ئەو توانا و ئیمکاناتەی هەیە سنوورەکە کۆنترۆڵ بکەن و هیچ بۆشاییەکی ئەوتۆی جێگەی نیگەرانی بۆ هیچ لایەک دروست نەبێت.

**٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

## خوێنمژ و بکوژ، گەندەڵ و دز




چەند ساڵ لەوەپێش خامنەیی لە کاردانەوە بە بڵاوبوونەوەی بابەتی گەندەڵیی بنیات و ناوەندە ئیداری و دامەزراوە ئەمنیەتی-نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەسۆنگەی ململانێی لەگرێژەدەرچوونی قۆڵەکانی ڕێژیم لەدژی یەکتری لەهەڵلا دەدران، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی سەرووی ڕێژیمەکەی ڕایگەیاند کە گەندەڵی لە ئێران سیستماتیک نییە و هەر کەس وا دەڵێ بێجێی کردوە و دز و گەندەڵ بۆ خۆیەتی!

ئەو قسانەی خامنەیی کە پێ دەچوو پەیام و وریاکردنەوەیەکی حکوومەتی بۆ سەرپۆشدانان و دیزەبەدەرخۆنەکردنی پتر و باشتری گەندەڵییەکانی نێو ڕێژیم بێت، نەک هەر نەبووە هۆی پێشگرتن بە چەندپاتبوونەوە و ئاشکرابوونی لێشاوی گەندەڵییەکان، بەڵکوو تەنانەت لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە زۆر زووش وەدرۆ خرایەوە. پووشپەڕی پارەکە بوو غوڵامعەلی جەعفەرزادە، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بودجەی مەجلیس لە وتووێژێکدا لەگەڵ "خبر آنلاین" بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە گەندڵی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سیستماتیک و حاشەهەڵنەگرە و بە کەس ناشاردرێتەوە. ئەو نەیشاردەوە کە گەندەڵییەکان لە ئێران بنەبڕ نابن، چونکی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی داگرتوە و ئەو بەرپرس و دەزگا بەرپرسیارانەش کە دەبێ دزەکان بگرن، خۆیان شادزن! هەر دوای ئەو قسانەی خامنەیی زۆر گەندەڵیی دیکەش تەنیا لە

دوو ساڵی ڕابردوودا لەقاو دران، وەک گەندەڵیی ١٤٠ هەزار میلیارد تمەنیی چایی "دبش"، دزرانی ٦١ تۆن شمشی زێڕی بانکی ناوەندی و، هەروەها لە دوو ڕۆژی ڕابردووشدا دزیی ٢١ میلیۆن دۆلاری بازجووەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەو خەڵکانەی بەهۆی چالاکیی سیاسی و بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی گیراون.

لەودا کە گەندەڵیی سیستماتیک ناسنامەیەکی سەرەکیی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییە شک نیە و جگە لە بابەتە ئاشکرابووەکان لە نێوخۆی وڵات، زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە لە بواری شەفافیەت و دەستپاکیی حوکمڕانییە سیاسییەکاندا کار دەکەن مانگانە و ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئێران بڵاو دەکەنەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئاستی بەربڵاوی ئەو گەندەڵییانەیە کە لە لایەن ناوەند و بنیاتە سیاسی، ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ژێر دەسەڵاتی خودی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمدا دەکرێن و، هەروەها ئەژمار و بڕی گەندەڵییەکانە کە هەردەم ڕوو لە زیادبوونن؛ کە سپای پاسداران یەک لەوانە.

سپای پاسداران وەک باسکی سەرەکیی پاراستنی دەسەڵاتی خامنەیی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەبری پاداشتدانەوەی قەڵتوبڕ و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەمەنی ڕێژیمی هەتا ئێستا درێژ کردوە؛ دەستی بۆ بەرینکردنەوەی ئیمپراتۆرییە زەبەلاحە ئابوورییەکەی بە تەواوی ئاوەڵا کراوە. بناغەی ئەم ئیمپراتۆرییەش ئەگەرچی پاوانکردنی زۆربەی سامانە سروشتییەکان و دەستبەسەرداگرتنی جومگە ئابوورییەکانی وڵات بووە، کەچی بەوەش نەوەستاوە و دزی و گەندەڵییشی نەبواردوە. دزی و گەندەڵیی سپای پاسداران لە پەروەندەی هۆڵدینگی یاس بە بڕی دەیان هەزار میلیارد تمەن کە بەهۆی سەردارەکانی سپای پاسداران بە پشتیوانیی موجتەبا خامنەیی و حوسێنی تائیب، سەرۆکی سازمانی ئیتلاعاتی سپا کرا، تەنیا یەک نموونە لەو دزی و گەندەڵییانەن کە لە سپای پاسداران لەقاو دراوە.

**ئێستا کە باسی ئەوە کرا با ئاماژە بە چەند گەندەڵییەکی دیکەی سپای پاسداران بکەین:**

- گەندەڵی لە قەرارگای خاتەمولئەنبیا وەک زەبەلاحترین پەیمانکاری ئابووریی ئێران لە پرۆژە گەورەکانی نەوت، گاز، پێترۆشمی و لێدانی ڕێگاوبان و بەنداو کە بەبێ هیچ ڕکەبەرییەک پاوانی سپای پاسدارانە و چەند قاتی تێچووەکانی لە بودجەی وڵات دەقاچێندرێ و تەنانەت بە نیوەچڵییش وازیان لێ دەهێندرێ.

- گەندەڵی لە "بنیاتی تەعاونی سپا" و قاچاغی هەموو کاڵایەک لە باری یاسایی وەک سیگار و کەلوپەلی ماڵەوە هەتا

نایاسایی وەک چەکوچۆڵ و مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی بەندەر و فڕۆکەخانەکانەوە کە لە پاوانی سپای پاسدارانن‌دان.

- داگیرکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و دەیان هەزار هێکتار زەوی و هەڵلووشین و بەتاڵانبردنی هەزاران ملیارد تمەن سامان و دارایی خەڵک لە ڕێگەی مایەپووچ راگەیاندنی هەندێ دامەزراوەی سەر بە سپای پاسداران وەک "کاسپییەن"، "میزان" و "ثامن‌الحجج."


- تەنانەت گەندەڵییە ملیارد دۆلارییەکانی سپا لە پرۆژە نیزامی-ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەژێر ناوی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە لە عێراق، یەمەن، لوبنان و سووریە کە چووەتە گیرفانی سەردارەکانی سپای پاسدرانەوە.

هەڵبەت جیا لە سپای پاسداران ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیمیش وەک ئیتلاعات، ئەرتەش و هێزە ئینتیزامییەکانیش ڕەنگبێ پشکی بە قەت سپای پاسدارانیان لە هەڵلووشینی سامانی خەڵکی ئێرانیان پێ نەبڕابێ، بەڵام ئەوانیش لە چاکەی سەرکوتی هەرچەشنە نارەزایەتییەکی گشتیی گەلانی ئێران و سەپاندنی کەشی پۆلیسی لە شوشەکردنی خوێنی خەڵک دەستیان بۆ هەرچەشنە ڕاوڕووت و گەندەڵییەک ئاوەڵا کراوە.

ڕاستە لە ئێستادا بڵاوکردنەوەی زانیاری و لەقاودانی گەندەڵییەکانی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ بردنەسەریێ ئاگایی و وشیاریی خەڵکی ئێران گرینگە، بەڵام بێگومان هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتدا بێت، تاوان و جینایەت، خوێنمژی و گەندەڵییەکانی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک باسکەکانی سەرکوتی خەڵک لە ئێران زیاتر دەبێت.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## دوو ڕووی تەواوکەری پوولێکی قەڵب



لە ڕۆژە نەورۆزییەکانی سەرەتای ساڵدا ڤیدیۆیەکی ڕەزا پەهلەوی کوڕی دیکتاتۆری پێشووی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وایراڵ بوو کە تێیدا باسی لەوە کرد "د. قاسملوو، لە یانەیەکی شەوانە بە ناوی مێکونووس لە بەرلین تیرۆر کرا". بێگومان ئەو قسەیە لە زاری ڕەزا پەهلەوی ئەگەر لەڕووی نەزانییەوە کرابێت گەمژەییەکی کارساتبارە. خۆ ئەگەر بە بەئانقەستیش وای دەربڕیبێ، پێشانی داوە وەک باوکە دیکتاتۆرەکەی چەندە لە بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازیی کورد و ڕێبەرانی کاریزماتیکی ئەم جووڵانەوەیە دەترسێ و قینلەزگانە بە مەبەستی -هەڵبەت بە خەیاڵی خاوی خۆی- لێدان لە کەسایەتیی ئەوان دەدوێ.

**جارێ پێش هەر باسێک لەسەر ڕەزای پەهلەوی و جێگە و پێگەی لەنێو سیاسییە ئێرانییەکان و داهاتووی ئەم وڵاتەدا پێویستە بە جەنابیان بگوترێ کە:**

**یەکەم**، د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ڤییەن تیرۆر کرا، نەک بەرلین.

بەشی چوارەم

**دووهەم**. د. قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ بەهۆی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ دوو هاوڕێی کوردی دیکەی دەستڕێژیان لێ کرا و تێرۆر کران، نەک لە مێکونووس.

**سێهەم**. مێکونووس کە پەروەندەی تیرۆری د. سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکرات لە دادگای بێرلینی ئاڵمانیش بەو ناوە ناوبانگی دەرکرد، ریستورانتێکی موعتەبەری ئێرانی-ئاڵمانی و شوێنی کۆبوونەوەی کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، نەک یانەی شەوانە شوێنی خۆشنشینیی هەمیشەیی جەنابیان و هاوڕێیانی نیزیکی و فەرخەگەلی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە! هەروەها لە ڕووداوی تێرۆری مێکونووسیشدا کە د. سادق شەرەفکەندی و دوو ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان و تێکۆشەری ناسراوی چەپ، نوردی دێهکوردی بەهۆی هێرشی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کران، کۆبوونەوەکە بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە مەبەستی پێکهێنانی یەکیەتییەکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن پێکهاتبوو، ئەو بابەتەی کە جەنابی ڕەزا پەهلەوی بەردەوام ئیدیعا دەکات هەوڵی بۆ دەدات، کەچی پێچەوانە هەمیشە هۆکاری سەرەکیی پێکنەهاتن و پەرتەوازەیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بووە.

پاشان، ئەم دەربڕینەی ڕەزا پەهلەوی بۆ جارێکی دیکەش پیشانی دایەوە کە بەڕێزیان ئیدیعای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتی داهاتووی ئێرانی هەیە، هیچ جۆرە ناسین و ناسیارییەکی نە لە ئێران -وەک وڵاتی خۆی- و نە لە ڕێبەرانی سیاسیی دێموکراسیخواز و نە لە مێژووی خەباتی گەلان و هێزە سیاسییە دێموکرات و خەباتکارەکانی ئەم وڵاتە بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە! هاوکات جێی داخە ئەو کە خۆی بە ڕێبەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی وێنا دەکا، هەروەک چۆن پاش ئەوەی لە سۆنگەی مێدیا زەبەلاحەکانەوە سواری شەپۆلەکانی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بوو و بە چەواشەکاری و نەزانکاری و سیاسەت و هەڵوێستە کارەساتبارەکانی ئەو بزووتنەوەیەی تووشی نسکۆ کرد، دەریخستەوە کە ئێستاش کەمترین زانیاریی لەسەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی سیاسیی، دۆخی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو وڵاتە نییە کە خۆی بۆ پاشایەتییەکەی داناوە! هەروەها ئەو کە خۆی بە میراتگری نیزامی پاشایەتی لە ئێراندا دەزانێ، نازانێ کە نەتەوەکانی ئێران و کۆمەڵگەی سیاسیی ئەم وڵاتە مادام جەنابیان خۆی لە هیچ کام لە تاوان و جینایەتەکانی باوکی بێبەری نەکردوە، ئەو وەک میراتگری نیزامێکی سیاسیی سەرەڕۆ، سەرکوتگەر، دیکتاتۆر و پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن.

پێوەندیدار بەو ئاخاوتنەشی لەسەر د. قاسملوو، ناکرێ کەسێک کە خۆی بە دژبەری کۆماری ئیسلامی و ڕزگاریدەری ئێران دادەنێ، نەزانێ کە دیارترین کەسایەتییە کاریزماتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو،

چۆن و کەی و بە چ شێوەیەک بە دەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراوە، مەگەر ئەوەی ئەم دەربڕینە لەو ترس و فۆبیایەوە سەرچاوەی گرتبێ کە بە نیسبەت خەباتی دێموکراسیخوازی و هەمەلایەنە و هەردەم ڕوو لە گەشەی کورد و حیزبی دێموکرات لە ئێراندا هەیەتی .

ئەو کە یان لە ڕووی نەزانی و بێخەبەری لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕەوتی خەبات و بەرهەڵستکاریی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی، یان بە ئاگایی لە بێزاری و بێزراویی گەلانی ئێران لە نیزامی پاشایەتی بەمجۆرە باسی د. قاسملوو دەکا؛ وا باشترە چاوێک بە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستاندا بخشێنێ و گوێ بۆ بانگەواز و دروشمەکانی خەڵک بگرێ کە چۆن و بە چ شێوەیەک یاد و ناوی د. قاسملووی مەزن بەرز ڕادەگرن. جا لەو سیلەنیگایەشەوە سەیرێکی پێگەی سیاسیی خۆی و باب و باپیری لەنێو گەلانی ئێران و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئەم وڵاتەدا بکات و هەڵیسەنگێنێ.

بە نیسبەت خوێندنەوە و هەڵوێستە سیاسییەکانی ڕەزا پەهلەویش ڕوون و دیارە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات چۆن لە بەرێزیان، دروشمی بێ کردەوە و نیزامی سیاسیی دڵخوازی ئەو بۆ داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بە تەواوی ڕەتی دەکاتەوە.

بەڵام لە دەرەوەی سووکایەتیی ڕەزا پەهلەوی بە کورد و ڕێبەرانی کاریزماتیکی حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەرایەتیی خەباتی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماف و ئامانجەکانی ئەم نەتەوەیە، دەبێ پێداگری لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ترسی ڕەزا پەهلەوی لە ناو و پێگەی کاریزمایەکی وەک د. قاسملوو و حیزبەکەی، حیزبی دێموکرات بێجێ و بێهۆ نییە. ناوی قاسملوو و ناسنامەی حیزبەکەی بریتییە کە مێژووی خەباتێکی ناسنامەخواز و لە هەمان کاتدا دژی سەرەڕۆیی پاشایەتی و ئیسلامی. بنەمای فکریی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی ئەم حیزبە وەک پێشەوا قازی محەممەد کە لەلایەن محەممەدڕەزا پەهلەوی، باوکی ڕەزا پەهلەوییەوە لەدار درا و د. قاسملوو کە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران -وەک میراتگرانی ناوەندگەرا و بەحەقی ڕێژیمی پەهلەوی - یەوە تێرۆر کرا؛ خەبات بۆ سەروەریخوازی، مافی وەکیەک، دێموکراسی و کەرامەتی مرۆییە کە بنەچەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لەگەڵی دژ و دوژمنی قەستەسەری ئەو بەها و بایەخانەن. لەخۆڕا نییە کە ڕەزا پەهلەوی ناتوانێ پێخۆشبوونی خۆی لە تێرۆری د. قاسملوو و تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بشارێتەوە و تەنانەت بە ناردنی پەیام بۆ ناوەندەکانی سەرکوتی وەک سپای پاسداران دڵداریان لەگەڵ بکا و مانەوەی ئەو هێزەی لە هەر بارودۆخێکدا بۆ سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی گەلانی نافارسی ئێران لە نانی شەو پێ واجبتر بێت؛ چونکی دەزانی نیزامی پەهلەویی پێشووی بنەماڵەکەی و کۆماری ئیسلامیی ئێستای ئێران دوو ڕووی تەواوکەری

بەشی چوارەم

**یەک دراون!**

**بە نیسبەت خوێندنەوە و هەڵوێستە سیاسییەکانی دیکەی ڕەزا پەهلەویش ڕوون و دیارە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات چۆن لە جەنابیان، دروشمی بێکردەوە و نیزامی سیاسیی تاقیکراوەی پێشووی دڵخوازی ئەو بۆ داهاتووی ئێران دەڕوانێ و هەموو ئەوانەی لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەدا ڕەت کردووەتەوە. بۆیە کوردگوتەنی بووکی دزێو لە تارای ناپرسن!**

۱۷ی خاکەلێوەی ۲۷۲۵

## شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە!



نیزیک بە چوار دەیە حوکمڕانیی خامنەیی ئەگەر لەلایەک گەلان و کۆمەڵگەی ئێرانی دەستەویەخەی دەیان قەیران و کارەسات کردوە، بۆ خودی خامنەیی و کۆماری ئیسلامییش جگە لە دۆڕان و مایەپووچ هاتنەوە دەسکەوتێکی دیکەی نەبووە. دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبریش کە پێشبینی دەکرا بەرە بەرە سەری مارەکەش بە دەردی حەماس، حیزبوڵڵا، سووریا و حوسییەکانی یەمەن بچێت، چوونەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی و ناوەندی بڕیاری ئەمریکاشی هاتە سەر و هیندەی دیکەی خامنەیی و ڕێژیمەکەی خستە تەنگانەوە.

ستراتیژیی ترامپ ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ بۆمبی ئەتومیی هەبێ؛ نابێ پەرە بە تێکنۆلۆژیی مووشەکیی خۆی بدات؛ و ڕێگە نادات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێکهێنان و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکانی چیدی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە مەترسییەوە و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە بە بارمتە بگرێت. لە بەرامبەردا ڕێژیمیش دوو بژاردەی لە بەردەمدا مابوو، یان پاشەکشە و دەستبەردانەوە، یان بەربەرەکانی و بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ کە مەترسیی شەڕی هەمەلانەیەی لێ دەکرێ.

خامنەیی ئەگەرچی لە سەرەتادا و لە بەرچاوی کامێراکان و بۆ ڕازیکردنی لایەنگرانی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات هەوڵی پاراستنی هەیمەنەی ساختەی خۆی دەدا و دانوستان لەگەڵ ئەمریکای ڕەت دەکردەوە و سازان و وتوویژ لەگەڵ ئەمریکای پێ بێشەرەفی و کارێکی بێئاکام بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لەمێژ بوو ئاڵای سپیی بۆ ترامپ هەڵدابوو. ڕاست لەو کاتەوە کە قاسم سولەیمانی، دیارترین ژێنەڕاڵی سپای پاسداران کە بە قەول کاروباری چوار پێتەختی عەرەبیی بۆ بەهێزکردنی هیلالی شیعیی ڕێژیم هەڵدەسووڕاند، بە بڕیاری ترامپ لە یەکێک لەو پێتەختانەدا کرایە ئامانج. بەڵام خامنەیی کە وادەی "تۆڵەی سەخت"ی دابوو، لە ترسی کاردانەوەی توندی ئەمریکا و تێوەنەگلان لە شەڕێکی قورسی ڕاستەوخۆ، لە بەناو هێرشەکەی سەر عەینولئەسەددا لە پووتیی بەتاڵی سرەواند و بەم دیزەبەدەرخۆنەکردنە قەیرانەکەی لەوکاتدا تێپەڕاند!

خامنەیی کە بەئاشکرا دەیگوت وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا ناکا و خۆ ئەگەر بیشی کا لەگەڵ دەوڵەتی ترامپی ناکا، یان کاتێک بە دڵنیاییەوە دەیگوت نە شەڕ ڕوو دەدا و نە مل بۆ دانوستانیش ڕادەکێشێ؛ بەڵام کاتێک زانی شەڕ بەر دەرکی پێ گرتوە و لەبەر زەبوونییەکەی و لەپێناو پاراستنی نیزام و ڕێژیمە سیاسییەکەی بەهەر نرخێک بووبێ، ملی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، ئەویش ترامپ ڕاکێشا. جا با کەیهان و شەریعەتمەدارییەکان و مۆرە بەناو ئەرزشییەکانی ڕێژیم پاشەکشەکانی خامنەیی بە "تەقیە" و حیکمەتی قووڵ دابنێن و سوڵحەکەی ئیمام حەسەن لەگەڵ مەعاویەش بە نموونە بێننەوە!

بەڵام ئاخۆ بەڕاستی ڕێژیم بژاردەی دیکەی جگە لە نەویکێشان یان بە قەولی خۆی "نەرمشێکی دیکەی قارەمانانە" هەیە؟ لە کاتێکدا لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە پەلوپۆی توانا نیزامییەکانی ڕێژیم کراوە و کارتی شوێندانەریی لەسەر هاوکێشە ناوچەییەکانی لە دەست هاتووەتە دەر، لەکاتێکدا قەیرانی ئابووری لە سۆنگەی گەمارۆکان و گەندەڵیی نێوخۆیی ڕێژیمەوە هەناسەی لە ڕێژیم بڕیوە، کاتێک سێبەری شەڕێکی قوورس لەسەر خۆی هەست پێ دەکا کە لەوانەیە تەخت و بەختی ڕێژیم هەڵتەکێنێ؛ سروشتییە خامنەیی لەپێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیدا ئیمتیاز لە دوای ئیمتیاز بدا و چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی دی بۆ کەوتنەوە سەر پێ بمێنێتەوە. ئەو دۆخە نوێیەش هەم دەتوانێ ببێتە هۆی داتەبین و بێهوایی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت ئەو لایەنانەی هەموو هیوایەکیان لەسەر ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لەسۆنگەی گوشار و هێرشی هێزی دەرەکی هەڵچنیوە، هەم دەتوانێ هەل و دەرفەتیش بۆ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دروست بکات، بێتوو خۆیان بخوازن.

شک لەوەدا نیە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و ترۆئیکای ئورووپا بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی گەورەیە، چونکی پشوویەکی دێتەوە بەر. ئەم ڕێککەوتنە ئەگەر بۆ کۆماری ئیسلامی ڕووخانی ئایدۆلۆژیکە، بەڵام بێتوو لەو سۆنگەیەوە پارە بلۆکەکراوەکانی ڕێژیم ئازاد بین، گوشاری گەمارۆکانی لەسەر لابچن و ئاسانتر بتوانێ نەوتەکەی بفرۆشێ و بازاڕی ئێرانیش

بەشی چوارەم

بە ڕووی ئەورووپادا بکاتەوە؛ دەرفەتێکیشە بۆ ڕزگاربوونی ڕێژیم و بووژانەوەی. ئەگەرچی ئەم دۆخە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر دەستئاوەڵایی ڕێژیم بۆ سەرکوتی زیاتر و هەمەلایەنەتری نارەزایەتییەکانی نێوخۆ و سەپاندنی کەشێکی داخراوتر لە پێشوو بە سەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مەدەنیی وڵاتدا. ئەزموونیش نیشانی داوە کۆماری ئیسلامی هەتا لە بەرەیەکی دەرەکی دۆڕاوە، لە نێوخۆ تۆڵەی توندی خەباتکارانی سیاسی و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کردووەتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە هاوکات ئەو پەیامەش بە خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن دەدات کە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی پتر لەوەی لە خەمی پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی ئێران و ئەو کارەساتانەدا بن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێرانی هێناوە، تەنیا سەقامگیری ناوچە بۆ دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێ. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن نابێ چیدی هەموو هێلکەکانی تەنیا لە قەرتاڵەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی دابنێ و پێویستە هەموو توانای خۆی لەسەر دوو تەوەر دابنێ، یەکەم کۆتاییهێنان بە پرشوبڵاوی و پێکهێنانی یەکیەتییەکی بەکردەوە و سازان لەسەر لانیکەمی هاوبەشییان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی. دووهەم ڕێکخستنی خەڵک و ئامادەبوون و ئامادەکردنی خەڵک بۆ نارەزایەتییە گشتییە فرەڕەهەند و ئامانجدارەکان. ئۆپۆزیسیۆن لەبری شەڕ و ململانێ لەسەر ڕۆڵی ڕێبەریکردن بێتوو لەسەر بەرپرسایەتیی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان هەماهەنگ بن، هەروەها لەجیات دژایەتیی ڕووتی کۆماری ئیسلامی بە ویژمانسازی بڵێن کە دوورەدیمەنی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی چ دەبێ؛ دەتوانن ئاسۆی بەرخودان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی ڕوونتر بکەن.

هەروەک ئەمریکا، ترۆئیکای ئورووپا، ڕکەبەر و نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە خامنەییان سەلماندوە کە شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە، بێگومان کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیش دەتوانن لە نێوخۆ کۆماری ئیسلامی بەو دەردە ببەن.

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ژەقنەمووت بە تامی کۆماری ئیسلامی



دۆناڵد ترامپ لە سەردانەکەی ئەو ماوەیەی بۆ وڵاتانی کەنداو جگە لە بردنەپێشی بەرنامە و پرۆژە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتییە هاوبەشەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەرکام لەو وڵاتانە، بەڵام پرسی ئێرانیشی لێ دەر نەکرد و لە هەرکام لەو وڵاتانە نقورچکی خۆی لە بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرت.

بەشێک لەو نقورچکانە بردنە ژێر پرسیاری لێوەشاوەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بوو کە دەریدخست ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە چەندی دژی خەڵک و وڵاتی ئێرانن، کاتێک باسی لەوە کرد کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەبری گەشە و ئاوەدانی وڵاتی ئێران سامان و دارایی ئەو وڵاتە لە تێرۆریزمدا بەفیڕو دەدەن و لەپێناو پاراستنی دیکتاتۆرێکی وەک بەشار ئەسەددا جگە لە تێدابردنی دەیان میلیارد دۆلار دارایی وڵاتی ئێران، سەدان هەزار ئینسانیشیان بە کوشت دا. یان کاتێک باسی لەوە کرد کە وڵاتانی عەرەبی بیابان و سەحراکانیان کردووەتە زەویی بەپیت و بەرەکەت، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسۆنگەی گەندەڵی و ناکارامەییەوە زەوی و دارستان و لێرەواری سەرسەوزیان لە ئێران نەهێشت و وڵاتەکەیان کردووەتە کاولستان!

ترامپ تەنانەت زۆر بە وردی چووە هەناوی قەیرانە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران یەک لەوان قەیرانی ژینگە و بە بیری هێنایەوە کە چۆن مافیای ئاو و سپای پاسداران بە پرۆژە ئەمنییەتییەکانیان بوونەتە هۆی ئیشکبوونی چۆم و ڕووبار و تەنانەت دەریاکان و بەشێکی زۆر لە جوگرافیای ئێرانیان تووشی کارەساتی ژینگەیی و مرۆیی کردوە. ترامپ لەو سەفەرەیدا هەروەها نەقیزەیەکیشی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران گرت کاتێک لە ئیمارات دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە پێنووسەکەی بەرز کردەوە و گوتی "ئاگادار بن ئەوە من پێنووسەکەم دانایەوە" و بەو کارەی، دزیبە ئابڕووبەرانەکەی غەریبئابادی، جێگری کاروباری نێودەوڵەتیی وەزارەتی دەرەوە و ئەندامی شاندی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامیی بۆ پرسی ئەتومیی ئەو وڵاتەی لە دانیشتنەکانی "عومان"دا بە چاوی کاربەدەستانی ڕێژیم دادایەوە، کە بەڵێ دزی و تاڵانی پیشەی هەمیشەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە!

ترامپ بەو نقورچک و پلارانەی لە کۆماری ئیسلامیی گرتن، ویستی ئەو پەیامە بدا کە خەڵک و وڵاتی ئێران و بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێران لە ڕوانگەی بەرپرسانی ڕێژیمەوە کەمترین بایەخیان نیە. بەڵام ئەمە بابەتێکی تازە نیە و کاتێک خامنەیی بۆخۆی لەخوتبەی نوێژی هەینیدا بە ئاشکرا دەڵێ "پاراستنی نیزام لە هەموو شتێک واجبترە، تەنانەت لە نوێژ و ڕۆژووش"، ئیدی لێرەدا جێگایەک بۆ خەڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان ناهێڵێتەوە. یان کاتێک دەڵێ "ئەگەر هەموو خەڵک شتێکیان بوێ و ئەو شتە پێچەوانەی حوکمی خودا -تۆ بڵێ پێچەوانەی بڕیاری خۆم- بێ، لەگژ هەموو خەڵکەکە ڕا دەچم"، ئیدی شتێک بە ناوی دەنگ و ئیرادە و بایەخی خەڵک لە بڕیارەکانی ئەم ڕێژیمەدا مانای نامێنێ. خامنەیی هەروەها لە وتارێکیدا لەبارەی بەرجام و سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامیدا گوتبووی: "خەڵک بۆیان نیە دەم لە سیاسەتی دەرەکی وەربدەن"، ئەمە یانی دیاریکردنی سیاسەتەکانی وڵات ئەرکی هەر جەنابیانە و پشکی خەڵکیش چەمانەوەی پشتیان لەژێر باری قورسی سزاکان، شەڕ و گرانی و قەیرانە بێئەژمارەکانە.

بەڵێ ترامپ ڕاست دەکا و وە نەبێ خەڵکی ئێرانیش نەزانن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشی هەرە زۆری داهات و سامانی نیشتمانیی ئەم وڵاتە چ ئەو دراوانەی لە فرۆشتنی نەوت دەستی دەکەوێ و چ ئەو داهاتەی لە ماڵیات و داهاتەکانی دیکەی دەوڵەت و قۆرغکردنی ئابووریی وڵات کۆیان دەکاتەوە، لە پرۆژە بەناو ئەمنییەتی و ستراتیژییەکانی وەک "بەرەی مقاومەت" و "هیلالی شیعی"دا بەفیڕۆی دەدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەنیا لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیدا جیا سەپاندنی شەڕ و ماڵوێرانی و دەیان قەیرانی جۆربەجۆر بەشی هەرە زۆری سامان و داهاتی نیشتمانیی ئێرانی بۆ ئەو مەبەستانە خەرج کردوە:

دروستکردن و تەیارکردنی میلیشیا و هێزی نیابەتی لە وڵاتانی وەک یەمەن و لوبنان و عێراق و غەززە، بنیاتە مەزهەبی و

بەشی چوارەم

ناوەندە ئەمنییەتییەکـان کە کاریـان شۆردنەوەی مێشکی خەڵـک و قەڵـتوبڕی جیـابیران و ڕەخنەگران و چالاکـانی سیاسـی و مەدنییە، کۆک و پۆشتەکردنی ناوەندەکانی سەرکوت پێش هەموویان سپای پاسداران و دامەزراوە نیزامی و ئەمنییەتییە زۆر و زەوەندەکانی دیکە و تێبەردانیان لە گیانی خەڵکی مافخواز و ڕاپەڕیو، هەروەهـا پـرۆژە زیانبـارە نێوخۆییەکـان لە هەموو کەرتەکاندا کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیکی ڕێـژیمەوە کـۆمەڵگەی ئێرانـی تووشـی دەیـان قەیـران و کارەسـاتی ئـابووری و ژینگەیی کردوە. کارەسـات، چـونکی لە حاڵێکدا خەڵکی ئێـران هەتـا ملان لە قەیرانگەلـی وەک بێکـاری، گرانـی، ئـاوسـانی ئابووری، نەبوونی داودەرمان، نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردە و بێهداشت و نیشـتەجێبوون ڕۆچـوون؛ ڕێبەرانـی ڕێـژیم سـامان و دراوی ئەو خەڵکە لە پێناو مەرامە سیاسییە دژیگەلییەکانیان بۆ خەڵکی خۆیان لە وڵاتانی دیکەدا خەرج دەکەن.

بێگومان خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانییش دەزانن کە هەتـا کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەست بێ، تەنـانەت لە ئەگەری ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ئەمریکـا و ئەورووپـاش هیچ لە دۆخی خەڵـک و بەرژەوەنـدییەکانیان نـاگۆڕێ. هۆکـارەکەش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمـای ئـایـدۆلۆژیی مەزهەبی-وەلایـی شکڵی گرتـوە و لەو نیـزامە سیاسییەدا ئـایـدۆلۆژی لە سەروو خەڵک و ماف و ئیرادە و بەرژەوەندییەکانیانە. واتە ڕێژیمێک کە شەرعییەتەکەی نەک لە خەڵک بەڵکوو لە ئاسمان وەرگرتنێ و خۆی بە نوێنەری خوا و ئـایین بزانێ، نـایەت خەڵکی بـۆ گرینـگ بـێ و لە خزمەتـی ئەوانـدا هەنگـاو هەڵگـرێ. جیـا لەوە کۆمـاری ئیسـلامی وەک سیسـتمێکی داخـراوی تۆتـالیتێر خـۆی دەروەست بە وەڵامـدانەوە بە خەڵـک نـابینێ و لەو نیـزامەدا خەڵـک تەنیـا مافیـان هەیە لەنێـوان کەسە دەستنیشـانکراوەکان بۆیانـدا هەڵبژێـرن بـێ ئەوەی مـافی هیچ چەشنە لێپێچینەوەیەکیـان هەبێـت. بـۆیە تـاکەڕێگـای بەردەم خەڵـک هەر تێـپەڕین لە کۆمـاری ئیسـلامی و چرکـردنەوەی خەبـات و نـاڕەزایەتییەکانیان بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# گۆدۆ نایە و چاوەڕوانی هەڵەیە



لە کاتێکدا دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا لەسەر پرسی ناوکیی ڕێژیم لەنێو هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە یەکتری هەروا درێژەی هەیە و ئەگەری شەڕ و تێکهەڵچوونی نیزامییش هەروا لە ئارادایە، خامنەیی لە کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمەکەی پێداگرە کە هۆکارێک بۆ نەویکیشان و نەرمینواندن نیە، چونکی وڵات کەمترین کێشە و ئاریشەی تێدا نیە و نیزامی سیاسی گەیوەتە لوتکە!

هەڕوگێڤەکانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا مانگرتنی سەرانسەریی شۆفیری بارهەڵگرەکان بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەوپەڕی خراپیی دۆخی ژیانیان چووەتە سێهەمین حەوتووی خۆیەوە و لە زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی وڵاتیش مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان بەردوامن. ڕێبەری ڕێژیم هەروەها لە کاتێکدا حاشا لە کێشە و ناڕەزایەتییەکان دەکا کە پرۆژە ئایدۆلۆژییەکانیشی بەهۆی قەیرانە نێوخۆییەکان و یەک لەوان پچڕانی کارەبا دەبنە گەپجاڕی خەڵک، وەک ئەوەی بە نیوەچڵ مانەوەی نواندنی جەحەننەمی دەسکردەکەی سپای پاسداران لە شاری "قومن" ڕووی دا.

خامنەیی لە کاتێکدا وەک کەو سەری لە بەفر ڕۆ کردوە کە قەیرانی ئابووری و بژێوی ژیان بڕستی لە خەڵک بڕیوە و لەو

سۆنگەیەوە هەم تاوانە کۆمەڵایەتییەکان هەڵکشاون و هەم خۆکوژییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکەن. لاوان بە تایبەت دەرچووانی زانکۆ بەهۆی بێکاری و دانەمەزران و خۆنەدیتنەوە لە بازاڕی کار ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بێهیوایی بەرۆکیان دەگرێ و ئەوەی بتوانێ بارگەوبنەی لە وڵات تێکەوە دەپێچێ هیچ، ئەوانی دی دەبێ بە دەردی خەمۆکی و تەمابڕاوی بتلێنەوە؛ ئەویش لە کاتێکدا مافیاکانی دەسەڵات بە ڕانت لەو سیستمیە ئابوورییە گەندەڵەدا هەموو سەروەت و سامانی وڵات هەڵدەلووشن.

سەرکوتی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان، سەرکوتی کەمایەتییە ئایینییەکان و سنووردارکردنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک، سەرکوتی خوێناویی هەر ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانێک و گرتن و ئەشکەنجەدانی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بەشێکی دیکە لەو کێشە و ئاریشانەن کە جەنابی خامنەیی گوایە نایانبینێ و حاشایان لێ دەکا. وادیارە خامنەیی مەودای قووڵی نێوان خەڵک و دەسەڵات و هەر لەجێدا تێپەڕینی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی نابینێ و چاوی لە گەورە قەیرانەکانی ژینگە وەک کەمئاوی و تەفروتوونابوونی سەرچاوە سروشتییەکان لەسۆنگەی ناکارامەیی و ستراتیژیی چەوت و هەڵەی ڕێژیمەکەی نووقاندوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەر لە بەفر ڕۆکردنە ئەوەی خامنەیی زۆر باش دەیبینێ ئەوەیە کە ڕێژیمەکەی شەرعییەتی سیاسیی لەلایەن خەڵکەوە نیە و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان جێی هیچ شک و گومانێک لەوەدا ناهێڵنەوە.

بەڵام ئەوە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و لە سەروو هەموویانەوە خامنەیی بۆچی دان بە کێشە و قەیرانەکانی وڵات دانانێن، وەڵامەکەی ڕوونە: پێش هەموو شتێک پڕوپاگەندە و کۆنترۆڵی شەقام و بیروڕای گشتی. کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەک لە ئامرازەکانی مانەوەی لە دەسەڵاتدا کۆنترۆڵکردنی مێدیا و ڕاگەیاندنە. بۆیە بە پێداگری لەسەر بەئاساییینیشاندانی دۆخی نێوخۆیی و بچووککردنەوەی گەورە قەیرانەکانی وڵات دەیەوێ بیروڕای گشتی لە شڵەژان و کاردانەوە خاو کاتەوە.ئەم ڕێژیمە دەیان ساڵە لە درۆ، چەواشەکاری و ئامارسازی و پڕوپاگەندەی بێبنەما بۆ شەرعییەتدان بە نیزامی سیاسیی وڵات بەتایبەت بە ڕووی دەرەوەدا کەلک وەردەگرێ.

هۆکارێکی تری ئیدیعاکەی خامنەیی بۆ ڕاکردن و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی دەگەڕێتەوە. سروشتییە بێتوو خامنەیی دان بە قەیران و کێشە نێوخۆییەکانی وڵاتدا دابنێ، دەبێ بشڵێ کە سەبەب چین و پشکی ئەوان لەوان قەیراندا چیە و چەندەیە و بێگومان لە مێژووی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم قەت بەرپرسایەتیی هیچ قەیران و ئاریشەیەکی قەبووڵ نەکردوە. هاوکات خامنەیی دەزانێ لە ئەگەری داننان بە کێشە و گرفتەکاندا و ورووژاندنی ئەو باسە و گەڕان بە دوای هۆکارەکاندا یەکگریی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات ئەوەندەی دیکەش کێشەیان دەکەوێتە نێوان و هەڵوەرینەکان زیاتر دەبن. بۆیە ئەگەرچی

بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، بەڵام بە پووشبەسەرکردنی قەیرانەکان و ڕیوایەت دروستکردنی بەدرۆ دەیانەوێ هەیکەلی ڕواڵەتیی سیستمەکەیان قایم بنوێنن.

خاڵێکی تر پێوەندیی بە نێوەرۆک و ئایدۆلۆژیی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی بۆ ئاسمان دەگێڕێتەوە و ڕێبەری ڕێژیم خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر عەرز و حکوومەتەکەی بە حکوومەتی پێغەمبەران گرێ دەداتەوە. سروشتییە کە داننان بە کەموکوڕی و شکستی سیاسەتەکانی نیزام دژایەتیی لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژی و وێژمانە دەبێ و باشترین چار هەر حاشاکردن یان تاوانبارکردنی دوژمنانی دەرەکییە! لەوەش بترازێ لە سیستمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا پێچەوانەی نیزامە دێموکراتیکەکان هیچ بەرپرس و دامودەزگایەکی حکوومەتی لە هەمبەر قەیران و کەموکوڕییەکانی وڵاتدا خۆیان بە وەڵامدەر نازانن و مێدیای ئازاد و ڕێکخراوی چاودێریی سەربەخۆش لە وڵاتدا نیە هەتا بتوانێ لەو دۆخە بپرسێتەوە، دەمێنێتەوە کاربەدەستانی ڕێژیم کە بۆخۆیان دەیبڕن و دەیدوورن.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا تاکەڕێگای کۆتاییهاتن بە قەیرانەکان تێکەوەپێچانی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە و خەبات لەو پێناوەدا هەم پێویستی و هەم ئەرکی ئەخلاقیی تاک بە تاکی کۆمەڵگەیە. بۆیە پاڵوێکدانی خەڵک بە هەموو جۆراوجۆرییەکان و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕییان لەدژی کۆماری ئیسلامی مەرجی بنەڕەتییە. تێگوشین بە هیوای جیران ئێشکە و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی نابێ بە تەمای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بێ و لە نێوخۆ دەست لەسەر دەست دانێ و "چاوەڕوانی گۆدۆ مانەوە" سووری باتڵی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک لە چوار دەیەی ڕابردووە. بۆیە دروستکردنی بەرچاوڕوونی بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی خەبات بەدژی ئەم ڕێژیمە بەردی بناغەی گۆڕانکارییەکانە. خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکە دەبێ دڵنیا بن لە ئێرانی داهاتوودا و لە سایەی حکوومەتێکی فرەچەشنی پلۆرال و دێموکراتدا ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان پارێزراو و دەستەبەر دەبن. هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات پێویستە بە وەلانانی ناکۆکییەکانیان چاو ببڕنە ئامانجە هاوبەشەکە کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چێکردنی ئێرانی داهاتوو بە ئەزموون وەرگرتن لە پتر لە یەک سەدە حکوومەتی ناوەندگەرا لە ئێرانە. بێگومان یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی نیوەی ئەم ڕێگا هەڵەمووتەیە.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا لە نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕینی پێکهاتەی نیزامی سیاسی تاکەڕێگا کردنیی نافەرمانیی مەدەنی بە ئەرک و بەرینکردنەوەی نارەزایەتییەکان، خۆپێشان و مانگرتنە سەرانسەرییەکانە. بێ دوودڵی تەنیا لە وەها دۆخێکدا پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیفلیج دەبێ و تێکدەقرمێ. ئێستاش کە

**مانگرتنی شۆفیری بارهەڵگرەکان لە ئارادایە، خەڵک نابێ چاولێکەر بن و پێویستە دەوری کارای خۆیان بگێڕن. پێویستە هەموو چین و توێژەکان لە مامۆستایان، بازارییەکان، سەندیکا کرێکارییەکان و کارمەندەکانی دەوڵەتیش بە هانایانەوە بچن و بە دەستبار ئەم نارەزایەتییانە بگەیەننە ئاکام.**

**بێهیوایی، چاوەڕوانی، داتەپین و نارەزایەتی بێکردەوە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام وشیاری، یەکیەتیی بەکردەوە و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی دەرەکییش دەتوانێ داینەمۆی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندەیی خەڵک بێت.**

**١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# خێوی شەڕ و ئاوابوونی خۆری تەمەنی



دیکتاتۆر و ڕژێمە فاشیستی و توتالیتێرەکان هەموو یەک چارەنووسی هاوبەشیان بووە کە تێداچوونە، و ئەوەش ئاکامی هەڵەی لێکدانەوەیان لە دۆخ و پێگەی خۆیان بووە. هێرشی ئادۆڵف هیتلێر بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت (١٩٤١) بەو وەهمە کە سوپای سوور لاوازە و ئەو هەڵە ستراتیژییە چارەنووسی شەڕی جیهانیی دووهەمی بەراوەژوو کردەوە. ستراتیژیی مستی ئاسنینی نیکۆلا چائۆشسکۆ بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕوومانی (١٩٨٩) کە بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی سوپای وڵاتەکەی و دواتر گوللەباران کرانی خۆی و ژنەکەی. هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوێت (١٩٩٠) کە دواتر بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمەکەی بەهۆی دەستوەردانی دەرەکی. سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتییەکانی لیبی بە بڕیاری ڕاستەوخۆی مەعمەر قەزافی (٢٠١١) کە ئەوی تووشی ئەو چارەنووسە کارەساتبارە کرد. هەوڵی بەشار ئەسەد بۆ مانەوە لەسەر کورسیی دەسەڵاتی سووریە پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی (٢٠١١) بە نرخی وەڕێخستنی سێزدە ساڵ شەڕی نێوخۆیی و ملدان بۆ شەڕە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەوی ناچار بە هەڵاتن بۆ مۆسکۆ کرد. لەڕاستیدا ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکی مێژوویی ئەو تۆمارە لە ڕابردوویەکی نیزیکی سەردەمی ئێمەن. ئەمە بۆ خامنەیی و ڕژێمەکەشی ڕاستە. پرسیار ئەوەیە چ شتێک کۆماری ئیسلامیی ئاوا غەڕڕە و بێمنەت لە ڕوودانی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل کردبوو؟

بەشی چوارەم

خۆ ئەگەر لێدوان و دەرکەوتنە مێدیاییەکانی پێشتری ژێنەڕاڵە کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاسم سولەیمانی ڕا بگرە هەتا حوسێنی سەلامی و لە غوڵامعەلی ڕەشید ڕا بگرە هەتا محەممەد باقری و ئەمیر حاجیزادە بە بنەما وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە وەهمی بەهێزی و پارێزراوییان لە سۆنگەی زەرادخانەی درۆن و مووشەکە بالستیکییەکانیان، و هەروەها هێزە نیابەتییەکانیان لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین کە قاسم سولەیمانی بە قەڵغانی ٢ هەزار کیلۆمەتریی پارێزەری ئێران ناوی دەبرد، سەریانی خوارد. نواندنی هێزی مووشەکیی سنووردار لە عەمەلیاتەکانی بەناو "وعدە صادق"ی یەک و دووشدا نەک هەر ئیسرائیلی نەترساند، بەڵکوو خۆیان گوتەنی وەخەبەری هێنان و لێیان ڕابوون و لەژێر ناوی ئۆپەڕاسیۆنی "شێری ڕاساو"دا و هەتا ئێستا کارێکیان پێ کردوە با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

کۆماری ئیسلامی بێسەرنجدان بە گۆڕانکاری لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاند و ئیسرائیلی تووشی شەڕ لە چەند بەرەدا کرد، بەو خوێندنەوەیە هەڵەیە کە شەڕی درێژخایەن و چەند لایەنە لە چەند بەرەدا نەتانیاهوو بەچۆک دادێنێ. بەڵام هەر ئەو هەڵە ستراتیژییە بووە هۆی کەوتنی دۆمینۆی قەڵغانە بەرگرییەکەی. سەرەتا حەماس لە غەززە، پاشان حیزبوڵڵا لە لوبنان، دوایە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە و ڕاکردنی بەشار ئەسەد بۆ ڕووسیە، بە دوای ئەوەدا هەڵتەکاندنی حوسییەکانی یەمەن و کەوتنە قاوغی خۆپارێزیی هێزە نیابەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچە هەتا کار گەیشتە ئەوەی لە تاران، پێتەختی ڕێژیمەکەیان زرمبەیان لێ هەڵستاند. لەو بارودۆخەدا تەنانەت پشتیوانیی بەناو هاوبەش و هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی - چین و ڕووسیە-ش دادی نەدا و لە چەند بەیاننامەیەکی نەزۆکی دیپلۆماسی تێنەپەڕی، ئەوەش سروشتییە کە ئەم دوو هێزە زەبەلاحە نە گرێو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن و نە بەرژەوەندییە مەزنەکانیان لەپێناو هێزێکدا دەخەنە مەترسییەوە کە هەتا ئێستا وەک کارتی ئیمتیازوەرگرتن لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا کەلکیان لێ وەرگرتوە.

هەڵەیەکی ستراتیژیی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو لە کاتێکدا چەغماغەی شەڕ لەگەڵ زلهێزێکی ناوچەیی لێدا - کە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەهێزیشی هەیە - کە بۆخۆی لە نێوخۆی وڵاتدا نەک شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی نیە پشتی پێ ببەستێ، بەڵکوو کۆی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕێک لە چاوی ڕێبەرانی ڕێژیم و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی دەبینن؛ پێگەی ڕێژیم لەو شەڕەی ئەوەندە دیکەش لاواز کردوە.

کۆماری ئیسلامی ئێستا لە بارودۆخێکدا لە شەڕ چەقیوە کە توانا سەربازییە سنووردارەکانی کە تەنیا لە مووشەک و درۆندا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێ و ئی ئەوە نیە بتوانێ وەک کارتێک لە هاوکێشەکانی شەڕ نەک بۆ یەکلاکردنەوەی لە بەرژەوەندیی خۆی، بەڵکوو تەنانەت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکەش بە کاری بێنێ. هەروەها لە تەنیشت

بێمتمانەیی خەڵک بە دەسەڵات و شکستی سیاسەتی دەرەکی و بەرەبەرە تێچووی قورسی شەڕ و تێکچوونی زیاتری ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات و پێکهاتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و گوشاری هەمەلایەنەی قەیرانە فرەڕەهەندەکان لەسەر خەڵک، ئەگەری خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییە سەراسەرییەکان بەهێزتر دەکا؛ ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەی بێگومان ئامانجەکەیان تەنیا گۆڕینی ڕێژیم دەبێت.

فاکتەرێکی دیکە جۆری مامەڵەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو و ڕکەبەرەکانی ئێران لە ناوچەیە، لە تورکیە ڕا بگرە هەتا دەگاتە میسر کە سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆیان لە ئاستی دیپلۆماسیدا بەڵام دەیان ساڵە و ئێستاش پتر لە هەموو ئەو ساڵانە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری ناسەقامگیریی ئەمنییەتی و قەیرانە سیاسییەکانی وڵاتانی خۆشیان دەزانن و بەرژەوەندییەکانیان پتر بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا گرێ داوە هەتا مانەوەی کۆماری ئیسلامی.

بەگشتی هەڵەی لێکدانەوە و گۆڕینی چارەنووسی دیکتاتۆرەکان ئەگەر بەشێکی وەهمی هێز و دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان و بێبایەخیی فاکتەر و ڕاستییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانە لە بڕیارەکانی ئەواندا، بەشێکی دیکەشی بۆ پشتکردن لە خەڵک و متمانە و پشتبەستنی زۆریان بە وەفاداریی هێزە چەکدارەکان و بازنەکانی دەسەڵاتی دەوروبەری خۆیان دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەزموونی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەکانی پێشوو پێمان دەڵێن کە لە بڕگە مێژووییە چارەنووسسازەکان و خاڵگۆڕانەکانی قەیراندا هێزە سەرکوتگەرەکانی دیکتاتۆریش لە بەرامبەر سەرهەڵدانی خەڵک یان زەبری هێزی دەرەکیدا زوو دادەڕمێن.

پاش ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو مێژووی ئەم ڕێژیمە کوشتار و وێرانی بووە. خێوی شەڕ هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵات شەڕی بە کورد فرۆشت و هێرشی بۆ هێنا و مێژوویەکی لە کوشتار و قەڵاچۆی کورد تۆمار کرد. بەردوامیی شەڕ دژی نەتەوەی کورد و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران و مافەکانیان لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی نەگۆڕی ڕێبەرانی ڕێژیم بووە. لە دەرەوەی وڵاتیش درێژکردنەوەی شەڕ لەگەڵ عێراق بۆ ماوەی ٨ ساڵ و هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆیی و نیابەتی بۆ خۆی لە وڵاتانی یەمەن، لوبنان، سووریە، فەلەستین و عێراق و وەپاشدانی ئەو وڵاتانە بۆ دەیان ساڵ پەرەسەندن بەشێکی دیکە لە کارنامەی ئەو ڕێژیمەن. لە ئێستاشدا کە ڕێژیم بەرەی شەڕێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل کردووەتەوە، شەڕی ڕاستەقینەی هەر لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە.


ئەم شەڕە کە دەتوانێ و دەشبێ کە کۆتا شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ، هەر دەبێ لە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا یەکلا بکرێتەوە و یەکلاش دەکرێتەوە. ئەوەی کە هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لە

بەشی چوارەم

**مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکدا بەهێز دەنوێنێ نەک بۆ تواناکانی شەڕ و خۆڕاگریی زاتیی ڕێژیم، بەڵکوو بۆ نەبوونی ڕێکخستنی گشتی، نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئاڵترناتیڤ بۆ ئەم ڕێژیمە دەگەڕێتەوە.**

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## دانانی خاڵی کۆتایی بۆ پڕۆژەیەکی تیرۆریستی



بەرەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، ١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە بە بۆمبی بنکەبڕ و سەنگەرشکێن هێرشیان کرایە سەر و تەفروتوونا کران. ئەمە کۆتایی پڕۆژەیەکی سەربازی - ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە سەدان میلیارد و تەنانەت بە تریلیۆن دۆلار سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی لەسەر تێدا برا، بەڵام ئاخۆ ئەمە سەرەتای کۆتاییەکی چاوەڕوانکراو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە؟

با وەردی ڕووداوەکانی نیزیک پێنج ساڵی ڕابردوو بدەینەوە. لەڕاستیدا هەموو شتێک لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی دەستی پێ کرد. کاتێک قاسم سولەیمانی، گەورەترین مۆرەی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە هێرشی مووشەکیی ئەمریکا کوژرا و بەوە یەکەم گورزی کوشندە بەر مێحوەری مقاوەمەت کەوت کە سولەیمانی خۆی ئەندازیاری بوو. بەڵام ئەوکات کەم کەس پێیوابوو ئەمە سەرەتایی دارمانی یەک لە دوای یەکی دۆمینۆیەکە کە لە کۆتاییدا دەگاتە تاران، واتە سەری مارەکە. دۆناڵد ترامپ چەند سەعات دوای کوشتنی قاسم سولێمانی گوتی :ئەم بەیانییە هێزە چەکدارەکانمان جیهانیان لە چنگ گەورەترین تێرۆریستی مێژووی مرۆڤایەتی ڕزگار کرد". بەرەبەیانی ئەمڕۆش دوای هێرشی بەربڵاو بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەمدیسان ترامپ ڕایگەیاند کە ئەمە

دەرەنجامی سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمێکە ٤٧ ساڵە دژایەتیی ئاشتی و بایەخەکانی دنیای ئازاد دەکا، سەربازەکانمان بە بۆمب و مووشەک دەکوژێ و پەرە بە تێرۆر و ناسەقامگیری لە جیهاندا دەدا. ...

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا بە قورسترین شێوە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هێرشی کراوەتە سەر، کە تاقە یەک هاوپەیمانی لە جیهاندا نیە و ئەوەش بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمێکە خەڵکی ئێران و ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەبارمتە گرت، لە پێناو دامەزرانی ئایدۆلۆژیی هیلالی شیعی لە ڕێگەی میحوەری مقاومەتەوە ئارامیی لە ناوچە هەڵگرت و بووە هۆکاری سەرهەڵدانی دەیان قەیرانی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵات و، لە نێوخۆی وڵاتیشدا کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی سەدان کارەسات کرد.

ئەو بەناو میحوەری مقاومەتە هاوتەریبی پرۆژە ناوکی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی جیا لە تێچووی گیانی و کوژرانی مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم لە سووریە، غەززە و لوبنان بە تریلیۆن دۆلاریش تێچووی لەسەر حسێبی سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران هەبوو. بەڵام ئەم ئەژدیها حەوت سەرە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ یەک بە یەکی سەرەکانی لێ دران و بەتایبەت لە یەک حەوتووی ڕابردوودا دڵ و هەناویشی کرایە نیشانە. ئێستاش لە کاتێکدا بنکە ئەتومییە بەناو حەیسییەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاگر و دووکەڵدا دەسووتێن، جەنابی دیکتاتۆڕ کونەمشکی لێ بۆتە قەیسەری و لە بن زەویدا خۆی شاردۆتەوە. هەروەها لە سۆنگەی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەی هەڵیگیرساندوە، لە تەنیشت هەڵتەکانی بنکە و دامەزراوە ئەتومی و سەربازییەکانی، ژێرخانی ئابووریی وڵاتیشی کردۆتە فیدای پرۆژە بەرزەفڕانەکانی، کە جگە لە بەفیڕۆدانی بەتریلیۆن دۆلار سامانی وڵات، ئاکامەکەی بەمجۆرە هەڵدەگرێتەوە.

بەو هێرشە گورچوبڕەی ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەیانی دەهەمین ڕۆژی شەڕی نێوان ڕێژیم و ئیسرائیلدا، ئێستا خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە بەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدان. ئاخۆ خامنەیی دواجار ددان بە شکست و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییە سەربازی و ئایدۆلۆژییەکەی دادەنێ و، حازر دەبێ بە سەرکزی لە بەرامبەر ئیرادەی ئەمریکا، ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانیدا چۆک دابدا هەتا ئێران لەوەندە زیاتر وێران نەبێ؟ یان بە کاردانەوە و هێرش بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە، یان داخستنی گەرووی هورموز ئەم شەڕە بەربڵاوتر دەکا و زۆر وڵات و لایەنی دیکەش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێوەردەدا. بێگومان دەرەنجامەکە لە هەردوو حاڵەتدا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەتای شکست و تێداچوونی یەکجارییە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەڵتەکاندنی بنکە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی بە مانای کۆتاییهاتنی هێرشەکانی ئیسرائیل

بەشی چوارەم

بۆ سەر ڕژێم نیە و بەردەوامیی ئەو زەبرانەی لە فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم، ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دەکەوێ، لە نیهایەتدا ناوەندی بڕیاردانی ئەم ڕژێمە بەرەو ئیفلیجیی زیاتر و دواتر هەرەسهێنان دەبات. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە ڕژێم هەڵبژاردەیەکی زۆری بۆ وەڵامدانەوە لە بەردەمدا نیە، مەگەر هاژەکهاوێژییەکی سنووردار، یان پەلەقاژەی هێزە نیابەتییەکانی بۆ هێرشی کوێر و تێکدەرانە کە بێگومان ئەمەش هەم بە زیانی ئەم پڕۆکسییەکانە دەشکێتەوە و هەم چیدی دادی کۆماری ئیسلامییش نادا. بە تێداچوونی فەردۆ و بنکە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنانەت چەکی دیپلۆماسییش ئیدی ئەو بڕشتەی نیە ڕژێم بیهەوێ خۆی پێ بگرێتەوە، چونکی شتێک نەماوە هەتا لەسەر مێزی دانوستان بیەوێ یاریی پێ بکا.

لەم ئەمڕۆوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەرزێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی خۆی دەست پێدەکات، وەرزێک لە بە لاوازیی ئێران، یان هەرەسهێنانی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی دەکرێ ئاسۆی ئارامی و سەقامگیریی زیاتر بۆ ئەو ناوچەیە بەدی بکەین.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

# تۆڵەی ئاشبەتاڵ




فڕکردنی جامە ژەهرەکان بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا شتێکی ئاساییە و زۆر بیندراوە، بەڵام دوایە تۆڵەیان لە خەڵکی ئێران پێ کراوەتەوە. کۆماری ئیسلامی ٨ ساڵ لە دەهۆڵی شەڕ لەگەڵ عێراقی ڕاکێشا و جیا لە ماڵوێرانی و کاولبوونی وڵات بە میلیۆن کەسی بە کوشت دا و نقوستانی کردن، بەڵام کاتێک دواجار و بە ناچار بەچۆک داهات و ملی بۆ ئاگربەس ڕاکێشا، پێش هەموو شتێک تۆڵەی لە نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازانی وڵات کردەوە. کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی تەنیا بەشێکی ئەو تۆڵەیە بوو، و درێژکراوەی ئەم تۆڵەیە دەکرێ لە توێ توێی ئەو ژیان و دۆخە پڕ نەگبەتی و نەهامەتییەدا ببینین کە لە ماوەی چل ساڵی دوای تێکشکانی لەو شەڕەدا بەسەر خەڵکی ئێرانی سەپاندوە.

مێژوو دووپات دەبێتەوە. ئەمجارەیان ڕێژیم سەرەڕای هەموو هەڕوگێڤەکانی نەک ٨ ساڵ، بەڵکوو تەنیا ١٢ ڕۆژ بەرگەی هێرشەکانی ئیسرائیلی گرت و خامنەیی بە ملڕاکێشان بە ئاگربەس جامی ژارەکەی فڕ کرد، بەڵام لە یەکەم ساتەکانی دوای ئەم بەچۆکداهاتنە ڕێژیم کەوتە تۆڵەیەکی سەخت و خوێناوی لە خەڵک. ئەم شەڕە ١٢ ڕۆژەیە تێچووی زۆری بۆ ڕێژیم هەبوو. ڕێژیمی ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە جەمسەری بەناو خۆڕاگری لە بەردەم دنیای ڕۆژئاوا پێناسە دەکرد، ئەوەی بۆی مایەوە شتێک جگە لە ڕیسوابوون و تێکشکانی نیزامیی قورس و تێداچوونی بە تریلیۆن دۆلار سەروەت و سامانی



سەرچاوە
Serchawe

وڵات و تەریککەوتنەوەی زیاتر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبوو. خامنەییش کە خۆی بە ڕێبەری مەعنەویی جیهانی ئیسلام و میراتگری کولتووری حوسێنی و عاشوورایی دەزانی، بۆ ماوەی مانگێک کەس بە سۆراغی نەزانی و ڕوون نەبوو لەکوێ خۆی شاردۆتەوە. جا با سووکایەتییەکانی ترامپ بە خامنەیی و جێگەوپێگەکەشی لەولا بوەستێ کە ئێستا ئیدی کاربەدەستانی ڕێژیم دەستەوداوێنی پاپای واتیکان بوون بەشکم ئەو تکایەکیان بۆ بکا و ترامپ بوەستێنێ!

١٠ ڕۆژ دوای ڕاگیرانی کاتیی شەڕ ئەوەی سەربازەکانی و نیزامە سیاسییە شکستخواردووەکەی لە بەرەی شەڕی دەرەکی لەدژی خەڵکی وڵات دەیکەن ئاماژە بە تۆڵەسەندنەوەیەکی سیستماتیکە هەتا باری قورسی ڕووخانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتورییە ئایدۆلۆژییەکەیان بخەنە سەر شان و شەپیلکی خەڵکی وڵات. بۆیە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەس، ڕەشبگیر و شەپۆلێکی نوێ لە دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، خوێندکاری، ڕاگەیەندکار، هونەرمەندانی دژبەری شەڕ و تەنانەت خەڵکی ئاسایی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەخنەیان لە حکوومەت گرتبوو و نووسین و هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی مەیلی کاربەدەستانی ڕێژیم بوو دەستی پێکرد. ڕێگە لە هەر چەشنە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ئێعترازی و مانگرتن گیرا، لە ماوەی تەنیا یەک مانگدا لانیکەم ٩٨ کەس لەدار دران کە شەش کەسیان تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیلیان درابووە پاڵ و بەوە ژمارەی ئەو کەسانەی دەزگای قەزایی ڕیژیم لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی زایینیدا ئێعدامی کردوون گەیشتە ٦١٢ کەس. دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم کەوتە کار بۆ ئەوەی هەر کەسێکی دژبەر و ناڕازی لە حکوومەت و سیاسەتی شەڕانخێویی ڕێژیم بە خائین بە وڵات! پێشان بدا. بەڵام ئەمە تەنیا نووکی شاخە سەهۆڵەکەیە. ئابووریی وڵات کە پێش شەڕیش لە سۆنگەی سیاسەتە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و ناکارامەیی و گەندەڵیی حاکمییەتی سیاسی قەیرانی زۆر و جۆراوجۆر بڕستی لێ بڕابوو، دوای شەڕ ئەوەندەی دیکەش تێکڕووخاوە. ڕێژیمیش بە بردنەسەرێی نرخی دراو، بڕینی یارانەکان، گرانکردنی کەلوپەل و خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک و دەستنەکەوتنی داودەرمان هێندەی دیکەش بارگرانیی ئەو دۆخەی خستۆتە سەر شانی خەڵک بۆ ئەوەی بەم شێوەیە قەرەبووی شکست و داماوییەکانی لە بەرەی دەرەکی و شەڕەکانی خۆیدا لە خەڵکی وڵات کردبێتەوە.

تەنیا ١٢ ڕۆژ شەڕ لەگەڵ وڵاتێک کە بە ڕووبەر ٧٠ هێندە لە ئێران بچووکترە و بەچۆک داهاتن و دەستبەردانەوە لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوودا لە هەمبەر ئیسرائیل بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر شکستێکی سەربازی نیە، بەڵکوو تێکڕووخانی ئایدیا بەناو پیرۆزەکانی حکوومەتێکە ئەفسانەیەکی لەشکاننەهاتووی لە شکۆ و هێزی جیهانداگری خۆی دروست کردبوو. ئاساییە ڕێژیمێکی سیاسیی ئەوتۆ کە دەزانێ لە نێوخۆی وڵاتیشدا شەرعییەتی خەڵکی و سیاسیی نیە و بگرە خەڵکی وڵات هۆکاری هەموو نەهامەتی و قەیرانەکانی ژیانیان بۆ ئەو دەسەڵاتە دەگێڕنەوە، بیهەوێ بە سەرکوتی ئەو خەڵکە شکان و لاوازییەکانی بشارێتەوە. هەروەها بەو پاشخانەی لە خۆپێشاندانە گشتییەکانی دوای خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی ژینا

بەشی چوارەم

(ژن، ژیان، ئازادی) لە ۱٤۰۱ و ئەو ترسەی لە تەقینەوەی گڕکانی تووڕەیی و نارەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵک هەیەتی، لە ڕێگەی سەرکوت و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندنەوە پێش بە هەڵچوون و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بگرێ؛ بۆوەی چەندی پێی بکرێ خۆی بگرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا و بۆ پاشەکشەکردن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمە ئێستا تەنیا چەکی سەرکوتی نێوخۆیی بە دەستەوە ماوە. بەڵام تۆڵەکردنەوە لە خەڵک نەک بە مانای بەهێزی حاکمییەتی سیاسی نیە، بەڵکوو دەرخەری لاوازی و زەبوونیی ڕێژیمە و ناشتوانێ هەتا سەر خۆی پێ بپارێزێ. لە ئێستادا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو بازنەی دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاترن و پرسی بەردەوامیی سیاسەتی شکستخواردووی بەرەی مقاومەت و ستراتیژیی بەرگریی پشتبەستوو بە ڕۆژهەڵات (چین و ڕووسیە) گەورەترین قەیرانی بەرەوڕووی بازنەی دەسەڵات کردۆتەوە و، قەیرانی ئابووری و دراویش پرزەی لێ بڕیوە؛ بەڵام بزووتنە کۆمەڵایەتی و مەدنی و مافخوازییەکانی خەڵک کە ڕیشەیان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە، زیندوو و بەهێزن. گەلانی مافخوازی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی وڵات دەیان ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە بوونەتەوە، ئەویش لە کاتێکدا لە ترۆپکی دەسەڵاتدا بوو. بۆیە ئێستا کە ڕێژیم لە هەموو کاتێک لاوازترە دەست لەسەر دەست دانانیشن، بەڵکوو چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی لەبارن، هەل و دەرفەتێک کە لە لاوازبوونی دەزگای سەرکوتدا بەدی دێت.

**شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل لەوانەیە کۆتایی هاتبێ، بەڵام شەڕ و خەباتی مافخوازانەی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی قۆناغێکی دیکەی بڕیوە و هەتا سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا هەر درێژەی دەبێ.**

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

بەشی چوارەم

# ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا






**دیمانەی شیوا مورادیان**

**ئاماژە:**

"ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا" دێکیۆمێنتارییەک بوو کە شیوا مورادیان بۆ ٣٦ ساڵەی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ئامادەی کردبوو و لە "کوردکاناڵ" بڵاو کرایەوە. ئەم بابەتە بە بەشداریی عەلی بداغی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کراوە.

بەشی چوارەم

**شیوا مورادیان**: ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیە کە پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەندە بە بوونی مرۆڤەوە وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. لە ڕوانگەی شەهید قاسملووەوە، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. لە ڕوانگەی ئەووەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بریار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە. (شیکاریی زیاتر لە زمان عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە:)

ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیە کە پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەندە بە بوونی مرۆڤەوە وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی شەهید قاسملووەوە، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. لە ڕوانگەی ئەووەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بریار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە.

**عەلی بداغی**:

ئەوەی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن گوتار بووە. یەک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم گوتارە سەربەخۆ و تایبەتەی دوکتور قاسملووش دێموکراسی و دێموکراسیخوازییە کە هەموو ڕەهەندە فکری و خەباتکارییەکانی دیکەی د. قاسملوو بۆ مانابەخشین بەو دێموکراسییە دەبەستێتەوە. ئەمە هەر قسەی منی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات نیە، بێرنارد کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی د. قاسملوو لە پێرلاشێزی پاریسدا دەڵێ: قاسملوو، ئەتۆ هەموو ژیانت لەپێناو نەتەوەکەت، ئازادی و دێموکراسی نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو دنیا فیدا کرد. یان نووریی دێهکوردی، چالاکی چەپ و دۆستی نیزیکی حیزبی دێموکرات کە لە تێرۆری مێکونووسدا لەگەڵ د. شەرەفکەندی شەهید بوو، لەو بارەیەوە

دەڵێ: قاسملوو لەماوەی سەرکردایەتی کردنی حیزبەکەیدا زۆر شتی فێری ئەندامانی حیزبەکەی کرد، بەڵام بەبایەخترینی ئەوانە دێموکراسی بوو"، بۆیە لەخۆڕا نەبوو کە نازناوی مامۆستای دێموکراسیی پێ درابوو.

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە ڕابردوو و پێشینەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەو کاتەوە، واتە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوییەوە کە د. قاسملوو لە ئورووپاڕا دەگەڕێتەوە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەگرێتە دەست و ئێستا و داهاتووی ئەم حیزبە دادەڕێژێتەوە؛ دەبینین هیچ ڕێبەرێکی سیاسی و هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستان بە قەت د. قاسملوو، و بە قەت حیزبی دێموکراتێک کە ئەو بناغەکەی دارشتۆتەوە، هەوڵی بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا نەداوە. دێموکراسیخوازیی د. قاسملوو و تیۆریزەکردنی ئەو گوفتومانە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی گەلەکەیدا هەمووی لەپێناو دابینکردن و دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسینی کورد لە ئێران بووە، تا ئەو ڕادەیە کە دێموکراسی بۆ ئێران پێش مافی نەتەوەیی بۆ کورد لەو وڵاتە دەخا، چونکی ئەو دێموکراسییە بە بنەمایەک و زەمانەتێک بۆ جێگیربوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەزانێت.

د. قاسملوو لە پانتاییەکی دیکەشدا، ڕوکن و پایەکانی دیکەی گوتارە تایبەت و سەربەخۆکەی وەک فرەحیزبی و پلۆرالیزم هەر لە خزمەتی ئەو دێموکراسیخوازییەدا پێناسە دەکا. چونکی باوەڕی وایە بەبێ پلۆرالیزم و کۆکردنەوەی فرەیی و جۆراوجۆرییە سیاسییەکان ناکرێ ئەو دێموکراسییە لە قەوارەیەکی سیاسی - جوغرافیدا شکڵ بگرێ و دەوامی هەبێ.

د. قاسملوو بە ڕوونی دەڵێ دێموکراسی بۆ ئێمە واتە پلۆرالیزم و ئازادیی ئەندێشە و بیروڕا و دەربڕین. بەڵام ئەم دێموکراسییەی لە وێژمانی د. قاسملوودا دەخوێندرێتەوە، دێموکراسیی زۆرینە نییە. واتە ئەگەر نموونە بە ئێران وەک واحیدێکی سیاسی-جوغرافی بێنینەوە، ناکرێ ئەو دێموکراسییە ئاکامی بریاری زۆرینەی ئەو وڵاتە بێت، چونکی ئەم وڵاتە خۆی هەڵگری فرەیی و جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و کولتوورییە و دەبێ کۆمەڵە مافی تایبەت بۆ هەموو ئەو جۆراوجۆرییانە قایل ببین. بۆیە ئەم دێموکراسییە لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە دەبێ تەوافوقی بێت. دێموکراسییەکی تەوافوقی کە دەرفەتی خۆدیتنەوە و هاوبەشیی سیاسی بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو حیزبەکان و بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەی دەستەبەر کردبێت. ئەو مۆدێلە دێموکراسییە لە گوفتومانی د. قاسملوو، ئێستاش تاکەچارەسەری پرسی نەتەوەکان لە ئێران و مانەوەی وەک وڵاتێک بە شێوەی ئێستایەتی. فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیی ئێستای حیزبی دێموکراتیش کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بەپێی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و جوغرافییەکانی نەتەوەکانی ئێرانە، هەر لە چوارچێوەی ئەو گوفتومانەی د. قاسملوو و دێموکراسیخوازیی ئەودا پێناسە دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ڕوکنێکی دیکەی گوفتومانی د. قاسملوو دابنێین، ئەمەش بەپێی دۆخ و هەڵکەوتوویی کورد لە ئێران هەر لە چوارچێوەی گوفتومانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملوودا پێناسە دەکرێت. چونکی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان نەبێتە باوەڕ و دانی پێدا نەنرێ و دەستەبەریش نەکرێ، دێموکراسی جێگر نابێ. پێوەندیدار بە ئێران ئێمە دەبینین زیاتر لە ۱۰۰ ساڵە دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارس و ئایینزای شیعە بەتوندی سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیی کورد لە ئێرانیان کردوە، بەڵام شۆڕشی ژینا و نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخست ئەوەی شکستی خواردوە هەر سیستمی ناوەندگەرای تاران بووە و حکوومەتی ناوەندی لە ئێران مەحکوومە بە دانناان بەوەی پرسی کورد تەنیا بە پێوانەکانی دێموکراسی چارەسەر دەبێ.

لەو بارەیەوە د. قاسملوو نیزیک بە ٦٠ ساڵ لەوە پێش لە کتێبی "کوردستان و کورددا" بەو شێوەیە باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا و دەڵێ "چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراسییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراسی. مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نابێ ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییش، دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکاندا پێک بێ. دیارە ڕزگاریی تەواو لە زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی و دابینکردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بوونی دێموکراسییەوە بەستراوەتەوە و هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش ڕوونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی، خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیشە.

ئەو ڕوانگەیەی د.قاسملوو لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە هەموو کۆنگرەکانی ئەم حیزبەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی ۱۷ی حیزبدا و لە ماددەی یەکدا هاتوە: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا".

د. قاسملوو لە دوایین وتوویژی پێش شەهیدبوونی کە لەگەڵ عینایەت فانی و تەلەڤیزیۆنی بی بی سی لە سەفەری بێگەڕانەوەیدا کردبووی و ۲۰ ساڵ دوای تێرۆرکردنەوەی بڵاو کرایەوە، دەڵێ: ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستوە، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەمووبە و هەموو

شتێکە و خودموختاری تەنیا بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەش کە دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە. دوایە دێ بە زمانێکی سادە ئەو دێموکراسییە شی دەکاتەوە و دەڵێ دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان، ئازادیی فەرهەنگ، ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دواڕۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا، مەگەر سیستمێکی دێموکراتیک نەبێ.

هەر لەو وتووێژەدا دوکتور قاسملوو دەڵێ ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێراندا هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن.

ئەگەر بمەوێ بە کورتی ئاکامێک لەو باسە وەربگرم، دەبێ بڵێم کە دێموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو ئامانجە هەرە بەرزەکە بوو. مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دەڵێ د. قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو پێش هەموو شوێنێک دێموکراسی لەنێو حیزبەکەی خۆی و کۆمەڵگەکەی خۆی کوردستاندا نەهادینە بکا و ئەگەر حیزبی دێموکرات لەو سۆنگەیە شتێکی لە دەست دەدا، د. قاسملوو دەیگوت ئەوە بەها و باجی دێموکراسییە کە دەبێ بیدەین. د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر حیزبێک، یان وڵاتێک پێویستە دێموکراتیزە بن، دەبێ تاکەکان و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە دێمۆکرات پەروەردە بن و بە بنەماکانی دێموکراسی بار بێن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پڕەنسیپەکانی خۆی بۆ تاکی دێموکرات لە کۆمەڵە پێناسەیەکدا فۆرمولە بکا کە لە حیزبی دێموکراتدا بە "سیمای دێموکرات" ناسراوە.

لە گرینگترین بەندەکانی "سیمای دێموکرات"دا باس لە سەربەخۆیی سیاسیی تاکی دێموکرات و حیزبی دێموکرات کراوە کە بێگومان سەربەخۆیی سیاسی کۆڵەکەی تیوریی دێموکراسییە و حیزبی دێموکرات لەپێناو ئەو سەربەخۆیی سیاسییەدا باجی زۆری لە مێژووی خەباتی خۆیدا داوە. دیارە خۆی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" باشترین بەڵگەنامەی تیوریک لەسەر بنەماکانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملووە. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دێموکراسی سێ جۆری هەیە کە دەبێ تەواوکەری یەکتری و پێکەوە بن. دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری. د. قاسملوو باسی

ئەوەی دەکرد کە وڵاتانی سۆسیالیستی، دێموکراسیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردوە، بەڵام بەلای دێموکراسیی سیاسیدا نەچوون، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین کراوە بەڵام دێموکراسیی ئابووری بەدی نەهاتوە و بۆیە ئەو دوو سیستمە هەردوو ناکامڵ و ناتەواون. سێ ساڵ دوای تێرۆری د. قاسملوو بینیمان کە یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا، ڕێک لە بەر نەبوونی ئەو دێموکراسییە سیاسییەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی بوو.

**لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم دێموکراسی گرینگترین توخمی گوتاری فکری و مەنزوومەی فکریی د. قاسملوو بوو.**

***

لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە، ئازادیی تاک بە مانای پێکهێنانی دورگەی تەریک و دابڕاو لە یەکتر نیە و تاک ناتوانێ ئازاد بێ و کۆمەڵگە یەخسیر و دیل.

هەربۆیە بەرێزیان لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی پێکهێنان حیزب و ڕێکخراو و سەندیکا و چاپەمەنیی ئازاد و دژی هەرچەشنە ئیدئۆلۆژییەکی داسەپێن و خۆسەپێن بوو.

بەکورتی شەهید دکتۆر قاسملوو، داکۆکیکاری گونجاندنی ئەخلاق لە سیاسەتدا بوو و پێی وا بوو کە ئەگەر سیاسەتێ ئەخلاقی نەبێ، ناتەبایە لەگەڵ گەوهەری بوونی مرۆڤ دا کە ئازادییە. ئەخلاق لە ڕوانگەی ئەوەوە، چەمکێکی ئاسمانی و ئابستراکت و میتافیزیکی نیە. بەڵکو ئەخلاق، شیکردنەوەی خودی گەوهەری ئازادییە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لە سیستمی دیموکراتیک دا، نرخ بۆ ئازادی، هەڵبژاردن و بیری ئازاد دادەنرێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، تەنیا دیموکراسی بە سیستمی ئەخلاقی دەناسی و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێداگری دەکرد:

**"هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و تا حیزبی دیموکرات مابێ، دیموکراسی ئامانجیەتی"**

**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# عەلی بداغی: هێزە کوردییەکان دوژمن و نەیاری هاوبەشیان هەیە و دەبێ هێز و توانای خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ڕێکبخەن



**دیمانەی جەماڵ ڕەسووڵی**

**ئاماژە:**

**ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٥ کۆنفرانسی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی بە بەشداریی ٧ حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیزیک شاری کۆڵن لە ئاڵمان بەڕێوە چوو.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهێنەری ئەم کۆنفرانسەن بوون. لەو کۆنفرانسەدا کە لە سێهەمینساڵیادی بزووتنەوەی ژینادا بەڕێوە چوو، باس لە پەیام و دەرکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و دەسکەوت و

خەسار و دوورەدیمەنەکانی ئەم بزووتنەوەیە کرا. "کوردستان" لە پەراوێزی ئەم کۆنفڕاسەدا وتووێژێکی لەگەڵ عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" کردوە:

**کوردستان**: کاک عەلی سەرەکیترین کێشە و ئاستەنگی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا و ئەوەندەی بۆ حیزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە چین؟

**عەلی بداغی**: یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی یەکرێزی و هاوخەباتی، هاوهەڵوێستی و یەکگوتارییە لەنێوان حیزبە سیاسییەکان. ئەم یەکگوتاری و یەکڕیزییە بە سەرنجدان بەوەی بزووتنەوەی کورد هەم دەرفەتی زۆر باشی لە بەردەمدایە و هەم هەڕەشە و مەترسیی جیددیشی لەسەرە، بە بوونی ئەم یەکریزی و هاوهەڵوێستییە هەم دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای بزووتنەوەی کورد مسۆگەر دەبن و هەم دەسکەوتی سیاسیی دیکەش بۆ کورد بەرهەم دێ، ئەمە هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەم لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئەو یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، ئەم کۆنفڕانسەیە کە دوای چەند مانگ دانیشتن و قسەکردن و دیالۆگی پێکەوەیی ٧ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم دێ. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم ئەم کۆنفڕانسە بەرهەمی کار و دیالۆگی هاوبەشێ ئەم ٧ لایەنەیە لە ماوەی ئەو چەند مانگەیە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا کە گەڕێکی نوێی دانیشتنەکان و قسەکردنەکان بۆ لێکتێگەیشتن و بنیاتنانی هەیکەل و قەوارەیەک لە هاوپەیمانی و یەکریزی لە ئارادایە، ئەم کۆنفرانسە دەتوانێ یەکێک لە کارە عەمەلی و مەیدانییەکان و سەرەتایەکی باش بێت.

لەڕاستیدا ئەمڕۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەویش لە بەرامبەر هێزە ناوەندگەراکان چ حکوومەت و چ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت پێویستیی پێیەتی، گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەییە. لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەکی قووڵ هەستی پێ دەکرێ و دەبینین ئەم بۆشاییە بووەتە لەمپەر لەبەردەم سازان و پێکهاتنی حیزب و هێزە سیاسییەکان و، هەروەها چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ، نموونەی هەرە زیانبارەکەشی لە بزووتنەوەی ژیناڈا دەرکەوت کە کورد نەیتوانی وەک پێویست بەری خەبات و خوێن و ڕاپەڕین و قوربانیدانی خۆی هەڵگرێتەوە. بزووتنەوەکە بەلاڕێدا برا، هەندێ لایەن ویستیان دەستی بەسەردا بگرن و هێزە کوردییەکان پەرتەوازە بوون و تەنانەت دەسکەوتەکانی بزووتنەوەکەش خەریکە لایەنە غەیرە کوردەکان پاوانی دەکەن و دەستی بەسەردا دەگرن.

دیارە ئەمە زۆر ئاساییە کە ئێمە هێزە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆش شێوەی روانین جیاوازمان هەبێ، بەڵام مەخابن کاتێک جیاوازییەکان دەبنە دژایەتیکردن و پاشقولدانی یەکتر، ئیدی کورد گوتەنی لە گۆڕەپانەکەدا سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە. ئەوە جیا لەوەی کە نەبوونی ئەم گوتاری هاوبەش و هاوهەڵوێستییەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ئاراستەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لە نێوخۆی کوردستانیشی گۆڕیوە و هەم بووەتە هۆی پەرتەوازەیی و هەم سستی و پاسیڤبوون. واتە لە نەبوون و بۆشایی ئەم گوتار و یەکڕیزییەدا ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ ناقۆزرێنەوە، ئاراستە وەرناگرن و ناخۆشە کە دەڵێم بەسەر دەستماندا مندار دەبنەوە.

بۆیە ئێمە بە بایەخ و گرینگییەوە لەو کۆنفرانسە و هەروەها لە هەوڵەکانی ئێستامان بۆ هاوخەباتی و یەکڕیزی دەڕوانین.

**کوردستان**: زیانەکانی نەبوونی یەکگوتاری و ئەو پەرتەوازەیی و فرەگوتاری و فرەهەڵویستییانە چ بوون؟

**عەلی بداغی**: نەبوونی یەکگوتاری زیانی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بەرامبەر بە دەسەڵات و هەژمۆنیی ناوەندەگەراکان گەیاندوە. لەوەدا شک نیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیک و سەرکوتگەرە، ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بەشی زۆریان ڕوانگەی پانئیرانیستی و فاشیزمییان بە نیسبەت مافی نەتەوەکان و کورد وەک نەتەوەیەکی مافخواز هەیە. بەڵام ئەدی لە نێوخۆماندا چی؟ ئایا ئەم نایەکگرتوویە لەمپەر نەبووە لە بەردەم بەهێزبوونماندا؟ ئایا ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین بەباشی سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییەکانمان لە ڕەوتی خەباتدا بەرێکخراوتر بکەین. با... بێگومان با و زۆریشمان لەوە زیان کردوە. هەر لە ساڵانی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و کەفوکوڵی شۆڕش ئێمە چەند دەنگ و چەند گوتارمان لە کوردستان هەبوو. گوتاری نەتەوەیی، گوتاری چەپ و مارکسیستی، گوتاری ئایینی و هەموو ئەوانە درزیان خستبووە نێو بزووتنەوەی کورد و وایان کرد کە بەجێی قایمکردنی سەنگەرەکانی کوردستان لەدژی حکوومەتی ناوەندی کە هێرشی کردبووە سەرمان و کوردستانی لە ئاگر و خوێن وەردابوو، تەنانەت بۆخۆمان شەڕی خۆبەخۆ بکەین. ئەمە لە بزووتنەوەی ژیناشدا دووپات بوویەوە و ئەمن ناچمە نێو ئەو وردەکارییە کە جۆرچ تاون و سڕکردنی ناوەندی هاوکاری، کە بەیاننامەکانی ئەم ناوەندی هاوکارییە بووە هۆی هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەڕینە چ زیان و زەربەیەکی لە بزووتنەوەکەمان دا.

٤٥ ساڵ دوای ئەو ساڵانە ئێستاش ئەو کەلێنەمان تێدایە، بۆیە لەلایەک حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆنە سەراسەرییەکەی بە هەندمان وەرناگرێ، گرینگیمان پێ نادا و هێز و توانامان دەکەوێتە پەراوێزەوە. لە لایەکی دیکەش بەردەوام درز و کەلێنی خستووەتە نێو ئێمە و لێکیان هەڵبڕاندووین و بۆخۆیان براوە بوون. ئەم حەقیقەتە هەیە و تاڵە و دەبێ دانی پێدا بنێین

بەشی چوارەم

کە بەشێک لە هۆکارەکان خۆمان بووین کە لە نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی گشتگیردا هێزی خەباتگێڕیی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەکەمان یەک بخەین.

مەسەلە ئەوە نیە کە حیزبە سیاسییەکان هەموو هەڵوەشێنەوە و ببن بە یەک، مەسەلە ئەوە نیە حیزبە سیاسییەکان هیچ جیاوازییەکی ڕوانگە و بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر نەبێ، مەسەلە ئەوەش نیە کە ڕەخنەمان لە یەکتر نەبێ و ئەوەندە تەنەزول بۆ یەکتر بکەین کە خۆمان نەناسینەوە، مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، نەیار و بەدخواگەلی هاوبەشمان هەیە و ئێمە دەبێ ئینێرژی و هێز و توانای خۆمان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بەکار بێنین، ئەویش لە پێناو دەسخستن و پاراستنی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە ئی هەموومانە وەک کورد. بۆیە وتووێژ و هەوڵی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ هاوخەباتی و یەکریزیی حیزبە سیاسییەکان کە بێگومان دەبێتە هۆی یەکگرتوویی لە نێوخۆی وڵاتیش ئەم ئیمکانە بە ئێمە دەدا لە بەرامبەر دوژمنان و نەیارانمان بەهێزتر ببین. ئەمە ئەرکێکی حەیاتییە کە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک هەستی بەو زەروورەتە کردوە و هەوڵی بۆ داوە و لە هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێ و بەشبەحاڵی خۆی بە تەواوی لە بەرامبەر ئەو ئەرکەدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا.

**کوردستان**: کۆنفرانسە هاوبەشەکەی کۆڵن داهاتووی کاری پێکەوەیی ئەم ٧ حیزبە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و نەیارە ئێرانییەکان دەباتە کوێ؟

**عەلی بداغی**: هەروەک باسم کرد بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بە هۆی لێکترازانەکان و دوورکەوتنەوەی لایەنە سیاسیەکان و فرە گوتارییەکان و خستنەپێشێی بەرژەوەندیی حیزبی لەهەمبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتی، زۆر دەرفەتی لە دەست داوە. ئێستا دوای بزووتنەوەی ژینا لە سێ ساڵ پێش هەتا ئێستا، دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی ١٢ ڕۆژە هەلومەرجی سیاسی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییش گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا هاتوە. هەمووان دەبینین کە دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندە خێرا لە حاڵی گۆڕاندایە.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستا کەمتر لە مەتن و بەتنی ئەو هاوکێشە گرینگانەدا بووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە لە پەراوێزەوە بێینە نێو مەتن و ببین بە ئەکتەری سەرەکیی گۆڕانکارییەکان. بۆ ئەوەش دەبێ قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز و یەکگرتوومان هەبێ، چەترێکی هاوبەش کە هەمووان لەژێر ئەو چەترەدا هێز و توانای خەباتگێڕی و گۆڕانخوازیی خۆمان بخەینە سەریەک. ئەمە لە نان و ئاو بۆ بزووتنەوەکەمان پێویستترە.

کۆمەڵگەی ئێمە لە تەنیشت جیاوازیی بۆچوون و ڕوانگەی سیاسیی حیزبەکانمان، کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنی ئایینی و زاراوەییشە و هەم ڕێژیم و حکوومەتی ناوەندی و هەم ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمەش کە هێشتا هیچ دەسەڵاتێکی نیە، دەیانەوێ ئەو جۆراوجۆرییانە و ئەم جیاوازییانە بکەنە سەبەب بۆ لێکترازان و هەڵوەشانی زیاترمان. ئێمە نابێ ڕێگە بەوە بدەین. بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم ٧ حیزبە دەبێ قەوارە و پێکهاتەی هاوپەیمانی و یەکریزیی خۆیان زۆر زوو پێک بێنن. شتی هاوبەش لەنێوان ئێمەدا زۆرە و بابەتە ناکۆک و جیاوازەکانیش نابێ ڕێگە لە پێکهاتن و سازانی ئێمە و تێپەڕین لەو قۆناغی گوزارە بگرن و یەکلاکردنەوەی هەندێ بابەت لەسەر جۆری حوکمڕانیی داهاتووی کوردستان با هەڵگرین بۆ بڕیار و ئیرادەی گشتیی خەڵک کە لە پرۆسە و سازوکارێکی دێموکراتیکدا بە دەنگی ئەوان دیاری دەکرێ.

ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە لەدژی پێکهاتە و نیزامێکی سیاسیی سەرکوتگەری پاوانخوازی وەک کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین کە هیچ مافێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ ئێمە بە ڕەوا نابینێ و بە توندترین شێوەی سەرکوتی کردووین و سەرکوتمان دەکا.

ئێمە نابێ ڕوانگە و بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی فارس و هەژمۆنیخوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا نەبینین کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جەوهەری حاکمییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی نیە. ئێمە نابێ چاوی خۆمان لە بەرنامەی وڵاتان و زلهێزان و بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکان لە ئێراندا بنووقێنین کە بێتوو نەبینە ئەو هێز و ئەکتەر و مەرجەعە، زۆر بە ئاسانی وەلا بندرێین و دیسان چارەنووسی ئێمە هەر شەڕ و قوربانیدانی زیاتر بۆ مافەکانمان بێ. بۆیە هەنگاو و بڕیارەکانی ئەم ٧ حیزبە لە کێشانی ئەو نەخشەڕێیە و ئەو دوورەدیمەنە لە خەباتی نەتەوەکەمان زۆر گرینگە.

**کوردستان**: بەڵام هەم پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و هەم ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بۆ مافەکانی نەتەوەکانی ئێران وەک بەربەستێکی جیددی لەهەمبەر داهاتووی ئێران نابینن؟

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنی سیاسیی کوردی دیکەش هەیە کە پەیامی ڕوون و ئاشکرایان ئەوەیە ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای دانانان بە فرەنەتەوە و فرەئایینیی ئەو وڵاتە و دەستەبەربوونی مافەکانی ئەو پێکهاتە و فرەییانە دروست بێتەوە. ئەگینا زەحمەتە سنووری جوغرافیاییەکانی ئەم وڵاتە بە شێوەی ئێستا بمێنێ و بەرپرسایەتیی هەڵوەشان و دابەشبوونی ئەو وڵاتەش لە ئەستۆی ئەو لایەنە ناوەندگەرایانە بوونی خۆیان لە سڕینەوەی ئەوانیدیدا دەبینن و وەک نەتەوەی سەردەسر لە هەموو فۆڕم و شێوەیەکدا هەوڵی سەرکوتی جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران

دەدەن.

**کوردستان**: چ شتێک دەتوانێ ئەم ٧ حیزب و لایەنە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە؟

**عەلی بداغی**: بە خۆشییەوە خاڵی هاوبەش لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرە و خاڵی کۆکەرەوەی حیزبەکانیش لەگەڵ یەکتری کەم نین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ٨ دەیەی ڕابردوودا خەبات و تێکۆشانمان بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. باوەڕیشمان وایە کە وەدیهێنانی ئەم ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەش لەگرەوی یەکگری و یەکڕیزیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەشداریی کارای هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. هەروەها بە سەرنجدان بە ئەزموونی پێنج دەیەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە نەک حاشای لە هەر چەشنە ماف و ئازادییەکی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی کورد لە ئێران کردوە، بەڵکوو بە توندترین شێوەی مومکینیش سەرکوتی کردوە؛ پێمان وایە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵ لە ئێران ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووان. هەڵبژاردنی ئازاد، ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، داببینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێو جوغرافیای سیاسی و بەڕێوەبەریی کوردستان، پرەنسیپە جیهانگیرەکانی مافی مرۆڤ و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناو و یەکسانیی ڕەگەزی و هاوبەشییان لە هەموو کایە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان بەشێکی دیکە لەو خاڵە هاوبەشانەن کە دەتوانن کۆکەرەوەی حیزبە سیاسییەکان و بنەماکانی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بن.

**کوردستان**: سپاس کاک عەلی بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا

**عەلی بداغی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان



### ئاماژە:

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ پێنجەمین پلینۆمی خۆی بەڕێوە برد. تازەترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ڕۆژی بیست و پێنجەمی گەلاوێژ، هەشتایەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. "کورد کاناڵ" بۆ باس لەسەر باسە گرینگەکانی پلینۆم و هەروەها لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەی ئەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفای بەڕێز، ئەمە یەکەم وتووێژی جەنابتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانەوە. حەوتووی ڕابردووش سێهەمین ساڵڕۆژی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و وەسەریەکەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات بوو. بفەرموون کە یەکگرتنەوەی حیزب و تازەترین کۆنگرەی حیزب سەرچاوەی چ

بەشی چوارەم

**گۆڕانکارییەک و چ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا بووە؟**

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وایە ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوە لە دوای پازدە - شازدە ساڵ لێکجیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا پێک هات، بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ نەک هەر لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەشدا بوو. ئەو دوو لایەنەی حیزبی دێموکرات دوای هەموو ئەزموونەکان لە بێئاکامیی دابڕانەکان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگای سەرکەوتن و خزمەتکردن بە نیشتمان لە بوونی جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و قبووڵکردنی جیاوازییەکان دەست پێ دەکات و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی خاڵە هاوبەشەکان لە نێو جیاوازییەکاندا دەتوانێت ڕێپیشاندەر بێت. ئەوە نەک هەر لەنێو خۆماندا، بەڵکوو شێوەی هەڵکردن و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی غەیری حیزبییش کە هەر کامەی بیروبۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، ئەو لێکنزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردن لە جیاتی ململانێ و ناکۆکیی ناسالم ڕێچکەیەکی بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانیش کردۆتەوە. حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندییەدا هەوڵی داوە کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی ئێرانیدا هیچ جۆرە ناکۆکییەک و گرژییەک نەمێنێت و تەنانەت ئێستا ئێمە خەریکی پێکهێنانی هاوکارییەک لە نێوان حیزبە سیاسییە کوردییەکانداین و لە نێو حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا هەر بەو مێتۆدە کار دەکەین.

گۆڕانکارییەکی دیکەی کۆنگرە لە پرسی نوێبوونەوە لە سیاسەتکردن، لە مامەڵەکردن و لێکدانەوەکانمان بە نیسبەت ڕابردوودا دەبینم کە دەبێ چاوخشاندنەوەیەکی زۆر جیددی پێدا بکەین، چونکە سەردەمەکە ئاڵوگۆڕی یەکجار زۆری بەسەردا هاتوە. خەڵکەکەمان ئاگایی و تێگەیشتنیان زۆر لە ئاستێکی سەرەوەیە، بۆیە حیزبی دێموکراتیش دەبێ پتر نوێ بێتەوە و هەروەها ئەوەش کە دەبێ لە ڕووی پرۆژە و بەرنامەوە کار بکەین و ئەوانە چەند خاڵێک لەو خاڵە گرنگانە بوون کە لە کۆنگرەوە تاکوو دەگاتە ئەو پلینۆمەی کە ئیشارەتان پێ کرد، هەموو پێداگرییان لەسەر کراوە و کراونەتە بەرنامەی کار.

**عەلی بداغی**: پێوەندیدار بە تازەترین پلینۆمی حیزب، وەک لە ڕاپۆرتی ڕاگەیەندراوی پلینۆمەکەدا هاتبوو کە لەم پلینۆمەدا باسێکی سیاسیی دەوڵەمەند لە لایەن جەنابتانەوە پێشکەش کراوە. شیکردنەوەکان ئەوەن کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ڕووخاوە. کارتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا یاریی پێ دەکردن، ئەو کارتانەی بەشی زۆری لەدەست داون. جەنابتان بڕێک بەرفراوانتر چۆن دەڕواننە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران؟

**مستەفا هیجری**: تێکشکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر تەنیا لە بارەی ئایدۆلۆژیکەوە نەبوو، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکانی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا بە تەواوی تێکڕووخاوە. گرینگتر لە

هەموو ئەوانە خەڵکیش پشتیوانیی لێ ناکات. بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دامەزراوەی "گمان" کردوویەتی سەتا حەفتای خەڵک لە ئێراندا لەو ڕێژیمە نارازین و دەیانەوێ ئەم حکومەتە بگۆڕن، تازە ئەوە ڕاپرسیی ساڵێک لەوە پێشە و ئێستا بە دڵنیاییەوە ئەو ئامارە زۆر زۆر زیادی کردووە. واتە ئەم دۆخەی ئێستا داڕووخانی سیستەمێکی فکریی چەقبەستووی کۆنە کە دەیویست شێوەی ئیدارەدانی وڵات بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەوە پێش بگەڕێنێتەوە و بۆخۆی ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی ئیسلامی و وەلی فەقیهـ وەک خەلیفەیەک ببێتە ڕێبەری موسڵمانانی دنیا. بەڵام ئێستا دەبینین کە ئەو خەون و خەیاڵانە هەمووی بە با چوون. هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم کە بەشی زۆری سامان و سەروەتی خەڵکی ئێرانی تێدا خەرج کرا و ئەو حکوومەتانەی وەک سووریە کە بەهۆی یارمەتییە هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە مابوون، ئەوانە ئەوانە هەموویان تێکڕووخاون و هەروەک باسم کرد لە نێوخۆی وڵاتیشدا شەرعییەت و لایەنگریی نەماوە و ڕێژیم لە دنیادا و لە ناوچەکەدا بەتەنیا ماوەتەوە. بۆیە لام وایە کە خێرایی پرۆسەی بەرەو نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر بووە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئێمە پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینین. جەنابتان پێتان وایە کە کۆماری ئیسلامی خۆی دەگرێتەوە یان بەڕاستی ئێستا کاتی دەستبەردان و تەسلیمبوونی گەیوەتێ؟

**مستەفا هیجری**: بە چی خۆی دەگرێتەوە؟ ئەوەی کە هەیبوو لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەمووی داناوە و نەک هەر ئەو سامان و سەروەتەی وڵات هەیبوو، بەڵکوو لەوانەیە داهات و ئیمکاناتی پەنجا ساڵی داهاتووشیان بۆ ئەو مەبەستانە دانابێت. لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێژیم پێگەیەکی نەماوە و ئەسڵەن و ئۆسوولەن عەقڵییەتی ئەوە لە ڕێژیمدا بەدی ناکرێ کە بیهەوێ و بشتوانێ بە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانیدا خۆی بگرێتەوە. زۆر لە حکوومەتە نۆرماڵەکان بوێریی ئەوەیان هەیە ئەگەر لە پرۆژەیەکدا شکست دەخۆن، ددان بە شکستەکەیاندا دەنێن و بە دوای دۆزینەوەی چارەسەر و کەموکوڕییەکاندا دەگەڕێن. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆ پێی وا نیە هەڵەی کردبێت. کۆماری ئیسلامی دوای ئەو شکستە قورسەی لە شەڕەی دوازدە ڕۆژەدا ئێستاش پێی وایە شەڕەکەی بردووەتەوە و ئیسرائیل و ئەمریکای تەمبێ کردووە. حکومەتێک بەو عەقڵییەتە بە خۆیدا نایەتەوە و بێجگە لەوە دەرفەت و ئیمکانیشی بۆ ڕێژیم لە بەردەستدا نیە.

**عەلی بداغی**: بەڕێزتان لە باسە سیاسییەکانی پلینۆمدا باستان لە کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆ بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی لە دڵی قەیرانەکانی ئێستادا کردبوو. ئەگەر بە کورتییش بێت چۆن لەو سیناریۆیانە دەڕوانن و لێکدانەوەتان بۆی چیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەرەکان زۆرن و بە وردی پێشبینی ناکرێت کە چی ڕوو دەدات، بەڵام ئەو ئەگەرانەی کە لە پلینۆمی

کۆمیتەی ناوەندیدا بە گرنگ زانران،

**سێ ئەگەر بوون:**

**یەکەم** ئەوەی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بچێتەوە سەر مێزی وتووێژ و وتووێژی ئەم جارەش هەمووومان دەزانین بە مانای ئەوەیە تەسلیمبوونی موتلەقی ئێرانە، چونکە وەک باسمان کرد هیچ کارتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە. لە حاڵەتێکی وادا و لە ئەگەری ئەو ڕێککەوتنەدا ڕێژیم حکومەتێک دەبێت کە تێکشکاوە، هەموو هەڕەشەی فەرماندە و سیاسییەکانی ڕێژێم لە وڵاتانی دی هەمووی مایەپووچ دەرچوون، کە دەیگوت بۆیە لە سووریە شەڕ دەکەین هەتا شەڕ نەیەتە نێو وڵاتەکەمان، ئێستا نەک شەڕ هاتووەتە نێو وڵات، بەڵکوو ئاسمانەکەشی لەژێر کۆنترۆڵی دوژمنەکەیدایە. واتە دەبێتە حکومەتێکی زەلیل کە هێندەی دیکە خەڵک لێی دوور دەکەوێتەوە. لە حاڵەتێکی وادا پێشبینی دەکرێ کە دووبەرەکی یان چەندبەرەکییش لەنێو هەرەمی دەسەڵاتدا دروست بێت کە هەر ئێستاش نیشانەکانی دەبینین. چونکە لەو حکومەتانەدا بەرپرسێک نیە کە بەرپرسیارێتیی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە قبوول بکات و هەر ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر و ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر. ئەوەش بۆ خۆی سەرچاوەی دووبەرەکییەکی توندە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێت. ئەوە یەک لە سیناریۆکانە و دیارە هەر لە درێژەی ئەو سیناریۆیەدا بێتوو ڕێژیم مل بۆ وتووێژ و خۆبەدەستەوەدان نەدا، **هەڕەشەی شەڕێکی دیکەی** لەسەرە و پێشبینی دەکرێ لەو شەڕەدا کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا زەربەی زیاتر بخوات. دیارە ئەو شەڕەش هەر بۆ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بێننە سەر مێزی وتووێژ کە ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە تاکوو ئێستاش جێگرەوەیەکی قابیلی قبووڵ نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ وڵاتانی بڕیاربەدەست بۆ گۆڕینی کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نیە و ئەمریکاش بەتایبەتی نایەوێت لەو حاڵەتەدا کە هێشتا شەڕی ئۆکراین تەواو نەبووە و، لە غەززە هێشتا ئاشتییەک جێگیر نەبووە، نایهەوێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ و نائارامی لەو ناوچەیەدا بکرێتەوە. ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە ڕێژیم بە ڕێککەوتن لە وتووێژەکاندا خۆی دەگرێتەوە. هەر بەو هۆکارانەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدا لە حاڵەتێکی وادا چاوەڕوانی و مافخوازیی خەڵکەکەش لە نێوخۆ زیاتر دەچێتە سەرێ. ئەوە یەکێک لە سیناریۆکانە کە ئەنجامەکەی دەگاتە ڕووخانی ڕێژیم. لێکدانەوەکەی ئێمە ئاوا بوو کە لەو ماوەیەدا کە ڕێککەوتن دەکرێت، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی بڕیاربەدەست لە فکری ئەوەدا دەبن جێگرەوەیەک بۆ ئەو ڕێژیمەش پێک بێت، چونکە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی کارێکی وای نەکردوە هیچ متمانەیەکی پێ بکرێت.

**سیناریۆی دووەم ڕوودانی** شەڕێکی دیکە و نەمانی خامنەیی چ لە شەڕدا یان بە هەر هۆکارێکی دیکەیە. لە حاڵەتێکی وادا کێشە و ململانێیەکی یەکجار زۆر لە نێوخۆی وڵاتدا و لە نێو حکومەتدا پێک دێت و ئەنجامی ئەوە دەبێتە هۆی

لاوازبوونی زیاتری حکوومەت و ئەوەش بۆ خۆی دووبارە پرۆسەیەکە کە ڕێژیم بەرەو ڕووخان و نەمان دەبات.

**دوایین ئەگەریش** کە باسمان کرد ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی لەبەر هەرەج و مەرەج و لەبەر ئەوەی نەفووز و کۆنترۆڵی بەسەر وڵاتدا نامێنێ، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای سەرکوتی و ڕێژیم لە بەشێک لە وڵات بڕێک دەستیان کورت بێتەوە. لەو حاڵەتەدا بەشێک لە وڵاتی ئێران بەتایبەت ناوچەکانی نەتەوە غەیرە فارسەکان و یەک لەوان کوردستان، لەو ناوچانەدا ئیمکانی کار و چالاکی زیاتر دەبێت و ئێمە بۆ هەر کام لەو ئەگەرانە ئامادەیی خۆمان هەیە.

**عەلی بداغی**: بەڵام خەڵکی کوردستان نیگەرانن و دەڵێن لەو بارودۆخەدا و لە دڵی ئەو هەموو ئەگەرانەدا حیزبی دێموکرات بە تەمای چییە؟

**مستەفا هیجری**: لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەی کە زۆر زەروورییە، ئەوەیە ئێمە وەک خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوو بین و شان بە شانی یەکتر بچینە پێشێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ لایەنگری چ حیزبێکە و چ جۆرە ئینتیمایەکی هەیە. هاوکات حەول دەدەین لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەم بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و هەم بۆ ئیدارەدانی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەبێت.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئەم ڕەخنەیە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە هەر هەیە کۆماری ئیسلامی لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازیی زیاتر ڕۆیشتووە، بەڵام ئێمە جموجۆڵ یان بڵێم بووژانەوەیەکی ئەوتوومان لە ئۆپۆزیسیۆن لە دژی کۆماری ئیسلامیدا نەدیوە. بەڕاستی کاک مستەفا هۆکارەکان چین؟

**مستەفا هیجری**: زۆر هۆکاری هەیە کاک عەلی، بەڵام گرینگترینی ئەوەیە کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆرە لە وڵات دوورن و لە ویست و خواستی نەوەکانی کە دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دایک بوون دوورن. ئەوان زۆرتر لەو ئایدۆلۆژی و بەرنامانەدا چەقیون کە پێشتر بوویانە و ئێستا سەردەمیان بەسەر چووە. لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆتان دەزانن هێزی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا بە توندی بەسەر خەڵکدا زاڵ بووە و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک فیداکاریی زۆریان کردوە. خەڵک ڕۆژانە ئیعدام دەکرێن، زیندانی دەکرێن، بێحورمەتییان پێ دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو باج و تێچووە و لەژێر ئەو زەبر و زەنگەدا خەڵک نەیتوانیوە وەک حیزب و ڕێکخراو خۆی و خەباتەکەی بەڕێکخستن بکات. دیارە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاواز و



سەرچاوە
Serchawe

چەند قات باشترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران، چونکە لە کوردستان ئەزموونی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی لە مێژساڵەوە هەیە و هەر حیزبێکیش بە گوێرەی کار و تێکۆشانی خۆی تێکۆشاوە خەڵکانێک بەڕێکخراو بکات، بەڵام تەنیا بە کوردستان کارەکە جێبەجێ نابێت. ئەوانە بەشێک لەو هۆیانەن کە تاکوو ئێستا بەداخەوە یەکگرتوویی لە نێوان حیزبەکاندا و لە ئەنجامدا جێگرەوەیەک پێک نەهاتووە.

**عەلی بداغی**: **کاک مستەفا، لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە کۆمەڵێک جموجۆڵمان بینی. میتینگی پاشایەتیخوازەکان لە میونخ، میتینگی موجاهیدین لە ئیتالیا و لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕیفۆرمخوازە حکومەتییەکان کە باسی ڕێفراندۆمیان وەک ڕێگا چارەی تێپەڕین لە قەیرانەکان پێشنیار کردوە. من ناڵێم وەڵامی ڕاستەوخۆی کورد یان وەڵامی ڕاستەوخۆی حیزبی دێموکرات بەو ئەجێندایانە، بەڵام دەپرسم ویژمانی حیزبی دێموکرات، ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ستراتیژی حیزبی دێموکرات بۆ داهاتووی ئێران چییە؟**

**مستەفا هیجری**: با لە بەشی ئاخری پرسیارەکەتەوە دەست پێ بکەم کە مەسەلەی ڕێفراندۆمە. ڕێفراندۆم ئەوەی کە مووسەوی لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاندوە یەکەم جار نیە باس دەکرێ، چەند ساڵ لەوە پێش ڕەزا پەهلەوی و هەندێک گرووپی دیکەش ئەو مەسەلەیان خستووەتە ڕوو، بەڵام بە بۆچوونی من باسی ڕێفراندۆم لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە بێجگە لە عەقڵییەتی خۆی کەسی دیکەی قبووڵ نیە، ئاسنی ساردکوتانە. چۆن دەکرێت ئەم ڕێژیمە ئیجازە بدات ڕێفراندۆم بکرێت بۆ ڕووخاندنی، ئەویش حکومەتێک کە ئەسڵەن ویست و ئیرادەی خەڵکی بۆ گرینگ نیە. هەموومان لەبیرمانە لە سەردەمێکدا کە ئەحمەدینەژاد بە فێڵ بەسەر مووسەویدا سەرکەوت، خەڵک کە خۆپێشاندانی کرد و داوای مافەکانی خۆی کرد، خەڵکی بە "خەس و خاشاک" ناو دەبرد، خامنەیی هەر چەند مانگێک لەمەوبەر لە بارەی مەسەلەی ڕێفراندۆمدا باسی ئەوەی دەکرد کە بۆ مەگەر ئەو خەڵکە دەتوانن تەشخیس بدەن کە حکوومەت دەبێت چۆن بێت؟ واتە ئەوان هیچ نرخێک بۆ خەڵک دانانێن. کاتێک باسی خەڵک دەکەن، خەڵکیان تەنیا بۆ کوشتن و بۆ شەرعیدان بە حکوومەتەکەی خۆیان دەوێ. بۆیە قسەکردن لە ڕێفراندۆم لەو هەلومەرجەدا و لە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا "خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن" و هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی فکری خەڵک لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

پێوەندیدار بە میتینگی موجاهیدین و پاشایەتیخوازەکان، دیارە هەموو حیزبێک مافی خۆیەتی کۆبوونەوە بکات و چالاکی خۆی هەبێ، بەڵام لەسەر پاشایەتیخوازەکان و فووروسابیان لە ڕێکخستنی خەڵک قسە زۆرە. هەمووان دەزانن کاتێک لە بزووتنەوەی ژینادا حیزبەکانی کوردستان داوایان کرد خەڵک لە کوردستاندا ڕاپەڕێ، خەڵک ڕاپەڕی و ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەری ئێرانیشی گرتەوە و تەنانەت سنوورەکانی ئەو وڵاتەشی بڕی. بەڵام تاکوو ئێستا ڕەزا پەهلەوی چەندین جار

داوای لە خەڵک کردوە بێنە سەر شەقام و یەک جاریش خەڵک بە دەم ئەو داوایە نەهاتوە و تەنانەت دووکانێکیش لەسەر داوای ئەو دانەخراوە. بۆیە لەو باوەڕەدام خەڵکی ئێران لەوە تێپەڕیوە کە بێت لە نێوان دوو ئەزموونی شکستخواردووی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا دیسان یەکیان هەڵبژێرێتەوە. چونکی ناچار نیە و زۆر سیستەمی دێموکراتیک و سیستەمی پێشکەوتووی دیکە هەیە کە لە دنیادا ئەزموون کراوە و خەڵک دەتوانن هەڵیبژێرن. بۆیە من پێم وا نیە شانسێک بۆ سەرکەوتنی پاشایەتیخوازان هەبێ و ئەوەی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ هاتنەسەرکاری ڕێژێمێکی دێموکراتیکی سێکولارە. خەڵکی ئێران ماهییەتی حکوومەتی دیکتاتۆری ئایینی و پاشایەتییان دیوە و بەدوای دێموکراسی و ئازادی و دەستەبەربوونی مافەکانیاندا دەگەڕێن.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا وەک ئاکامگیرییەک لەو باسە، پێتان وایە لە دڵی ئەم قەیرانانەی وا ئێستا ئێران بەرەوڕوویەتی، داهاتووی ململانێ و خەباتی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: من لەوەدا هیچ گومانێکم نیە کە خەڵک سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی کە تاکوو ئێستا ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی و لە داهاتووشدا دەیکا و بە نیشانەی ئیقتدار و دەسەڵاتی خۆی دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترسی کۆماری ئیسلامییە لە خەڵک. ڕێژیمێک کە بەهێز بێت، ڕێژیمێک کە پشتی بە خەڵکەکەی خۆی بەستبێت و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا وەک سیستەمێکی نۆرماڵ قبووڵ کرابێت، پێویستیی بە سەرکوتی خەڵکەکەی نیە و نایە لەسەر شەقام بیانکوژێ یان بیانگرێ و لە زینداندا ئەشکەنجەیان بکات. ئەوە پیشەی حکوومەتە لاوازەکانە هەمیشە لە رووخان و هەمیشە لە خەڵکەکەی خۆیان دەترسێن و، ناحەقیشیان نیە چونکە خەڵک لە دژیانە، بۆیە هەر پەنا بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ دەبەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کام ڕێژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆر هەر بە زەبری هێز توانیویەتی خۆی ڕابگرێ؟ ئەمن پێم وایە ڕاستە خەڵکی ئێرانیش چەندی لەژێر زەبروزەنگدا بن، چەندی برسییان بکەن، بێحورمەتییان پێ بکەن و لە مافەکانیان بێبەشیان بکەن؛ بەڵام ئەو خەڵکە ئاگاتر دەبنەوە و باشتر بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە خەبات دەکەن. بۆیە داهاتووی ئەو بەربەرەکانییە لە نێوخۆی وڵات لە نێوان خەڵک و ڕێژیمدا بە سەرکەوتنی خەڵک کۆتایی دێت و لەوەشدا هیچ گومانێکم نیە

**عەلی بداغی**: وەک دواپرسیار و پێداگرتنەوە لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانتان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، ئەگەر قسەیەکتان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و پەیامی خۆتان ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ڕوو بە حیزبە سیاسییەکان مابێت، بفەرموون.

**مستەفا هیجری**: پەیامم بۆ خەڵکی کورد، بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە، و خەڵکانێکیش کە ڕەنگبێ لایەنگری هیچ حیزبێک بەن ئەوەیە کە هەموو ئەو خەڵکە بۆ ئێمەی حیزبی دێموکرات جێگای شانازین. پێم وایە ئەوان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان لە هیچ شتێک دریغیان نەکردوە، و هیچ لەو سەرکوت و زەبروزەنگانە نەترساون و خۆڕاگر بوون. قەت ئەو قسە و شێعر و لاواندنەوەی دایک و باوک و برا و کەسوکاری ئەو شەهیدانەی لەسەر گۆڕی شەهیدان، بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا دەماندی لەبیر ناچن. ئەوانە ورەیان داوە بە ئێمە و ئەو یەکگرتووییەش بە تایبەتی گەورەترین هێزی ئێمەیە. داوام ئەوەیە ئێمە دەبێ ئەو یەکگرتووییە بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی حیزبەکەمان و بەتایبەت سەرووتر لە حیزبەکەشمان، بزووتنەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەهێزتر ببێت. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەمان لە کۆنگرەدا باس کردووە و لە پلینۆمیشدا پێداگریمان لەسەر کردۆتەوە. کاک عەلی ئێمە حیزبی دێموکرات تەنیا بە حیزبی ئەندام و لایەنگران نازانین، بە بۆچوونی من حیزبی دێموکرات، بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان. جا ئەو بیر و ئەندێشەیە لە مێشکی هەر کەسێکدا بێت، من وەک حیزبی دێموکراتیان دەبینم و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە مەیدان ئاوەڵاتر دەکەینەوە و زیاتر هەوڵ دەدەین هەموومان پێکەوە بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمان، کوردستان و ئێران زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە بکەینە مەیدانی خەباتێکی مەدەنی و ململانێیەکی بەردەوام و جێگای پەسەندی دنیای ئەمڕۆ دژی حکومەتی چەقبەستوو و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی کە هەموو وڵاتی ئێرانی بە کوردستانیشەوە وێران کردوە. ئێمە هەموومان پێکەوە دەبینە هێز. دەبێ ئەو ڕێگایە بگرین و کۆماری ئیسلامییش بۆیە چاوی لەسەر کوردستانە و بە کەمترین جووڵەی کوردستان نارەحەتە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەو یەکگرتووییە چەندە بەهێز و بەتوانایە و چۆن دەتوانێ ئاگر لە دەزگای هەرەمی قودرەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەر بدات. بێگومان سەرکەوتن هی ئێمەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە پەلەقاژەکانی سەرەمەرگدایە. لەو بارەیەوە پێم خۆشە دڵنیایی بە هەموو خەڵک بدەم.

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٥

# هەرەس لە دوندی وەهمەوە




کۆبوونەوەی ئاشتیی غەزە لە "شرم الشیخ"ی میسر بزمارێکی دیکە بوو لە تابووتی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی درا، ئەمە نەک هەر لە ڕوانگەی چاودێرانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە؛ تەنانەت بە داننانی ڕۆژنامەکانی ئێرانیش کە هەرکام ناوەندێکی حکوومەتی و ئەمنییەتیی ڕێژیمیان لە پشتە. ڕۆژنامەی "ستاره صبح" نووسیویەتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە نەدەبوا چووبا نێو تەنگژەی فەلەستین و ئیسرائیل و ئەمە پرسێکی "عەرەبی - عیبری - ڕۆژئاوایی"یە و دەبوو هەر بە خۆیانمان سپاردبا!! تەنانەت ڕۆژنامەی "جمهوری اسلامی" بە مانشێتی "ئاخۆ ئەم باهۆزە براوەی هەبوو؟" دانی بەوە داناوە کە شەڕی غەززە و لێکەوتەکانی هەڵەیەکی گەورە بوو و لەبری بەهێزکردنی بەناو "بەرەی مقاومەت" بووە هۆی لەدەستچوونی قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و لوبنان!! ئەو دەنگ و بۆچوونە ڕاشکاوانەش کە لە میدیا و سۆسیالمیدیای ئێراندا بڵاو دەبنەوە، هیچیان حاشا لەوە ناکەن ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە!

یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی ئەم کۆبوونەوەیەی میسر سەرەڕای لەرزۆکبوونی پەیمانەکە بەهۆی ئەزموونی مێژوویی کارکردی حەماس و کۆماری ئیسلامی وەلانانی ڕێژیم لە دانیشتنێکدا بوو کە بڕیاری لەسەر چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی

نوێ و هاوکێشەکانی هێز لەو ناوچەیە دەدا. وەلانانی ئێران بە مانای دارمانی هەیمەنە و قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی و پەراوێزخرانی لە ململانێ ژێئۆپۆلۆتیکییەکانی نوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر دوو ساڵ لەوە پێش ئێران بە دنەدانی حەماس بۆ هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ دەیویست ئەم رەوتە بوەستێنێ و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تەواوی بخاتە ژێر هەژمۆنیی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی، ئێستا ئیدی ئیمپراتۆرییە ئایدۆلۆژی و سەربازییەکەی رووخاوە. سووریە کەوتۆتە باوەشی ئەمریکا و رۆژئاوا، حیزبوڵلا و حەماس کەوتوونەتە ئاویلکەدان و حوسییەکانی یەمەن لە پەڕی لاوازیدان و گرووپە نیابەتییەکانی رێژیم لە وڵاتانی دیکەش توند کڵاوی خۆیان گرتوە با نەیبا!! بەمجۆرە بوو کە رێبەرانی سیاسیی دنیای عەرەب، ئەمریکا، ئوروپا و زلهێزە ناوچەییەکانی دیکە لە "شرم الشيخ" و لەسەر کاولاش و وێرانییەکانی ئیمپراتۆریی دارماوی ئایدۆلۆژی و سەربازیی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە هەتا چارەنووس و داهاتوویەکی دیکە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بنووسنەوە.

خامنەیی کە دەیگوت نە شەڕ روو دەدا و نە دانوستانیش دەبێ و، داهاتووی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەست بەرەی مقاوەمەت دەنووسرێتەوە، ئێستا دوای رووداوەکانی دوو ساڵی رابردوو و بەتایبەت پاش شەڕی ١٢ رۆژە و بەتایبەتیتر دوای کۆبوونەوەی ئاشتیی غەزە لە میسر؛ هەموو هاوکێشەکانی رەواییەت و بەرژەوەندییەکانی لەدژی هەڵگەڕاونەتەوە. لە دۆخی نوێی ئێستادا پێناچێ حەماس چیدی گوێڕایەڵی تاران بێ و تەنانەت هێزە نیابەتییەکانی دیکەی ئێرانیش روانگە و دەستکراوەیی پێویستی هاوشێوەی جارانیان نیە، حیزبوڵڵای لوبنان لەژێر تەوژمی قورسترین گوشارە سیاسی و ئابوورییەکاندایە و شەرعییەتەکەشی لە نێوخۆی ئەم وڵاتە بە یەکجاری چووەتە ژێر پرسیار، وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵەکانیان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بەردەوامن، شکستی سەربازی و ئەمنییەتی تاران لە ئیسرائیلیش شکۆ و هەیمەنەی ئێرانی دارماندوە و تاران نەک چیدی ناتوانێ وەک "رێبەری بەرەی مقاوەمەت" بە خۆی هەڵبلێ؛ بەڵکوو لەجێدا شتێک نەماوە بە ناوی بەرەی مقاوەمەت! ئەمەش شکستێکی هەرەگەورە بۆ رێژیمە ئەویش بە تێچوویەکی زۆر! کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نیزیک بە پێنج دەیەی رابردوودا دەیان تریلیۆن دۆلار لە سەرمایە و داهات و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێرانی بۆ سیاسەت و ستراتیژییەک بەفیڕۆ دا کە لەودا کۆماری ئیسلامی ئیسلامی "هێزی یەکەم و بێڕکەبەر" و "خاوەنی قووڵایی ستراتیژی" لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ، بەڵام بە دارمانی بەناو "بەرەی مقاوەمەت" هەمووی ئەوانە بە با چوون.

جیا لە شکستی نیزامی و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی چ لە دەرەوەی سنوورەکانی و چ لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەت دوای کارابوونەوەی میکانیزمی ماشە و گەڕانەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان ئێران ئەگەر بیشیهەوێ توانای بووژاندنەوەی ئیمپراتۆرییە ناوچەییەکەی جارانی نیە. شک لەوەدا نیە ئەگەر رێژیم پشووی بێتەوە بەر و دەرفەتی دەست کەوێ لەسەر

هەمان ڕێچکە دەڕوا و هیچ گۆڕانێک لە دنیابینیی ڕێبەرانی ڕێژیمدا پێکنەهاتوە. بەڵام لە فازی تەریککەوتەیی زیاتری ئێستای ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ئەوەی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە بەستراوەیی زیاتری بە ڕووسیە و چینە کە بۆخۆشیان دەزانن ئەم دوو وڵاتە نەک هاوپەیمان و هاوبەشی سیاسیی ئێران نین، بەڵکوو ئێران وەک کارتێکی بەرژەوەندی لە هاوکێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپادا بەکار دێنن. لەم ڕووەوە گورچکبڕیی گەمارۆکان، بەردەوامیی گەندەڵییە سیستماتیکەکان و دارمانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری بایەخی تمەن و ئابووریی وڵات و قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکان لە نێوخۆی حاکمییەتی سیاسییشدا نیشانەکانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەی پتر دەرخستوە.

بەڵام لە بەرەی خەڵکدا، خەبات و تێکۆشانی جەماوەریی گەلانی ئێران دوای شکست و هەرەسهێنانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهان قۆناغێکی گرینگی بەرەوپێش بڕیوە. ئێستا پتر لە هەموو کاتێک ترس لە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی شکاوە و خەڵک دەبینن سوپایەک کە خۆی بە ڕزگاریدەر و ڕاگری سووریە و پێتەختی چوار وڵاتی دیکەی عەرەبی دەزانی ئێستا لە هەمبەر ئیرادەی خەبات و مافخوازی ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بەچۆک داهاتوە. ئەمەش بەڵگەنەویستە کە ئاوەزی سیاسی و وزەی خەباتگێڕیی خەڵک زیاتر بووە و هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەرینکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان هەردەم لە زیادبوونن. کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام بە قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و ترساندنی کۆمەڵگە لە دوژمنی دەرەکی دەیویست قەیرانە کەڵەکەبووەکانی نێوخۆی وڵات دیزەبەدەرخۆنە بکا، ئێستا لە بەرامبەر وشیاریی سیاسیی خەڵکدا بە تەواوی دۆش داوە. خەڵکێک کە خودی کۆماری ئیسلامی بە سەرەکیترین دوژمنی خۆیان دەزانن و دەشزانن کە ئەم ڕێژیمە هەر دەبێ لە ئاکامی یەکگری و هاوخەباتیی خۆیاندا تۆماری ژیانی تێکەوە پێچرێ و لەوە بەولاوەتر بەو باوەڕەش گەیشتوون کە ئەم ڕێژیمە نەک هەر بەتەنیا لە ڕێگەی ناڕەزایەتیی سەرشەقام، بەڵکوو بە خەباتی ڕێکخراوی بەکردەوەی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دەڕووخێ.


ژیلەمۆی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە هەناوی کۆمەڵگەدا ژیاوەتەوە. بزووتنەوە خوێندکارییەکان ئامانجدارتر دەردەکەون. کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینکراوەکان خێراتر و بەگوڕتر لە جاران خۆ ڕێکدەخەن و هەوڵەکان لەنێو چالاکانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنیشدا بۆ نیزیکبوونەوە و یەکیەتیی بەکردەوە زیاتر بوون.

لەو بارودۆخەدا ڕاستە کە بلووغی سیاسی و گوفتومانی تێپەڕین لە ڕێژیم گەیوەتە ترۆپکی خۆی؛ ڕاستە کە تێگەیشتنی خەڵک لە چەمکەکانی دێموکراسی، سێکۆلاریزم و مافی نەتەوەیی و ئازادییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەکانی وڵات زیاتر بووە؛ ڕاستە ڕایەڵە و تۆڕەکانی ڕێکخستن و هاوخەباتی لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەرفراوانتر بوون؛ بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێک دەڕووخێ کە ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمە لەسەر بنەمای متمانەی گشتی و

لەسەر ئەرزی واقع چێ بووبێ. بۆ ئەوەش یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن چ لە قۆناغی ڕووخاندنی ڕێژیم و چ لە قۆناغی گوزار پێویستە. ئەم یەکگری و هاوپەیمانییەش پێویستە لەسەر بنەمای دانانی و دەستەبەرکردنی دێموکراسی، دابەشبوونی دەسەڵات، دابینبوونی مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی وڵات و دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بنیات نرابێ.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## تاوانی کوردبوون، ڕێگای ڕزگاربوون




ڕۆژی سێشەممە ١٥ی بەفرانبار هێزەکانی سوپای سووریە بە چەکی قورس هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ئەشرەفیە و شێخ مەقسوود، دوو گەڕەکی گەورەی کوردنشینی شاری حەلەب لەو وڵاتە و گەمارۆی قورسیان خستە سەر. لەو هێرشە بەربڵاوەدا بەداخەوە زیاتر لە ٣٠ کەس لە خەڵکی سڤیل کوژران و پتر لە ١٥٠ هەزار کەسیش بەناچار ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و ئاوارە بوون.

**ڕووداوەکانی حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژئاوای کوردستان و هێرشی دڕندانەی سوپای ناوەندیی سووریە بۆ سەر دوو گەڕەکی کوردنشینی شاری حەلەب لە زۆر بوارەوە بۆ ئەوە دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.**

**یەکەم**، لەسەر شێوەی هێرشەکە و دڕندەیی و جینایەتەکانی سوپای دیمەشق دەرحەق بە خەڵکی مەدەنی و بێتاوان کە لە دەرەوەی ناکۆکیی سیاسی دەخوێندرێتەوە. ئەو هێرشانە دەربڕی سیاسەتی حاشا، سڕینەوە و ژێنۆسایدی نەتەوەیەکی مافخواز لەلایەن دەسەڵاتی باڵادەستی سەربازییە.

**دووهەم**، گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی وا دیارە نەک هەر گۆڕانکارییەکی لە دۆخی کوردەکانی سووریادا پێکنەهێناوە، بەڵکوو ڕوانگەکان بۆ سڕینەوە و پاکتاوکردنی کورد و بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازی لەو وڵاتە هەر وا لەجێی خۆیەتی. وەک چۆن ئەمە لە گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لە شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتییشدا بەدی نەکرا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دڕندانەتر سیاسەتی سڕینەوە و تەواندنەوەی کوردی گرتەبەر و شەڕێکی قورس و خوێناویی بەسەردا سەپاند کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. هەروەها وەک چۆن ئێستا لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ئەم ڕێژیمەشدا گۆڕانکارییەک لەهەمبەر ڕوانگە و بۆچوونیان بۆ مافی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە لەم وڵاتەدا بەدی ناکرێ.

**سێهەم** بابەت پێوەندیی بە سیاسەتی کۆمەڵگەی جیهانییە. ئەمریکا، ڕۆژئاوا و بەگشتی وڵاتان مەرجی گەڕانەوەی سووریە بۆ کۆمەڵگەی جیهانییان بەوە بەستەوە ئەحمەد شەرع (جەولانی) پێبەندی ڕێوشوێنە سیاسی و دێموکراتیکەکان بێ و ڕێز بۆ فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لە سووریە دابنێ. بەڵام ئێستا بە بەرچاوی ئەوانەوە ئەو جینایەتانە ڕوو دەدەن، ئەویش لە دژی کورد کە لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردووی قەیران و شەڕی نێوخۆیی سووریەدا نەک هەر هیچ کێشە و ئاریشەیەکیشی بۆ حکوومەتی ناوەندی دروست نەکردووە؛ بەڵکوو لە هەموو پێکهاتەکانی دیکە زیاتر لەدژی داعش شەڕی کرد و شەهید و قوربانیی دا.

**چوارەم** خاڵ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتەیە کە حکوومەتی ناوەندیی سووریە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سووننە دەکا، کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش نیزیک بە تەواویان موسوڵمانی سوونەن و هەمان ئایینزایان هەیە. کەواتە دەردەکەوێ کێشەی سەرەکی باوەڕنەبوونی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بە مافی کورد وەک نەتەوەیە و لەپێناو سڕینەوەی ئەو شوناس و ناسنامە جیاوازەدا لە هیچ جینایەتێکیش ناپرینگێتەوە. حەقیقەتی تاڵی دیکە ئەوەیە کە ئەم جینایەتانە بە بەرچاوی دنیای ئیسلامەوە دەکرێ و هەتا ئێستاش یەک وڵاتی ئیسلامی لە دژی ئەحمەد شەرع و دەسەڵاتەکەی دەنگی ڕەخنەی هەڵنەبڕیوە.

شک لەوەدا نییە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی شاری حەلەب و ئەو هێرشانەی لە ساڵانی ڕابردووشدا بە بەردەوامی کراونەتە سەر کوردەکانی ڕۆژئاوا، ئامانجیان گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووانی ناوچەکە، قەڵاچۆی خەڵکی کورد لەلایەن دەسەڵاتی دیمەشق بە یارمەتیی وڵاتانی دژەکوردی دیکە و، لە بنەڕەتدا دووپاتکردنەوەی هەر هەمان هەڵە و تاوانی ڕێژیمەکانی پێشوو دەرحەق بە کوردەکانی ئەم وڵاتەیە.

سیاسەتی حیزبی دێموکرات مەحکوومکردنی ئەم هێرشانەی سوپا و حکوومەتی ناوەندیی سووریەیە و ئەم حیزبە پێی وایە

بەشی چوارەم

بە کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەتەوەیی ناکۆکییە سیاسییەکان چارەسەر ناکرێن. هەروەها گەلی خەباتکاری کورد لە سووریەش کە دەیان ساڵە بۆ مافە ڕەواکانیان تێدەکۆشن و قوربانی دەدەن، سەرکوت و کوشتن و قەڵتوبڕ کۆڵیان پێ نادا. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتیی سیاسی و ئەخلاقییان لەهەمبەر ئەو تاوانەدا ڕادەکێشین، پێ لەسەر ئەوەش دادەگرینەوە کە تاکەچارەسەری ناکۆکییە سیاسییەکان و کۆتایی هێنان بەو سیکلە لە شەڕ و خوێنڕشتن دانان بە مافی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەیە. پێشمەرجی سەرکەوتنی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان کە لە هەرکام لەواندا هەر ئەو ڕوانگە و بۆچوونە لەهەمبەر پرسی کورد هەیە، تەنیا یەکڕیزی و یەکبوونە کە دەتوانێ هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی پرسی ڕەوای کورد هەڵگەڕێنێتەوە.

٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و ژیری دەسکرددا "کوردستان" بۆ نموونە




### دەروازە:

پرسیار ئەوەیە پێناسەی ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵمێدیا و هۆشی دەسکرد لە ئێستادا هەر هەمان پێناسەی کلاسیک لە ڕاگەیاندنە؟ ئایا جگە لە پێناسە، هەر هەمان کارکردی جارانی هەیە یان کارکردی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا گۆڕاوە؟ هەر لەجیدا گرینگیی ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی لە چی دایە؟ سامانی مێدیایی حیزبی دێموکرات بەتایبەت ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم دۆخەدا چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان؟

### ڕاگەیاندن چیە؟

لە مانای نەریتی و کلاسیکی ڕاگەیاندندا، ڕاگەیاندن یان هەمان مێدیا بریتییە لەو کەرەستە و ئامرازەی پەیامێک، زانیارییەک، هەواڵێک، یان ئایدیا و کولتوورێک لە نێرەرەوە دەگوازێتەوە بۆ وەرگر. نێرەر دەتوانێ حیزب بێ، حکوومەت بێ، دامودەزگایەکی پەروردەیی یان دەوڵەتی بێ، یان هەر لایەنێکی دیکە و وەرگریش کە مەبەست بەردەنگ و خەڵکە. ئەو ئامراز و کەرەستانەش بریتی بوون لە: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و گۆڤار و کتێب. لە پێناسە و

بەشی چوارەم

کارکردی نەریتی و کۆنباوەدا مێدیا بریتییە لە نێوەندگیر و پێوەنددەری نێوان بەرهەمهێنەری پەیام و گوتار و هەواڵ لەگەڵ بەردەنگدا.

بەڵام لە دوو دەیە لەوەپێشەوە و بە پەیدابوون و هەمەگیربوونی ئینتێرنێت، تێکنۆلۆژیی دیجیتاڵ، تۆڕ و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە و کارکردی ڕاگەیاندن بەربڵاوتر بووە و تایبەتمەندیی نوێی وەرگرتوە. لەو فۆڕمە نوێیەدا ڕاگەیاندن، مێدیا پلاتفۆڕمێکە کە دەرەتانی تەعامول و کارتێکەریی هاوبەش دروست دەکا. واتە بەکارهێنەر، جا ئەو بەرکارهێنەرە چ خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار بێ، چ بیسەری ڕادیۆ و بینەری تەلەڤزیۆن بێ، یان لە ڕێگەی کۆمپیوتێر و موبایل و تابلێتەوە لەسەر هێڵ بێت، نەک هەر وەرگر و بەردەنگ بە پێناسە کۆنەکە، بەڵکوو خۆی بەرهەمهێنەر و هاوبەش لە بەرهەمهێنانیدایە.

نموونەیەکی کراوەتر و جیاوازییەکی دیکە باس بکەم. ئەگەر هەتا دوو دەیە لەوەپێش ڕاگەیاندن یانی تەنیا تەلەفزیۆن و دامەزراوەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ بە زەبەلاحیی زۆرەوە، ئێستا یەک تاکەکەسی بەرهەمهێنەری زانیاری لە دنیای ئەمڕۆدا دەتوانێ مێدیا بێت. بلاگێرێک، چالاکێکی سیاسی کە پلاتفۆڕمێک بۆ هاوبەشیکردنی بەرهەمەکانی هەڵدەبژێری، یان هەر ئەکتیویستێکی هونەری و ئەدەبی و مەدەنی و ژینگەپارێز دەتوانێ خۆی مێدیایەک بێت، ڕاگەیاندنێک بێت.

ئەمە لە ڕووی پێناسە و کارکرد بوو، بەڵام لە ڕووی تیکنیکیشەوە مێدیا لە سەردەمی ئێستادا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی پێش بەدیجیتاڵبوون هەیە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بەئاسانی بەردەستن، دەتوانن لە دەقە و سانیە و هەر دەموساتێکدا بەڕۆژ ببنەوە، و بەرهەمهێنان لە مێدیای ئێستادا بە ئاسانی دەکرێ بگوازرێنەوە.

ئەمە پێمان دەڵێ لە پێناسەی نوێدا ئیدی مێدیا مەرج نیە ڕێکخراوێکی زەبەلاح یان ئامراز و کەرەستەیەکی سنووردار بێ و لە بەردەستی کەم کەسدا هەبێ، بەڵکوو تۆڕێک و ڕایەڵەیەکی زیندوو لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیە و هەر بەکاربەر و بەردەنگێکیش دەتوانێ بەشێک بێت لەو پێکهاتەیە. واتە هەر بەکاربەر (بەو مانایە کەسێکە چاو لە تیڤی دەکا، لە موبایل و سیستمەکەیدا چاوی بە هەواڵ و زانیارییەکان دەکەوێ یان ماڵ و ئۆتۆمبیل و شوێنی کارەکەی گوێی داوەتە ڕادیۆ)، ئەو کاربەرە تەنیا بەکارهێنەر نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنەر و شیکەرەوەی مانا و واتاکانیشە. یانی مێدیا و ڕاگەیاندن ژینگەیەکە بۆ پێوەندیی دوولایەنە و چەند لایەنە لەنێو خەڵک و چالاکە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لەودا پەیامەکان هەم دەتوانن بگۆڕدرێن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، هەم بەخێرایی بڵاو ببنەوە و هەر بەو خێراییەش وەڵام وەربگرنەوە.

ڕاگەیاندن بە ڕوانگەی ئێستا ئیدی چیدی ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیام نیە، بەڵکوو "بنیات و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری"یە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمهێنانی مانا، ئاراستەدان بە شوناسی گشتی و بەکۆمەڵ و نواندنەوەی هێز و دەسەڵاتی جەماوەری هەیە.

### مێدیا و ڕاگەیاندن چەندە بۆ حیزبێکی سیاسی گرینگن؟

زۆر بە کورتی و پوختی دەبێ بڵێین ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی تەنیا هەر زمان یان باشتر وایە بڵێم "بڵندگۆ" نیە، بەڵکوو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ مانەوەی، بۆ گەشەکردن و ڕەواییەتبەخشین بەو حیزبە.

### بۆیە ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی لە چەند ڕەهەندەوە گرینگە:

**یەکەم:** ڕاگەیاندن کەرەستە و ئامرازی دروستکردن کێیەتی و شوناس و هەروەها نواندنەوەی ئەو شوناسەیە. ئەوە مێدیایە کە وێنە و ڕوخسار و نەخش و دیمەنی حیزبێک لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەیەکدا جێ دەخات. حیزبی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و مێدیاوە بەها و بایەخەکانی خۆی، ئامانج و بەرنامەکانی خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێ و دەیخاتە ڕوو.

حیزبێک مێدیا و ڕاگەیاندنی نەبێ، ونە، بزرە، لە کۆمەڵگەدا نابیندرێ و هەستی پێ ناکرێ. کەواتە هەر حیزبێک لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە شوناس و کێیەتیی خۆی دروست دەکات و بەرهەمی دێنێتەوە.

**دووهەم،** ڕاگەیاندن ئامرازی ڕێکخستنی گشتییە. ڕاگەیاندن دەرەتانی گەیاندنی خێرا و بڵاوکردنەوەی خێرای هەواڵ و زانیاری بۆ لایەنگران و بەردەنگەکانی حیزب دەخوڵقێنێ. لە کەمپینەکاندا، لە ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکاندا، لە مانگرتن و ئەکتە جەماوەرییەکاندا؛ ڕاگەیاندن ئامرازی سەرەکیی ورووژاندن و هاندان و ڕێکخستنی خەڵک و هێزی هەر حیزبێکی سیاسییە. تەنانەت لە کات و هەلومەرجی سەرکوت و زبروزەنگیشدا، مێدیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرەتانە بۆ حیزبەکان دروست دەکەن پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەردەنگ و لایەنگراەکانیان ڕابگرن.

**سێهەم** ڕەهەندی کارکردی ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە، ڕاگەیاندن ئامراز و کەرەستەی ڕکەبەری و قەناعەتپێهێنان بە بیروڕای گشتییە. تۆ وەک حیزبێکی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و مێدیاوە ململانێ و ڕکەبەریی نەیار یان ڕکەبەرە سیاسییەکانت دەکەی و بە ڕێگای مێدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بانگەشە بۆ خۆت دەکەی و هەوڵ دەدەی

سەرنج و متمانەی گشتی و خەڵک و جەماوەر بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

لە دنیای ئەمڕۆدا و لە وڵاتە هەرە دێموکراتەکانیشدا هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ ڕاگەیاندنێکی بەهێز و بەبێ حزووری مێدیایی شانسێکی ئەوتۆی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانیدا نیە.

**چوارەمین** ڕەهەند لە کارکردی مێدیا ئەوەیە کە ڕاگەیاندن ئامرازی ڕەخنەگرتن و چاودێری بەسەر دەسەڵاتە. ئەوە لەو وڵاتانەی کە حیزبەکان دەرەتانی چالاکیی سیاسیی ئازادانەیان هەیە. بۆ ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن بە لەقاودانی سیاسەتە چەوتەکان و ناکارامەیی ڕێژیم، هەم شەرعییەت بۆخۆی زیاد دەکا و هەم شەرعییەتی دەسەڵات دەباتە ژێر پرسیار. بە پێناسەیەکی دیکە ئەگەر مێدیا چاو و گوێی حیزب لە هەر کۆمەڵگەیەکە و دەنگی ڕەخنە و داخوازیی حیزبەکانە، بۆ حیزبی ئێمەش جگە لەوە ئامرازی شەڕ و ململانیی سیاسییشە.

**پێنجەمین** کارکردی مێدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە کە ڕاگەیاندن کەرەستەی دیپلۆماسی و پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ حیزبەکانە. ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی حیزبەکان لە سنووری جوغرافی و مەیدانی سەرەکیی چالاکیی خۆیان بەولاوەتر بڕۆن. حیزبەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی دروست بکەن، پشتیوانیی دەرەکی بۆخۆیان ڕابکێشن، یان هەر نەبێ وا بکەن ببندرێن و هەست بە بوونیان بکرێ و خۆیان بناسێنن.

**شەشەمین** کارکردی مێدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە ڕاگەیاندن دەتوانێ ئامرازی خۆڕاگری لەهەمبەر سیاسەتی سانسۆڕ و پاوانخوازیی دەسەڵات بێت. بۆ ئێمە کە دژی کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکەین، یان لە هەر وڵاتێکی نادێمۆکرات و سەرکوتگەردا کە حاکمییەتی سیاسی و دەوڵەت مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکانی لە پاواندایە، حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی گێڕانەوە و ڕیوایەتی خۆی لە ڕووداو و باسە سیاسییەکان هەبێ، بۆ ئەوەی مۆرکی لەسەر ڕووداوەکان دابنێ، دەبێ و ناچارە مێدیا و ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، وەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ، کاناڵی تەلەڤیزیۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر نا تێدا دەچێ و دەکەوێتە پەراوێزەوە. بە کورتی گەڕانی خوێن و هەناسەدان بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ چەندە پێویستە، ڕاگەیاندن ئەو بایەخ و گرینگییەی بۆ بەردەوامیی ژیان و بوونی هەر حیزبێکی سیاسی هەیە.

حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ خۆی دەربخا و خۆی بناسێنێ، ناتوانێ سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشێ و ئەندام و هەوادار بۆخۆی زیاد بکا، ناتوانێ کۆمەڵگە بەرێکخستن بکا و دژی دەسەڵات و حاکمییەت بەرنامە و ئاجێندای خۆی بباتە پێشێ. حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ پێوەندیی بەهێز لەگەڵ دەوروبەری خۆی گرێ بدا و ناتوانێ لە ململانێ و ڕکەبەرییە

سیاسییەکاندا بمێنێتەوە و تەنانەت ناتوانێ دۆخی پێشووتریشی بپارێزێ. ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی حیزب پەیامەکانی بە ڕوونی و بەباشی بگەنە خەڵک و لە بەرامبەر سانسۆڕ و تەبلیغاتی یەکلایەنەی ڕێژیمدا ڕیوایەت و گێڕانەوەی خۆی لە پرس و خەبات و تێکۆشانی خۆی هەبێ. بۆیە بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن دەبێ لە ئاستی "ئامرازی بانگەشە و تەبلیغات"ەوە بگاتە ئاستی "بنیاتنەری و دامەزراوەیەکی شوناسساز"، دامەزراوەیەک کە بەرهەمهێنەری شوناس و چییەتی و کێیەتیی خۆمان و نەتەوەکەمانە.

## حیزبی دێموکرات و مێژووی ڕاگەیاندن لە حیزبی دێموکراتدا

ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە و لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە بە بایەخدان بە پرسی ڕاگەیاندن هەم وەک ئامرازی وەجووڵەخستنی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هەم وەک ئامرازی مانەوە و بەردەوامیی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی، پڕۆژەی مێدیاییان بووە. ئەم پڕۆژەیە بە گۆڤاری "نیشتمان" نیشتمان دەستی پێ کرد و هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بە "هاواری کورد"، "ئاوات" و "گۆڤاری کوردستان" درێژەی پێ درا. دوای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە"، گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" و کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆیی بەشێکی دی لە هەوڵە مێدیاییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لە وێستگەکانی دیکەی ژیانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا چاومان بە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی دیکەی وەک "کوردستان"، "دیسان بارزانی"، "تیشک" و "تێکۆشەر" دەکەوێ و هەروەها کۆمەڵێک کتێب دەبینین کە لەلایەن دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چاپ کراون.

بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ چالاکیی مێدیایی حیزب بەرفراوانتر دەکەن و جیا لە بەردەوامیی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکرات کە هەتا ئێستاش بەردوامە، هەروەها گۆڤاری "تێکۆشەر" وەک دوو میدیای نووسراو، میدیای بیستراوی ڕادیۆی "دەنگی کوردستانی ئێران"یش بە سامانی مێدیایی حیزب زیاد دەبێ. ئەو خەرمانە لە درێژەی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی حیزبدا بە بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک "پێشەوا"، "خەبەرنامە"، "گەلاوێژ"، "دەنگی کورد"، "کێلەشین"، "دەنگی لاوان"، "یەکیەتی"، "پلێنگ"، "دەنگی ژنان"، "شەهید"، "نەکەرۆژ"، "زانیاریی پێشمەرگە"، "ئاوارە"، "ڕوانگەی لاوان"، "٢٦ی سەرماوەز"، "لاوان"، "ژنان"، "کۆمەڵ" و "ئارارات" دەوڵەمەند کرا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کۆمیتە شارستانەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەردەچوون. هەروەها گۆڤاری هزریی "تیشک"، "ئاگری"، "دنیای منداڵان"، "نێرگز" "تیشکی نوێ" و "بیری

بەشی چوارەم

خوێندکار" چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بەم حیزبە بوون.

لە سێ دەیەی ڕابردووشدا کە بە سەردەمی مێدیای دیجیتاڵ دەناسرێ، حیزبی دێموکرات بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکانی "کوردستانمێدیا"، "کوردستان و کورد" و تەلەڤیزیۆنەکانی "نەورۆز"، "تیشک" و "کورد کاناڵ" و دەیان ماڵپەڕ و پلاتفۆڕمەکانی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری مێدیادا چالاک بووە و لە سەنگەری مێدیاوە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی خۆی بەردەوام بووە.

## دواجار؛ ئاسۆی "کوردستان"

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٨٠ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نیە کە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێ بە پێی هەلومەرج و پێویستیی نوێبوونەوە و پێداویستییەکانی سەردەم بۆ بەردەوامیی "کوردستان" ئاوڕی لێ بدەنەوە و بایەخی خۆی بدەنێ.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

# کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای تێرۆر (دەسکەوت و تێچووەکانی شەڕی ۴۷ ساڵەی حیزبی دێموکرات دژی تێرۆریزمی سپای پاسداران)




## کرۆکیی باسی:

یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی پێنجشەممە ۹ی ڕێبەندان سپای پاسدارانی خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستیەکانەوە. زۆر پێشتر لەو ۲۷ وڵاتە ئورووپاییە کە سپای پاسداران دەیان تێرۆری دژبەرانی سیاسیی خۆی لە پێتەختەکان و چوارقوژبنی ئەو وڵاتانەدا کردبوو، وڵاتانی ئەمریکا، کانادا، ئۆستڕالیا، لیتوانی، ئێکوادۆڕ، پاڕائۆگە سپای پاسدارانیان لە تەواوەتیی خۆیدا و؛ ئیسرائیل، عەڕەبستان، بەحرەین و ئارژانتینیش سپاە قودس، باڵی سەربازیی دەرەوەی وڵاتی سپای پاسدارانیان خستبووە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە. بە دوای یەکیەتیی ئورووپا وڵاتی ئۆکراینیش سپای پاسدارانی بە تێرۆریست ناسی.

تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی بەشێکی جیانەکراوە لە شوناسی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆر لەپێناو بەهێزکردن و مانەوە لە دەسەڵاتدا بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم هەم لایەنی ئایدۆلۆژیی هەبووە و هەم وەک ئامرازی سەرکوت بە بەردەوامی کەلکی لێ

وەرگیراوە. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیم و پێکهاتنی سپای پاسدارانەوە تێرۆری دژبەران و تێرۆری دەوڵەتی بوو بە بەشێکی سەرەکی لە دوکترینی سیاسی-ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی.

تێرۆری دژبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی تەنیا چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ لە بەهاری ٥٨ بە تێرۆری شەهریاری شەفیق، خوشکەزای محەممەدڕەزاشا پەهلەوی لە پاریس دەستی پێ کرد. ئیدی لەو ڕێکەوتە بەو لاوە شەقام و شوێنەکان نەک لە فەڕانسە، بەڵکوو لە بریتانیا، ئوتریش، سوئیس و هیچ وڵاتێکی دی بۆ دژبەرانی ڕێژیم ئەمن نەما. بەپێی بەڵگەکانی دادگای مێکونووس ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ڕێژیم و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانەوە بڕیاری بۆ دەدرا و لە باڵوێزخانە و کۆنسولخانەکانی ڕێژیمەوە ڕێک دەخران. لە نێوخۆی وڵاتیش تێرۆری دژبەران و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان ئەرکێکی هەمیشەیی سپای پاسداران هەتا سنووری پیرۆزی بووە.

## کورد و تێرۆریزمی سپای پاسداران

کورد و بزووتنەوەی کورد لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەشی شێری لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ بڕاوە و، لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا حیزبی دێموکرات.

کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە حیزبی دێموکرات لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب و سەروان چەڵەبی لە هاوینی ١٣٥٩ دەست پێ دەکا، هەتا لە ڤییەن لەسەر مێزی وتوویژ دەستیان لە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب وەشاند و لە بێرلینی ئاڵمان و لە ڕیستورانتی مێکونووس د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب و شاندی حیزبیی هاوڕێی ئەویان تێرۆر کرد. ئەم ڕەوتە بە درێژایی ساڵانی شەڕی کوردستان درێژەی هەیە هەتا تەقینەوەکانی شەوی یەلدا و مووشەکبارانی چەند جارەی قەڵا و بنکە و بارەگاکانی دیکەی حیزب لە ساڵانی ١٣٩٧ و ١٤٠١ هەتا دەگاتە تێرۆرەکانی چەند ساڵی ڕابردوو؛ وەک تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سیامەند شابۆیی لە هەولێر و تیرۆری لوقمان ئاجی، عادڵ موهاجیر لە نیزیک قەڵادزێ.

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە سەدان کردەوەی تێرۆریستیدا گیانی لە لانیکەم ٤٣٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کورد ئەستاندوە کە حیزبی دێموکرات بە ٣٢٦ قوربانی،

ئامانجی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیم بووە. جیا لە شەهیدکردنی ئەم ٤٣٠ کەسە، لەو کردەوە تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون و توانیویانە گیان دەرباز بکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک گوترا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەبەردەوامیی تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیار لەسەر تێرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی دراوە. بەڵام بەدەر لەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی بە دوژمنی قەستەسەری بزووتنەوەی کورد لە ئێران دەزانێ، و هیچ کات و دەرفەتێکی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی کورد بەفیڕۆ نەداوە؛ لە ئاستی سەرانسەریشدا هەمیشە چەکی تێرۆری لەدژی نەیارانی بەکار هێناوە. بۆ نموونە تەنیا لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەر لە نێوخۆی وڵاتی تێرۆر کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش بە درێژایی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، باڵوێزخانە کۆنسوولگەری و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم بوون. وەک چۆن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ڕایگەیاندوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئایدۆلۆژیی خۆی هەموو کاتێک تێرۆری بە چەکێکی پێویست و کاریگەر بۆ نەهێشتن و تێدابردنی نەیارانی خۆی زانیوە. هەروەها بۆ لێدانی دژبەرانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلانداڕشتن بەمەبەستی زەبروەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بریتییە لە تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی و؛ بەشداری و تێوەگلانی لە کردەوە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی وەک ئارژانتین، تایلەند، هیند، کێنیا، بەحرەین و عێراق. بەڵام تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکرات کەوتووە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکرات وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی

باوەڕیان وایە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەنەوە و ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش سەلماندوویەتی کە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و کردنیانی بە چەکێک لەبەرانبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان بە ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی هەس نەدرێننەوە، لەسەر ئەو خەت و شوێنەیان بەردەوام دەبن. لەم ڕووەوە بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران دەتوانێ هەنگاوێکی گرینگ بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات دژی کۆماری ئیسلامی بێت.

## شەڕی ٤٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات دژی سپای تێرۆریستی شۆڕشی ئیسلامی

تێرۆریزمی سپای پاسداران دژی بزووتنەوەی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکرات تەنیا لە کوشتنی ڕێبەرانی سیاسی و کادر و پێشمەرگەکانی سنووردار نابێت، بەڵکوو خۆی لە پانتاییەکدا دەبینێتەوە کە کوردستانی ئێرانی پێ دەناسرێتەوە: ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو، حاشاکردن لە پرسی سیاسیی کورد و پێشاندانی بە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی و لەو سۆنگەیەوە سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی سیاسی، و هەروەها ئاوەڵابوونی دەستی سپای پاسداران بۆ داگیرکاری و تاڵانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و تەنانەت تێکدان و خاپوورکردنی ژینگەی کوردستان.

سپای پاسداران هۆکاری سەرەکیی بەئەمنییەتی کردنی شوناسی کوردی و جێخستنی ئەو شوناسخوازییە چ لە بواری زمانی و کولتووری و نەتەوەییەوە بە جیاییخوازی بووە. لەو سۆنگەیەشەوە هەرچەشنە چالاکی و بزاوتێکی مەدەنی، کولتووری، زمانی و ژینگەپارێزی لە کوردستان بە هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میلیی ئێران! داندراوە و چالاکانی ئەو بوارە پەروەندەیان لەدژ وەڕێ خراوە و بەرەوڕووی بەندکران و تەنانەت تێرۆر و ئێعدامیش بوونەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمووکات لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی سپای پاسداران بووە، زۆرترین زەبری لە سپای پاسداران داوە و قورسترین زەبریشی هەر لەو سپا تێرۆریستییە خواردووە. حیزبی دێموکرات یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لە ئاستی ئێراندا بوو کە دەنگی "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی دا و لە بەرانبەر هێرشی سپای پاسداران و هێزەکانی دیکەی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان ڕاوەستا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام شەڕی ئەو سپا تێرۆریستەی کردووە، دیارە نەک هەر شەڕی پێشمەرگانە؛ بەڵکوو ململانێ و بەرەوڕووبوونەوەی دوو دنیابینی و پڕۆژەی

سیاسی. شەڕ و ململانێی ڕزگاریی نەتەوەیی، ئازادیی سیاسی و مەدەنی و هاوبەشی لە ئیدارەکردنی وڵات لەهەمبەر سیاسەتی کۆمەڵکوژی، داگیرکاری، سەرکوت و تیرۆر.

لەم شەڕ و ململانێییەدا بێگومان سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بووە. کوردستان لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا قەت چۆکی دانەدا، سیاسەتی داگیرکاریی سپای پاسداران قەت سەرنەکەوت، کۆمەڵگەی کوردی بۆ تاقە ڕۆژێکیش شەرعییەتی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا و ئەگەر بوار بۆ کاری پێشمەرگانەش نەبووبێ بە ڕاپەڕینی بەردەوام، مانگرتن و ئەکتی سیاسیی جۆراوجۆر ئەو "نا" گوتن بە کۆماری ئیسلامییە لە کوردستان درێژەی بووە.

سپای پاسداران وەک باڵی سیاسی و سەربازیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئیدی لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسراوە، شەڕی مانەوە و بەردەوامیشی بە بزووتنەوەی کورد دۆڕاند. بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد سەرەڕای تەڕاتێنی سپای پاسداران پتەوتر و بەگوڕتر لە هەر کاتێکە، کوردستان هەروا پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەبات و خۆڕاگری دژی کۆماری ئیسلامییە و مافویستی و شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ترۆپکی خۆیدایە.

١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

# کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی




٤٧ ساڵ بە سەر شۆڕشی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێپەڕی. هەڵبەت بزووتنەوەی مافخوازی لە کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی پتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتەش دەستی پێکردبوو؛ بۆیە کوردەکان بەو پاشخانە لە ئەزموون و خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بوون و خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد. بەڵام لە ڕاستیدا کوردەکان بە مافەکانیان نەگەیشتن و تێچوویەکی زۆر قورسیشیان بۆ خەبات و خۆڕاگریی دواتریان دا.

کوردستان کە پێشتر ڕووبارێک خوێنی لە خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا لەبەر ڕۆیشتبوو، بە هیوای ڕزگاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و چێکردنی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری تەڤڵی شۆڕشی ١٣٥٧ ببوون؛ بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە بابەتێکی سیاسی ڕا کرایە پرسێکی ئەمنییەتی و لەبری وتووێژ فیتوای جیهادی لەدژ درا و شەڕ و لەشکەرکێشی بە سەر کوردستاندا سەپێندرا. ڕاستە کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بۆ ئەوەش تێچووی قورسی دا. لە پێناو ئەو خۆڕاگری و مافویستییەدا شار و گوندەکانی کوردستان قەڵاچۆ کران، حیزبە سیاسییەکانیان


سەرچاوە
Serchawe

هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا و ڕێ لە کار و چالاکیی ئاشکرایان گیرا، هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانیان لێ ئەستێندرا، ڕێبەرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتنە بەر شاڵاوی تێرۆر، ژینگەی کوردستان تێکوپێک درا و سووتێندرا، کوردستان سیستماتیک خرایە پەراوێزەوە و لە هەموو بەرەوپێشچوونێک بێبەش کرا، بە حاشاکران لە زمان و شوناس و کولتوورەکەی هەوڵ بۆ تواندنەوەی و نەهێشتنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی درا، کوردستان میلیتاریزە کرا و بوو بە تاقیگەی هەڵکشانی پلەوپایەی فەرماندەرانی جینایەتکاری سپای پاسداران.

کوردەکان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا بەتوندی سەرکوت کران، چونکی حکوومەتی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کراوەیی، فرەیی و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستانی بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بوونی خۆی زانیوە. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ڕێکخستنی حیزبی، کێبرکێی سیاسی، سێکۆلاریزم و جێکەوتنی کولتووری فرەیی ئەگەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و زیندووی کوردستان بوو، بەڵام ڕێژیم ئەمانەی بە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی و مۆدێلی "ویلایەت و ئوممەت" سەیری دەکرد و کردووە. کۆماری ئیسلامی لەوە تۆقیبوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد پەل باوێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و داخوازە دێموکراتیکەکانی کوردەکان لەنێو نەتەوەکانی بەلووچ، عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتیشدا پەرەی پێ بدرێ و ئالەنگاریی گەورە لە بەردەم نیزامی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی ڕێژیمدا دروست بکات. بۆیە کوردستان بە توندی سەرکوت کرا و لە خۆڵ و خوێن وەردرا. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو هێرش و پەلامارە تەنیا سەرکوتی نەتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراتیک نەبوو؛ بەڵکوو لەنێوبردنی گەراکانی بیری دێموکراسی، یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مافویستی لە سەرانسەری ئێران بوو.

کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی بۆ سەر تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام بۆ تاقە یەک ڕۆژیش کۆڵی نەداوە. بزووتنەوەی چەکداری و پێشمەرگانەی کوردستان ڕەنگە بەهۆی نەبوونی باڵانسی هێز لە نێوان توانای مرۆیی و چەکوچۆڵی حیزبەکان لە چاو دەسەڵاتی ناوەندی لەکزیی دابێ، بەڵام بزووتنەوە سیاسی و مافخوازییەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەشەی کردووە. کوردستان قەت شەرعییەتی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا، قەت دەستی لە ماف و داخوازییەکانی هەڵنەگرت، حیزبەکانی زەبری گەورەیان وێ کەوت بەڵام قەت مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد و قەت دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نەدرا مۆدێلی تیرۆانین و بیرکردنەوەی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. کوردستان وەک زیندووترین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بەهێز و بەگوڕ مایەوە. خەباتی کوردەکان لە شەڕ و خۆڕاگریی پێشمەرگانەوە بۆ بەرگریی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندی شوناسخوازیدا پەرەی پێ درا و پاشخانێکی زێڕینی لێ بەرهەم هات کە نموونەکەیمان لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)، ڕاپەڕین و مانگرتنە سەرکەوتووەکەی بەفرانباری ئەمساڵدا بینی.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە ٤٧ ساڵ دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و وەلاموەرگرتنەوە لە کوردستان هەرسهێنانی پرۆژەی برەودانی ئایدۆلۆژییەکەی لەنێو کورداندا بوو. کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا شوناسی دینیی شیعیزمی حکوومەتی لەبری شوناسی نەتەوەیی-کولتووریی کورددا جێ بخا و بەتایبەت جۆراوجۆریی ئایینزانیی لە کوردستان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی بۆ ئەو دابڕان و جیێخستنە بەکار هێنا؛ بەڵام لە کوردستان خەڵک خاوەندارەتی لە زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی کرد و مانگرتنە سەرانسەرییەکەی کوردستان لە بەفرانبار بە مەبەستی پتەوکردنی پتری هاوپێوەندیی ناوچەکانی سەروو و ناوەند لەگەڵ خوارووی کوردستان لە ئیلام و کرماشان نموونەیەکی زیندوو و سەرکەوتوویە لەو شوناسخوازییە نەتەوەییە.
کۆماری ئیسلامی کە ٤٧ ساڵی لەوە پێش یەکەم شەپۆلەکانی سەرکوت و تێرۆرەکانی لە کوردستان دەست پێکردبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو دابڕان بخاتە نێوان حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان. لە لایەک بە سەپاندنی شەڕێکی نابەرامبەر، تێرۆر، بۆمبدانانەوە و مووشەکهاوێژی هەوڵی دا حیزبەکان سەرکوت بکا و لە بەینیان بەرێ؛ لە لایەکی دیکە بە ڕیوایەتسازیی درۆ لە ڕێگەی دەزگای پڕوپاگەندەی بەربڵاوی خۆیەوە ڕوومایەکی دی لەو حیزبانە پێشانی نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان بدا. بەڵام لەوەشدا هەر سەری لە بەرد کەوت. ویژمانی نەتەوەیی کورد هەر هات و بەهێزتر بوو، لاوانی کورد بە بەردەوامی خۆیان لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانیاندا دیتەوە، لە نێوخۆی وڵات ئەکتە سیاسییەکان لەسەر داوا و بە دەستپێشخەریی حیزبە سیاسییەکان هەر هاتن و زیادیان کرد، مانگرتن و خۆپێشاندان و بانگەوازێک نەبووە حیزبەکان داوایان کردبێ و سەرەڕای تێچووی قورس و زۆری بەڵام لە کوردستان بە سەرکەوتوویی وەڵامی وەرنەگرتبێتەوە. نەورۆزی خاکیپۆشانی بەهاری ئەمساڵ و مانگرتنەکەی ئەمدواییانەی مانگی بەفرانبار نیزیکترین فاکتی ئەو پێوەندییە زیندوو و ئۆرگانیکە لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستانن.

کوردستان ئێستاش لە دۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دژی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی ئێراندا قورسایی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێ یارمەتیدەری سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکان بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێداگریی لەسەر خەباتی خۆی بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ لە تەنیشت سووربوونی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی دەتوانێ دڕ بە ڕیوایەتسازییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە جووڵانەوەی کورد بدات. لە لایەکی دیکەش کوردستان بەهۆی خەبات و خۆڕاگرییە لەمێژینەکەی و هەروەها ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی و ڕەواندنەوەی ترس و وەبەخشینەوە دەتوانێ ئیلهامدەری نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەش بێت. بزووتنەوەی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموونەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخستنەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵی ئاراستەکەر و بەردەوامیەتی بە نارەزایەتییە پرشوبڵاوەکان لە ئاستی ئێراندا بدات. بزووتنەوەی کورد هەروەها بەهۆی کارامەیی حیزبە سیاسییەکانی خاوەن پێگەیەکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵاتە و بەمەش دەنگی نارەزایەتییەکان باشتر دەگاتە کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و سەرنجی میدیا نێودەوڵەتییەکان پتر بۆ سەر پرسی

بەشی چوارەم

نارەزایەتییە سەرانسەرییەکان ڕادەکێشێ.

هەوڵی ئەو ماوەیەی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانش چ لەڕووی نیزیککردنەوەی گوتاری سیاسی، چ لە ڕووی کاری مەیدانی و پێکەوەیی لایەنەکانی نێو ناوەندەکە ئەو هیوایەی دروست کردووە کە بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی ڕۆڵی بنەڕەتییش لە یەکگریی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێراندا بگێڕێ و بە کۆڵەکەیەکی گرینگی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە دابندرێ. ڕووداوەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێن کوردستان هەموو کاتێک دژ بە کۆماری ئیسلامی قەڵا و قەڵغانی ئازادی بووە.

٤ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

## کوژرانی خامنەیی، دوژمنی ژمارە ۱ی کورد




ڕۆژی شەممە، ۹ی ڕەشەمە لە ئاکامی هێرشی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی کە کوژرانی عەلی خامنەیی بەدوودا هات، ٣٦ ساڵ حوکمڕانیی ڕەش و پڕ کارەسات و تاوانی ناوبراویش گەیشتە وێستگەی کۆتایی. بڵاوبوونەوەی مەرگی خامنەیی هەر لە یەکەم ساتەکاندا خۆشیی خستە هەناوی بە میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران کە لە ماوەی حوکمڕانیی ئەودا هەناسەسارد، ملبەکوێن و کۆڵەوار کراون. خامنەیی لانیکەم لە دوای سەرهەڵدانەکەی ٨٨ی هەتاوییەوە دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە بە خۆدا بێتەوە و بە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتدا ڕێ بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی خۆش بکا، بەڵام دوگماتیزمی ئایینی و ئایدۆلۆژی وای کردبوو بەرژەوەندی و گیان و ژیانی خەڵک لای ئەو پووڵێکی قەڵب نەهێنێ و هەر ئەوەش سەری خوارد.

هەمووان دەزانین کوژرانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە تەنیا دوو مانگ پێش کوژرانەکەی بە بڕیاری ئەو خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار بە توندی سەرکوت کران و هەزاران کەس لە خوێنی وەردران. ٣٦ ساڵ پێداگریی خامنەیی لەسەر بەرنامەی ناوکی، پەرەدان بە پیشەسازیی مووشەکی، وەڕێخستن و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکان لە وڵاتانی ناوچە، ناکارامەیی لە بەڕێوەبەریی وڵات و کوشتن و خنکاندنی هەرچەشنە دەنگێکی جیابیری و نارەزایەتی کارەساتێکی مێژوویی بەسەر وڵاتی

ئێران هێنا.

لە سەردەمی حوکمڕانیی خامنەییدا ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان بەتوندی سەرکوت کران، گرتنی جیابیران و ڕەخنەگران و کوشتن و ئێعدامکردنی دژبەران گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی، بازنەی دەسەڵات و هاوبەشی سیاسی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تەسکتر و لە پاوانی خۆی و لایەنگرانیدا مایەوە، سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم لەسەر بنەمای ملهوڕی و لاساری دژی ڕۆژئاوا بووە هۆکاری سزا ئابوورییە بەربڵاو و فرەڕەهەندەکان کە بڕستی لە ئابووری و خەڵکی وڵات بڕی؛ و پشتیوانی لە تێرۆری دەوڵەتی و سیاسەتی شەڕی نیابەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچە بووە هۆی ئەوەی لە ئۆکتۆبری ۲۰۲۳ەوە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت بۆ کۆماری ئیسلامی بگوازرێتەوە بۆ نێوخۆی ئێران و بەو پێیەش گلۆڵەی تەمەنی ڕێژیمیش پتر کەوتە لێژی.

خامنەیی کە جڵەوی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتەدەست لەمێژ بوو کوردستان میلیتاریزە کرابوو، شەڕی بەسەردا سەپابوو، گەمارۆی ئابووریی خرابووە سەر و لە هەموو پەرەسەندنەکان دواخرابوو. ساڵانێک بوو بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە هەرچەشنە دەنگهەڵبڕینێک و ناڕەزایەتییەک لە کوردستان سەرکوت دەکرا و هەموو فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ژێر دەسەڵاتی خامنەیی پلەکانی سەرکەوتنیان بە تاوان و جینایەتەکانیان دژ بە کورد دەبڕی؛ چونکی هەرخۆی لە بنەڕەتدا یەکێک لە ئەندازیارانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی بوو. بەڵام دوای مەرگی خومەینی و پاش ئەوەی هەموو بڕیار و دەسەڵاتەکانی ئێرانی کەوتە دەست، دەستئاوەڵاتر لە جارانیش پێی لەسەر ئەو سیاسەتە داگرتەوە.

لە سەردەمی حوکمڕانیی خامنەییدا کوردستان ئەمنییەتیترین ناوچە لە هەموو ئێراندا مایەوە، کوردستان کرا بە پادگانێکی گەورە و هێزەکانی سپای پاسداران کۆک و پۆشتە هەموو ناوچەکانی کوردستانیان تەنی، هەزاران هەزار جیابیر و چالاکی سیاسیی کورد خرانە زیندانەوە و زۆر لەوان تاوانی محاربەیان درایە پاڵ و ئێعدام کران. هەموو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان کە لە کوردستان زوو بە زوو ڕێ دەکەوتن سەرکوت و خەڵتانی خوێن کران کە بزووتنەوەی ژینا لە ۱٤۰۱ی هەتاوی و بەفرانباری دوو مانگ لەوەپێش تازەترینیان بوو. تێرۆری چالاکانی سیاسیی کورد و زیاتر لە هەمووان ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات پەرەیان پێدرا، تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەو کرا، لە ساڵەکانی ۱۳۹۷ و چەند جاری دیکەش لە ۱٤۰۱ی هەتاوی هێرشی مووشەکی کرایە سەر بنکە و بارەکانی حیزبی دێموکرات و ئەوانە و هەزاران هەزاران تاوانی دیکە لە ماوەی ۳٦ ساڵ حوکمڕانیی خامنەیی دیکتاتۆردا.

ئەمڕۆ ئەگەر دڵخۆشیی خەڵکی ئێران بۆ ئەوەیە کەلاکی بڕیاردەری کوشتنی بەناحەقی ڕۆڵەکانیان لە گۆڕێ کەوتووە،

بەشی چوارەم

ئەگەر بڕیاردەری بەندکرانی دەیان هەزار مرۆڤی مافخواز لە ئێران لە خوێنی خۆی گەوزیوە، ئەگەر هۆکاری سەرەکیی هەژاری و بێکاری، قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەدان قەیرانی دیکەی وڵات دوا هەناسەکانی لەژێر داروپەردووی هەموو ئەو دۆخە خۆکردەدا هەڵکێشاوە، ئەگەر ئێستا پتر لە هەموو کاتێک هیوای گۆڕانکاری و دادپەروەری لە دڵیاندا دەگەڕێ؛ ئەم هەست و هیوایە لە کوردستان چەند قاتە. ڕاست لەبەر ئەوەی چەند قات لە سۆنگەی حوکمڕانیی خامنەییەوە چەوساونەتەوە، سەرکوت کراون و لە مافە ڕەواکانیان بێبەش کراون.

بە مردنی خامنەیی کۆتایی بە ٣٦ ساڵ حوکمڕانیی ڕەهای ئەو دیکتاتۆرە ئایینییە هات، بەڵام وەک چۆن بوونی لە ژیاندا هۆکاری کارەسات و چارەڕەشی بۆ خەڵکی ئێران بوو، ئێستا نەمان و کوژرانەکەشی ئەم وڵاتەی خستووەتە بەردەم چەند ئەگەر، ئەویش لە دۆخی ئێستای شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

لەوەدا کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەژێر باری ئەو زەبرەدا ڕاست بێتەوە شک نییە، ئەوەش کە کوژرانەکەی چ کەلێن و ناکۆکییەک دەخاتە نێو سیستم و حوکمڕانییەکەی ئەوەش هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام دەرفەت بۆ کرانەوەی سیاسی و تێپەڕین لە قۆناغی ڕەشی دیکتاتۆری پتر لە هەموو کاتێک لە بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و خەڵک ئاوەڵایە. دەرفەتێک کە بە بەرپرسایەتیی هەمووان نابێ بهێڵین لەکیس بچێ، بەتایبەت کە بارتەقای ئەو هەل و دەرفەتە هەڕەشە و مەترسییش لەسەر ڕێی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری و دێموکراسی لە ئارادایە.

١٠ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

## ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان دژبەری یەکتری؟




یەک لە پرسە گرینگەکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت لە دوای ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە پرسی ڕووخانی ڕێژیمە، بەڵام یەک لەو فاکتەرانەی هەتا ئێستاش نەک پاڵنەر بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکوو هۆکاری دواکەوتن و دەربازبوونی کۆماری ئیسلامی بووە؛ ئۆپۆزیسیۆنی پرشوبڵاو و نایەکگرتووی ڕێژیمە.

مێژووی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵێک دووفاقێتی دایە، وەک حکوومەتی ناوەندگەرا یان دابەشکردنی دەسەڵات؛ ئیسلامی سیاسی یان سێکۆلاریزم، حکوومەتی توتالیتێر یان کۆمەڵگەی پلۆرال. بوونی ئەو کۆمەڵە دووفاقییە بەتایبەت لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا هۆکاری سەرەکی دابڕان و دووبەرەکیی نێوان هێزەکانی چەپ، نەتەوەیی و ئیسلامییەکان لەگەڵ یەکتری بوو. لە مانگەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧یشدا یەکگریی ئۆپۆزیسیۆن نەک لە پێناو پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ چێکردنی ئێرانێکی دی، بەڵکوو تەنیا لە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو. هەربۆیە لەگەڵ باڵادەستیی خومەینیزم و پاوانکرانی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامیستەکان بەسەر ڕەوتە سیاسییەکانی وڵاتدا هێزە دیموکرات، نەتەوەیی و سێکۆلارەکان یەک لە دوای یەک قەڵتوبڕ کران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی پێی کرا لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی تێرۆر کرد و هەتا توانیی ناکۆکیی خستە نێویان. بەمجۆرە هەم ئۆپۆزیسیۆنی لە ڕووی سیاسییەوە لاواز کرد و هەم بێمتمانەیی هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم بە یەکتری و پرشوبڵاویی ئەوانی لە بەرژەوەندیی خۆیدا قۆستەوە. دۆخی ئێستای ئۆپۆزیسیۆن بەمجۆرەیە: هەرلایەنێک پێی وایە بەهێزبوونی ئەویدی تێداچوونی خۆی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵەکان بۆ یەکگری زۆر لاوازە. لەگەڵ ئەوەدا ڕوانگەکان لەسەر ستراتیژیی خەبات (ڕووخاندن، چاکسازی یان گوشاری دەرەکی) دابڕانی لایەنە سیاسییەکانی لەگەڵ یەکتری زیاتر کردووە. هەروەها ئەگەرچی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات بەتایبەت لە دە ساڵی ڕابردوودا گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام تەشەنابوونەوەی کۆنەبرینەکان و دابڕانە مێژووییەکان لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا ئەوانی هەتاش ئێستا لە قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانە دەستەوەستان کردووە.

پرسی نەتەوەکان و کەلێنی نێوان ناوەند-پەراوێز و ناکۆکی لەسەر چەندیوچۆنی دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو چەقی ململانێی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ یەکترییە. هێزە ناوەندگەراکانی ئۆپۆزیسیۆن لەوپەڕی بێدەسەڵاتیی ئێستاشیاندا پێ لەسەر چڕبوونەوەی دەسەڵات لە تاران دادەگرن و بە بڵاوکردنەوەی فۆبیای هەڵوەشانی ئێران هیچ مافێکی یەکسان بۆ نەتەوەکان بەڕەوا نابینن. لە بەرانبەردا نەتەوەکان بەتایبەت کوردەکان خەباتی خۆیان لەسەر نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنی بنگەیی و بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان چڕ کردووەتەوە.

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامییش لە شەڕی نەرمی خۆی دژی ئۆپۆزیسیۆن لە بڵاوکردنەوەی ئەم دووبەرەکی، دژایەتیی و نادڵنیاییەدا کاریگەریی زۆر زیانباری بووە. ئەوەش لە حاڵێکدا کە هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ دروستکردنی قەوارە و چوارچێوەیەکی هاوبەش لەپێناو قسەکردن لەگەڵ یەکتری، لێکتێگەیشتن، سازان و کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییەکان کەم و بێ کاریگەر بوون.

ڕوون و ئاشکرایە کە یەکگریی تەواو و یەکبوونی ڕەها لەنێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا نە دەبێ، نە دەکرێ و نە پێویستیشە. بۆیە ئەم دۆخە کاتێک دەگۆڕدرێ کە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەوانیدی و یەکدەستکردن جێگەی خۆی بە دانان و بەفەرمیناسینی فرەیی شوناسەکان (سیاسی-نەتەوەیی)، ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانی ڕکەبەریی سیاسی، و سازان و ساغبوونەوە لەسەر ڕێکارەکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و دارشتنەوەی دێموکراتیکی ئێرانی داهاتوو بدەن.

ئۆپۆزیسیۆن هەتا ئەوکاتەی بیهەوێ لە بری سازان لەسەر لانیکەمی هاوبەشەکان پێ لەسەر لانیزۆری هەموو داخوازییەکانی دابگرێ و زێدەخوازییەکانی خۆی لە دیاریکردنی فۆرمی دەسەڵاتی داهاتووی وڵات پێش مافی دیاریکردنی

چارەنووس و ئیرادەی گشتیی خەڵک بخا؛ سروشتییە ناتوانی خۆی لەو قەیرانەی ئێستای ڕزگار بکا. ئۆپۆزیسیۆن دەبێ هێڵی سووری بۆ هەندێ بابەتی وەک سڕینەوەی یەکتری هەبێ، دەبێ دوژمنایەتیی سیاسی لەگەڵ لایەنەکان وەلا بنێ و ڕێگە بۆ ڕکەبەریی سیاسی خۆش بکا، دەبێ داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە و ئاراستە سیاسییەکانی نێوخۆ بکاتە بنەمای تێکۆشان و هەڵسووڕانی و لە دوگماتیزمی ڕێکخراوەیی خۆی دوور بکەوێتەوە.

بەدامەزراوەکردنی خەباتی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە دەرخستنی ڕێبەریی تاکەکەسی فاکتەرێکی دیکەی پێشخستنی ئۆپۆزیسیۆنە. لە دامەزراوەی سیاسیدا بڕیار و ڕێوشوێنەکان ڕوون و شەفافن، لایەنەکان دەروەست و وەڵامدەر دەبن، ناکۆکی و ململانێیەکان لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی دامەزراوەدا بە لایەکدا دەخرێن، متمانەی سیاسی لە ڕێگەی پرۆژەی هاوبەش و هاوکاریی مەیدانییەوە دروست دەبن.

کورد لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا چەند هەنگاوێک لەپێشترە. هەم ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی، جەماوەری و حیزبایەتیی زۆری هەیە و هەم حیزبە سیاسییە دیار و شوێندانەرەکانی لە ئێستادا لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکدا بەرەوپێلی ڕووداوەکان دەچن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کەلێنەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا پڕ نەبوونەتەوە؛ هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کورد وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی مافتەوەر پێویستیی بە گەرەنتیی دەستەبەربوونی مافەکانی هەیە و هەموو پرسەکەی بۆ دوای قۆناغی گوزار هەڵناگرێت. بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی پێداگرن کە بەبێ دابینبوونی دێموکراسیی فرەیی و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکان هیچ گوزارێکی سیاسیی دێموکراتیک و سەقامگیر ڕوو نادات. حاشاکردن لە فرەنەتەوەبوونی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم پێکهاتە جوغرافییە بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری، سەرەڕۆیی و هەڵاواردنە و کوردەکان بە هیچ جۆرێک مل بۆ ئەوە ڕاناکێشن.

ئۆپۆزیسیۆن و بزووتنەوەی کورد پێداگرن کە بەرابەری هەر بە مانای مافی یەکسانی تاکەکان نییە، بەڵکوو پێویستیی بە لەبنهێنانی ڕەگ و ڕیشەی ستەم و هەڵاواردنە پێکهاتەییەکان دژی نەتەوە نافارسەکانە و هەر پرۆژەیەکی سیاسی بیهەوێ خۆ لەو ڕاستییانە لا بدات، نەزۆک و شکستخواردوو یان هەر نەبێ خاوەنی هیچ شەرعییەت و ڕەوایییەک نابێت. بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لای وایە لە دەرەوەی وادە و بەڵێنە لێل و ناڕوونەکان پێویستە دەسەڵات هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی قۆناغی گوزارەوە دابەش ببێت و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی وڵات هاوکات لەگەڵ ئیدارەکردنی ناوچەکانی خۆیان، هاوبەشی بەڕێوەبردنی ئەرک و بڕیاردان لەنێو دامەزراوە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکانی وڵاتدا بن.

کوردەکان خوازیاری کۆتاییهێنان بە سووڕێکی باتڵی مێژوویین کە لەم وڵاتەدا شۆڕش و گۆڕانکارییە سیاسییەکان دیسان

بەشی چوارەم

ئیستبداد و حکوومەتی سەرکوتگەری بەرهەم هێناوەتەوە و ڕێگە نادەن جارێکی دی لەژێر ناوی یەکگرتندا ستەم و هەڵاواردنەکان جێ بخرێنەوە. بۆیە بەبێ دابینبوونی مافی نەتەوەکان نە هیچ متمانەیەک بە هاوپەیمانییەکان شکڵ دەکرێ و نە هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسی لە ئاستی ئێراندا بەردەوام دەمێنێت و نە هیچ داهاتوویەکی جیاواز لەم وڵاتەدا چێ دەبێت. بۆیە یەکەم هەنگاو لەوەڕا دەست پێ دەکات ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دژبەرایەتیی یەکترەوە سەنگەرێکی هاوبەش بۆ خەبات دژی ڕێژیم و لێکتێگەیشتن لە مێژوو و دانان بە مافەکانی یەکتری بنیات بنێن و شەقاوەکانی دیکە بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە باوێژن.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەری کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٣٦ی کوردی = مای ٢٠٣٦ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین


**بۆ هاوڕێ عەلی بداغی بۆ ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵێکە وتار، لێداون و وتووێژەکانە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**




سەرچاوە
Serchawe